# ئازادكردنی مرۆڤ و ڕامالّینی ستەمكاری
# توێژینەوەیەك سەبارەت بە بنەماكانی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی و راشیدی

نوسینی د: حاكم المطيري
ئامادەو وەرگێڕانی:
فاتیح سەنگاوی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**(لە کەیەوە خەڵکیتان کردووە بە کۆیلە، لە کاتێکدا بە ئازادی لە دایك بوون)**
**عومەری کوڕی خەتتاب**

**(ئەوەی تۆ هێناوتە ئەی موحەممەد لەو شتانەیە کە پاشاکان پێیان ناخۆشە)**
**موسەنناى کوڕی حاریسەی  شەیبانی**

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# پێشەكی

زۆرجار ئەو بۆچوون و بیرۆكەیەی لای كەسێك گەلاڵە دەبێت لای چەندین كەسی تر بەدی دەكرێت، بەلاّم ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە كە كامیان دەسپێشخەر دەبن لەوەی بە زووترین و خێراترین شێوە دەری دەبڕن و بلاّوی دەكەنەوە لە زۆرترین مەودا و فراوانترین زەمینەدا... پاش ئەوەی كتێبی (بونیادە سیاسییەكانی ئیسلام)م نووسی و بە چاپم گەیاند، بە ماوەیەك دوای ئەوە برایەكی بەڕێز كتێبی (الحرية أو الطوفان)ی دكتۆر (حاكم المطيري) بۆم هێنا كە لە هەمان ساڵدا چاپ كرابوو، پاش خوێندنەوەی بۆم دەركەوت بابەتەكانی لە چوارچێوەی كتێبی بونیادە سیاسییەكانی خۆمدایە، بەلاّم مەنهەجی و زانستیانەترە، جا بەو پێیەی خولیای ئەو جۆرە بابەتانە بووم و بۆچوونەكانیشم تاڕادەیەكی زۆر لەو كتێبەدا بینییەوە، هەر بۆیە پاش وەرگرتنی مۆڵەتی نوسەرەكەی دەستم كرد بە وەرگێڕانی و دواتریش بە چاپ گەیشت، هەر لەو كاتەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ هەندێك نووسینی (د.مطيري)دا پەیدا كرد و ئاگاداری هەندێك لە نووسینەكانی بووم بەتایبەتی لە ڕێگەی سایتە ئەلكترۆنییەكەیەوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، پاش بینینی كتێبی (تحرير الانسان وتجريد الطغيان...)ەكەی خوازیار بووم كەسێك هەستێت بە وەرگێڕانی، بەو پێیەی تەواوكەری كتێبی پێشوویەتی و بە مەبەستی بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی كە سەبارەت بە كتێبی (الحرية أو الطوفان) لە گۆرەپانەكەدا ووروژێنران و قسەیان لە سەركراوە ئەم كتێبەی نوسیوە و لە ڕووی ناوەڕۆكیشەوە بە تەواوكاری ئەو توێژینەوەیە دادەنرێت، سەرەڕای هێنانی بەشێكی زۆری كتێبی پێشوو بە مەبەستی كۆكردنەوەی تەواوی بابەتەكە لە كتێبێكی نوێدا كە بە سەرچاوەیەكی گرنگی بواری گوتاری سیاسی ئیسلامی و بنەماكانی دابنرێت وەك هەر زانستێكی تر... بەلاّم ئەم كتێبە وەرنەگێڕدرا و لەوانەیە زۆری قەبارەكەشی كە خۆی لە (٧٠٠) لاپەڕە زیاتری قەبارە گەورەدا دەبینێتەوە هۆكارێكی تر بووبێت، خۆشم كە سەرقاڵییەكی زۆرم هەبوو بۆیە خۆدان لە قەرەی كارێكی وا ئەوەندە ئاسان نەبوو، هەرچەندە بە دید و بۆچوونی من نرخی ئەم كتێبە زۆر هەڵدەگرێت و شایستەی ئەوەیە كاتێكی زۆری بۆ تەرخان بكرێت، بەلاّم دواجار بڕیارمدا هەرچۆنێك بووە كورتە و ناوەڕۆك و پوختەی ئەو كتێبە بگەیەنم بە خوێنەرانی كورد، بەلاّم بە دەستكاری و كورت كردنەوە و پوخت كردنیەوە، كە دەكرێت ئەم كارە بە ئامادەكردن ناوزەند بكرێت، چونكە لە هەندێك شوێندا ئەگەر كەمیش بووبێت هەندێك بۆچوونی خۆمم تێكەڵ بە باسەكە كردووە، بەلاّم ئەندازەیەكی زۆر كەمە، بە دیوێكی تردا دەتوانم بڵێم ئەكرێت ئەمە بە بەرهەمێكی تر دابنرێت بەلاّم لە سایەی كتێبەكەی (مطيري)دایە و لەوەوە ئیحای وەرگرتووە... هیچ كاتێكیش نابێتە بەدیلی وەرگێڕانی ئەسڵی توێژینەوەكە كە هیوادارم ئەنجام بدرێت...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جیاوازیی نێوان هەردوو كتێبەكەی (مطیري) لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە (الحریة أو الطوفان) بە پلەی یەكەم گرنگی بە بنەما زانستی و مێژووییەكانی گوتاری سیاسی ئیسلامی داوە، لە بەرامبەردا (تحریر الانسان)ەكەی جگە لە ئاوڕدانەوە لەو بوارە، بە توێژینەوەیەكی عەقائیدی ئسولّی گوتاری سیاسی ئیسلامیش دەستی پێكردووە و هەندێك بواری كتێبی (الحریة أو الطوفان)ی فراوانتر كردووە و هەندێكیشی كورت كردووەتەوە... نووسەر لەگەلّ ئەوەی وەك خۆی دەلّێت لە هێنانی بەلّگەكانی فەرمودە و بەسەرهاتە مێژوییەكاندا (صحیح مقبول)ی هێناوە و چ لە خودی فەرمودە یا ریوایەتە مێژووییەكە خۆیدا بێت یان بە هۆی پالّپشت و بەلّگەی ترەوە، لەمەشدا بەپێی بنەماكانی فەرمودەناسی و زانستی مێژوو كاری كردووە، كە نووسەر خۆی لەم بوارەدا دەستێكی بالاّی هەیە و بە سەرنج دانێكی ژیاننامە زانستیەكەی لەسەر تۆڕی ئەنەرنێت ئەو ڕاستییە بەرچاو دەكەوێت، لە هەمان كاتدا بۆ پتەوی و زانستی بوونی ئەو بیروبۆچوونانەی دایانی ڕشتووە، پشت ئەستوورە بە وتەی هاوەلاّن و زانایان و دید و بۆچوونەكانی ئەوانیش، لەگەلّ ئەوەشدا وەلاّمی: كێ پێش تۆ ئەم قسەیەی كردووە (من سبقك إلى هذا القول)ی بە: هەق و ڕەوا شایستە ترە شوێنی بكەوین (الحق أحق أن یتبع) داوەتەوە و داوای لێیان كردووە سەیری بابەت و بۆچوون و بەلّگەكانی بكەن، ئەگەر بە ڕەوا و هەقی دەبینن قەناعەتی پێ بكەن، با هیچ كەسێكیتری پێش خۆیشی بەو شێوەیە بابەتەكەی تاووتوێ نەكردبێت...

لە كورتكردنەوە و ئامادەكردنی ئەم كتێبەشدا چەند سەرنجێك گرنگە بە خوێنەرانی ڕابگەیەنم لەوانە:

- هەولّم داوە ئەو بابەتانە لابەرم كە دووبارەكردنەوەی تێدایە و لابردنیشی كەمترین كاریگەریی هەبێت لە سەر فیكرەی بابەتەكە، چونكە بێگومانم ئەم جۆرە كارە بێ كاریگەریی نابێت لە سەر روونكردنەوەی زیاتری بابەتەكە، بۆیە لەوانەیە لە هەندێك شوێندا تووشی كورتكردنەوەیەكی كەلێندار (اختصار مخل)یش بووبم...

- ئەوەندەی بە پێویستم زانیبێت بە كورتی ئاماژەم بە سەرچاوەكان كردووە، بەلاّم لەو شوێنانەی بە گرنگم نەزانیبێت وەك ئەوەی زیاتر سەردێكی مێژوویی جێ متمانە یان باو و ئاشكرا بێت لای زۆربەی خوێنەران ئەوا ئاماژەم بە سەرچاوەكان نەداوە، بەو پێیەی لە ئەسلّی كتێبەكەدا هاتوون... لە هەمان كاتدا نەمویستووە خوێنەر بە پەراوێزەوە سەرقالّ بكەم و یەكسەر لە نێو بابەتەكە و لە سەرەوەدا ئاماژەم بە سەرچاوەی بابەتەكە و ژمارەی لاپەڕە یان فەرمودەكە و پلەكەی كردووە...

- بەو پێیەی ئەم كتێبە كار لە نێو زاراوە ئیسلامییە قورئانی و كلتوورییەكانی مێژووی ئیسلامیدا دەكات، بۆیە ناچار بووم لە زۆر شوێندا منیش ئەو زاراوانە وەك خۆی بهێنم، هەرچەندە لە هەندێك

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

شوێندا وشەیەکی هاوچەرخیشم خستووەتە پاڵی ئەگەر هەمان واتا و مەبەستی گەیاندبێت، وەکو ئومەت و خەڵکی، ئیمام و خەلیفە و فەرمانڕەوا، والی وعامل و کاربەدەست، نەبەوی و سەردەمی پێغەمبەر د.خ ...

ئەو بابەتانەی لە کتێبی (ئازادی یان تۆفان) یاخود لە (بونیادە سیاسییەکانی ئیسلام) و (خەلیفەکانی راشیدین) دا هاتووە، لێرە کورتم کردووەتەوە و ئاماژەم داوە بەوەی بچنەوە سەر ئەو کتێبانە، بەلاَم بابەتگەلێکی تر کە پێویستی کردووە ئەوا هەولم داوە بە پێی توانا گرنگی پێ بدەم، تەنها لە یەك بابەت دا (خیلاف سەبارەت بە هەلوەشاندنەوەی گرێبەستی ئیمام و هۆکارەکانی گوتاری سیاسی تەئویل کراو) چومەتەوە سەر ئەو وەرگێرانەی بۆ(ئازادی یا تۆفان) کردوومە ئەویش بە دەستکارییەوە... بەشی یەکەمی کتێبەکە (توحيد الأصول العقائدية) و دوا بەشی کتێبەکە (بنەما فیقهییەکانی سیاسەتی شەرعی)م زۆر بە کورتی هێناوە و نەمویستووە درێژی بکەمەوە، گەر کەسێك خوازیاری خوێندنەوەی تێروتەسەل تری ئەو دوو بابەتە بێت ناچار ئاراستەی ئەسلی کتێبەکەی دەکەین، بابەتیش هەیە وەکو کار و ئەرکەکانی جێنشین و فەرمانڕەوا، وازمان لە زۆربەی هەرە زۆری هێناوە و تەنها لەنێو بابەتی تردا ئاماژە بە هەندێك لەو کارو ئەرکانە کراوە، لەبەر ئەوەی بۆ ئێرە بە گرنگمان نەبینیوە...

- دیارە لە گەلّ زۆرینەی بۆچوون و تێڕوانینەکانی توێژەردام و سەرنجم لە سەر هەندێکیشی هەیە و لە هەندێك شوێنیشدا زۆر بەکورتی ئاماژەم بە بۆچوونی خۆم داوە، لێرەوە بەرپرسیارێتی مەعنەوی ئەم کتێبە لە سەر شانی منە و مەرج نیە هەموو دێڕەکان هی نووسەر بن.

- بەو پێیەی مەبەستی نووسەر ئەوە بووە کە خراپەکارییەکان و لایەنە نەرێنییەکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی دوای راشیدی بەدەر بخات، هەربۆیە نەچووەتە سەر لایەنە ئیجابییەکانی ئەو گوتارە بە چەند ئاماژەیەك نەبێت، لە کاتێکدا نابێت ئەو لایەنەش فەرامۆش بکرێت، چونکە بە بەراورد کردنی فەرمانڕەواکانی ئەو کاتەی مێژووی ئیسلام بە هاوتاکانیان لە ولاَتانی تردا ئەو جیاوازییە زۆر بە روونی بەدەر دەکەوێت، سەرەڕای هەموو سلبیاتەکان... ئەوەش دەردەکەوێت کە قۆناغی سیاسی ئیسلامی تەئویلکراو (کە زاراوەیەکی تایبەتە بە نووسەر بۆ پۆلێن کردنی قۆناغەکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی وەك لە -ئازادی یا تۆفان-دا هێناویەتی) شەڕی رووت نییە، ئەگینا ئەو هەموو ئیجابیاتانەی تا ئێستاش ماونەتەوە نەدەبوون، بەلاَم دیارە زیاتر جەخت لەو لادانانە کراوەتەوە کە لە بواری سیاسی و شورا و سامانی گشتی دا بەدیهاتوون، هەربۆیە بەو شێوەیە وێنەکان دەردەکەون، بە تایبەت ئەگەر بەراورد بکرێت بە گوتاری سیاسی ئیسلامی لە هەردوو سەردەمی نەبەوی و راشدیدا...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەم قۆناغە مێژووییەی ناوچەكەدا پێم خۆش بوو بۆ تێكشكانی هەست و تەنگەتاو كردنی هەناسەی زۆرداری و پشتیوانیكردنی سەدا و هاوارەكانی لاوان و ئازادیخوازان منیش بەم بەرهەمە بەشداری بكەم، چونكە وادەزانم تێگەیشتن لەوەی ستەم و زۆرداری دژە بە حوكم و فەرمانی خوا، بە گوتاری سیاسی ئیسلامی، بەشی خۆی پشكداری دەكات لەم جۆرە ڕاپەڕین و شۆڕشانەدا... هەموو ئەمەش لە پێناوی ڕەنگدانەوەی عەدالەت و عەدالەتخوازیی و بەدیهێنانی ماف و ئازادییە گشتییەكان و بەشداری كردن و سودمەند بوونی تەواوی خەڵكی لە دەسەڵات و داهات دا...

سەبارەت بە ناونیشانی كتێبەكەش تەنها لە یەك وشەدا دەستكاریم كردووە ، ئەویش وشەی(تجرید)ە كە بە (ڕامالێن) وەرم گێڕاوە نەك واتای تری وە(دامالێن، پاككردنەوە ، تاشین ، ڕوتكردنەوە)، چونكە وادەزانم زیاتر لەگەڵ ناوكۆی ناونیشانە كە و ناوەڕۆكی كتێبەكەدا گونجاوە.

لە كۆتاییدا دەمەوێ زۆر سوپاسی برای بەڕێز (زرار عەلی) دەكەم بەوەی بە خاڵبەندی و ڕێنووسی ئەم بابەتەدا چووەوە و چەندین سەرنجی بەنرخی لەم بارەیەوە خستەڕوو، هەروەها برای بەڕێز (هیوا ڕەفعەت) ، كە هەستا بە دیزاینی بەرگەكەی، سەرەڕای پێ زانینی زۆرم بۆ(............) كەچاپ و بلاْوكردنەوەی ئەم چاپەیان گرتە ئەستۆ.

لە كۆتاییدا هیوادارم بەم بەرهەمە بتوانم خزمەتێك بە بیر و هزی ئیسلامی بكەم لە پێناو بەشدارییەكی خاكییانە بۆ چاكسازی و چاكتركردنی واقعی سیاسی و كۆمەڵایەتی ...

فاتیح سەنگاوی

چەمچەماڵ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## دەستپێك

سەرەڕای ئەو پێگە گرنگەی موسـولْمانان و ولاتـە موسولْماننـشینەکان هەیانـە لـە رووی ئایینی و جوگرافی و ژیارییەوە، کەچی تا هەنوکەش زۆربەی ولاتـانی موسولْماننـشین بەتایبـەتی لـە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ژیانێکی کۆیلە ئاسا و ژێر دەسـتەیی و پـڕ لـە چەرمەسـەری بەسـەر دەبـەن، بەهۆی ئەو دەسەلات و سیستەمە زۆرداریيانەی لەم ولاتانەدا بەرقەرارە و سەراپای ژیانیـانی تـەنیوە و تـەواوی بوارەکـانی ژیـانی ئیـداریی ودارایـی و سیـستەمەکانی فـەرمانڕەوایی گرتوەتـەوە، بەمـەش مافەکانی مرۆڤ لەم ولاتانەدا کەمترین بەرجەستە بوونیـان هەیـە، هـەروەك لـە راپۆرتـە جۆراوجـۆرە نێودەولەتییەکاندا بـەدی دەکرێـت... ئەمـە لـە کاتێکدایـە قـسە لەسـەر ئومەتێکـە یـەکێك لـە دروشمەکانی ئازاد بوونی مرۆڤە (متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارًا) و لـە هـەمان کاتدا هەلگر ی پەیامی ئازادی بووە بۆ مرۆڤەکان (ليخرجوا العباد من عبادة العباد إلى عبادة رب العباد، ومن جور الأديان إلى عدل القرآن)، لەم رووەشەوە رۆلی سەرەکیی هـەبووە لـە رزگـار کردنـی گەلانی جیهاندا...

ئومەتێك خوای گەورە هەلی بژارد تاوەکو هەلگری پەیامەکەی بێت و بەهای وەسـتییەت و عەدل بگەیەنێت﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ و مل کەچی تەنها بـۆ خـوای پـەروەدگار و پادشـا و پەرستراو بکات(قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ (١) مَلِكِ النَّاسِ (٢) إِلَهِ النَّـاسِ) کەچـی ئـەمڕۆ ژێـر دەسـتە و ملکەچی چەندین خواو و پەرستراوی درۆینەیە... کە هەندێکجار هۆکارەکەی گوتارێکی سـولتانییانەی بە ئایین رووپۆش کراوە و کراوەتە خزمەتی دەسەلاتە زۆردارەکان و ریشەی زۆرداریيانی قـولتر کـردوە و باری نادادی بۆ چەندین سەدە درێژە پێداوە... لە کاتێکدا گوتاری قورئانیانە، بانگەشەیە بۆ ئـەوەی بـە تەنها خوای گەورە شایستەی پەروەردگارێتی و پەرستراوێتییە، ملکەچی و گوێڕایەلی رەها، تـەنها بـۆ ئەوە و ناکرێت مرۆڤەکان پەروەرگار و پەرستراوی درۆینە بۆ خۆیان داتاشـن، پـەیامی پێغەمبـەرانیش پەیامی ئازادی و رزگاریی مرۆڤ بووە لە ژێر دەستەیی ستەمکار و زۆردار و قەیـسەر و کیـسراکانەوە، هەر بۆیە هەندێك لە سەرانی ئەو کاتەی عەرەب بە پێغەمبەریان دەوت ئەوەی تۆ هێناوتە پادشـاکان پێیان ناخۆشە "إن ما جئت به مما تكرهه الملوك".

- یەکتاپەرستیش خۆی لە خۆیدا پەیامی ئـازادی مرۆڤـەکان و سـەلماندنی خـود و رزگـار بوونـە لـە تەواوی دیکتاتۆر و ستەمکارە جۆربـەجۆرەکان کـە مـافی خوایـەتییان بـە چـەندین شـێوە و شـێوازی جۆراوجۆر بە خۆیان بەخشیوە... گوتاری سیاسیش خـۆی لـە خۆیـدا هـەلگری پـەیامی جۆراوجـۆرە و رۆلێکی کاریگەریی هەیە لە نەخشاندنی واقعی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریی لە هـەر دەولـەت و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا... هاتنی ئیسلامیش بە پەیامێکی نـوێی عەقائیـدی وئیمـانی و گوتـارێکی نوێی سیاسی کە هەڵگری چـەندین نـاوەڕۆکی مرۆییـە، تـوانی گۆڕانکارییـەکی یـەکجار گـەورە لـە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدی بهێنێت و شـوان و بیابـان نـشین و عەرەبـە نەخوێنـدەوارەکان بکاتـە ئـاڵا هەڵگری پەیامی ئازادی گەلان و رامالێینی زۆرداری و رووخێنەری کۆشکی ستەمکاران ...

- رۆڵی گوتاری سیاسی و کاریگەرییەکانی لەسەر واقع و ئەو گۆڕانکارییانـەی بـەدی دەهێنێـت لـە مێژووی تەواوی گەلاندا بە دی دەکرێت، شۆڕشی فەڕەنسی وئـەمریکی و روسـی و چـینی و ئێرانـی و تورکی و گەلانی تریش نموونەی ئەو گۆڕانکارییانەن کە نەخشی خۆیان لە واقعی ئەو ولاٚتانە و تـەواوی جیهاندا بەجێ هێشتوە، بە جیاوازی کاریگەری هەریـەك لـەو شۆڕشـانە و ئـەو دەرەنجامـە ئـەرێنی و نەرێنییانەی لێی کەوتوەتەوە، ئەمڕۆش گۆڕانکارییەکی نوێ لە ئارادایە کە بـەرەنجامی گۆڕانکارییـە لە گوتاریی سیاسیدا، کە بەهۆی ئەو نادادی و ستەمکارییانەوە بەدی هاتوە کە چەندین دەیەیە بـاڵی بەسەر ئەم ناوچانەدا کێشاوە و لەلایەن ولاٚتانی کۆلۆنیالیزمەوە پشتگیری کراوون، سەرەتا لـە تـونس و دواتر لە میسرەوە دەستی پێکرد و چەندین ولاٚتی تریشی گرتوەتەوە و دەگرێتەوە ...

- مێـژوو سـەلماندویەتی گـەلان توانـای گۆڕانکارییـان هەیـە، هـەروەك چـۆن دەسـەلاٚتیش توانـای گەشەپێدان یا کاولکاری هەیـە، کۆمـەڵگا مرۆییـەکانیش بـە شـێوەی تـاك و کـۆ دەتـوانن رژێـم و سیستەمەکانیان بگۆڕن بە چـەندین رێوشـوێنی جۆراوجـۆری وەکـو شۆڕشـی جـەماوەری و کودەتـا و رێوشوێنە ئاشتی و مەدەنییەکان، دواتریش گەشەو گۆڕانکارییـەکان زیـاتر دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو سیستەمە نوێیەی کە بەدی دێت و لە دەسەلاٚت و دەوڵەتدا خۆی نمـایش دەکـات... قورئـانیش جـەخت لـەم یاسـا و سـوننە کۆمەلاٚیەتییـەدەکاتـەوە ﴿إِنَّ اللَّـهَ لَـا يُغَيِّـرُ مَـا بِقَـوْمٍ حَتَّـى يُغَيِّـرُوا مَـا بِأَنْفُسِهِمْ﴾الرعـد:١١، سـەبارەت بـە مەترسـی زیادەڕەوییـەکانی دەسـەلاٚتی و کاریگەرییـەکانی دەفەرمویێت ﴿وَأَضَلَّ فِرْعَـوْنُ قَوْمَـهُ وَمَـا هَـدَى﴾ طـه:٧٩،﴿فَـاتَّبَعُوا أَمْـرَ فِرْعَـوْنَ وَمَـا أَمْـرُ فِرْعَـوْنَ بِرَشِيدٍ﴾ هود:٩٧.

- ئیسلام دادگەری و یەکسانی بەدیهێنا، ستەم و رۆشنبیری و بـەهاکانی نـەفامی تێـك شـکاند، لـە حەجی ماڵئاواییدا، مەشخەڵەکانی رێی ئەم ئومەتەی دەسنیشان کرد: "ألا كل شيء من أمر الجاهلية موضوع تحت قدميَ هاتين، ألا وأن كل ربا في الجاهلية موضوع"صحيح مسلم ١٢١٨، بەلاٚم نـەفامێتی جارێکی تر و بە چەندین رووکاری نوێوە خۆی نمایش کـردەوە و بـە چـەندین رووکـار و شـێوازی نوێـوە هاتـەوە گۆڕەپانەکـەوە و لـە نێـو سیـستەمە جۆراوجۆرەکـانی سیاسـی و ئـابوری و رۆشـنبیری و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

كۆمەلایەتیدا بەدەركەوتوتەوە و جارێكی تر و سەرلەنوێ كۆنترۆڵی واقعی كۆمەڵگا ئیسلامییەكانی كردەوە!.

- تاغوتەكان (كە یەك لە واتاكانی بە چەمكە قورئانییەكەی ستەمكارەكانە) سەرلەنوێ كاری بە كۆیلە كردنەوەی خەڵكیان دەست پێكردەوە و بە ویست و مەبەستی خۆیان یاسا و ڕێساكانیان دانایەوە و ئیدارە و فەرمانڕەوایەتییانیان كرد، سوو و ڕیبا لە دەم ودەزگاكاندا ڕەوایەتی پێ درا، ستەم وستەمكاری و چینایەتی، تەنگ پێ هەڵچنینی ئایینی و فیكریی و سیاسی ڕەوایەتی وەرگرتەوە... هەندێك جار ئەو ڕەوایەتیە لە لایەن زانا و واعیزەكانی سوڵتانەوە مۆركێكی شەرعی و ئیسلامیشی پێدراوە!... فیرعەونییەتیش درێژەی هەیە، هەروەك پێغەمبەر لە ڕۆژی كوشتنی ئەبوجەهلدا فەرموی، ئەمە فیرعەونی ئەم ئومەتە بوو "كان هذا فرعون هذه الأمة" أحمد ١-٤٤٤ - بسند صحيح... لە كاتێكدا ئەبوجەهل پادشا نەبوو، تەنها چەوسێنەری هەژار و دەستكورتەكانی خەڵكی مەككە بوو، كەواتە ئەم دیاردەیەش ئەكرێت سەر هەڵبداتەوە، هەروەك بینیمان...

- زۆردار و ستەمكار و دەست و پێوەندەكانیان، بە پیاوە ئایینییە شەرعیەت پێدەر و پاساو دەرەكانیشیانەوە، بوونەتە جۆرێك لە پەرستراو و خوایەتی دەكەن، گەلانیشیان كردووەتە كۆیلەی خۆیان و سزا و ئەشكەنجەی زۆریان دەدەن، لە دواجاردا ملكەچی وگوێڕایەڵی ئەوانیان لە ژێر زۆر و داپڵۆسیندا بۆ بەدیهات، بەتایبەتی پاش ئەوەی پۆشاكی شەرعیەت كرایە كاڵای باڵای ئەوان لە ڕێی سود بینینی خراپ و تەئویل كردنی نادروست لە دەقە ئایینییەكانەوە، تاوەكو ستەمكاری و زۆرداری بووە كارێكی ئاسایی، بگرە هەندێك جار چێژیشی لێ وەر دەگیرا" وقال الملٔ من قوم فرعون ...فينظر كيف تعلمون﴿وَقَالَ الْمَلَأُ مِنْ قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ (١٢٧) قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللَّهِ وَاصْبِرُوا إِنَّ الْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ (١٢٨) قَالُوا أُوذِينَا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَأْتِيَنَا وَمِنْ بَعْدِ مَا جِئْتَنَا قَالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ﴾ الأعراف:١٢٧-١٢٩... لەولاشەوە دەست و پێوەندەكانی ستەمكار، سوودیان بینی لە بوونی ستەمكار و تاغوتەكان و قازانجیان بۆ بەدی هات، جا ئیتر وەزیر و گزیر بن، یان سیاسی و زانای ئایینی، كە بەردەوام لەم جۆرە كەسانەوە ڕەوایەتی دەبەخشرێت بە ستەمكاری و بەرگرییان لێ دەكرێت ﴿وَقَالَ الْمَلَأُ مِنْ قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ﴾ الأعراف:١٢٧، لە كاتێكدا قورئان ئاگاداری كردووینەتەوە لەوەی كە نابێت نزیك بكەوینەوە لە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ستەمکاران و توخنیان بکەوین ﴿وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ﴾ هود:١١٣.

- گوتاری سیاسی ئیسلامی و بنەماکانی، تەواوی وێنە و دەرەنجامەکانی ستەمکاری رەفز دەکاتەوە، وەکو دواتر بە درێژی لێی دەدوێین و بە گشتیش خۆی لەم خالە سەرەکییانەدا دەبینێتەوە:
- بنەماکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی.
- بنەماکانی گوتاری سیاسی قورئانی.
- بنەماکانی گوتاری سیاسی نەبەوی (سەردەمی پێغەمبەر).
- بنەماکانی گوتاری سیاسی راشدی (سەردەمی خەلیفە راشدییەکان).
- لادان لە گوتاری سیاسی ئیسلامی .
- چەند رێسا و رێکخەرێکی گشتی لە سیاسەتی شەرعیدا.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# بنەماکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی

## پێناسەی بنەماکانی گوتاری سیاسی:

مەبەست لە بنەماکانی گوتاری سیاسی بە تایبەت لێرەدا، بنەما عەقائیدیە ئیمانیەکانە، کە سیستەمی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لەسەری ڕاوەستاوە، تێگەیشتن لە بنەما عەمەلییە تەشریعییەکانیش هەر لەم ڕوانگەیەوە دەبێت، جەختکردنەوە لەو بنەمایانە لە سەردەمی مەککییەوە دەستی پێکردووە، پێش ئەوەی دەوڵەتیش لە مەدینەدا بەرپا ببێت، ئەم بنەمایانە چەندین ئالۆزی و ئیشکالیاتی گەورەیان چارەسەرکردوە و وەلامی زۆر پرسیاری گەورە و مەترسیداریان داوەتەوە، لەوانەش:

ئەسڵی ئەم بونەوەرە چییە؟ ئەی ئەسڵ و بنەچەی مرۆڤ؟، سروشتی ئەو پەیوەندییە چییە کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆییدا هەیە؟ ئەی ماف وئەرکەکانیان چییە و کێ مافی دیاری کردنی هەیە؟، هەروەك بە چ مافێك فەرمانڕەوایەتییان دەکات؟ و لەسەر چ بناغەیەك ملکەچ و گوێرایەڵی دەبن؟، ئەی هەڵوێست چۆن دەبێت لەو جیاوازییە بیروباوەڕییانەی بەردەوام هۆکاری شەڕ و شۆڕ و نەهامەتییەکان بووە؟، ئەی هەڵوێست چییە لەو دەسەلاتەی ئیدارەی ئەو ململانێیانەی کردوە؟، ئەی هەڵوێست لە سەروەت و سامان؟ و کێ مافی دابەش کردنی هەیە؟ و چۆن دابەش دەکرێت؟، ئەی مافە کۆمەلایەتییەکان چیە و چۆن دەستەبەر دەکرێن لەم سەروبەندەدا؟.

ئەم چوار قەزیە سەرەکییە (مرۆڤ، ئایین، دەسەلات، سامان و دارایی) و هەڵوێست لە بەرامبەریاندا، بەردەوام هۆکاری جەنگ و ململانێکان بونە لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، کۆمۆنیستی و سەرمایەداری و سۆشیالیست و لیبرالی و نەتەوەیی و فاشیەت و نازییەت و تەواوی فەلسەفە وەزعییەکان، بەرەنجامی ئەو پرسیارە ترسناك و گرفتە مرۆییە گەورانەن، ئەمەش لە کاتێکدا ویستوویانە و مەبەستیان بووە چارەسەری قەزیەکانی مرۆڤ و دەسەلات و سامان و ئایین بکەن، لەولاشەوە ناکرێت وێنای ئەوە بکەین قورئان کە پەرتوکی ڕێنمایی و ڕەحمەت و نور و ڕۆشناییە، هەروەك لە وەسفی دا هاتووە﴿كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ إبراهيم:١، هەروەك دەفەرموێت﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ النحل:٨٩، پێغەمبەرەکەشی د.خ لە پێناو ڕەحمەت و بەزەیی هەموو لایەکدا نێردراوە(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) الأنبياء: ١٠٧، کیتابێك بەو وەسفانە و پێغەمبەرێك بەو سیفەتە، ڕێنمایی ئەم لایەنە سەرەکییانەی تێدا نەبێت و سیستەمێکی تێدا بە دی نەکرێت بۆ ژیان، کە جێ ئومێدی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مرۆڤایەتی بێت بۆ بەدیهێنانی داگەری و ئازادی و یەکسانی و چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی زۆرترین چەرمەسەری بۆ مرۆڤایەتی بەدیهێناوە و بەدەستییەوە نالاندویەتی!

ئەکرێت بوترێت دیارترین ئەو بنەمایانەی کە ڕێنمایی قورئانی لەم بارەیەوە دەخەنەڕوو بریتین لە:

بنەما(أصل)ی یەکەم: یەکتاپەرستی خوا (توحید الله)یە:

ئەمە یەکەمین و گرنگترین بنەمای قورئانییە، دروشمەکەشی وشەی یەکتاپەرستیە کە (لاإلە إلا الله)یە، بەوەی باوەڕت هەبێت بەوەی تەنها خوای گەورە شایستەی پەرستنە و نابێت هاوەڵ و هاوبەشی بۆ دابنرێت، لە خەلق کردن و پاشایەتی و سەروەری و فەرمانڕەوایی و گوێرایەڵی و پەرستندا ⇔ ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ﴾ محمد: ١٩.

یەکتاپەرستی یەکەمین شتێکە ئیسلام داوای دەکات و بنەماکانی تری لەسەر هەڵدەچنێت، پێغەمبەریش (د.خ) کاتێك موعازی کوڕی جەبەل دەنێرێت بۆ یەمەن، کە ئەو کاتەی جوو گاوری تێدا بووە، پێی دەفەرموێت "تۆ دەچیت بۆ ناو خەڵکێك خاوەن پەرتوکن، یەکەم شتێك کە بانگەشەیانی بۆ دەکەیت یەکتاپەرستی خوای گەورە بێت، ئەگەر ئەوە فێربوون و گوێرایەڵیان کردیت، پێیان ڕابگەیەنە کە پێنج فەرز نوێژیان لە سەرە لە شەو و ڕۆژێکدا، گەر نوێژیان کرد، پێیان ڕابگەیەنە کە خوای گەورە زەکاتی فەرزکردوە لە سامان و داراییەکانیاندا، لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت و دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان، ئەگەر لەمەدا گوێڕایەڵت بوون، ئەوا لێیان وەربگرە، ئاگاداربە نەچیت سامانە زۆر باش و بەنرخەکانیان وەربگریت، بترسە لە پاڕانەوەی ستەم لێکراو، چونکە لە نێوان ئەو و خوادا پەردە نییە" بوخاری ف٧٣٧٢ و موسلیم ف١٩.

ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان یەکتاپەرستی و زەکات دان بە هەژاران و خۆپاراستن لە ستەم، روون و ئاشکراترین بەڵگەیە لەسەر واتا و مەبەستی یەکتاپەرستی، چونکە پێدانی سامان و باج، بە شێوەیەکی ئاسایی دوای ئیقرارکردنە بەو لایەنەی فەرمانی کردوە بە دانی یان وەرگرتنی، کە بە زۆری پاشا و کاربەدەست و سەرکردەکانە، هەر بۆیە یەکەمین ئەرکێك بانگەشە کردنیانە بۆ یەکتاپەرستی و گوێرایەڵی، کە دیارترین ڕۆکارەکانی عبودیەتی ئەوە، بێ ئەوەی هاوبەشی بۆ دابنرێت، لێرەوە گوێرایەڵی بۆ حیبر و راهیب و پادشاکان واتایەکی نامێنێت، بە هۆی ئەوەی زۆر جار بە چەندین شێوە خەڵکیان کردوە بە کۆیلە و ملکەچ وگوێرایەڵیانیان کردوە، سەروەت و سامانیان بەبێ ویستی خۆیان لێیان داگیر کردوە و بردویانە، لەم ڕێگەیەشەوە پادشا و سەرۆکەکان، هەندێك لەوانەی بەناو نوێنەرایەتی ئایینییان کردووە، لەسەر ئارەق و کۆشش و ماندووبوون و مافی هەژار و نەدارەکان، زیادەڕەوی و دەسەڵاتداری و زۆرداریيان پەرەی سەندوە...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەمە جگە لەوەی باسكردنی پێدانی زەكات بە هەژاران و لابردنی ستەم لە سەر چەوساوە و بێ دەسەلاتەكان، لە پاش تەوحیدی خوای گەورە، ڕونكردنەوەی مەبەست و ئامانجەكانی یەكتاپەرستییە، كە ئەوەش بریتیە لە ئازادكردنی مرۆڤەكان و بەدیهێنانی دادگەری و پشتیوانی كردنی چەوساوە و بێ دەسەلاتەكان و لابردنی ستەم لەسەریان، كە بەردەوام ستەمكار و زۆرداران پیادەیان كردوە بە سەریاندا و جۆرێك لە مافی خوایەتییان بەخۆیان بەخشیوە...

لە كاتێكدا ئیسلام داوای بەتەنها پەرستنی خوا و بێ باوەڕ بوون بە پەرستراوەكانی تر دەكات، دار و بەرد بن یان پادشا و سەرۆك و سەركردە یان هەر كەسێكی تر كە رووپۆشی ئایینی هەبێت و لە راستیدا وا نەبێت. "من وحد الله، وكفر بما يعبد من دون الله، حرم ماله، ودمه، وحسابه على الله" بوخاری وموسلیم.

كرۆك و حەقیقەتی یەكتاپەرستیش لەوەدایە، خوای گەورە بە تاك و تەنها ببینیت، بەوەی هەر ئەو خولقێنەر و پەروەدگار و پەرستراوە و خاوەنی سیفەتە جوان و تەواوەكانە و پادشای راستەقینە و فەرمانڕەوا و گوێرایەلێكراوە و ترس و بیم تەنها شایستەی ئەوە و هەموو ئەمانەش بە دەیان دەقی قورئانی سەلمێنراوە...

## واتای (إله) لە گوتاری قورئانیدا

وشەی (إلە)، كە لە نێو كەلیمەی تەوحیددا هاتوە و كرۆكی خواناسینە، بەپێی دەقە قورئانییەكان چەندین واتا لە خۆی دەگرێت و بۆ هەریەك لەو واتایانەش تەنها یەك دەقی قورئانی دەهێنین لەنێو ئەو دەیان دەقانەدا، كورتەكەشی ئەوەیە (إلە) بریتییە لە:

١- هەر كەسێك یا شتێك كە بەدەر لە خوای گەورە بپەرسترێ: (فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ) الأعراف: ٥٩.

٢- هەر كەسێك بەدەر لە رەزامەندی خوای گەورە شوێن كەوتەیی بكرێت، سەرۆك یا زانا یا حەز و ئارەزووەكان بێت﴿اتَّبِعْ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾ الأنعام: ١٠٦.

٣- هەر كەسێك بەدەر لە رەزامەندی خوا گوێرایەلی بكرێت ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ النساء:٦٤... جیاوازی نێوان گوێرایەلی (الطاعة) و شوێنكەوتن (الاتباع)، لەوەدایە كە گوێرایەلی بە زۆری لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت، ئەمر و نەهی تێدایە لە سەرەوە بۆ خوار، وەكو

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گوێرایەڵی كردنی سەرۆك و فەرمانڕەوا و پاشاكان، بەلاّم شوێنكەوتن گشتگیر و فراوانترە، كە دەكرێت بەبێ فەرمان و دەسەلاّتیش بكرێت، وەك شوێنكەوتنی حەز و ئارەزوو، شەیتان...

٤- فەرمانڕەوایەتی كردن دوور و بەدەر لە ڕەزامەندی خوا ﴿أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا﴾ الأنعام:١١٤.

هەر كەس رازی بوو گوێرایەڵی بكرێت بەدەر لە ڕەزامەندی خوای گەورە و بە پێچەوانەی بڕیارەكانی ئەوەوە، ئەوە خۆی كردوە بە خوا (إله)، هەروەك لە بەسەرهاتی فیرعەوندا هاتووە◆﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي﴾ القصص:٣٨، هەروەك بە موسا دەڵێت ◆﴿قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ﴾ الشعراء:٢٩، كە لێرەدا مەبەستی فیرعەون گوێرایەڵی كردن و دەرنەچوونە لە دەسەلاّتی ئەو، بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە موسا دەكات جگە لەو كەس بە (إله) ی خۆی نەزانێت، كە مەبەست گوێڕایەڵی كردنی ئەوە... قورتوبیش سەبارەت بە ئایەتی ﴿فَقَالُوا أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَابِدُونَ﴾ المؤمنون:٤٧، دەفەرموێ: (لنا عابدون): واتا ملكەچ و ژێر دەستەی ئێمەن و لە ژێر فەرمانبەرداری ئێمەدان ... یەكتاپەرستیش لە ئیسلامدا ئازادبوونی مرۆڤە لە هەموو ئەو جۆرە پەرستنانە كە خوای گەورە تەنها خۆی بە شایستەی دەبینێت.

## جیاوازی نێوان وشەی (إله و رب)

وشەی (إله) و (رب)، ئەگەر پێكەوە و لە یەك ناوكۆ و سیاقدا هات، ئەوا لە واتادا جیاواز دەبن و هەریەكەیان واتایەكی تایبەت بە خۆی دەبێت، هەر وەك لە سورەتی (الناس)دا هاتووە، بەلاّم ئەگەر لە یەك ناوكۆدا نەهاتن ئەوا بە زۆری یەك واتا دەگەیەنن، وەكو ئەوەی خوای گەورە لە سەر زمانی فیرعەونەوە دەفەرموێت "أنا ربكم الأعلى"، كە بە واتای "ماعلمت لكم من إله غيري" دێت، كە هەردووكیان بە كەسێك دەوترێت گوێرایەڵی و ملكەچی بۆ دەربڕێت، ئەمەش بە هەمان شێوەی فەرموودەی خوایە كە دەفەرموێت﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ التوبة:٣١، لێرەدا (رب) بە واتای (إله) هاتووە هەمان واتا لە ئایەتەكانی وەكو ﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ یوسف:٣٩... ﴿وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ آل عمران٦٤، خوای گەورە لەم ئایەتانە و هاوشێوەكانیاندا هەر كەسێك كە بەدەر لە خوای گەورە بپەرستێ، یان گوێرایەڵی بكرێت و شوێنكەوتەیی بۆ ئەنجام بدرێت، بە پەروەدگار و خوا (رب و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

إلـه)ی ناو بردووە و وشەی یەكتاپەرستیش بۆ نەریّ كردنی هەموو شـێوە و شـێوازەكانی ئولوهیـەت و ربوبیەتە، ئیتر هەر ناو و ناونیشانێكی هەبێت، زۆری جەختكردنەوە و ئیقـرار كردنـی تـەنهایی خـوای گەورە لە خولقاندن و خاوەنێتی و فەرمانڕەوایی و گوێرایەڵی كردن و سەروەری و پەرستن دا، لـە پێنـاو پوچ كردنەوەی ڕواڵەتە جۆراوجۆرەكانی شیرك و پەرستنە لە نێو كۆمەڵگە مرۆییەكاندا، بە تایبەت بۆ مرۆڤە دەسەلاتدار و فەرمانڕەواكان، لەم پێناوەشدا هەر تەنها دەسەلات و دەست و پێوەند و پیاوە دیـار و ئاشكراكانی نیین كە ڕێگە خۆش دەكەن بۆ ئەم جۆرەی پەرەستن، بەڵكو لە زۆر سەردەمی مێژووییـدا كەسانێكی تریش هەبوون بە ناو و لـە ژێـر پاسـاوی ئـایینی سـاختە و پیـاوانی ئایینیـدا ڕێگـەیان خۆشكردووە بۆ ئەم جۆرانە لە شیرك وپەرستن، بە هاوپەیمانێتی ئەم دوو دەستەیە، لە هەموو سـەردەم و كاتێكدا فیرعەون و هامان و قەیسەر و روهبان و كیسرا و مـوبزان و مـوفتی و سـوڵتانی زۆر بـە دی هاتوون! ئیسلامیش بۆ پوچ كردنەوەی سەرجەم ئەوانە هاتووە...

## فیرعەونییەتی سیاسی

قورئان لە رووی توغیانی سیاسی و سـتەم و زۆرداریـیـەوە نموونـە بـە فیرعـەون دەهێنێتـەوە، لەوەدا كە خۆی بە هاوشانی خوا دەبینیّ لە پاشایەتی و ربوبیەت و پەرستراوێتیدا، خوای گەورەش بـە موسا دەفەرموێت "إذهب إلى فرعون إنه طغى"، زیادڕەوی و توغیانی فیرعەونیش لە وەدا بووە كە:

١- بانگەشەی مافی سەروەرێتی رەها و بـیّ سـنووری كـردووە بـە سـەر گەلەكەیـدا﴿أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى﴾ النازعات:٢٤.

٢- بانگەشەی خاوەندارێتی تەواوی كردووە بەسەر هەموو موڵكی میسرەوە ﴿قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي﴾ الزخرف:٥١.

٣- بانگەشەی ئەوەی كردووە كە مافی ئەوەی هەیە گوێرایەڵی و ملكەچی بۆ بكرێـت ♦﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي﴾القصص٣٨.

٤- لوتبەرز بووە لەسەر زەوی و خەڵكی چەوساندووەتەوە و سـتەمی لێیـان كـردوە و دابەشـیانی كردوە بۆ چەندین چین و بەش ﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ﴾ القصص٤.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

٥- بەكۆیلە كردنی نەوەی ئیسرائیلییەكان، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَاسْتَكْبَرُوا وَكَانُوا قَوْمًا عَالِينَ (٤٦) فَقَالُوا أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَابِدُونَ﴾ المؤمنون ٤٦ – ٤٧ .

ئەوەش روونە ئیسرائیلییەكان بە مانا زاراوەییەكەی فیرعەونیان نەدەپەرست، بەڵكو چەوساوە و ژێر دەستەی فیرعەون بوون، لەگەڵ ئەوەشدا وەكو كۆیلەی فیرعەون ناو زەندكراون و خوای گەورەش موسا دەنێرێت بۆ رزگاركردنیان لەو كۆیلایەتیە، تاكو بە تەنها خوای گەورە بپەرستن و ملكەچی و گوێرایەڵی ئەو بكەن...

كۆیلایەتی بۆ پاشا و سەرۆك و ستەمكاران تاكو ئێستاش دیارترین دیاردەكانی لادانە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و پێویستە كار بۆ نەهێشتنی بكرێت... ئەویش بە بنبڕكردنی هەموو دیاردە و رۆكارەكانی ترس و تۆقاندن لەو ستەمكارانە و ئازاد كردنی دەروونییانەی مرۆڤەكان بە شێوەیەك كە تەنها ترس و خۆشەویستی خوای گەورەی تێدا بمێنێت... هەر بۆیە قورئانی پیرۆز لەگەڵ دژایەتی كردنی بتپەرستیدا، دژایەتی بەخواكردنی پادشا و ستەمكارەكانیشی راگەیاند بە هەموو جۆرەكانیەوە، بەتایبەتی دەبینین رزگاركردنی مرۆڤ لە جۆری دووەمیاندا (كە بەخواكردنی دەسەلاَتدارە ستەمكارەكانە) ئەستەم و قورسترە...

## ناوەڕۆك وحەقیقەتی ململانێی نێوان پێغەمبەران و سەركردە و فەرمانڕەواكان

لە راستیدا ململانێی نێوان پەیامبەران، كە داكۆكیكاری داد و یەكسانی و ئاڵاَ هەڵگری ئازاد بوونی خەڵك بوون لە ستەم و شیرك و نەفامی، لەگەڵ پادشا و سەرۆك و فەرمانڕەوا زۆردار و دەست و پێوەندە ماستاوچییەكانیاندا كە ئافەرین و دەسخۆشی ستەمی ستەمكاران دەكەن، ئەو راستییە كە زۆر جار بە باشی هەستی پێ نەكراوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم ناكۆكی و ململانێیە روون و ئاشكرایە و ئایەتی زۆری لە بارەوە هاتوە، هەروەك خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ حقٍ وَيَقْتُلُونَ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ آل عمران:٢١، ئەوە كێیە پێغەمبەران دەكوژێت و فەرمانی ئەو كوشتنە دەردەكات جگە لە پادشا و سەرۆكە زۆردار و ستەمكارەكان و زانا خراپەكارەكان؟، لە پاڵ ئەوەشدا هەمان بڕیار دەردەكەن بۆ هەموو ئەوانەی فەرمان بە پیادە كردنی دادگەری و عەدالەت دەكەن؟!.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەمڕۆش هەر ئەو ستەمكارانەن بە زمانی حالّ و گوفتاریش داوای ملكەچی و سەرشـۆڕی و ستایش كردن دەكەن لە خەلّكی و دەیانـەوێت خـەلّكی كۆیلـەیان بـن و بـچووكییان بكێـشن، تـاكو سەروەت و سامان و خێروبێرەكانی ولاّت بە تەنها بۆ ئەوان و كەسوكار و هەندێك لـە دەوروپـشتەكانیان بێت، نابێت كەس لێیان بپرسێتەوە و ڕەخنەیان لیّ بگیرێت، لەولاشـەوە زۆرن ئەوانـەی لـە ژێـر نـاوی جیاجیادا شەرعیەت و ڕەوایی دەبەخشنە ئەم جۆرە دەسـەلاّتانە... ئەمـە لـە نێـو ئومـەتی تەوحیـد و یەكتاپەرستیدا زیاتر لە هەر ئومەتێكی تر بەرجەستە بـووە، لەكاتێكـدا ئیـسلام و پـەیامی تـەواوی پەیامبەران تەواو پێچەوانەی ئەم واقیعەن... نەك هەر ئەوەندە بەلّكو (ابن كثیر)، لـە ڕاڤـەی ئایـەتی "إني جاعلك للناس إماما قال ومن ذريتي قـال لاينـال عهـدي الظـالمين"دا ئـەلّێت: سـوفیانی كـوڕی عویەینە وتویەتی: ستەمكار نابێت پێشەوا بێت... ئیبن خویزمنـدادیش وتویـەتی: سـتەمكار نابێـت ببێتە خەلیفە و فەرمانڕەوا. چجای ئەوەی شەرعییەتی گویّ ڕایەلّی هەبێت وەكو هەندێك تەنزیری بـۆ دەكەن، لەڕێی تـەئویل كردنـی هەنـدێك لـە دەقەكانـەوە، جیـاوازی نێـوان گوێڕایـەلّی سـتەمكار و فەرمانڕەوا شەرعیەكان، بەندە بەوەی دووەمیان دەبێت لە سەر ڕاوێژ و ڕەزامەنـدی خـەلّك دانرابێـت و هەلّبژێررا بێت، زۆر ناچاركردنی تێدا نەبێت، دواتریش بە درێژی لەمبارەیەوە دەدوێین...

تەنانەت لە مێژووی ئیسلامیدا نازناوی پاشا (ملك) بە شێوەیەكی ئیجـابی بـۆی نـەڕوانراوە و زۆر دەگمەنن ئەوانەی لە تەواوی مێژووی ئیسلامیدا ئەم نازناوەیان بە خۆیان دابێت، لەبەرئەوەی بـە شیاویان نەبینیوە بۆ خۆیان، ئەوەی كە باوبوە زیاتر خەلیفە بووە یان سولّتان و بـۆ خـوارتریش ئـەمیر، چونكە پادشایەتی زیاتر وەك سیفەتێكی خوایی بۆی ڕوانراوە، پێغەمبەری خـواش لـە نامەكانیـدا بـۆ پادشاكانی ئەو سەردەمە وشەی (ملك)ی بۆیان بەكار نەهێناوە، بەلّكو وشەی گەورە (عظـیم)ی بـەكار هێناوە: "إلى هرقل عظيم الروم ... إلى كسرا عظـيم الفـرس" و چـەندین ئامـاژەش هەیـە بـۆ خراپـی بەكارهێنانی ئەم ناوە بۆ جگە لە خوا، هەر لەم دیدەشـەوەیە كـە خـراپترین نـاویش شاهەنـشایە، كـە ناوێك بووە لای فارسەكان بەكار هاتووە....

ئیسلام زۆر ڕێوشوێنی گرتووەتە بەر تاكو گـەورەیی و قودسـیەت نەبەخـشرێتە مـرۆڤ و لـە سەرووی مرۆڤبوونەوە بۆی نەڕوانرێت، لەوانەش:

١ — پێغەمبەری خوا نەهی كردوە لەوەی بە پێوە ڕاوەستیت بۆ كەسانێك كە دانیشتوون و بەڕێوشـوێن و ڕەفتاری فارس و ڕۆمەكانی داناوە.

٢- حەرامە لە قاپ و قاچاغی ئالّتون و زیودا خواردن و خواردنەوە بخورێت و بخورێتەوە، یاخود پیـاوان ئاوریشم بپۆشن و ئالّتون بەكاربهێنن بۆ خۆڕازاندنەوە و لەم بارەیەشەوە چـەندین فـەرموودەی سـەحیح هەن.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

٣- نەهی کردوە لەوەی جلی شۆڕ و بە زەوی خشاودا لەبەر بکرێت، هەروەك پادشا و سەرۆکەکانی سەردەمی نەفامی دەیانکرد...

٤- نەهی کردوە لەوەی زیادڕەوی بکرێت لە ستایش و پیاهەڵداندا، بەو شێوەیەی خەڵکی لەگەڵ پادشا و سەرۆکەکاندا ئەنجامی دەدەن...

٥- پێی ناخۆش بووە هاوەڵانی لەبەری هەڵسن، یان کەسێك لەبەر گەورەیی، جێگەکەی خۆی بۆ کەسێکی تر چۆڵ بکات...

٦- فەرمانی کردووە خاکی بین و نەهی کردووە لە خۆهەڵکێشان و خۆ بەگەورە زانی...

٧- حەرامی کردوە خەڵکی قسەهێنی و دووزمانی بکات بۆ دەسەلاّت داران و بە تاوانی داناوە...

٨- پێغەمبەری خوا بە دانیشتنەوە نانی دەخوارد و دەیفەرموو وەکو کۆیلەکان نان دەخۆم و خوای گەورە منی کردووەتە بەندەیەکی کەریم، نەك زۆردار و کەللە ڕەق (عنید).

٩- کاتێك کە دەرۆیشت، دوو کەس بەدوایدا نەدەرۆیشت و ڕازی نەدەبوو کەس بە دوایەوە بێت، بەو شێوەیەی خووی پادشاکان بوو.

١٠- پێغەمبەر د.خ سیفەتی مەلیکی نەدەبەخشیە خۆی، کاتێکیش پیاوێك بە شپرزەیی و لەرزۆکییەوە قسەی لەگەڵ دەکرد پێی دەفەرموو " لەسەرخۆبە من پادشا نیم، من کوڕی ئافرەتێکم گۆشتی وشکەوە بووم دەخوارد" ئیبن ماجە -صححه الألباني في صحيح الجامع-....

بە کوورتی پەیامبەری خوا د.خ خوو ڕەوشت و ڕەفتارە خراپەکانی کیسرا و قەیسەر و پاشاکانی پوچ کردەوە... تاوەکو مرۆڤ سادە و خاکییانە بژی و پیرۆزی نەبەخشرێتە مرۆڤەکان .

لە لایەکی ترەوە مەبەست و ئامانج لە ناردنی پەیامبەران بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە و خۆ دوور گرتن لە تاغوت ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ النحل:٣٦،◆ ﴿وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَنْ يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَى﴾الزمر:١٧، تاغوتیش هەروەك ئایەتەکانی قورئان ئاماژەی پێ دەکەن، دەکرێت پەرستنی بت و وەسەن بێت، یان فەرمانڕەوایی پاشا ستەمکارەکان بێت، یاخود تاغوتی شوێنکەوتن بێت وەکو حیبر و ڕاهیب و زانایانی سوڵتان، هەر تاغوتێکیش پشت و پشتیوانی هەیە و لە پێناویدا دەجەنگن...

جا هەرکەسێك یا شتێك بەدەر لە خوای گەورە پەرسترا، یان گوێڕایەڵی کرا، یاخود بەدەر لە قورئان فەرمانڕەوایی کرد، یاخود خەڵکی چەوساندەوە، هاووێنەی قەیسەر و کیسرا و تەواوی ستەمکارەکانی مێژووی کۆن و نوێ، ئەوە تاغوتە و دەبێت بەرهەڵستی و دژایەتی بکرێت.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

به سەرنج دانی ژیانی موسوڵمانان و هەندێك له میللەت و گەلانی تریش، ئەوە بەدی دەکرێت کە تاغوتەکان لە چەندین شێوە و وێنەدا بوونیان هەیە، پەرستن و گوێڕایەڵی، یاسادانان و ستەمکاری، لەولاشەوە کۆمەڵ و گروپی جیاجیاش دەبینیت کە پاساو و شەرعیەت دەبەخشنە ستەمکاری و ستەمکاران، رۆڵ دەگێڕن بۆ مانەوەیان... بەهۆی ئەمانە و چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی ترەوە میللەتان دەکەنە ژێردەستە و دەستەمۆی زۆردارانی ناوخۆ و کۆلۆنیالی دەرەکییەوە... لە بارودۆخێکی وادا کەمترین بەهایەك کە بوونی نەبێت یاخود کەم بێت ئازادی راستەقینە و ژیانێکی شەرەفمەندانەیە، هیوای گەورەش لەم ساتەوەختەدا سەری هەڵداوە، ئەویش بریتیە لەو شۆڕشە جەماوەری و گەنجانەیەی ناوچەکەی گرتوەتەوە و بووەتە جێ ئومێد و هیوا بەخشی گەلە ئازادیخوازەکان...

## بنەمای دووەم: ڕێزگرتنی مرۆڤایەتی و جێنشینایەتی لەسەر زەویدا.

ئەمە بنەمای دووەمە لە بنەماکانی گوتاری سیاسی قورئانی، پاش بانگەشە کردن بۆ یەکتاپەرستی خوای گەورە و دوور گرتنی لە هاوبەش و هاوەڵ، پەرستش و گوێڕایەڵی بەو شێوە و شێوازانەی شایستەیەتی، قورئان روو لە مرۆڤ دەکات و حەقیقەت و ئامانج و پلەوپایەی لەم بوونەوەرە و ئەرك و رۆڵ و پەیوەندی بە خوا و زەوی و کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی ترەوە روون دەکاتەوە، سەلماندن و ئیقرار کردنی ئەم بنەمایە و جەخت کردنەوە لەسەری لە چەندین ئایەت و فەرموودە و لە چەندین شوێن و بە چەندین شێوە و شێوازی جۆراوجۆر هاتووە:

١- تەئکید کردنەوە لەوەی خوای گەورە رەگەزی مرۆڤی کردووەتە جێنشین لەسەر زەویدا (إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً) البقرة:٣٠، ئەمەش تایبەتمەندییەکە بە مرۆڤ بەخشراوە، لە پێناو ئاوەدان کردنەوەی زەوی و چاکسازی کردن تێیدا، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ هود:٦١.

٢- سەلماندنی ئەوەی مرۆڤەکان هەر هەموویان یەك ریشە و ئەسڵیان هەیە و لە دایك و باوکێکن و جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا نیە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا﴾ الأعراف:١٨٩.

٣- تەئکید کردنەوە لەوەی مەبەست لە جۆراوجۆری مرۆڤ و دابەش بوونی بۆ گەل و هۆزی جیاجیا، یەکتر ناسین و هۆگری و یارمەتیدانە لەسەر چاکەخوازی و خۆپارێزی، نەك گوناهـ و تاوان،

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەك دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات:١٣.

٤- تەئكید كردنەوە لەوەی خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ گرتوە وەكو مرۆڤ، لەو بارەیەشەوە فەرموویەتی ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ الاسراء:٧٠.

٥- تەئكید كردنەوە لەوەی جیاوازی نیە لەنێوان ئومەتێك و ئومەتێكی تر و ڕەگەز و ڕەگەزێكی تر و ڕەنگ و ڕەنگێكی تردا، ڕەش و سپی و عەرەب و عەجەم و نێر و مێ جیاواز نین، مەگەر بە چاكەخوازی و تەقوا نەبێت، جگە لەوە خەڵكی وەكو دانەی شانە یەكسانن، هەموو ئەمانەش لە گوتاری نەبەویشدا سەلماوون.

٦- دانانن بە ڕێز و حورمەتی مرۆڤەكان و حەرامی دەست درێژی كردنە سەریان، هەر كەسیش مرۆڤێك بكوژێت وەكو ئەوە وایە تەواوی مرۆڤەكانی كوشتبێت، هەر كەسیش ڕۆڵی هەبێت لە زیندوو ڕاگرتن و ژیاندنەوەی كەسێكدا، وەكو ئەوەیە هەموو خەڵكی زیندوو كردبێتەوە، خوای گەورەش لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا﴾ المائدة:٣٢.

٧- خوای گەورە بەڵێن دەدات بە بەندە باوەڕدار و چاكەخوازەكانی، بەوەی دەیانكاتە جێنشین و فەرمانڕەوا لە سەر زەویدا و دەسەڵاتیان پێ دەبەخشێت ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا﴾ النور:٥٥، ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ﴾ الأنبياء:١٠٥، سەرەڕای بوونی چەندین فەرموودەی سەحیح لەو بارەیەوە ...

٨- هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە بەها نەفامییەكان بڕوخێن، كە تاكو ئێستەش لە كۆمەڵگا مرۆییەكاندا بوونیان هەیە، هاوێنەی چینایەتی و ڕەگەزپەرستی، بەكۆیلە كردنی هەژار و چەوساوە و ئیستیغلال كردنیان، هەروەها بە سوك تەماشا كردنی ئافرەتان و چەندین ڕێوشوێنی تر كە دژ و ناتەبان بە پەیامی پێغەمبەران و برایەتی نێوان مرۆڤەكان و بەهاكانی وەكو ڕەحمەت و دادگەری و بەدەمەوە بوون.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## بنەمای سێیەم: رزگار كردنی مرۆڤایەتی و داماڵینی لە كۆیلایەتی

ئیسلام بانگەشە دەكات بۆ بەدیهاتنی ئازادی مرۆڤەكان و رزگاربوونیان لـە هـەموو شـێوە و وێنە جۆراوجۆرەكانی بەندایەتی بۆ جگە لە خـوای گـەورە، ئەمـەش لـە خـودی خۆیـدا مەبەسـتێكی شەرعیە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو ئازادی گرنگترین ناوەڕۆك و مەبەستی كەلیمـەی یەكتاپەرسـتی (لا إلـه إلا الله)یە، بەندایەتیش بە هەموو ناوەڕۆكەكانیەوە تـەنها بـۆ خـوای تـاك وتەنهایـە﴿وَلَـا يَتَّخِـذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ آل عمران٦٤، واتای (ربوبیـة)تیش لێـرەدا بـە گوێرایـەڵی كـردن و ملكەچی بۆ سەرۆك و حیبر و روهبان و هاوشـێوەكانیان لێـك دراوەتـەوە ...كـۆیلاتیش پـێش ئیـسلام هەبووە و ئیسلامیش بە چەندین رێوشوێن كاری كرد بۆ نەهێـشتنی، لـە سـەردەمی عومـەری كـوڕی خەتتابیشد(١٧ك) هەموو كۆیلە عەرەبەكان ئازادكران و لە خانەی سامان (بیـت المـال) نرخـەكانیان درا، كۆیلەی گەلانیتریش بە هۆی بەردەوامی جەنگ و كوشـتارەوە نـەتوانرا بنـەبڕ بكرێـت، سـەرەڕای ئەوەی دەروازەكانی ئازاد كردنی كۆیلە زۆر و جۆراوجۆرن لە ئیسلامدا، لەوانـەش كـەفارەتی كوشـتن و سوێند و زیهار و ئازاد كردن وەكو چاكەیەكی گەورە و ژیاندنەوەی مـرۆڤ و ئـازاد كرنیـان لـە خانـەی سامان بۆ ئەو كەسانەی خۆیان دەیانەوێت كە بە پرۆسەی (المكاتبة) ناوی براوە...

وتە بە ناوبانگەكەی ئیمامی عومەریش كە بۆ بەرگری كـردن لـە قیبتییـەك فـەرمووی زۆر رون و ئاشكرایە، عومەر ستەم كردنی بە كۆیلەكردن چواندوە "متی اسـتعبدتم النـاس وقـد ولـدتهم أمهاتهم أحراراً"، روبعی كوری عامریش بە رۆستەم دەڵێت: "خوای گەورە ئێمەی ناردوە تاكو خـەڵكی لە كۆیلەیەتی بەندەكان دەركەین و بیانكەینەوە بەندەی خوای بەندەكان"، ئیسرائیلییەكانیش بـە واتـا باوەكەی كۆیلەی فیرعەون نەبون، كەچی لەبەرئەوەی ملكەچی فەرمانەكانی بوون و سـتەمی لێیـان دەكرد، قورئان لەسەر زمانی موساوە وەكو كۆیلەكراوی فیرعەون ناویـان دەبـات﴿وَتِلْـكَ نِعْمَـةٌ تَمُنُّهَـا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدْتَ بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ الشعراء:٢٢...

ئازادی لە ئیسلامدا مافێكی پارێزراو و ئـەركێكی فـەرز كـراوە، لەوانـەش ئـازادی وشـە و رادەربڕین، پەیامبەر د.خ پێش كۆچ كردنـی بـۆ مەدینـە لـە عەقەبـەدا پـەیمانی لـە ئەنـسارییەكان وەرگرت لە سەر ئەوەی "قسەی هەق و رەوا بڵێن لـە هـەر كوێیـەك بـوون، لـە پێنـاوی خواشـدا لـە سەرزەنشتی سەرزەنشتكاران نەترسـن" هـەروەك لـە (بوخـاری ٧٠٥٦ و موسـلیم ١٤٧٠)دا هـاتووە، سەبارەت بەو كەسەی بە ئاشكرا رەخنەی لە پێغەمبەری خوا گرت و ویستیان ئازاری بـدەن فـەرمووی "دعوه فإن لصاحب الحق مقالاً" بوخـاری ٢٣٩٠ ، ٢٤٠١ ، وازیـی لـێ بهێـنن چـونكە خـاوەن مـاف

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

قسەی خۆی هەیە. تاكو بەمە بنەمای ئازادی دەربڕین و ڕەخنەگرتن لە دەسەلات تەئكید بكاتەوە، كـە بەردی بناغەی ئازادییە مرۆییەكانی ترە، بەلكو وتنی قسەی ڕەوا لە بەردەم فەرمانڕەوایـەكی زۆردارادا بە باشترین جیهاد وەسـف كـراوە "افـضل الجهـاد كلمـة حق عنـد سـلطان جـائر" أحمـد ٢٥١ و ٢٥٦ و أبوداود ٤٣٤٤ ، وصححه الألباني.

كاری سیاسی و گرنگیدان بە كاروباری خەلكی و ڕەخنە گرتن لە دەسەلات و هەلـسەنگاندنی كارەكانی، بەشێكن لە ئایین "الدين النصيحة: لله، ولكتابه، ولرسـوله، وللأئمـة المسلمين، وعـامتهم" مسلم ٥٥، لێرەدا (النـصيحة) بە واتای دلسۆزی و هەولدان و هەسـتان بـە كارەكـان وراسـتگۆیی لـە قسە و ڕەفتاردا دێت، نەك تەنها ئامۆژگاریی بە واتا باوەكەی...

ئیسلام دانانی ناوە بە ئازادی سیاسیدا و مافی هەلبژاردنی دەسەلاتی بەخشیوە بـە خـەلكی و حەرامە دەست بەسەر ئەو مافەدا بگیرێت و داگـیر بكرێـت، هـەروەك دەفـەرموێت:﴿وَأَمْـرُهُمْ شُـورَى بَيْنَهُمْ﴾ الشورى:٣٨، ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ آل عمـران:١٥٩، عومەریش دەفەرموێت: ئەمیرایەتی بە ڕاوێژ دەبێت و عەلیش دەفەرموێت: ئەی خەلكینە، ئـەمیر ئـەو كەسـەیە كـە ئێـوە ئەمیرایـەتی پـێ دەبەخشن، هاوەلانیش لەگەل ئەوەدا بوون كە ئومەت دەبێت ئـازاد بێـت لـە هەلبـژاردنی دەسـەلاتدا، هەروەك دواتریش دێیینەوە سەری. لەگەل ئەمانەشدا ئەمڕۆ موسولمانان زیاتر لە گەلانی تـر گـیرۆدەی زۆرداری و ستەمكاری دەسەلاتدار و سەرۆك و سەركردەكانیانن، هەروەك واقیعی ژیانیان دەری دەخات.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## بنەمای چوارەم: بانگەشە کردنی خەڵکی بۆ دادگەری و ڕەوایەتی (العدل والحق)

لە کاتی هاتنی ئیسلامدا سەرزەوی پڕ بوو لە زۆر و ستەم، کۆمەڵگە مرۆییەکان بە دەست شێوازە جۆربەجۆرەکانی خراپەکاری و چەرمەسەرییەوە دەیاننالاند، یاسای دارستان باڵی کێشابوو، عەرەبەکانیش بەشێکی باشیان لەم بارەیەوە بەرکەوتبوو، بەهێز لاوازی دەچەوساندەوە و ستەم و ستەمکاری بەشێکی گەورەی ژیانیانی گرتبووەوە، ئا لەو ساتە وەختانەدا خوای گەورە پەیامبەرەکەی نارد، تاوەکو دادگەریی و یەکسانی بڵاو بکاتەوە ← ﴿الرَّحْمَنُ (١) عَلَّمَ الْقُرْآنَ (٢) خَلَقَ الْإِنْسَانَ (٣) عَلَّمَهُ الْبَيَانَ (٤) الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ (٥) وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ (٦) وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ (٧) أَلَّا تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ (٨) وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ﴾ الرحمن١-٩، ئەم ئایەتە مەکییانە بە ناوی (الرحمن)ەوە دەست پێ دەکات و مەبەست (غاية) لە دروستبوونی مرۆڤەکان بە دەر دەخات، ئەویش بریتیە لە بە دیهێنانی (العدل) و (القسط)، پاشان بەندەکانی بانگ دەکات بۆ بەرپاکردنی دادگەری و مافخوازی وستەم نەکردن لە لە یەك، بانگەشەی بەرپاکردنی دادپەروەری تایبەت نیە بە سەردەمی مەدەنی و بوونی دەسەلأت لەو قۆناغەدا، بەڵکو ئەم بانگەشە کردنە لە سورەتە مەکییەکانیشدا روون و بەرچاوە﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾ الأعراف:٢٩.

خوای گەورە لە سەر زمانی پەیامبەرەکەیەوە ئەوە بە دەر دەخات کە فەرمانی پێ کراوە دادگەریی بەرپا بکات لە نێوانیاندا ﴿وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ﴾ الشورى:١٥، هەر بۆیە بەردەوام دیان و خاوەن ئاینەکانی تر توانیویانە لە ولأتانی ئیسلامیدا درێژە بە بوونی خۆیان بدەن، سەرەڕای تێپەرینی سەدان ساڵ بەسەر هاتنی ئیسلام و فەرمانڕەواییە یەك لە دوای یەکەکانی موسوڵمانانداا، ئیسلام رەحمەت بووە بۆ هەموو کەس، بە کافر و موسوڵمانەوە، نابێ زۆریان لێ بکرێت بۆ باوەڕهێنان و دەبێت هەڵسوکەوتێکی دادپەروەرانە و شایستە بە مرۆڤیان لەگەڵ بکرێت، نەرمونیانی و بەزەیی و برایەتی مرۆییانە بناغەی پێکەوە ژیان بێت، لە فەرمودەیەکدا هاتوە، وترا بە پەیامبەری خوا د.خ دوعا لە هاوبەش پەیداکاران بکە، بەلأم ئەو فەرموی: من بۆ ئەوە نەنێردراوم نەفرین کار بم، بەڵکو من بە ڕەحمەت نێردراوم "إني لم أبعث لعانا، وإنما بعثت رحمة" مسلم ٢٥٩٩، هەروەها فەرمویەتی:"من لا يرحم الناس لا يرحمه الله عز وجل" مسلم ٢٣١٩، "الراحمون يرحمهم الرحمن ارحموا من في الأرض يرحمكم من في السماء" أبوداود ٤٩٤١، بإسناد صحيح، ئەم بەزەییە ئاژەڵەکانیش دەگرێتەوە، چوونە دۆزەخی ئافرەتێك لەبەر زیندانی کردن و پێنەدانی ئاو و نان بووە بە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پشیلەیەك و چوونە بەهەشتی پیاوێکیش لەبەر ئاودان بووە بە سەگێکی تینوو، کـە ئەمانـە ئامـاژەی رونن لەم بارەیەوە...

قورئان زۆر بە روونی سەرزەنشتی ئەو بارە نالەبار و ستەم و زۆردارییانە دەکات کە لـە نێـو کۆمەلگەی هاوبەش پەیداکەرەکاندا باو بووە بە هەموو جۆر و شێوە و شێوازەکانیەوە، لەوانەش:

١- ستەمی ئابووری، کە دەولەمەندەکان پیادەیان دەکـرد لـە مامەلـە بازرگانییـەکانی کـڕین و فرۆشتندا و زۆربەی قوربانییەکانیشیان هەژار و لانەوازەکان بوو، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: (وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ (١) الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ (٢) وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ (٣) أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُمْ مَبْعُوثُونَ (٤) لِيَوْمٍ عَظِيمٍ (٥) يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ) المطففين١-٦، ئەم بانگەشە و بانگەوازە شوێن و پایەیەکی گەورەی هەبوو لە پەیامی شوعەیب پێغەمبەردا و لـە دوای یەکتاپەرستییەوە بوو لە رووی پلە بەندییـەوە، هـەروەك لەبارەیـەوە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ هود٨٤-٨٥، هەروەها دەفەرمویت﴿أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ (١٨١) وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ (١٨٢) وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ الشعراء١٨١-١٨٣، قەومەکەشی بـە گالتەجاڕییـەوە وەلامـی دەدەنـەوە﴿الُوا يَا شُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَنْ نَتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَنْ نَفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ﴾ هود٨٧.

واتا ئایا ئایین و پەرستنت بۆ خوای گەورە فـەرزی دەکـات لـە سـەرمان واز لـە پەرسـتنی بتەکانمان بهێنین و ئەوەی دەمانەوێت نەتوانین ئەنجامی بدەین لە دارایی و سامانەکانماندا، لـە کـڕین و فرۆشتن، لە فێلی تەرازوو بازی، لە ستەم کردن لە هەژار و نەدارەکان؟!.

قەومی شوعەیب دەیانزانی ئایینەکەی شوعەیب جیاوازی ناخاتە نێـوان شـیرك و سـتەمەوە، هەردووکیان دەسـت درێـژین، ئـەویان بـۆ سـەر مـافی خـوا و ئـەویتریان بـۆ سـەر مـافی بەنـدەکان، پێغەمبەرانیش بۆ پیادەکردنی دادگەری و دژایەتی ستەم و زۆرداری نێردراون، دژایەتی ستەمی دارایی و ئابووری لە زۆر شوێنی تری قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە و بەشێك بووە لە پەیامی پێغەمبەران...

٢- ستەمی کۆمەلایەتی بە هەموو شێوە و وێنەکانیەوە، وەکو ستەم لە هەتیو، ئافرەت، هـەژار، لاواز، بە خویەکی بێزراو و سەرزەنـشتکراو باسـیکراوە و حـەرام و نادروسـتە، هـەروەك خـوای گـەورە دەفەرموێ: ﴿كَلَّا بَلْ لَا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ (١٧) وَلَا تَحَاضُّونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ (١٨) وَتَأْكُلُونَ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

التُّرَاثَ أَكْلًا لَمًّا (١٩) وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا﴾ الفجر١٧-٢٠، هەروەك دەفەرمویت﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ (١) فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ (٢) وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ (٣) فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ (٥) الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ (٦) وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ﴾ الماعون:١-٧، ئەمە جگە لە دەیان ئایەتی تری پەیوەندیدار بەو بوارەوە ...

ستەمی چینایەتی: كاتێك ئیسلام هات ستەمی چینایەتی بوونی هەبوو، خوای گەورە پێغەمبەری ئاگاداركردەوە لەوەی پشت لە هەژار و چەوساوەكان نەكات، لە پێناو بەدەسهێنانی ڕەزامەندی سەرۆك و گەورە پیاوانی قورەیشدا﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِمْ مِنْ شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِمْ مِنْ شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ (٥٢) وَكَذَلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لِيَقُولُوا أَهَؤُلَاءِ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنْ بَيْنِنَا أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ﴾ الأنعام٥٢-٥٣، هەروەك داوا دەكات ئارامگر بێت لەگەڵ چەوساوە و نەدارەكاندا ✍ ﴿وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا﴾ الكهف:٢٨، ئەمە لەكاتێكدا بوو، گەورە پیاوانی قورەیش داوای كۆڕی تایبەت بە خۆیان دەكرد لە گەڵ پێغەمبەردا، بێ ئەوەی كەسانی نەدار و چەوساوە و كۆیلەی وەكو بیلال و خەباب و عەمار و ئیبن مەسعود و سوهەیب ئامادەی بن... كاتێكیش پێغەمبەر سەرقاڵی بانگەشە كردنی وەلیدی كوری موغیرەی گەورە سەرۆكی قورەیش بوو، لەولاوە پشتیكردە كەسێكی وەكو ئیبنو ئوم مەكتوم، خوای گەورەش سەرەنشت وئاگاداری دەكاتەوە بە چەند ئایەتێك بەوەی ئەفەرموێت:﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى (١) أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَى (٢) وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى (٣) أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَى (٤) أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى (٥) فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّى (٦) وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّى﴾ عبس١-٧.

نمونەی ململانێی نێوان پێغەمبەران و ئەو ملهوڕانەی دژایەتی پێغەمبەرانیان دەكرد لە لایەك و ئەو شوێنكەوتووانەی كە دوای پێغەمبەران كەوتبوون لە كەسە نەدار و چەوساوە و هەژارەكان لە قورئاندا زۆر بەرچاوە، دەكرێت بۆی بگەڕێینەوە و توێژینەوەی تایبەتی لە بارەوە ئەنجام بدرێت...

بانگەواز كردن بۆ بەرپاكردنی دادگەری و یەكسانی و دژایەتی ستەم و ستەمكاری و بە بەزەیی بوون بەرامبەر بە خەڵكی دۆزێكی سەرەكییە لە گوتاری قورئانی سەردەمی مەككیدا، (دە) وەسیەتەكەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سورەتی ئەنعام نمونەیەکی بەرچاوە لەم ڕووەوە﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (١٥١) وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (١٥٢) وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ الأنعام ١٥١ - ١٥٣ ، لەم دە وەسیەتەدا، تەنها دووانیان لە مافەکانی خوای گەورەن بەسەر بەندەکانییەوە، ئەویش بریتییە لە یەکتاپەرستی و هاوبەش دانەنان بۆ خوای گەورە و شوێنکەوتنی شەریعەتەکەی، کە پەیامبەرەکەی د.خ هێناویەتی و ڕێگەی ڕاست و داپەروەرییە، ئەو هەشت خاڵەکەی تری لە پێناوی مرۆڤ خۆیدایە و ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و هەموو مرۆڤایەتیش دەگرنەوە، کە بریتین لە:

١- چاکەو چاکەخوازی لەگەڵ دایك و باوك و سۆز و بەزەیی لەگەڵیان.

٢- دەربڕینی سۆز و بەزەیی هاتنەوە بە منالاڵندا، کوڕ بن یان کچ، حەرامی کوشتنی منالڵ لە ترسی برسێتی و هەژاری، یاخود زیندە بەچاڵکردنی کچ لە ترسی لەدەستدان و شەرمەزاری.

٣- حەرامی دەست درێژی کردنە سەر خەڵکی و کوشتنی نەفسێك کە خوا حەرامی کردوە بکوژرێت.

٤- حەرامی خراپکارییە ئاشکرا و نهێنییەکانی وەك شەرواڵ پیسی و تۆمەتبار کردنی خەڵکی بە ناڕەوا و سوککردنی ناموسی خەڵکی و هەموو شێوەکانی تری دەسدرێژی کردنە سەر خەڵکی بە گوفتار یا ڕەفتاری ناشیرین.

٥- تەرازوو ڕێکی، حەرامی خواردنی ماڵ و سامانی خەڵکی بە خۆڕایی و بێ سوود، یاخود دزی لە تەرازوو و ستەم کردن لە کڕین و فرۆشتندا.

٦- حەرامی دەسکاری کردنی سامانی هەتیو، مەگەر بۆ پاراستن و برەو پێدانی بێت.

٧- وەفا بە بەڵێن و گرێبەستەکان لەگەڵ خەڵکیدا، حەرامی غەدر و ناپاکی.

٨- شایەتی دان و قەزاوەت کردن بە عەدالەت لەگەڵ نزیك و دوور و خزم و بێگانە.

هەموو ئەمانە بەڵگەی گرنگی پێدانی قورئانین بە وێنە جۆراوجۆرەکانی ستەم لە سەردەمی مەککیدا، بە کورتی خوا فەرمان بە عەدالەتخوازی دەکات﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ﴾ الأعراف:٢٩، پەیامی پێغەمبەرانیش بەرپاکردنی دادگەرییە "ليقوم الناس بالقسط"، خوای گەورەش ستەمی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

حەرام کردوە "يا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرماً فلا تظالموا" بخاري ١٤٩٦، بگرە هۆی تیاچوونی بەشێك لە میللەتانی پێشوو ستەمکاریی بووە﴿وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ وَمَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ﴾ یونس:١٣، عەدالەتخوازی لەگەڵ دوژمن و ناحەزانیشدا دەبێت پیادە بکرێت ﴿وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ﴾ الشوری:١٥،﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ المائدە:٨، هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەیە خوای گەورە فەرمانی کردوە بە پیادەکردنی عەدالەت و دادگەریی و جێبەجێ کردنیشی فەرمانێکی خواییە﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النحل:٩٠.

داکۆکی ئیسلام لە دادگەری و مافە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ، وەنەبێت تایبەت بووبێت بە قۆناغی مەدینە و بوونی دەسەلاتی ئیسلامی، بە ڵکو هەر لە سەرەتای پەیامی ئیسلام و قۆناغی مەککیشەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەك ئاماژە بە چەندین ئایەت کرا لەو بارەیەوە.

## بنەمای پێنجەم: برایەتی ئیمانی و دەسەلاتێکی شورایی

قورئان لە سەردەمی مەککیدا موژدەی بەرپا بوونی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ئیمانی دابوو، هەروەك لە سورەتی شورادا هاتوە، کە سورەتێکی مەککیە (فَمَا أُوتِيتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٣٦) وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ (٣٧) وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (٣٨) وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ (٣٩) وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (٤٠) وَلَمَنِ انْتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَئِكَ مَا عَلَيْهِمْ مِنْ سَبِيلٍ (٤١) إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٤٢) وَلَمَنْ صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ) الشورى٣٦-٤٣.

ئەم ئایەتانە لە مەككە و پێش بەرپابوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە دابەزیون، باس لە دیارترین سیفەتەكانی كۆمەڵگەی داهاتووی نوێی ئیسلامی دەكات، كە لەسەر داروپەردوی كۆمەڵگەی نەفامی مەككە بەرپا دەبێت، كە كۆمەڵگەیەك بوو لەسەر ستەم و دەست درێژی و نارەوایی بەرامبەر بە چەوساوە و هەژار و كۆیلە و ئافرەتان بونیات نرابوو، كۆمەڵگەیەكی چینایەتی رقن، كۆمەڵگەیك راوێژی تەنها بە سەران و گەورە پیاوانی قورەیش دەكرد لە (دار الندوة)دا، بێ ئەوەی چین و توێژە جیاجیاكانی تر هیچ رۆڵ ومافێكیان لەو راوێژكردنانەدا هەبێت.

لە ئاوا كاتێكدا فەرمانی خوایی دێت بەوەی دەبێت كاروباری باوەڕداران بە راوێژ بێت "الذين استجابو لربهم وأقاموا الصلاة وأمرهم شورى بينهم" تاكو بەم ئایەتە و بگرە بە هەموو سورەتەكە موژدە بدات بە نزیك بوونەوەی كۆمەڵگەیەكی مرۆیی ئیمانی، بێ چینایەتی و نەفامی و عونجوهی، بەڵكو لەسەر بناغەیەكی برایەتی، كاروباری موسوڵمانان تیایدا بە راوێژ بێت، بێ جیاوازی لە نێوان ئازاد و كۆیلە، پیاو و ئافرەت، ئاسایی و خانەدان، بەهێز و لاواز، دەوڵەمەند و هەژار، گەورە و بچووك، بەڵكو بۆ تەواوی ئەوانەی بە دەم بانگەوازە خواییەكەوە هاتوون و نوێژیان بەرپاكردوە، ئەوا كاروباریان دەبێت بە راوێژ بێت، ئەم بارەش دیارترین تایبەتمەندییە لە تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەی ئیسلامی كە لە مەككەدا پێك دەهات پێش ئەوەی دەوڵەت لە مەدینەدا بەرپا بێت.

ئەم ئایەتەی سورەتی شورا بە دارشتە (صیغة)ی رستەی ناوی (الجملة الاسمیة) هاتووە، (أمرهم) موبتەدایە، (شورى بينهم) خەبەرەكەیەتی، تاوەكو واتای جێگیری و دامەزراوی (الثبوت والاستقرار) بگەیەنێت، وەكو ئەوەی سیفەتێكی جیانەكراوە بێت، لە كاروبار و ژیانی كۆمەڵگەی ئیمانی، كۆمەڵگەیەك بێ سەپاندنی بیرورا و قۆرخ كردنی دەسەلات و سامان و دارایی و چینایەتی، قورئان كاروباریان (أمرهم) زیاد دەكات بۆ باوەڕداران، زیادكردنی تایبەتی بوون و شیاوێتی بە كاروبارەكان، بۆ ئەوەی تەئكید بكاتەوە لەوەی كە كاروبارەكانیان بەدەست هەموویانە و هەموان تیایدا هاوبەشن نەك بەشێكیان، یان دەستەیەكی تایبەت، لە پاشا و سەرۆكەكان، لە گروپ و هۆز و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خێزان و پارت و قەومییەتێکی دیاریکراو، هەروەها ئـەم زیـاد کـردن و دانەپاڵـە (الاضـافة) یـە لـە (أمرهم)دا، واتای گشتاندن (العموم) دەگەیەنێت، هەروەك لـە زانـستی (البیـان) و (أصـول الفقـە)دا هاتوە، هەر بۆیە (أمرهم) هەمـوو کاروبارەکانیـان دەگرێتـەوە، لـە سـەرووی هەموویانـەوە کاروبـاری ئیمارەت و خیلافەت، چونکە مەبەست لە وشەی (أمر) لای عەرەب زیاتر دەسـەڵات و سـەرۆکایەتیە، کاتێك دەوترێت (تقلد أمـرهم) واتە کاروباری سەرۆکایەتی و ئەمارەتیانی گرتە دەسـت... هـەروەك لـە فەرموودەی خوای گەورەدا هاتوە "وأطیعوا الله وأطیعوا الرسول وأولـي الأمـر مـنكم"، مەبەسـت لـە (أولي الأمر) لێرەدا گوێرایەڵی کردنی ئـەو ئەمیرانەیـە، پابەنـدی فەرمانـەکانی خـوا و پێغەمبـەری خوان، کە دواتریش دێینەوە سەری.

ئێمە چەندین بازنەی پەیوەندی و برایەتیمان هەیە، لەوانە بازنەی برایەتی مرۆییانـە، بازنـەی برایەتی ئیمانیانە، دیارە بازنەی هاونیشتمانی و هاوزمانی و هاوشاری و ... هتـدیش هەیـە، برایـەتی ئیمانی لێرەدا تایبەت ترە لە برایەتی مرۆییانە و برایەتی مرۆییانە فـراوانترە، کۆمەڵگـەی ئیـسلامی جگە لە پەیوەندییـە جۆربـەجۆرەکانی تـری، برایەتیـەکی ئیمـانیش لـەخۆ دەگرێـت، کـە یەکـسانی تاکەکانی دەخوازێت، سۆز و بەزەیی و پشتیوانی کردن بەشێکی دانەبراون لێی ﴿إِنَّمَـا الْمُؤْمِنُـونَ إِخْـوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ الحجرات:١٠، لە فـەرموودەی سەحیحیـشدا هـاتوە "المسلم أخ المسلم، لا یظلمه، ولا یخذلـه، ولا یحقـره، ولا یـسلمه، بحـسب امـرئ مـن الـشر أن یحقـر أخـاه المسلم، كل المسلم على المسلم حرام، دمه ومالـه وعرضـه" مـسلم ٢٥٦٤ ، هـەروەها "لایـؤمن أحـدكم حتى یحب لأخیه ما یحب لنفسه" بخاري ١٣ ، مـسلم ٤٥ ، لەم بارەیەوە ئایـەت و فـەرموودەی یـەکجار زۆر هەن ...

ئەم برایەتییە ئەوە دەخوازێت یەکسانی لە نێوانیاندا بەدی بێـت و خۆسـەپێنی و خۆپەسـەندی نەمێنێت، دادپەروەری و هەقویـستی و کـار و کـردەوە چـاکی ببێتـە پێـوەری هەڵـسەنگاندن و یـەك خوێندنەوە...

پێش هاتنی ئیسلام ئەم واتا و بەهایانە بەو رادەیەی لە ئیسلام دا هەیە نەتەوە و ئومەتەکانی تر پێـی ئاشنا نەبوون، لە رێگەی ئەم بەها مرۆییە ئاسمانییانەوە ئیسلام بالآیی خۆی سەلماند.

هەر لە ساتەوەختی گەیشتنی موسوڵمانان بە مەدینە و دوای دروسـت کردنـی مزگـەوت، پێغەمبـەر د.خ برایەتی خستە نێو کۆچکردوو و پشتیوانەکانەوە، بێ جیاوازی لە خاڵە جیاکەرەوەکانی ئـەو کـاتی کۆمەڵگەی مەدینە، پێغەمبەر د.خ بە سەلمان دەڵێت: سەلمان لە کەسوکار و خانەوادەی منـە "سـلمان منا آل البیت" رواه الطبراني، ٦-١٣٠ ، عومەریش دەفەرموێت: "ئەبوبەکر گەورە و سەرداری ئێمەیە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

و گەورە و سەرداری ئێمەی ئازاد کرد، مەبەستی بیلال بوو" بخاري ٣٧٥٤ ، سالمی مەولای ئەبو حوزەیفە لە مزگەوتی قوبائدا پێشنوێژی کۆچکەرە یەکەمینەکان و هاوەڵانی پێغەمبەری دەکرد، لە کاتێکدا ئەبو بەکر و عومەریان تێدا بوو" هەروەك لە بوخاری (٧١٧٥)دا هاتووە...

ئەمانە شۆڕش و کودەتایەکی گەورەن لە بەهاکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و گۆڕانکارییەکی ریشەیی بێ وێنەشن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بۆ کۆمەڵگەیەك زۆرترین چینایەتی و نەفامی و جیاکاری تێدا بەدی دەکرا، بەهۆی خانەدانی و رەچەڵەك وئەسڵ و پلە و پایەوە!

دیارە سورەتی شورا کە ئاماژەمان بە چەند ئایەتێکی کرد، زۆر بنەمای تری سیاسی تێدا بەدی دەکرێت، کە ئێمە ناتوانین لە سەری بدوێین لەوانە:

- لە پاش یەکتاپەرستی خوا و خاوێنگرتنی لە هاوەڵ و هاوبەش و هاوتا، بانگەشە کردن بۆ تەوحیدی حاکمیەت و پەنا بردنە بەر دادوەری کردنی خوا و پێغەمبەرەکەی.

- بانگەشە کردن بۆ یەکریزی سیاسی وکۆمەلایەتی و نەنانەوەی دووبەرەکی لە ئاییندا.

- بانگەشە کردن بۆ راوێژکردن و دادگەری لە فەرمانرەوایی و یەکسانی مرۆڤەکان و مافی تۆڵە سەندنەوە و لێبوردن و بەرگری لە خۆکردن و تەمێ کردنی ستەمکاران و رەفز کردنی ستەمکاری بە هەموو شێوە و شێوازەکانییەوە... هاریکاری کۆمەلایەتی و ئازادی ئایینی و چەندین بنەمای تر.

هەندێك لەو بنەما عەقائیدی و قەزیە ئیمانییانەی ئاماژەمان پێیدا و رێکخەریی بەشێك لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و خولقێنەرەکەی و مرۆڤ و برا مرۆڤەکانی و مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی بوون، لە هەمان کاتدا دەبنە بناغە بۆ گوتاری سیاسی ئیسلامی، کە دواتریش لایەنە پراکتیکی و کردارییەکانی لە گوتاری سیاسی ئیسلامی پێغەمبەری خوادا دەبینین لە مەدینە و دواتر لە سەردەمی خەلیفەکانی راشدیندا کە ناوچەیەکی بەرفراوانی گرتبووەوە، کە لە سنووری رۆژهەلاتەوە ئەفغانستان و لە رۆژئاواوە تونس و هەموو ئیمپراتۆری فارسی و چەندین هەرێمی ئیمپراتۆری رۆمانی لە ئاسیا و ئەفریقیادا، کە بناغەکانی دادگەریی وئازادی و یەکسانی و بەزەیی و فرەیی و لێبوردنی ئایینی تیادا چەسپابوو، بە شێوەیەك کە پێشتر وێنەی نەبوو ... بوونی بنەما عەقیدی و ئیمانییەکانیش رۆڵێکی گەورەی هەبووە و هەیە، بەو پێیەی بناغەیە بۆ هەموو حوکمەکانی تری شەریعەت و دەربڕی مەبەست و ئامانجەکانیەتی، سەرەڕای رەنگدانەوەکانی تری لەسەر واقع، هەروەك لە گوتاری نەبەوی و راشدیدا دەیبینین.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## بنەماكانی گوتاری سیاسی نەبەوی

ئەو بنەمایانەی پێشتر باسكران، لە یەكتاپەرستی و ریزگرتنی مرۆڤ و ئازادكردنی و پێویستی دادگەری و برایەتی و راوێژ، دیارترین بنەماكانی گوتاری سیاسی قورئانی بوون بۆ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

چارەسەری گرفتەكانی مرۆڤ و كۆمەڵگە و دەوڵەت، بەو پێیەی هەر گوتارێكی سیاسی بۆ چارەسەركردنی ئەو گرفتە سەرەكییانەیە كە بە كورتی بریتین لە:

١- سروشتی دەسەلاّت لە كۆمەڵگەدا...هەروەها كێ مافی دەسەلاّتدارێتی و سەروەری و فەرمانڕەوایی و گوێڕایەڵی هەیە؟

٢- حەقیقەت و شوناس و ئەسڵی مرۆڤ ، هەروەها ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ گرێ دەدات بە برا مرۆڤەكەی تریەوە، لە باری ئیجتیماعی سیاسیدا.

٣- ئەو مافانەی مرۆڤ كە لە كۆمەڵگەدا دەسەلمێن و ئازادییە مرۆییەكانی تێدا بەرجەستە دەبن.

٤- ئەو بەها مرۆییانەی پێویستە كۆمەڵگە بگرنەوە، سەرەڕای چۆنێتی بەدیهاتنی چەمكەكانی وەكو دادگەری و یەكسانی لە سەر زەمینەی واقع.

جا ئەگەر گوتاری قورئانی جەختی لەسەر ئەو بنەمایانە كردبێتەوە، ئەوا گوتاری (نبوي)ش چەندین بنەمای تری گرتوەتە خۆ، كە گرنگیەكی زۆری هەیە بۆ رونكردنەوەی سروشتی سیستەمی سیاسی ئیسلامی و خستنەڕووی بە شێوەیەكی كرداری پراكتیكی، لەو بنەمایانەش:

## بنەمای یەكەم: زەرورەتی دەوڵەت و واجبێتی جەماعەت

روونی ئەم بنەمایە لە چەندین فەرموودەدا دەردەكەوێت لەوانە، ئەو فەرموودەیەی لە مەككەدا بە ئەبوتالیبی مامی فەرموو لە بەرامبەر داواكاری قورەیشیەكان بۆ وازهێنان لە پەیامەكەی "تەنها برِگەیەكم لێیان دەوێت، كە بەهۆیەوە عەرەب ملكەچیان دەبێت و عەجەمیش سەرانەیان پێ دەدات، وتیان: دەی ئەوە چیە؟ فەرمووی بلّێن "لا إله إلا الله" أحمد ٢٠١٧ و ترمذي ٣٢٣٢ حسن صحيح، كە واتاكەی ئەوەیە هیچ پەرستراو و گوێرایەڵكراو و فەرمانڕەوایەك نیە حوكمتان لە نێواندا بكات جگە لە خوای تاكو تەنها!.

پێغەمبەر د.خ داوای لێ دەكردن بە رەهایی گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەكەی بن، كە ئەمەش مەبەست و ناوەڕۆكی (لا إله إلا الله)، ئەم داواكارییە زیاترە لەوەی تەنها داوای وازهێنانی بتپەرستییان لێ بكات، كرۆكی پەیامەكەشی هەر ئەمە بوو، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ النساء:٦٤.

عوتبەی كوڕی رەبیعە هەستی بەمە كردبوو، ئەوەبوو كاتێك قورەیش ناردیان بۆ لای پێغەمبەر د.خ تاكو سامان و دارایی و سەروەری پێ بدەن لە بەرامبەر وازهێنان لە بانگەوازەكەی، ئەویش سورەتی (فصلت)ی بەسەردا خوێند، لەو كاتەدا عوتبەی كوڕی رەبیعە بە شێوەیەكی تر

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گەڕایەوە لایان و پێیانی وت: (ئەی قورەیشیەکان، واز لەم پیاوە و پەیامەکەی بهێنن، بەخوا ئەو قسەیەی من لێم بیست هەوالێکی گەورەی تێدایە، ئەگەر عەرەب دەرەقەتی هاتن و لەناویان برد ئەوا ئێوە بە هۆی کەسانی ترەوە رزگار دەبن لێی و خۆ ئەگەر سەرکەوت بە سەریاندا، ئەوا دەسەلاتەکەی ئەو هی ئێوەش دەبێت، سەربەرزییەکەشی سەربەرزی ئێوەیە، ئێوە بەختەوەرترین کەس دەبن بەهۆی ئەوەوە). (المغازي والسير) محمد بن إسحاق، بتهذيب ابن هشام ٢-١٣١.

عوتبەی کوڕی رەبیعە دەیزانی ناوەڕۆکی پەیامەکەی چیە و دەیزانی سەردەکێشێت بۆ دەسەلات و گوێڕایەلی و مولك و دەولەت و فەرمانڕەوایی کردنی هەموو عەرەب!

ئەمەش واتای چەمکی(دین) کە خوای گەورە فەرمانی بەرپاکردنی دەکات و داواش دەکات پەرتەوازەیی نەیگرێتەوە و ناکۆکی تێ نەکەوێت، هەروەك خوای گەورە لە سورەتی شورا و لە ئایەتی (١٣)دا دەفەرموێت ﴿أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ﴾

## تێهەلکێشی (تلازم) نێوان ئایین و دەسەلات و سیاسەت

دەلالەت و واتای وشەی (دین) لە هەندێك بەکارهێنانی قورئانیدا لە چوارچێوە و بازنەی دەسەلات و دەولەتدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمە بەدەر لەوەی بوونی دەولەت و دەسەلات زەرورەتێکی شەرعی و عەقلیشە، هەر بۆیە لێرەدا ئاماژە بە چەند واتایەکی وشەی (دین) لە زمانی عەرەبیدا دەکەین، لەوانەش:

**یەکەم: دین بە واتای دەسەلات (السلطة):**

بەم واتایەش لە فەرمودەی خوای گەورەدا هاتوە، سەبارەت بە بەسەرهاتی یوسف ﴿مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ﴾ یوسف:٧٦، کە مەبەست لە(دین) لێرەدا دەسەلات و دەولەتە.

**دووەم: دین بە واتای گوێڕایەلی (الطاعة):**

هەروەك لەواتای (الدين)ی ئایەتی﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ البقرە: ٢٥٦ دا هاتووە، بەو شێوەش یەك لە واتای ئەم ئایەتە بریتییە لەوەی: نا بێت زۆر بکرێت بۆ گوێڕایەلی پێکردن.

**سێیەم: دین بە واتای لێپرسینەوە و پاداشت:**

لەو بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾الفاتحة:٤، پادشای رۆژی پاداشت دانەوە.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سەبارەت بەو واتایانەی سەرەوەش بەڵگەی زمانەوانی و قورئانی زۆر هەن، كە هەموویان لە دەوری چەند واتایەكی وەكو (الطاعة، الملك، القضاء، السیاسة، الجزاء) دەخولێنەوە!

ئەم واتایانەش گرێدراوی یەكن، پادشایەتی، دەسەلاَت دەخوازێت، دەسەلاَت و سیاسەت، بەڕێوەبردنی كاروبارەكان و فەرمانڕەوایی و قەزا دەخوازێت، ئەمانەش گوێڕایەڵی و جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی دەسەلاَتی دەوێت، گوێڕایەڵی نەكردنیش لێپرسینەوەی تێدایە و لێپرسینەوەش پاداشت و سزای تێدایە، هەموو ئەمانەش لە دەوری چەند واتایەكن كە تەئكید كردنەوەیە لە سروشتی ئەم ئایینە، كە تەسلیم بوون و گوێڕایەڵی ئەنجامدانە بۆ خوا و حوكم و بڕیار و قەزای ئەو، نەك سەرۆك و سەركردە ستەمكارەكان، هەروەها ناكرێت (دین) لەڕووی زمان و شەرعەوە جیا بكەینەوە لە دەسەلاَت و حوكم و سیاسەت و قەزا، هەروەك لە فەرمودەشدا هاتوە "لتنقضن عری الاسلام عروة عروة أولها الحكم وآخرها الصلاة" صحیح ابن حبان ٦٦٠١. عەرەبیش تێگەیشتنیان بۆ (دین) هەروا بووە، زانیویانە (دین) ملكەچی كردن بۆ پێغەمبەر و دەسەلاَتداری و قەزاوەت كردنی ئەو دەگرێتەوە، نەك تەنها باوەڕێكی ناخ و قەلبی!

ئایین (دین) بە واتا شەرعیەكەشی، هەموو ئەمانە دەگرێتەوە، كە لە ئیمان و ئیسلام و ئیحساندا باسی لێوە كراوە، هەموو ئەوەی پێغەمبەری خوا د.خ هێناویەتی و لە ئایەتی ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ المائدة:٣، ئاماژەی پێ دراوە و قوڕەیشیش باش لە سروشتی ئەم ئایینە تێ دەگەیشت، بۆیە ئامادە بوون هەموو شت ببەخشنە پێغەمبەر لە پێناو وازهێنان لە پەیامەكەی، لەكاتێكدا ئەویش هەموو پێشنیارەكانیانی رەت دەكردەوە، پادشایی و سەرداریێتی ئەوانی پەسەند نەبوو لە بەرامبەر وازهێنان لە یەكتاپەرستی و عەدالەتخوازی و راوێژ و یەكسانی و زەكات و پێدانی مافی هەژاران و بەدەمەوە بوونی ستەملێكراوان...
گەورە پیاوانی قوڕەیش هەمان ئەو ترسەیان هەبوو كە فیرعەون و سەرانی دەوروبەری هەیانبوو، ئەویش لە دەستدانی دەسەلاَت بوو، هەروەك قورئان بۆمانی باس دەكات﴿قَالُوا إِنْ هَـٰذَانِ لَسَاحِرَانِ يُرِيدَانِ أَنْ يُخْرِجَاكُمْ مِنْ أَرْضِكُمْ بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى)طه:٦٣، ئەم دوو ساحیرە دەیانەوێت بە هۆی سیحر كردنەكەیانەوە لە زەوی و زاری خۆتان دەربەدەرتان بكەن و ئەم ناز و نیعمەت و بارودۆخەتان لە دەست دەركەن.

زەرورەتی بەرپاكردنی دەوڵەت و كۆمەڵ، لە گوتاری نەبەویدا زۆر بە روونی دیارە... كاتێك پێغەمبەر دەچێت بۆ تائیف، یان خۆی دەخاتە ڕوو بۆ هۆزەكانی عەرەب، لەبەرئەوە نەبووە بیپارێزن، چونكە ئەو لە پەنای نەوەكانی هاشم و عەبدولموتەلیبدا پارێزراو بوو، بەڵكو بۆ ئەوەبووە، كەسانێك

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پشتیوانی بكەن، دەوڵەتی لەگەڵ دابمەزرێنن،بەلاَم ئەو گرفتەی لە لایەن هۆزەكانی عەرەبەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە ئەوەبوو دوای ئەو دەسەلاَت و سەرۆكایەتی بۆ كێ دەبێت؟، كاتێك نەوەی عامری كوڕی سەعسەعە (بنو عامر بن صعصة) بانگ دەكات تاوەكو پشتیوانی لێ بكەن، لە وەلاَمی پێغەمبەری خوادا وتیان: ئەگەر ئێمە بەیعەتمان پێتدا لەسەر ئەم كارەت و پاشان خوای گەورە سەری خستی بەسەر ناحەزەكانتدا، ئایا دوای تۆ دەسەلاَت بۆ ئێمە دەبێت؟ پێغەمبەریش پێی فەرموون (ئەوە بەدەست خوایە لە هەر كوێدا بۆ كێ ویستی بوو پێیانی دەدات، ئەوانیش وتیان: ئێمە لە پێناوی تۆدا سینگمان بنێین بە شیری عەرەبەوە، تا ئەو كاتەی خوا سەرت دەخات، دواتریش كاروبار و دەسەلاَتیش بۆ جگە لە ئێمە بێت! ئێمە پێویستمان بەم كارەی تۆ نییە. (ابن اسحاق في السیرة كما في التهذیب ٢-٢٧٢ ).

كاریگەری گوتاری قورئانی لەم هەڵوێستەی پێغەمبەری خوادا بە ڕوونی دیارە، خوای گەورە خاوەنی كاروبارەكانە، پێغەمبەر ناتوانێت ئەم شتە یەكلا بكاتەوە، دەیگەڕێنێتەوە بۆ خوای كاربەجێ، خوای گەورەش بڕیاری وایە كاروبار و فەرمانڕەوایی موسوڵمانان بە ڕاوێژ بێت "وأمرهم شورى بینهم...".

داواكارییەكەی بەنو عامر لە ڕووی لۆژیكی سیاسی و كۆمەلاَیەتییەوە مەعقول بوو، ئەوان قوربانی دەدەن و دەسكەوتیان دەوێت، بەلاَم بنەماكانی گوتاری قورئانی و ئیمانی بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، ئەم جۆرە كڕین و فرۆشتنە (الصفقة)ی پەسەند نییە و سازش لەسەری ناكرێت، تەنانەت ئەگەر پشتیوانی كردن و بەرپاكردنی دەوڵەتیش دوا بكەوێت، موسوڵمانانی مەككەش تووشی تاقیكردنەوە و ئازار و ئەشكەنجەی زیاتریش بن، خەڵكیش لەسەر ئەو بت پەرست و ستەم كردنە بەردەوام بن، چونكە ئەمە پەیوەندی هەیە بەوەی دەبێت بە تەواوی و بەبێ كۆت و بەند ملكەچی بۆ خوای گەورە دەربڕدرێت، لە كاروباری حوكم و فەرمانڕەواییدا، مرۆڤەكان ئازاد بكرێن لە هەموو شێوە و شێوازەكانی عبودیەت و بەرپاكردنی عەدالەتخوازی لە نێوان خەڵكیدا، ئەم جۆرە سازشەش، بێ نرخ كردنی قەزیەكە و لەدەستدانی بنەما و مەبەستە قورئانییەكانە... ئەو مەرجەی كە دایان نابوو، كە دەسەلاَت بۆ ئەوان بێت لە بەرامبەر پشتیوانی كردنی ئەوان لە پێغەمبەری خوا و پەیامەكەی، پێچەوانەی بۆ خوا بوون و گوێڕایەڵی تەواوە، پێچەوانەی ئازاد كردنی مرۆڤەكانە لەوەی تەنها بەندەی خوا بن، چونكە بەپێی گرێبەستەكە باوەڕداران دەبنە كۆیلەی بەنو عامر، ئەمەش پێچەوانەی دادگەری و عەدالەتخوازییە... مافێكی تایبەتی بەخشینە بە كەسانێك كە دواتر یاری بە چارەنووس و سامان و داراییانەوە دەكەن.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەها پێغەمبەری خوا د.خ داوایەکی نزیك لەو شێوەیەی موسەیلەمەی حەنەفی پەسەند نەکرد کە خستیە بەردەم پێغەمبەر د.خ، ئەوە بوو لەگەڵ خەڵکێکی زۆری قەومەکەی لە یەمامەوە هاتبوون بۆ مەدینە و بە پێغەمبەری خوا ڕادەگەیەنێت: کە ئەگەر دوای خۆی ئەم کاروبارەی پێ بدات (ئیبنوحەجەر دەڵێت موسەیلەمە مەبەستی خیلافەت بوو) ئەوا شوێنی دەکەوێت، پێغەمبەریش د.خ تێی دەگەیەنێت (لەو کاتەدا چڵە دارخورمایەکی بەدەستەوە بوو)، کە ئەگەر ئەو پارچەیەی لێ داوا بکات پێی نادات، تێشی دەگەیەنێت کە بانگەوازی خوایی دەگاتە سنووری ئەو و لەو کاتەشدا، ئەو هیچ چارێکی نامێنێت... (بخاري ٣٦٢٠ ، ٤٣٧٣ ، (فتح الباري ٤٣٧٣).

پەسەند نەکردنی ئەم مەرجە لەلایەن پێغەمبەرەوە د.خ و سازش نەکردنی لەگەڵ بەنوعامر سەبارەت بە کاروباری دەسەڵات و ئەمیرایەتی لە دوای خۆی، ساز و گونجاو بوو لەگەڵ بنەما قورئانییە ئیمانییەکاندا، ناکرێت بە هیچ پاساوێك وازبهێنرێت لە عەدالەتخوازی و مافپەروەرییەك کە خوا داوای کردوە، بە تایبەتی بۆ پێغەمبەران، لە کارێکی وا هەستیاردا دەبێ ڕەوایەتی و هەق هەمووی پەسەند بکرێت، یان دەبێت بە گشتی وازی لێ بهێنرێت، پێغەمبەری خوا د.خ ئەمەی بە ئاشکرا دەربڕیوە لە کاتێکدا داوای لە بەنو شەیبان کرد، بواری بۆ بڕەخسێنن و پشتیوانی بکەن، لەو کاتەشدا ئایەتی "قل تعالوا أتل ما حرم ربكم..." و ئایەتی "إن الله يأمر بالعدل والاحسان"ی بۆیان خوێندەوە، موسەنای کوڕی حاریسەی گەورە و سەرۆك هۆزیان بە پێغەمبەری وت: لەگەڵ کیسرادا بەڵێن و پەیمانێکمان هەیە، کە هیچ ئاژەوە و پشێوییەك نەنێینەوە و جێگەی ئەو کەسانەش نەکەینەوە کە شتێکی وا بەرپا دەکەن و پەنایان نەدەین، من وا دەبینم ئەوەی تۆ داوای دەکەیت و بانگەشەی بۆ دەکەیت لەو شتانەیە کە پاشاکان پێیان ناخۆشە، ئەگەر پێت خۆشە لە خوارووی ئاوی عەرەبەوە پشتگیری و پشتیوانیت بکەین، ئەوا دەیکەین، پێغەمبەری خواش د.خ فەرمووی "وەڵامەکەتان خراپ نەبوو، چونکە بە ڕاست و ڕەوانی وتتان، ئایینی خوا کەسێك دەتوانێت سەری بخات کە بە هەموو شێوەیەك لە خۆی بگرێت" لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە "ئایینی خوا کەسێك بەرپای دەکات، لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵی بێت "(ابن حبان ١-٨٠، البيهقي ٢-٤٢٢-... أخرجه الحاكم والبيهقي بإسناد حسن، وكذا قال الحافظ في الفتح ٧-٢٢٠ ٣٦٥٧).

بەنو شەیبان دەیانزانی ئەم بانگەوازە جێگەی ڕەزامەندی پاشاکان نابێت، پاشاکان گوێڕایەڵی و ملکەچییان دەوێت، قەیدی نییە خەڵکی چ ئایینێکیان هەبێت، پێغەمبەری خواش گوێڕایەڵی و پشتیوانی دەوێت، نەك تەنها ئیمان و هاوبەش دانەنان، تەنها ئیمان و هاوبەش دانەنان بەبێ گوێڕایەڵییەك کە ئیسلام داوای دەکات زیان بە دەسەڵاتداران ناگەیەنێت!

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەگەڵ ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا  زۆر پێویـستی بـە پـشتیوانی كـردن هـەبوو، بـەڵام بـەو مەرجانەوە كە سازشی تیابوو لەسەر بیرو بـاوەڕ و مەبدەئەكـەی پەسـەندی نـەبوو، چـونكە (لاإلـه إلا الله)كەی ئەو، گوێڕایەڵی و ملكەچی تەواوی بۆ خـوای گـەورە دەوێـت، نـەك تـەنها چـەند شـتێكی زارەكی، راوێژی نێوان موسوڵمانان دەخوازێت، ئەمـەش نهـێنی ئـەو مەرجەیـە پێغەمبـەری خـوا بـۆ ئەنسارییەكانی دانا لە پەیمانی عەقەبەدا، بەوەی كە نابێت ململانێی كەسانی شایـستە بـە دەسـەڵات بكەن (أن لا ینازعوا الأمر أهلـه)، لە ساڵی یانزەی پەیامبەرێتی وەفدێكیان لە وەرزی حەجدا هاتن بۆ لای لە مەككە، بەیعەتی یەكەمیان پێیدا لەسەر ئیمان بە خوا و هاوبەش دانەنان بـۆی و گوێڕایـەڵی كردنی خوا و پێغەمبەرەكەی، ئەوانیش پێیان وت" قەومەكەمان بەجێ هێـشتوە، بـە شـێوەیەك هـیچ قەومێك بە هێندەی ئەوان دوژمنایەتی و شەڕ نیە لە نێوانیاندا، بەڵكو بە هـۆی تـۆوە خـوای گـەورە یەكیانبخات و كۆیان بكاتەوە، دەچینەوە بۆ لایان و بانگیان دەكەین بۆ ئەم كار و بانگەوازەی تـۆ، ئـەم ئایینەی باوەڕمان پێی هێناوە دەیخەینە بەردەستیان، ئەگەر خوا كردی و كـۆك بـوون لەسـەری، ئـەوا هیچ پیاوێك لە تۆ سەربەرزتر نابێت (ابن اسحاق في السیرة كما في تهذیب ابن هشام ٢-٢٧٦).

ئەوان لەوە تێگەیشتبوون، ئەو ئایینـەی ئـەو هێناویـەتی دەسـەڵات و دەوڵـەتیش لـە خـۆ دەگرێت و یەكیان دەخات و پەرتەوازییان ناهێڵێت، هەستیشیان بەوە كردبوو كە ڕەزامەندی ئەوانی تـر و بەشەكەی تری قەومەكەیان و ڕازیبوونیان بەو گرێبەسـتە مـەرجێكی پێویـستی سـەركەوتنی ئـەو گرێبەستەیە، پاشان بۆ ساڵی داهاتوو تـر هـاتن، بـە حـەفتاو سـێ پیـاوو دوو ئافرەتـەوە و بەیعـەتی دووەمی عەقەبەیان پێیدا، كە بەیعەت و پەیمان بوو لە سەر جەنگ، پەیماندان بەوەی كە "گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری بكەن لە حەزپێكردن و نابەدڵیدا، لە خۆشی و ناخۆشـیدا، لـەوەی كەسـانێك پـێش بخرێت بەسەریاندا (وأثرة علیهم)، هەروەك ناكۆكی نەنێنەوە لەگەڵ ئەو كەسەی شایستەی دەسـەڵات و كاروبار گرتنەدەستە (وأن لا ینازعوا الأمر أهله)، هـەروەها هـەق و ڕەوا بەرپابكـەن لەهـەر كـات و شوێنێكدا بن و لە سەرزەنشتی سەرزەنشتكاران نەترسن" (تهذیب ابن هیـشام ٢-٣٠٣ ، بخـاري ٧٠٥٦ و٧٢٠٠ ، مسلم ١٧٠٩-٤٧٦٨).

پەیمان و بەیعەتی نێوان هەردوولا، بریتیە لە گرێبەستێكی سیاسی، كە دەوڵـەتی ئیـسلامی لەسەر ئەو بناغەیە لە مەدینـە دامـەزرا، بـە پێـی ئـەو گوتـارەی لـە مەكـەدا چەسـپی بـوو، كـە پێغەمبەری خوا خۆسەپێن نییە، هەروەك خوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ (٢١) لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِرٍ﴾ الغاشیە:٢١-٢٢، واتا: تۆ ناچاركەر و خۆسەپێن (جبار) نیت، هـەروەك ئـیبن عەباس وموجاهید دەفەرموون، زۆری لـە كـەس نـەكرد تـاوەكو پـشتیوانی بكـات، هـەروەك پاشـا و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ســەرۆکەکان دەیــانکرد، بــەڵکو دامەزرانــدنی دەوڵــەتی مەدینــە، لەســەر بناغــەی گرێبەنــدی بەیعەتدانێکی ئارەزوومەندانە بوو لە لایەن ئەنسارەکانەوە، ئــەوان لــەو گرێبەســتەدا ئومــەت بــوون، مەدینەش دەوڵەتە نوێیەکە، پێغەمبەریش ئەو ئیمام و پێشەوایە بــوو کــە بــە پێــی ئــەو گرێبەستە پیادەی دەسەلاّتەکانی دەکرد، وەکو پێشەوایەکی دەوڵەتە نوێیەکە، چونکە بەیعەتدان لەســەر ئیمــان و گوێڕایەڵی کردنی وەکو پێغەمبەرێك لە بەیعەی عەقەبەی یەکەمدا بە دیهــاتبوو، ئەمــەش سروشــتی بەیعەتی دووەم دەردەخات، بەوەی گرێبەســتێکی سیاســی بــوو، چــونکە لــەم گرێبەســتەدا عەباســی مامیشی ئامادەبوو، کە هێشتاش لە سەر ئــاینی قەومەکــەی و موشــریك بــوو، ئامــادەی بەیعــەتی یەکەم نەبوو کە لە سەر ئیمان پێهێنان بــوو، بــەلاّم بەشــدار بــوونی لــە بەیعــەتی دووەمــی سیاســی لەبەرئەوە بوو تاکو لە کاروباری برازاکەی دڵنیا بێت، لە شەوی عەقەبەی دووەمــدا عــەباس وتــارێکی بۆ ئەنسارییەکان داو وتی "ئەی خەزرەجییەکان، هەروەك دەزانن موحەممەد لە ئێمەیە، لە قەومەکــەی خۆمان پاراستوومانە، لەوانەی هەمان بۆچوونی ئێمەیان هەیە سەبارەت بەو، ئەو لە ناو قەومەکەیدا سەربەرزە، لە ولاّتەکەیدا پارێزراو بووە، بەلاّم ئەو تەنها بە ئێوە رازییە، دەیەوێت بێــت بــۆ لاتــان، جــا ئەگەر وەفادار دەبن بەو بەڵێنەی پێیتان داوە، هەروەها دەیپارێزن لە ناحــەزانی، ئــەوا دەیــسپێرین بــە ئێوە و بەڵێنەکانتان، بەلاّم ئەگەر دەزانن پاش ئەوەی دێــت بــۆ لاتــان دەیدەنــە دەســتەوە و سەرشــۆڕی دەکەن، ئەوا هەر لە ئێستاوە وازی لێ بێــنن، چــونکە ئێــستا ســەربەرز و پــارێزراوە لــە نێــو قــەوم و ولاّتەکەیدا، ئەوانیش وتیان: ئەوەی وتت بیستمان، تۆ قسە بکە ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەوەی بۆ خۆت و خوات پێت خۆشە بیڵێ، ئەویش قسەی کرد و قورئانی خوێند، بانگەوازی بۆ لای خوا کرد، هانیــانی دا بۆ ئیسلام،، پاشان فەرمووی: بەیعــەتم پــێ بــدەن لــە ســەر ئــەوەی وەکــو ئــافرەت و منالّــەکانتان بمپارێزن!، بەرائی کوڕی مەعرور دەستی پێغەمبەری گرت و فەرمووی: بەڵێ، سوێند بەو کەسەی تۆی بە هەق رەوانە کردوە، ئەتپارێزین لەوەی خۆمانی لێ دەپارێزین، بەخوا ئێمە کوڕی جــەنگ و چــەکین و لــە باوانمانــەوە بۆمــان ماوەتــەوە! (ابــو الهیــثم بــن التیهــان) ئــیعترازی گــرت و فــەرمووی: ئێمــە پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئەم پیاوانەدا هەیە، دەبێت بیبڕین، ئەی ئەگەر ئێمە ئەمــەمان کــرد و پاشــان خوای گەورە سەریخستیت، دەگەڕێیتەوە بــۆ نــاو قــەوم و کەســوکارەکەت و واز لــە ئێمــە دەهێنیــت؟، پێغەمبەریش بزەیەك گرتی و فەرمووی: خوێنم لەگەڵ خوێنتانایە و ژیان و مردنم لە گەڵ ئێوەیە، مــن لە ئێوەم و ئێوە لە منن، ئەجەنگێم لەگەڵ ئەوانەی ئێوە لەگــەڵی دەجــەنگێن، ئاشــتی دەکــەم لەگــەڵ ئەوانەی ئێوە ئاشتییان لە گەڵ دەکەن!، پاشان بەیعەت و پەیمانیان پێیــدا، پاشــان داوای لێیــان کــرد دوانزە نەقیبی بۆ دیاری بکەن، تاکو ببنە نوێنەری قەومــەکانیان". (ابــن اسحاق في الــسیرة عنــد ابــن هشام ٢-٢٩٠).

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەم بەیعەت پێدانە و تەواوی ئەو قسە و باس و ڕووداوانەی بەدیهاتن لەو شوێنەدا، لە هەمان كاتدا ئامادە بوونی عەباس لەو شوێنەدا كە تا ئەو ساتەوەختەش موشریك بووە، دیارترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو كارە گرێبەستێكی سیاسی بووە لە سەر بەرپاكردنی دەوڵەت لە مەدینەی منەوەرەدا، ئەو مەرجەش كە پێغەمبەر داینا (أن لا ینازعوا الأمر أهله)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (الأمر) لێرەدا ئیمارەت و ئیمامەتە، كە بووبووە كۆسپ لە بەردەم ئەوەی بەنو عامر كوڕی سەعسەعە بۆ ئەوەی پشتیوانی پێغەمبەری خوا د.خ بكەن، ئەوە بوو مەرجیان دانا و داوای ئەوەیان كرد سەرۆكایەتی دوای پێغەمبەر د.خ بۆ ئەوان بێت لە بەرامبەر پشتیوانی كردن و داڵدە دانی...

كاری پێغەمبەری خوا لە مەككەدا، كارێكی پەیامداری و بانگخوازییانە و سیاسییانە بوو بە زاراوە هاوچەرخەكەی، هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی پیادە دەكرد كە هەر سیاسییەك پیادەی دەكات كە هەڵگری پرۆژەیەكی ئیسلاحیانە بێت و بیەوێت چاكسازی لە كاروباری كۆمەڵگەكەیدا بە گشتی ئەنجام بدات، سێ ساڵ بە نهێنی كاری كرد و بانگەشەی دەكرد بۆ بەها و چەمكەكانی ئایینە نوێیەكە، پاش ئەوەی بەردی بناغەی بانگەوازەكەی دانا، ئاشكرای كرد، دواتریش دەگەڕا بۆ پشتیوانی دەرەكی كە بە شێوەیەكی ئارەزوومەندانە و بێ زۆر و ناچاركردن بێت، پاشان لە تاریكی شەودا دەستی كرد بە كۆبوونەوە لە بەیعەی عەقەبەی یەكەم و دووەمدا، دواتر هەڵبژاردنی دوانزە نەقیب تاكو ببنە سەركردایەتییەكی بە كۆمەڵ، لە ژێر چاودێری ئاراستەكردنی ئەودا، تا ئەوەبوو لە كۆچدا سەركەوتنی بەدیهێنا و بە پێی ئەو هەموو بنەما قورئانییانەی بەردەوام لە مەككەدا موژدەی پێ دەدا دەوڵەتی دروست كرد!.

دیارە گرێدانی بەیعەت بەو شێوە و شێوازە، خۆی لە خۆیدا زەرورەتی بوونی دەوڵەتە لە دیدی ئیسلامیدا، لەو كاتەشەوە پێغەمبەر و یارانی چوونە مەدینە، مەككە پێش فەتح كردنی بووە (دار الحرب) و مەدینە (دار الاسلام) و حەبەشەش بوو بە (دار معاهدة وسلم)، هەر یەكەشیان تایبەتمەندی خۆی هەبوو، مەدینەش ئەو شوێنە بوو شەریعەتی ئیسلام و پەیامی خوایی تێدا پیادە دەكرا، كە لەسەر دەستەبەركردنی مافەكان و عەدالەتخوازی بونیات نرابوو ...

ئەم دەوڵەتەش پایە سەرەكییەكانی دەوڵەتی تێدا بەرجەستە كرابوو، لەوانە زەوی و خەڵك و سیستەمێك كە فەرمانڕەوایی خەڵكی پێ بكرێت و كاروباری گشتی پێ بەڕێوە ببرێت، ئەمەش لە گوتاری قورئانی و نەبەویدا بەرجەستە دەبێت، لەو بەڵگانەش:

یەكەم: خوای گەورە فەرمویەتی﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

أَمْنًا﴾ النـور:٥٥، ئەم ئايەتە پايە سەرەكييەكانى دەوڵەتى تێدا دەبينرێت، كـە بـريتين لـە: خـەڵك و ئومـەتێك بەڵێنى جێنشينايەتى پىٚ دەدرێت، زەوييەك بە دەست دێت و بە رووى رۆژهەلاٚت و رۆژئـاوادا فراوان دەبێت، دەسەلاٚت و سەروەرييەك كە ئەو ئومـەتە هەيـەتى لـەو سـەرزەمينەدا، كـە بريتيـە لـە جێنشينايەتى (الاستخلاف) و سەقامگيرى (التمكين)، هەروەها سيستەمێك كاروبـارى ئـەو دەوڵەتـە رێكدەخات، كەئايينێكە خواى گەورە پێى ڕازييە كە ئەويش بريتيە لە ئيسلام.

دووەم: فەرمودەى خواى گـەورە ﴿الَّـذِينَ إِنْ مَكَّنَّـاهُمْ فِـي الْـأَرْضِ أَقَـامُوا الـصَّلَاةَ وَآتَـوُا الزَّكَـاةَ وَأَمَـرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ الحج:٤١.

ئەم ئايەتەش وێنەى ئايەتەكەى پێشوو، باس لە زەوى و ئومـەتێكى باوەڕهێنەر بـەخوا و پێغەمبـەر و دەسەلاٚت، كە تەمكينە و وسيستەم كە ئيسلامە دەكات.

سێيەم: لە فەرمودەى سەحيحدا هاتوە، كە قەڵەمڕەوى دەسەلاٚتى ئومـەتى ئيسلام دەگاتە رۆژهـەلاٚت و رۆژئـاوا "إن الله زوى لـي الأرض فرأيـت مـشارقها ومغاربهـا وإن ملـك أمـتي سـيبلغ مـا زوى لـي منـها"مسلم ٢٨٨٩، أبوداود ٤٢٥٢، لێرەشدا باس لە زەوى و ئومـەت و دەسەلاٚتەكەى دەكات...

چوارەم: سەحيفەى مەدينە و ئەو دەستورەى پێغەمبەرى خوا لە سەرەتاى چوونە مەدينەوە نووسى، كە بە دوور و درێژى لە كتێبى (بونيادە سياسيەكانى ئيـسلام)دا تـاووتوىٚ كـراوە، تيايـدا پێكهاتـەكانى ئومـەت و هاولاٚتيان دەستنيشان كراوە، كە بريتين لە باوەڕداران و موسوڵمانانى موهـاجيرين و ئەنـسار و ئەوانەى لەگەڵيانن و هاوشانيانن لە تێكۆشان و جيهـاد كردنـدا، هـەروەها جولەكـەش ئومـەتێكن لەگەڵ باوەڕداراندا و خاوەنى ئايينى خۆيـانن و هـەر لايەكيـشيان بەخـشين و نەفەقـەى خـۆى هەيـە، پشتيوانى لە يەك دەكەن و مەدينەش پێكەوە دەپارێزن، لە كاتى ناكۆكيشدا دەگەڕێنەوە بـۆ لاى خـوا و پێغەمبەرەكەى ... ئەمانە باس كردنێكى تايبەت بە دەوڵەتە، دەوڵەتێك بەو شێوەيەى بـۆ ئـەو كاتـە دەستەبەر بووە و پێغەمبەرى خواش پێى هەستاوە و ئەو سەرۆك و سەركردەى بووە، دواجـاريش فـراوان دەبێت و رۆژهەلاٚت و رۆژئاوا دەگرێتەوە... دەوڵەمەند دەكرێت بە چەندين چەمك و سوود وەردەگيرێـت لە ئەزموونى گەلانى تر لـەو بارەيـەوە، چـەندەها بـاس و خواسـى لـە بـارەوە دەكرێـت، هـەروەك لـە كتێبـەكانى ئـەحكامى سـوڵتانى و سياسـەتى شـەرعيدا بـەدى دەكرێـت، چـەندين مێژوونووسـى موسوڵمانى وەكو (ابن أثير و ابن خلدون و المقريـزي) و جگە لەوانيش زاراوەى (دەوڵەتى ئيسلامى)يـان بـەكارهێناوە، هـەروەك مـەقريزى (٨٤٥ك.ك) دەڵێـت "دەوڵـەتى ئيـسلامى هـەر لـە سـەرەتاى دەركەوتنيەوە سەرەڕاى جياوازى دەوڵەتەكانى بە بانگەوازى خۆى هەسـتاوە و پابەنـدى شـەريعەتەكەى بووە، وەكو ئەمەوييـەكان لـە شـام و ئەنـدەلوس، عەباسـييەكان لـە رۆژهـەلاٚت، عەلەوييـەكان لـە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تەبەرستان و مەغریب و میسر و شام و یەمەن، دەوڵەتی تورك و دەیلم و مەغۆل لە رۆژهەلاَت، دەوڵەتی کوردەکان لە میسر و شام، پاشان پاشاکانی تورك لە میسر ...."(إغاثة الأمة للمقريزي ص٤٧ ت: السباعي ط١".

(ابن خلدون)یش بە درێژی لە بار و قۆناغی دەوڵەتەکان دواوە و قسەی لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی و هۆکاری دەرکەوتن و سروشتی سیستەمەکەی کردوە، کە هەموو ئەمانە جەخت کردنەوەی حەقیقەتی بوونی دەوڵەتی ئیسلامین، مەودای ئەو بە هەڵەدا بردنەش وەدەر دەخات کە دەلاڵەکانی فیکر لەمڕۆدا پێی هەڵدەسن و وای دەخەنەڕوو ئیسلام هیچ کات دەوڵەتی نەبووە و دەوڵەتیش بە پایەکانییەوە تەنها لە سەردەمی نوێدا هەبووە، تاکو شەرعیەت ببەخشنە دەوڵەتۆچکە تائیفییەکانی عەرەب، کە بەرەنجامی هێرشی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوایە.

## نامەکانی پێغەمبەر و حوکمە سیاسییەکان

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی ئەم راستیە زیاتر روون دەکاتەوە، ئەو نامانەی پێغەمبەری خوایە کە بۆ سەرۆکەکانی ناردوە لە نیوە دوورگەی عەرەب و شام و عێراق و داوایان لێ دەکات بێنە نێو ئەم ئومەتە نوێیەوە و گوێڕایەڵی بۆ ئەو دەسەلاَتە تازەیە دەربڕن، لە گەڵ بوونی چەندین حوکمی سیاسی کە پاشکۆی ئەم بارەن، لە گوێڕایەڵی و فەرمان بەرداری، زەکات دان یان سەرانە، داننان بە تەبەعیەت بۆ دەوڵەتی ئیسلامی و دوور بوون لە پاشکۆیەتی دوژمنەکانی، سەرەڕای داکۆکی کردنی دەوڵەتی ئیسلامی لێیان و ئیقرار کردن و پێدانی مافەکانیان، ئێمە لێرەدا ناوەڕۆکی نامەکان ناهێنین، هەرچەندە زۆریش گرنگن و سەلمێنەری پرسی دەوڵەتدارییە لە دیدی ئیسلام و پیادەکردنی ئەو پرسە لە ژیانی پێغەمبەری خوادا، لەبەر دوور و درێژییان، تەنها ئاماژە بە هەندێك لەو ناوچە و شوێن و سەرۆك و سەرکردانە دەکەین کە ئەو نامانەیان ئاراستەکراوە، لەوانە: نامەکانی بۆ هەمەدان ومەخالیف لە یەمەن، کە چەندین ناوی تێدا هاتوە، وە بۆ پادشاکانی (عمان جيفر) و (ابني الجلندي الأزدي) برایان و نامەکەی بۆ (منذر بن ساوي العبدي) لە بەحرەین و نامەی بۆ ئوسقوفی (بنو حارث بن كعب) و ئوسقوفەکانی نەجران و کاهین و راهیبەکانیان، هەروەها بۆ خەڵکی حەزرەمەوت (ربيعة بن ذي مرحب الحضرمي) و براو مامەکانی، هەروەها بۆ هۆزەکانی بلحارس و یەزیدی کوڕی میحجەل و هۆزەکانی تەی و بەنو ئەسد و بەنو غەفار ، هەروەها بەنو قەیس لە بەحرەین و نەهشەلی کوڕی مالکی وائیلی و (خثعم) خەڵکی بێشە و بیابان نشینەکانی، هەروەها نامەی نووسی بۆ نەسرانییەکانی (أيلة وتيماء أذرح) لە شام و حارسی کوڕی ئەبو شەمر لە پاشاکانی غەسان لە شام و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پاشاکانی عەرەب لە عێراق، ئەمە سەرەڕای ئەو نامانەی نووسیونی بۆ پاشاکانی فارس و رۆم و میسر و حەبەشە و داوای موسوڵمان بوونیان لێ دەکات و دواتریش گوێڕایەڵی، بیرمان نەچێت هەندێك لەوانەی نامەیان بۆ نێرراوە، تیایاندا هەبووە موسوڵمان بووە یان بەشێك لە موسوڵمان لەو ناوچەیەدا هەبووە و داوای ئەرکەکانیان لێ کراوە بەرامبەر بەو کیانە ئیسلامییەی پێغەمبەری خوا د.خ کە لە سەرووی هەرەمەکەیەوە بووە، تەواوی ئەمانە جەخت لە راستی و سروشتی بانگەوازەکەی ئەو دەکەنەوە، کە بریتیە لە دین و دەوڵەت و گوێڕایەڵی و دەسەلات، دەسەلاتێك بۆ دابین کردنی مافەکان و پیادەکردنی عەدالەت، هەروەك لە ناوەڕۆکی بەشێك لەو نامانەدا ئاماژەیان پێکراوە...

## بنەمای دووەم: زەرورەتی بەرپاکردنی دەسەلات و واجبی گوێڕایەڵی:

ئەگەر بویسترێت بە شێوەیەکی تەواو حوکمەکانی ئیسلام پیادە بکرێت، ئەوا بوونی دەوڵەتێك بۆ ئەو پیادەکردنە تا رادەیەك وەك بەڵگە نەویستە، بەرپابوونی دەوڵەتیش بەبێ دەسەلات و قسە رۆیشتوویی و گوێڕایەڵی کردن واتایەکی نابێت، ئەو گرێبەستی بەیعەتەی لە نێوان پێغەمبەر و ئەنسارەکاندا بەدیهات، بەڵگەنامەیەکی سیاسی تەشریعییە و گرنگترین بنەماکانی گوتاری سیاسی لە خۆ دەگرێت:

**یەکەم: بیستن و پیادەکردن:**

عەرەب بەتایبەت عەدنانییەکانی حیجاز و نەجد کەمتر گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ جۆرە یاسایەك یان سەرۆك وسەرکردەیەك لە ناویاندا هەبووە، لە مێژوویاندا دەوڵەتیان بە خۆوە نەبینیوە و کەمتر ملکەچی پادشاکان بوون و زیاتر بەو ژیانە تایبەتەی خۆیان راهاتبوون و حەزیان بەو جۆرە لە ئینزیبات نەبووە، لە سنوورێکی بەرتەسکیشدا پرس و ڕایان هەبووە بۆ کارەگرنگەکانیان، وەك (دار الندوة)ی سەرانی قورەیش و (السقیفة) یەسریبییەکان، پێغەمبەریش ئەم ڕاستییەی عەرەبەکانی زانیوە، هەربۆیە جەختی لەسەر گوێڕایەڵی کردن کردووەتەوە، جگە لەوەی ئیسلام چەمکی ڕاوێژی بۆ ژیانیان زیادکرد لە ئاستێکی فراواندا، بە هەمان شێوە چەمکی (بیستن و پیادە کردن) یان (گوێڕایەڵی کردن) لە هەموو کات وشوێن و باروودۆخێکدا و بوو بە بەشێك لە داواکارییەکانی ئیسلام و گوتاری سیاسی ئیسلامی، کە بە واتای ئێستا ملکەچییە بۆ یاسا و بڕیارەکانی حکومەت لەو شتانەی لە بەرژەوەندی گشتیدایە، لە دەقی بەیعەتدانەکەی عەقەبەشدا هاتوە "بەیعەتمان دا بە پێغەمبەری خوا کە ببیستین و گوێڕایەڵ بین لە خۆشی و ناخۆشی و فەزڵدانی هەندێك بە سەرماندا".

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئـەوە راسـتە چـەندین ئایـەت و فـەرموودە هەیـە کـە جـەخت لـە (سمع و طاعـة)ی کاربەدەسـت و فەرمانڕەوایان دەکەنەوە، بەلاّم سەرجەم ئەو بەلّگانە بۆ بارودۆخێکە چوارچێوەی یاسـا شـەرعییەکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندیە گشتییەکان و شەرعیەت و مافە ڕەواکان نەبـەزێنێت، نـەك بـەو شـێوەیەی وەك ئەوەی لە ڕابردوودا سەری کێشا بۆ جۆرێـك لـە زۆرداری و دەسـتگرتن بـە دەسـەلاّت و خـواردنی سامان و دارایی خەلّکی و سەرکوت کردنی ئازادی و داوا و مافە ڕەواکانی خەلّك، بە ناوی گوێڕایـەلّی فەرمان ڕەوایانەوە، کە لە ئێستاشدا زۆرن ئەوانەی ئەو شەرعیەتە دەبەخشن و داکۆکییـەکی بـێ مانـا لە نارەوایەتی و ستەمکاری دەکەن بـە پاسـاوی گوێڕایـەلّی فـەرانڕەوا و ئولیلئـەمرەوە، لـە کاتێکـدا مەبەستی سەرەکی پیادەکردنی کتێبی خوایە نەك کەس و سەرکردە و فـەرمانڕەواکان، هـەر بۆیـە لـە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە "علیکم بالسمع والطاعـة وإن عبـد حبـشي مـا أقـام فـیکم کتـاب الله"، پێویستە گوێڕایەلّی دەربڕین ئەگەر کەسـەکە کۆیلەیـەکی حەبەشـیش بێـت، بـە مـەرجێك کتـێبی خوامان لە ناودا پیادە بکات.

دیارە ملکەچی لە نێو عەرەبدا بە تایبەت بۆ ئەوانەی نەسـەبێکی دیاریـان نـەبووە شـتێکی قورس و ئەستەم بووە، بۆیە لای هەندێك ئاسان نەبوو سەربازێتی زەیدی کوڕی حاریسە یـان ئوسـامەی کوڕی بکات کاتێك کە دەکرایە فەرماندەیان، بەلاّم پێغەمبەری خـوا ڕووبـەڕوویان دەبێتـەوە و فێریـان دەکات کە ئەوانە کەسانی شایـستەن و ئیـسلامیش برایـەتی هێنـاوە و موسـولّمانانیش هـەموو وەك یەکن، مافی هەموو کەسێکیش دابـین کـراوە، بـا کۆیلـە و بەنـدەش بێـت، ئـەوەتا پێغەمبـەری خـوا دەفەرموێت "مـن قتل عبده قتلنـاه، ومـن جـدع عبـده جـدعناه"(أبـوداود ٤٥٣٠ و ٤٥٣١ و الترمـذي ١٤١٤ و النسائي٤٧٤٠ بإسناد صحیح"، کەفارەتی زللە دانێك لە کۆیلە ئازاد کردنیـەتی "مـن لطـم مملوکه أو ضربه فکفارته أن یعتقه" مسلم ١٦٥٧ ، ئەمە جگە لـە چـەندین ڕێوشـوێنی تـر کـە ئێـرە شوێنی باس کردنی نییە ...

دوا پادشای غەسانی کە لە شام موسولّمان بووبوو، لە سەردەمی عومەردا هـات بـۆ حـەج، لە کاتی سوڕانەوەی مالّی خوادا دەشتەکییەك پێی نا بە کراس و کەوا کەیدا، ئـەویش زللەیـەکی پیـا کێشا، عومەریش فەرمووی: تۆلّـە!، جبللـەش وتـی: دەشـتەکییەك دەبێـت لـێم بـدات! عومـەریش فەرمووی: بەلّێ! جبلله وتی: دەی لە ئایینەکەتان هەلّدەگەڕێمەوە کە تۆلّەی خەلّکە بازاڕییـەکان لـە پاشاکان دەکاتەوە!، کە شەو داهات جبلله رایکرد بـۆ لای رۆم و لـە ئیـسلام هەلّگەرایـەوە." رواه ابـن سـعد في الطبقـات ١-٢٦٥ و ابـن عـساکر في تـاریخ دمـشق ٥٧-٣٦٨ و ٦٨-٢٠". ئەمـەش بـەهۆی ئەوەی لایان قورس بووە ملکەچی یاسا و ڕێساکان بن.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بــەلاّم ئــەو فەرموودەیــەی کــە تیایــدا هــاتووە گوێڕایــەڵی فــەرمانڕەوا بکــەن ئەگــەر سامانەکەشتیی برد و لێتیدا، ناکرێت لەم سیاقەدا لێیی تێ بگەین، ئەمە ئەگەر گریمانەی ســەحیحی فەرمودەکــەش بکرێــت، چــونکە (الـدارقطني) لــە کتــێبی (التتبـع)دا دەڵێــت: ئــەم زیادەیــە لاواز (ضـعیف)ە، جا ئەگەر بە سەحیحیش دانرا ئەوا دەبێت وەها لێی تێ بگــەین دەبێــت فەرمانبــەرداری و پیادەکردنی فەرمانەکانی دەسەلاّت و گوێڕایەڵی کردنی لە کاتێکدا بکرێت ئەگەر بە هــەق ســامان و داراییەکەی تۆی دا بە ناحەز و بەرامبەرەکەت، یاخود ئەگــەر حــەددێکی واجــب و ڕەوای بــە ســەرتدا پیادەکرد، مادام پیــادەی ڕەوایــەتی و عەدالــەت دەکــات، ئــەوەی ئــەم تێگەیــشتنە دەســەلمێنێت ئــەو بەسەرهاتەیە کە لە سەحیحی موسلیم دا هاتووە کە: عەنبەسەی کوڕی ئەبوســوفیان ئــەمیری تــائیف بوو لە لایەن مەعاویەی برایەوە، کاتێك ویستی پارچە زەوییەکی عەبدوڵلاّی کوڕی عەمری کوڕی عــاس لە (الوهط) ببات، عەبدولاّ کوڕ و کۆیلەکانی کۆکردەوە و شمشێرەکەی ڕاکێشا و فەرموی: گوێبیــستی پێغەمبەری خوا بووم دەیفەرموو "من قاتل دون ماله فقتل فهو شـهید"، هەر کەس لە پێناو بــەرگری لە سامان و داراییەکەیــدا بکوژرێــت شــەهیدە، عەبــدولاّ کــە فەرموودەکــەی گێڕاوەتــەوە و خۆیــشی یەکێکە لە زانایانی سەحابە و لەو کەسانەشە لــە کــاتی ئــاژاوە و فیتنــەدا پــەرگیری هەڵبــژارد، لــە هەموو کەس باشتر دەزانێت واتای فەرمودەکە چیە، ئەگەر شتێك بەو واتایــە هەبووایــە ئامــادە نــەبوو ئەو هەموو قوربانییە بدات لە پێناو ماڵ و سامانەکەیدا، لە کاتێکــدا ئــەوەی ویــستوویەتی داگــیری بکات ئەمیر و کاربەدەست بووە!، بــەلاّم لــە کاتێکــدا پێــچەوانەی ئــەو ڕەفتــارەی هــەبووە و خۆیــشی کەسێکی لاشەڕ و ئاشــتیخواز بــووە، ئەمــە مەشــروعیەتی ڕووبــەڕوو بوونــەوەی ســتەم و لادانــەکانی دەسەلاّت دەگەیەنێت نەك خۆ بە دەستەوە دان و ملکەچی...

**دووەم: ململانێ نەکردن و ناکۆکی نەنانــەوە لەگــەڵ ئــەو کەســانەی شایــستە و لێوەشــاوەن لــە کاربەدەستیدا.**

مەبەست لــە(الأمـر) لێــرەدا: ئــەمارەت وئیمامــەت و خیلافەتــە، پێغەمبــەری خــواش لــە گرێبەندی بەیعەت لەگەڵ ئەنسارییەکاندا بە ڕوونی ئەوەی وت "وأن لا ننـازع الأمـر أهلـه"، چــونکە عەرەبەکانی تر بەهۆی دەسەلاّت پێ نەدانــەوە پــشتیوانی پێغەمبــەریان نــەکرد، پێغەمبــەری خــواش ڕوونی دەکاتەوە کە مەسەلەی وەرگرتنی ئیمارەت بە مونازەعە و زاڵ بــوون و بۆمانــەوە و پشتاوپــشتی نابێت، هەروەك لای پاشا و نەتەوەکانی ئەوکاتدا باو بووە، بەڵکو دەسەلاّت بە ڕاوێژی نێوان بــاوەڕداران دەبێت، بە بەهێز و لاواز و بە بازاڕی و خانــەدان و دەوڵەمەنــد و هــەژار و گــەورە و بــچووك و پیــاو و ئافرەتیانەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت "وأمرهم شوری بینهم".

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مەبەست لە (أهله) لە فەرمودەی "أن لا ننازع الأمر أهله"دا هەموو باوەڕدارانە بە گشتی، هیچ کەس بۆی نیە ئەم مافەیان لێ داگیر بکات، هەرکەسیش کە هەڵبژێردرا نابێت ناکۆکی لەگەڵدا بەرپابکرێت و دژایەتی بکرێت، بەو پێیەی دوای ڕاوێژ و ڕەزامەندی هەڵبژێردراوە، مەبەست لە (أهله)، ئەو ئەمیر و ئیمامانە ناگرێتەوە کە هەڵبژێردراو نەبن، بەڵکو ئەو جۆرە کەسانە بە زۆری ستەمکار و زۆردارن و شایستە و شیاوی ئەو پۆستانە نین و داگیرکەر و خۆسەپێنن... چەند وتەیەکی ئیمامی عومەر هەیە کە هەر هەموویان باس لەوە دەکەن هەرکەس بیەوێت بەبێ ڕاوێژی موسوڵمان بەیعەت بە کەسێك بدات، ئەوا نابێت شوێنکەوتەیی بکرێت و خۆیشی دوچاری کوشتن دەکاتەوە.

(ابن عبد البر) سەبارەت بە وتەی "أن لا ننازع الأمر أهله" دەڵێت: هەندێك وتویانە: مەبەست لە ئەهلی عەدل و دادخوازەکانە، نابێت مونازەعەی ئەوانە بکرێت لەسەری چونکە شایستە و شیاون بۆ کارەکە، بەڵام زۆردار و ستەمکاران، شایستە و شیاو نین بۆ ئەو کارە، بۆ ئەم بۆچونەشیان ئەم ئایەتە "لا ينال عهدي الظالمون" بە بەڵگە دەهێننەوە، دەستەیەك لە سەلەفی ساڵحیش ئەم بۆچوونەیان هەیە و هەندێك خەلەفی خاوەن ڕێز و زاناش لە خەڵکی مەدینە و عێراق هەمان بۆچوونی ئەوانیان هەیە، هەر لە سەر ئەم بناغەیەش عەبدوڵای کوڕی زوبەیر و حوسەینی کوڕی عەلی دژ بە یەزید و پیاو باشان و زانایانی عێراقیش دژ بە حەجاج و خەڵکی مەدینەش لە حەڕەدا دژ بە ئەمەوییەکان شۆڕش و ڕاپەڕینیان ئەنجامدا.

**سێیەم: مافی خەڵکی لە چاودێری کردنی دەسەڵاتدا:**

خەڵکی مافی ئەوەی هەیە چاودێری دەسەڵات بکات، ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی گوتاری سیاسی نەبەوی، هەروەك لە گرێبەستی بەیعەتەکەدا هاتووە "وأن نقوم بالحق حيثما كنا لانخاف في الله لومة لائم" کە بەرپاکردنی هەق و ڕەوایە بێ ئەوەی لە سەرزەنشتی سەرزەنشتکاران بترسین، هەروەك چۆن ئیمام و دەسەڵات مافی بیستن و گوێڕایەڵی و بەدەمەوە بوون و پشتیوانییان هەیە بەسەر خەڵکییەوە و خەڵکی دەبێت یاساکان پیادە بکەن، بە هەمان شێوە خەڵکیش مافی ڕادەربڕینی ئازادانەیان هەیە، مافی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتیان هەیە لە کاتی لادان و خۆسەپاندن و زۆرداریدا، خەڵکی چاو و چاودێرە بەسەر دەسەڵاتەوە، هەڵی دەسەنگێنێت، ڕەخنەی لێ دەگرێت، هەڵە و پەڵەکانی ڕاست دەکاتەوە، گوێڕایەڵی کردن بۆ دەسەڵات بە ڕەهایی نیە، لەبەر خودی دەسەڵاتیش نیە، بەڵکو مەبەست لە بەرپاکردنی دەسەڵات بەدیهێنانی دادگەری و پێدانی مافەکانە، تەسەور ناکرێت گوێڕایەڵی دەسەڵات لە شتێکدا بە دروست و جائیز بزانرێت کە پێچەوانە بێت بەو مەبەستەی دەسەڵات خۆی بۆی بەرپاکراوە و بە پێویست دانراوە تاوەکو بەدیبهێنێت، کە ئەویش (عدل وقسط)ە، هەروەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە "لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق"، هەروەها

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

فەرمودەی "إنما الطاعة بـالمعروف"، بگرە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیمامی زۆردار بە باشترین جـۆری جیهـاد لە پێناوی خوادا دێتە ئەژمار "أفضل الجهـاد كلمـة حـق عـنـد سـلطان جـائر"، هـەروەها دەفـەرموێت سەروەری شەهیدان حەمزە و پیاوێكە دەچێتە لای ئیمامێكی زۆردار و فەرمانی چاكەی پـێ دەكـات و نەهی خراپەكارییەكانی لێ دەكات، ئەویش دەیكوژێـت، لـە سـەحیحی موسلیمیـشدا هـاتوە "يكـون أمراء يقولون ما لايفعلون، ويفعلون مـا لايـؤمرون، فمـن جاهـدهم بيـده فهـو مـؤمن، ومـن جاهـدهم بلسانه فهو مؤمن، ومن جاهدهم بقلبه فهو مؤمن، وليس وراء ذلك من الايمـان حبـة خـردل"، كـەواتا ئەم جۆرە ئەمیر و سەركردانە دەبێت بە دەست و زمان و دڵ دژایەتییان بكەیت، ئەگینا باوەڕت بە سـاغ و سەلامەتی دەرناچێت.

ئەم فەرموودانە بە تەواوی ڕیكن لەگەڵ بنەماكانی گوتاری سیاسی قورئانی، كە مەبەسـت و ئامانجی دادگەری و عەدالەتخوازییە، گوتاری قورئانی دانی بە ستەمدا نەناوە و پێویستیـشی نـەكردوە كە ئارامگر بین لەسەری، بەڵكو خوای گەورە ستایشی باری باوەڕدارانی مەككە دەكات بـەوەی و داوای مافی خۆیان دەكەن و بەدەستی دێننەوە: ﴿وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (٤٠) وَلَمَنِ انْتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَئِكَ مَا عَلَيْهِمْ مِنْ سَبِيلٍ (٤١) إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾.الشورى: ٣٩-٤٢.

یەكێك لە سیفەتەكانی باوەڕدارانیش، داكۆكی لە خۆكردن و وەڵامدانەوەی سـتەمكارییە ﴿إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانْتَصَرُوا مِنْ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ﴾الشعراء:٢٢٧، هـەروەها سـەبارەت بـەوەی سـتەملێكراو مـافی ڕوونكردنـەوەی ستەملێكراوی خۆی هەیە لە پێناو ڕەتكردنـەوەی سـتەمكاریدا دەفـەرمووێت﴿لَا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَنْ ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا﴾.النساء:١٤٨، هۆكـاری دانـانی یاسـای (جیهادی بەرگری كردنی) گرێداوە بەو ستەمەی لە باوەڕداران دەكرێـت، خـوای گـەورە لـەو بارەیـەوە ئەفەرموێت﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ الحج:٣٩، دوای هـەموو ئەمانە تەسەوری ئەوە ناكرێت پێغەمبەری خوا بە پێچەوانەی فەرمانی خواوە فەرمان بكات، هـەروەها داوای ئەوەیان لێ بكات ئارامگر بن لە بەردەم ستەم و زۆرداریدا ونەجوڵێن بۆ نەهێڵان و لـەناوبردنی، لـە كاتێكـدا پـەیام هـێنی عەدالـەت و ئازادییـە، نەلەخـشان بـۆ دژایـەتی سـتەمكاری و نـادادی پێچەوانەیە بە بنەماكانی گوتاری قورئانی، كە مەبەستێتی ستەم نەهێڵرێ و ئازادی بۆ خەڵكی بـەدی بێت و هەق و ڕەوایەتی بەرپابكرێت، هەروەها پێچەوانەیە بە ئایەتی "وتعاونوا على الـبر والتقـوى ولا

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تعاونوا على الاثم والعدوان"، ئەمە جگـە لـەوەی سـوننەتەكانی پێغەمبـەر تـەواو وەكـو ڕێنماییـە قورئانییەكانە لەوەدا كـە مـرۆڤ مـافی هەیـە بـەرگری لـە خـۆی بكـات و ڕووبـەڕووی سـتەمكاران بوەستێتەوە.

ئەو مەرجانـەی لـە گرێبەسـتی بەیعەتەكـەدا هـاتوە، گـرنگترین بنـەما دەسـتورییەكانی سیستەمی هاوچەرخ لە خۆ دەگرێت و بالاترین شتێك كە فیكری مرۆیی پێی گەیـشتوە سـەبارەت بـە پەیوەندییەكانی نێوان دەسەلات و ئومەت تیایـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، كـە كورتەكـەی بریتییـە لـەوەی دەسەلاتداری مـافی ئومەتـە و ڕێگـەی وەدەسهێنانیـشی ڕاوێـژ و ڕەزامەندییـە، كـاتێكیش كەسـانی شایستە ئـەو بەرپرسـیارێتییەیان لـە ئەسـتۆ گـرت، ئـەوا دەبێـت پـشتگیرییان بكرێـت و فەرمانـە باشەكانیان جێبەجێ بكرێت و مەرجیش نیە هەموو كات هەموو شت بـە دڵـی هەنـدێك بێـت، لـەو كاتانەشدا دژایەتی ناكرێن مادام سنووری عەدلیان تێنەپەڕاندوە، لە هـەمان كاتـدا خـەڵكیش مـافی ڕادەربرین و چاودێری دەسەلاتیان هەیە، بەو پێیەی دەسەلات بریكـار (وكيـل)ە و ئومـەتیش بناغـە و ئەسڵ (أصيل)ە، بە گوێكردنی دەسەلاتیش نابێت ببێتە هۆی چەپاندنی ئازادی وشـە و پـەك خـستنی چاودێری و لێپێچینەوە و هەڵسەنگاندنی خەڵك و جەماوەر...

ئیـسلام لـە سـەلماندن و پاراسـتنی ئـەم مافانـەدا پـێش هـەموو سیـستەمە وەزعییـە هاوچەرخەكان كەوتوە، لـە یەكـەم گرێبەنـدێكی سیاسـی دەسـتوری كۆمەلایـەتی كـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویدا بێت و یەكەم دەوڵەتی ئیسلامی لـە مەدینـەی منـەوەرەدا لەسـەر ئـەو بناغەیـە دامەزرا، هەر لەسەر بناغەی ئەو گرێبەستە ئارەزوومەندانەیە پێغەمبەر د.خ لە مەككەوە بۆ مەدینـە كۆچی كرد، تاكو دواتر پێغەمبەری خوا سەلاحیاتەكانی دەسەلاتی سیاسـی پیـادە بكـات، لـە پـەیمان بەسـتن و دەسـتەبەری مافـەكان و جێبـەجێ كردنـی حـدودەكان و ڕاگەیانـدنی جـەنگ و گرێـدانی ئاشتەوایی و خڕكردنەوە و وەرگرتنی سامان و دارایی و ... هتد... بە تێڕوانین لەو گرێبەستە (كە ئێمـە ئاماژەمان بە كورتەیەكی دا) و ئەو مەرجانەی لەخۆی گرتوە، ئەوا دەگەینە ئەم خالانەی خوارەوە:

١- دەسەلات مافی گوێڕایەڵی كردن و بە دەمەوە بوون و جێبەجێ كردنـی فەرمانـە مەشـروعەكانی هەیە "بايعنا على السمع والطاعة ...".

٢- لـە بەرامبـەردا خـەڵكی مـافی چـاودێری كردنـی دەسـەلات و هەڵسـەنگاندی كاروبارەكـانی و لێپرسینەوەی هەیە "وأن نقوم أو نقول الحق حيثما كنا لانخاف في الله لومة لائم".

٣- مافێكی هاوبەش لە نێوان خەڵك و دەسەلاتدا "وأن لا ننازع الأمر أهله"یە، خەڵكی شایـستە و شیاو پێش هەڵبژاردنی دەسەلات، هیچ كەس ئەم مافەی لێ زەوت ناكات و ڕێگری بۆ دروست ناكـات، پاش هەڵبژاردنیش كە ئارەزوومەندانە و بە پێی ڕاوێژ بەڕێوە چووبێت ئەوا دەسەلات و هەڵبـژێردراوان

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

شایستە و شیاون بەو كارە، كەس ناتوانێت ئەو مافەیان لێ وەربگرێتەوە و نیزاع و ململانێیان لەگەڵ بكات، تا ئەو كاتەی خەڵكی خۆی عەزلیان دەكەن و بە شێوەیەكی ڕاست و دروست لێیانی وەردەگرنەوە.

## بنەمای سێیەم: چەسپاندنی بنەمای هاونیشتمانی بوون و دەسنیشان كردنی مافە دەستورییەكان:

بەیعەی عەقەبە بەڵگەنامەیەكی سیاسی و گرێبەستێكی كۆمەلایەتی بوو، بنەما گشتییەكانی سیستەمی سیاسی دەوڵەتی نوێی دەستنیشان كردبوو، بێ ئەوەی بە درێژی باس لە ئەرك و مافەكان بكات، لەبەر گرنگی و هەستیاری دەسنیشان كردنی ئەم ماف و ئەركە دەستورییانە، دەبینین پێغەمبەری خوا د.خ لە دوای كۆچەوە سەحیفەی مەدینە (دەستوری مەدینە) دادەنێت، تاوەكو سنووری دەوڵەتە نوێیەكەی دیاری بكات و دان بنێت بە مافی دانیشتوانەكەیدا، جا ئیتر بریتی بن لە موسوڵمانانی ناو شاری مەدینە، یان ئەوانەی كۆچیان بۆی كردوە، یاخود بریتی بن لە ناموسوڵمانەكانی وەكو جولەكە و مەوالییەكانیان، كورتەی ئەو سەحیفەیەش بەم شێوەیە بوو "ئەمە نوسراوێكە لە نێوان باوەڕداران و موسوڵمانانی قورەیش و یەسریب و ئەوانەی تابعی ئەوانن و لەگەڵیانن و پێكەوە تێ دەكۆشن، ئەمانە یەك ئومەتن بەدەر لە خەڵكی تر، باوەڕداران ڕێگە نادەن لە ژێر قەرزا پساو(مفرح)ێك لە نێوانیاندا بێت، ئەبێت بە باشی فیدیە و خوێن بایی بۆ بدەن، هەروەها پشتیوانی و هاوكاری یەكتر دەكەن دژ بەو كەسەی لە نێوانیاندا دەستدرێژییەك ئەنجام دەدات، یاخود ئەیەوێت ببێت بە هۆكاری ستەم یان تاوان و دەستدرێژی و خراپەكارییەك لە نێوان باوەڕداراندا، هەموویان دژی دەوەستنەوە، ئەگەر كوڕی خۆیشیان بێت، پەنایەكیش كە خوا داوێتی هەموویان دەگرێتەوە و بۆ هەموویان وەك یەكە، باوەڕدارانیش پشت و پەنای یەكترن بە جیا لە خەڵكی تر، ئاشتیان یەكە، كاتێكیش ئاشتەواییەك دەكەن لەپاش جەنگێك دەبێت پێكەوە و بە دادگەرانە بیكەن، جولەكە لەگەڵ باوەڕداراندا دەبەخشن، تا ئەو كاتەی لە جەنگدان، ئەوانیش ئومەتێكن لەگەڵ باوەڕداراندا، جولەكە خۆیان وپشتیوانەكانیان-مەوالییەكانیان- خاوەنی ئایینی خۆیانن و بەهەمان شێوە موسوڵمانانیش، ئەو جولەكەیەی شوێنمان بكەوێت، ئەوا پشتیوانی و مامەڵەی وەك خۆی لەگەڵ دەكەین، بێ ئەوەی ڕێ بدرێت ستەملێكراو بن یان پشتیان تێ بكرێت، لە نێوان هەموویاندا پشتیوانی كردن هەیە دژ بە هەر كەسێك كە هەڵدەكوتێتە سەر یەسریب، لە نێوانیشیاندا ئامۆژگاری و دڵسۆزی هەیە لە چاكەخوازی نەك خراپەدا، ستەملێكراو پشتیوانی دەكرێت، هەر كەسیش لە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مەدینەدا دابنیشێت ئاسایشی پارێزراوە، هەرکەسیش بچێتە دەرەوە بە هەمان شێوەیە، لە هەر شتێکدا جیاوازیتان تێکەوت ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ خوا و پێغەمبەری خوا"

ئەم سەحیفە دەستورییە بنەمای هاولاتی بوون زۆر بە روونی دیاری دەکات، بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەسەر زەوی مەدینە دەژین، مافەکانیان بێ ستەم و جیاکاری دەچەسپێنێت و دان بە مافە تایبەتییەکانی وەکو (موسوڵمانێتی-جولەکەیەتی)دا دەنێت، هەروەها مافی هاولاتی بونیش بە کراوە دەهێلێتەوە (لکل من لحق بهم)، هەموویان ئومەتێن، وەکو یەك پارێزراون، لە سەر چاکە و چاکەخوازیی یارمەتی یەکتر دەدەن، بەدەر لە ستەم و گوناه و دەست درێژی، هەموو لایان بەشدارن لە پاراستن و بەرگری کردن لە مەدینە، لە کاتی ناکۆکیشدا کێشەکانیان دەبەنەوە لای دەسەلاتێکی بالا، کە زۆرینەی باوەڕدار پێی رازی بووە، کە لە پێغەمبەردا خۆی دەنوێنێت و مەرجەعییەتێکی تەشریعی هەیە کە کیتاب و سوننەیە.

ئەمە دەستنیشانی پەیوەندی مرۆڤە بە زەوییەوە، چەسپاندنی مافی هاولاتی بوون و پەیوەست بوونێتی بە ولاتەوە، هەروەك سەحیفەی مەدینە دانی پێدا ناوە، ئیسلامیش لە زۆر شوێنی تردا رونکردنەوەی تری لەم بارەیەوە داوە.

ئیسلام سەرکەوتوو بوو لە دامەزراندنی یەکەم کۆمەلگەی مرۆیی فرەیی، یەکەم دەوڵەتی دەستوری یاسایی، لە دەستورەکەیدا دەستنیشانی سنووری هەرێم و دەسەلات و ئومەتەکەی کرابوو، سەرەڕای رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی ئەو کۆمەلگەیە، هەروەها چەسپاندنی بنەمای ئازادی ئایینی و هاولاتی بوون، بونیات لە سەر مافی مرۆڤ بەو زەوی و خاکەی تیایدا لە دایك بووە و لەسەری دەژی، سەرەڕای دیاری کردنی ماف و ئەرکەکانی کۆمەلگە، لە کاتێکدا پێکەوە دەژین بە جیاوازییە جۆراوجۆرەکانیانەوە و هاوکاری یەکتری دەکەن لەسەر دادگەری و چاکەکردن و چاکەخوازی و پێکەوە ژیان.

دانانی دەستوری مەدینە یەکەم کارێکی سیاسی بوو، کە پێغەمبەری خوا د.خ پاش گەیشتنی بە مەدینە پێی هەستا، لە مەدینەدا جولەکە هەبوو کە باوەڕیان بە پێغەمبەر نەبوو، لە عەقەبەشدا بەیعەتیان پێیی نەدابوو، هەر بۆیە پێویست بوو دەستورێك دابنرێت بۆ رێکخستنی پەیوەندی ئەوان بە دەوڵەتی نوێی مەدینەوە و ماف و ئەرکەکانیان دیاری بکات... سەحیفەی مەدینە بە بالاترین جۆری پەیماننامە دەستورییەکان دێتە ئەژمار، دەستورێك نەبوو لە دەسەلاتەوە ببەخشرێتە گەل، دەستەیەکی شەعبی تەوافقی دایان نەنابوو، بەلکو گرێبەستێك بوو لە بەرەنجامی رەزامەندی و خواستێکی تەواوە، لە نێوان خەلکی مەدینە و پێغەمبەر د.خ، ئەوان ئەو دەسەلاتەیان پێی بەخشی، لەگەڵ ئەوەی ئەوان خاوەنی ماڵ و شار و هێز و توانا بوون.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## بنەمای چوارەم: زەرورەتی راوێژ و پێویستێتی خیلافەت:

ئەم بنەمایە، بنەمای چوارەمە لە گوتاری نەبەویدا، پاش ئەوەی ئاماژە درا بە زەرورەتی دەوڵەت و دەسەلاَت و پێویستێتی کۆمەڵ (جماعة) و گوێڕایەڵێتی (الطاعة)، هەر ئەم گوتارە جەخت لە زەرورەتی راوێژ و پێویستێتی خیلافەت دەکاتەوە، وەك سیستەمێك کە دەربڕی سروشتی گوتاری سیاسی ئیسلامییە، هەروەك چۆن دەسەلاَت لەم دەوڵەتەدا هەڵدەبژێردرێت و پێکدەهێنرێت بە شێوەیەك لەگەڵ ئەو بنەما و مەبدەئانەدا بگونجێت کە پێشتر لە گوتاری قورئانیدا ئاماژەیان پێکرا، جا بەو پێیەی ئەو بنەمایانە ئیقراری بنەمای یەکتاپەرستی دەکات و دەیسەلمێنێت موڵك هی خوایە و هەر ئەو پاشای رەوا و راستەقینەی بێ هاوبەشە، هەروەها دانی ناوە بە بنەمای ڕێزگرتنی مرۆڤ و جێنشینایەتی ئەو لەسەر زەویدا، لە هەمان کاتدا خوای گەورە بەڵێنی بە باوەڕداران داوە کە جێنشینایەتی زەوییان پێ دەبەخشێت و ئەم ئایینەیان بۆ پایەدار و سەقامگیر دەکات لەسەر زەویدا و ئاسایشیان بۆ دەستەبەر دەکات، هەروەها دانی بەوەدا ناوە کە دەبێت مرۆڤ هەموو شێوەکانی عبودیەت تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدات و خۆی رزگار بکات لە هەموو ملکەچی و کۆیلەیەتییەك، بۆ هەر کەس و بە هەر ناوێکەوە بێت، هەروەك لە بنەمای برایەتیدا ئەوە دەرکەوت کە مرۆڤەکان لە ماف و ئەرکەکاندا وەك یەکن و کەس فەزڵی بەسەر ئەوی دیکەوە نییە، گوتاری نەبەویش رونتر تیشك دەخاتە سەر بنەمای خیلافەت و راوێژ، وەك سیستەمێکی سیاسی کە دەربڕی ئەو بنەما عەقائیدیانەیە و واتا و مەبەستەکانی دەخاتە روو، ئەوەش روون و ئاشکرایە کە ناکرێت گوتاری قورئانی دان بنێت بە سیستەمی پاشایەتیدا، پاشایەتییەك کە خەڵکی بە بچووك و بەردەست تەماشا دەکات و بە موڵك و دەست و پێوەندی خۆیانی دەزانێت، ئەمەش لەبەرئەوەی دژ و پێچەوانەیە بە هەموو بنەما عەقائیدییەکان " أعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ، مَلِكِ النَّاسِ، إِلَهِ النَّاسِ"، زەوی و خەڵك هەموو هی خوای گەورەیە، عروەی کوڕی زوبێر دەفەرموێت "شایەتی دەدەم پێغەمبەری خوا بڕیاریدا بەوەی: زەوی زەوی خوایە و بەندەکانیش بەندەی خوان، ئەو پێغەمبەرەی فێری نوێژەکانی کردین، هەر ئەو ئەمەی پێ وتین" (أبوداود ٣٠٧٦ بإسناد صحيح ...)، فەرمانڕەوایی و دەسەلاَت میرات و پشتاوپشتی نیە تاکو تایبەت و تاپۆی فەرمانڕەوا و نەوەکانیان بێت و بۆیان بمێنێتەوە، هەموو خەڵکی لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسانن... ئیسلام سیستەمی خیلافەت و ئیمامەت و شورای هێنا کە تایبەتمەندی خۆی هەیە...

## سروشتی خیلافەت و حوکمەکانی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گوتاری نەبەوی مەشخەڵ و بناغە و مەرج و حوكمەكانی خیلافەتی دەستنیشان كردوە، بە هەمان شێوە ئەوەشی دیاری كردوە كە ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی لە هێڵە گشتییەكاندا چۆنە و دەسەلاٚت و سەلاٚحیەتەكانی لە چ سنوور و ئاستێكدایە و خەڵك و ئومەتیش چەند و چۆن چاودێری دەكەن، هەموو ئەمانەش بە چەندین فەرموودەی متەواتەر و دڵنیابەخش ساغ كراوەتەوە، پێدەچێت هەر ئەمانەش وای لە هاوەڵان كردبێت لە دوای وەفاتی پێغەمبەر د.خ و لە یەكەم ڕۆژیدا بابەتی هەڵبژاردنی جێنشینی ئەو بەشێوەیەكی بێ وێنە -بێ پێشینە- یەكلا بكەنەوە، كە ئەمە دەرخەری مەودای ڕوونی جێنشینایەتی بووە لە دیدی ئەواندا وەكو دواتریش ئاماژەی پێ دەكەین، سەبارەت بە زاراوەی جێنشین و پێشەوا (الخليفة- الإمام)، ئەوە بێگومان لە زۆر فەرموودەدا هاتووە و باسی كراوە، لەوانە:

- فەرمودەی یەكەم: عن أبي هريرة مرفوعاً "كانت بنو إسرائيل تسوسهم الأنبياء، كلما هلك نبي خلفه نبي، وإنه لانبي بعدي، وستكون خلفاء فتكثر، قالوا: فما تأمرنا؟ قالو فوا ببيعة الأول فالأول، وأعطوهم حقهم، فإن الله سائلهم عما استرعاهم" مسلم١٨٤٢.

لە گێڕانەوەیەكی تردا "... وأنه ليس كائن بعدي نبي. قالوا: وما يكون يارسول الله؟ قال يكون خلفاء فيكثروا. قالوا كيف نصنع؟ قال: أوفوا ببيعة الأول فالأول، أدوا الذي عليكم، فسيسألهم الله عن الذي عليهم" إبن ماجه٢٨٧١.

ئەم فەرمودە سەحیحە سروشتی فەرمانڕەوایەتی لە دوای كۆچی دوایی پێغەمبەر ڕوون دەكاتەوە، بەوەی ئەبێتە جێنشینایەتی، بەدوایدا جێنشین دێت، ئەركی سەركییان بەڕێوە بردنی خەڵك و دەوڵەتدارییە لە پاش پێغەمبەر د.خ و ئاماژەشی تیدایە بۆ ئەوەی خەڵكی ئەركی خۆی ئەنجام بدات لە بەرامبەریاندا، خوای گەورەش چاودێرە بەسەر كارەكانیانەوە و لێیان دەپرسێتەوە.

زاراوەی (الخلافة) لەو زاراوە ئیسلامییانەیە كە عەرەب لە نەفامێتیدا پێی ئاشنا نەبوون، زیاتر بە وشەی پادشا (الملك) و میر (أمير) ئاشنا بوون، بەلاٚم (خلافة و خليفة) وشەیەكی قورئانی نەبەوییە ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ البقرة:٣٠، جێنشینایەتی لێرەدا گشتیە بۆ ڕەگەز و جۆری مرۆڤ، لە ئاوەدان كردنەوەی زەوی، بەلاٚم سەبارەت بە جێنشینایەتی تایبەتی كۆمەڵگەی ئیمانی، كە دەبێت كار بۆ فەرمانڕەوایەتیەك بكرێت كە خوای گەورە پێی ڕازیبێت و دادگەریی پیادە بكات، ئەوا چەندین ئاماژەی قورئانیمان هەیە لەوانە:﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا﴾ النور:٥٥، هەروەها سەبارەت بە داود پێغەمبەر خوای

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ ص٢٦.

مەبەست لە جێنشینایەتی وەك سیستەمێکی سیاسی، بەرپاکردنی ڕەوا و فەرمانڕەوایی کردنە بە شێوەیەکی دادگەرانە، پێشەوا سەرخەسی دەفەرموێت: (بزانە قەزاوەت کردن بە هەق، لە پاش باوەڕ بەخوابوون، بەهێزترین فەریزە و بەڕێزترین پەرستشە لەبەرئەوەیە خوای گەورە ناوی جێنشینایەتی بەخشیوە بە ئادەم... لەڕێی قەزاوەتی ڕەواوە، عەدل دەردەکەوێت... ستەم ناهێلرێت و پێغەمبەرانیش بۆ ئەمە نێردراون و خەلیفە راشدییەکانیش سەرقالی ئەمە بوون).

مەبەست لە جێنشینایەتی لای سەرخەسی کارکردنە بە حوکمی خوا و قەزاوەت کردنی نێوان بەندەکانە بە شەریعەت و بە دادگەری، دوای باس و خواسێکی زۆر ئیبن خەلدونیش دەڵێت (... جێنشینایەتی ئەوەیە هەموو لا پابەند بکرێن بە تێڕوانینی شەرعیەوە، کە بەرژەوەندی دونیا و دوارۆژیانی تیایە، کاروبارەکانی دونیاش لای خوای گەورە گرێدراوی بەرژەوەندییەکانی دوارۆژن، جێنشینایەتیش بریتیە لە جێنشین بوون بۆ پاراستنی ئاین و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دونیا لەو ڕوانگەیەوە" (مقدمة ١-٢٧٣)، هەروەك وتیشمان وشەی (خلافة) وشەیەکی قورئانیە و پێغەمبەریش بەکاری هێناوە "ثم تكون خلافة على منهاج النبوة" ٠ (احمد٤-٢٧٣، صحيح الاسناد، انظر السلسلة الصحيحة)، هەروەها فەرمودەی "الخلافة بعدي ثلاثون" أبوداود ٤٦٤٦ و ترمذي و أحمد.

(خلافة و خليفة وإمام) و (أمير)یش لە دیدێکی ڕەسەنی ئیسلامییەوە بە واتای پاشایەتی نایەت و کەسانێکیش ناگرێتەوە کە وا لە خۆیان بڕوانن هەر ئەوان شایستەن بە فەرمانڕەوایەتی و لەو پێناوەشدا پێویست بێت خۆیان بسەپێنن، گوتاری سیاسی ئیسلامی لە سەرەتاوە بۆ لەکارخستن و پوچ کردنەوەی ئەم بۆچوون و دید و ناوەڕۆکانە هاتووە، خەلیفە جێنشینی ئەوەی پێش خۆیەتی و ئیمامیش ئەو کەسەیە لە پێشەوەیە و پێشەوایەتی دەکات و ئەمیریش خاوەن کار و پلە و پایە، هەندێك جار واتای راوێژکردنیش دەگرێتەوە، هیچ یەك لەو وشە ئیسلامییانە واتای زۆر و خۆسەپاند ناگرێتەوە... ئەم باس و خواسەش زۆرتری دەوێت و بەوەندەش وازدێنین.

- فەرمودەی دوەم: عن أبي سعيد الخدري مرفوعا "إذا بويع للخليفتين، فاقتلوا الآخر منهما" موسليم١٨٥٣.

ئەم فەرمودەیە دەیسەلمێنێت ئومەت مافی هەڵبژاردنی خەلیفەی هەیە، ئەویش لە ڕێگەی بەیعەت پێدانەوە، خەلیفەش لە دوای ئەو بەیعەتەوە دەبێتە خەلیفە، هەروەها ئومەت مافی لابردن بگرە کوشتنی خەلیفەی دووهەمی هەیە لە ئاوا کاتێکدا، بەو پێیەی دەبێتە مایەی پشێوی و ئاژاوە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لە نێو خەلكیدا و ناكرێت ولات لە یەك كاتدا خاوەنی دوو خەلیفە و فەرمانڕەوای گشتی بێت، بە پێی بەیعەتدانی یەكەم و دیاری كردنی كەسێك وەكو سەرۆكی ولات، ئیتر كەسێكی تر ئەو مافە لە دەست دەدات، لە هەمان كاتدا لە یەك ولات و لە لایەن یەك خەلك و بۆ یەك پۆستی بالا بە هەمان سەلاحیاتەوە ناكرێ دوو كەس هەبن.

- فەرمودەی سێیەم: عن عبدالله بن عمر مرفوعا "من بايع إماماً، فأعطاه صفقة يده، وثمرة قلبه، فليطعه إن استطاع، فإن جاء آخر ينازعه، فاضربوا عنق الآخر" مسلم١٨٤٤.

لەم فەرمودەیەدا ناوی ئیمام دابراوەتە سەر خەلیفە، ئەمەش دەریدەخات كە ناوەكە مەبەست نیە، هەرچەندە گرنگی خۆشی هەیە، دەریشی دەخات كە بەیعەتدان ڕێككەوتنە لە نێوان دوو لادا و حوكم و بڕیاری لەسەر بونیات دەنرێت لەوانە گوێڕایەلی، هەروەك شتێك نیە مافی كەسانێك بێت و تەنها ئەوان بۆ ئەوە بشێن، هەركەس شیاو بوو و مەرجەكانی تێدا بوو، دەتوانرێت هەلببژێردرێت، چونكە جێنشینایەتی و پێشەوایەتی بە پێی مەرجی شایستە دێتە ئەنجامدان، قورتوبی لە راڤەی ئایەتی "إني جاعلك للناس إماما قال ومن ذريتي قال لاينال عهدي الظالمين" دەفەرموێت "كۆمەلێك لە زانایان ئەم ئایەتەیان كردوە بە بەلگە، كە دەبێت ئیمام كەسێكی دادگەر و چاكەخواز و خاوەن فەزل بێت و توانا و هێزی ئەوەی هەبێت بەو ئەركانە هەستێت، ئەمە واتای (الأمر)ە لە (ألا ينازعوا الأمر أهله) كە نابێت مونازەعە و ململانێی بكرێت، بەلام خراپەكار و زۆردار و ستەمكار، شیاو و شایستەی ئەوكار و پۆستە نین، لەبەرئەوەی خوای گەورە ئەفەرموێت "لا ينال عهدي الظالمين"، لە سایەی ئەم بۆچونەشدایە عەبدولای كوڕی زوبەیر و حەسەنی كوڕی عەلی خوایان لێ رازی بێت دژ بەكاربەدەستان دەرچوون، بە هەمان شێوە زانا و پیاوە دیار و باشەكانی عێراق دژ بە حەججاج و خەلكی مەدینەش دژ بە ئومەوییەكان راپەڕین و دواتریش كارەساتی حەرەی لێكەوتەوە لە لایەن موسلیمی كوڕی عوقبەوە.

(ابن خویزمنداد) فەرمویەتی: كەسی ستەمكار نابێتە پێغەمبەر، خەلیفە، فەرمانڕەوا، موفتی، ئیمامی نوێژ، فەرمودەشی لێ پەسەند ناكرێت گەر لە پێغەمبەریشەوە بیگێڕێتەوە، لە حوكمەكانیشدا شایەتی پەسەند ناكرێت، بەلام بە هۆی فیسقێكەوە كەنار ناخرێت تاوەكو ئەهلی حەلل و عەقد كەناری نەخەن، ئەو بڕیارانەشی ڕێك و ڕاستن وەكو خۆی دەهێلرێتەوە ..." جامع الأحكام للقرطبي، ٢-٩٣.

- فەرموودەی چوارەم: حوزەیفەی كوڕی یەمان بۆمانی دەگێڕێتەوە، هەروەك لە بەشێكی فەرمودەی (الفتن)دا هاتووە "وهل بعد ذلك الخير من شر؟ قال نعم! دعاة على أبواب جهنم من أجابهم إليها قذفوه فيها. فقلت لهم صفهم لنا يا رسول الله! قال قوم من جلدتنا، ويتكلمون بألسنتنا. قلت يارسول

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

الله! فماذا تأمرني إن أدركني ذلك؟ قال: تلزم جماعة المسلمين وإمامهم. فقلت: فإن لم يكن لهم جماعة ولا إمام؟ قال فاعتزل تلك الفرق كلها، ولو أن تعض على أصل شجرة، حتى يدركك الموت، وأنت كذلك) بوخاري ٧٠٨٤، مسلم ١٨٤٧، دەربڕینەکە هی موسلیمە.

لەم فەرموودەیەدا پابەندبوون بە ئومەت و ئیمامی ئومەتەوە ئەگەر هەبوون و لە ئارادا بوون بە پێویست دانراوە، ئەگەر کۆمەڵ و ئیمامیشیان نەبوو، ئەوا سەردەمی پەرتەوازەیی و ئاژاوەیە، موسوڵمان مولزەم نیە پابەندی یەکێك لە ئەمیرەکان بێت و بەیعەتی پێ بدات، بەڵکو دەتوانێت وەکو کەسێکی بانگخوازی موسوڵمان بمێنێتەوە، بەلاّم ئەسڵ بوونی کۆمەڵ و ئیمامی موسوڵمانانە و دەبێت کار بکرێت بۆ بوونی هەردووکیان...

## ڕونکردنەوەیەك سەبارەت بە چەند فەرموودەیەکی بواری ئیمارەت

چەند فەرموودەیەکی زۆر هەن سەبارەت بە ئیمارەت و تێگەیشتنیان جۆرێك لە ئالۆزی و ئیشکالی دروستکردوە، یان بە خراپ و ناتەواو و کەموکورت واتا کراون، لەوانە بە دروست دانانی فەرمانڕەوایەتی و ئیمامەتی کەسی زۆردار و ستەمکار و پێویستی گوێڕایەڵی کردنیان و حەرامی بەرهەڵستی و بەرەنگار بوونەوەیان و شۆڕش کردن لە دژیان، ئیتر ستەم و زۆرداریبیەکەیان هەرچەند بێت، لە بەرامبەریشدا تەئویلی هەر فەرموودەیەکیان کردووە کە ڕێك نەیەتەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئاماژەی پێ درا، بەو پێیەی وەکو بنەما و ئەسڵێك تەماشایان کردوە... ئەکرێت ئەو فەرموودانەش پۆلێن بکرێن بۆ چەند جۆرێك لەوانە: ئەو فەرموودانەی باس لە پێویستێتی بیستن و گوێڕایەڵی کردن دەکات، یاخود باسن لە پابەندبوون بە کۆمەڵەوە، یاخود داوای ئارامگرتن دەکەن لە بەرامبەر هەڵسوکەوتەکانی دەسەلاّت و ڕەچاوکردنی مافەکانیان، هەروەها حەرامی شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژیان.

ئێمە لێرەدا ناتوانین بچینە سەر یەك بە یەکی ئەو فەرموودانە، بەلاّم بە سەرنجدانێکی خێرای ئەو فەرموودانەی باس لە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانڕەوایان دەکەن و ڕۆکاری فەرموودەکەش بە ڕەهایی دەردەکەوێت کە ناکرێت بێ فەرمانییان بکرێت... ئەوا دەکرێت چەندین فەرمودەی تر تایبەتمەندی و خسوسییەت ببەخشن بە واتا گشتی و ڕەهاکان، بەم شێوەیە ئەو گوێڕایەڵی کردنە تەنها ئەو فەرمانڕەوایانە دەگرێتەوە کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورەن و ئەوانە دەگرێتەوە کە هەڵبژاردەی موسوڵمانان و جێگەی ڕەزامەندی خەڵکن، یاخود گوێڕایەڵی کردنەکە لەو شتانەدایە کە ڕاست و ڕەوانە یا کارێکی ئیجتهادییە با هەندێکیش لە ناخەوە پێیان ناخۆش بێت یان زیانی تایبەتییان لێ بدات، بەلاّم بە مەرجێك لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت، چونکە لە بەرامبەردا چەندین فەرموودەی سەحیح و ڕوونمان هەیە باس لەوە دەکەن نابێت لە خراپەکاری و نافەرمانی خوادا

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گوێڕایەڵی كاربەدەست و فەرمانڕەوایان بكرێت، ئەمە جگە لە دژبوونی ئەم جۆرە بۆچوونانە بە سەریحی ئایەت و چەندین فەرمودەی تر كە باس لە ناعەدالەتی و ستەمكاری و هەوڵدان بۆ گۆڕینیان دەكەن، هەروەك لەم دیدوبۆچوونەشەوە تاعەت بۆ دەسەلات دەبێت پابەندی مەشروعیەت و مەرجەعیەتی قورئان و سوننە بێت، بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەر لە بەرامبەر نادادییەكاندا وەستاونەتەوە گەر لە فەرمانڕەوا موسوڵمانەكانیشیانەوە بووبێت، چونكە (طاعة) لە (معصية)دا نابێت، بەڵكو (إنما الطاعة بالمعروف)، ئەمەش جێگەی كۆڕایی زانایانە وەكو ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت، ئەوە جگە لەوەی دەبێت كاروباری موسوڵمانان بە راوێژ بێت، ئا لەو كاتەدا ئایەتی "أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم" پیادە دەكرێت، خۆ ئەگەر كار گەیشتە ناكۆكی و جیاوازی ئەوا ئەو كاتە دەبێت هەموو لا بە خەلیفە و سەركردە و نوێنەرانی خەڵكەوە بگەڕێنەوە بۆ كیتاب و سوننە كە دەستور و یاسای بالآن "فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول"، كەواتە گوێڕایەڵی كردن و فەرمانبەرداری بە رەهایی نیە.

لە لایەكی ترەوە پێغەمبەری خوا كاروبارەكانی دەرەوەی وەحی بەبێ راوێژ نەدەبڕییەوە، هەروەك لە جەنگی ئوحوددا بینیمان، كە چوونە دەرەوەی هەڵبژارد لە كاتێكدا خۆی لەگەڵ ئەوەدا بوو لە نێو شاری مەدینەدا بمێنێتەوە، تەنانەت ڕاوێژی بە دووڕوەكانی وەكو عەبدوڵای كوڕی ئیبن ئەبو سەلولیش دەكرد.

بە كورتی دادگەریی مەرجێكە بۆ بە گوێكردن و جێبەجێ كردنی فەرمانەكان، ئەگەر لە دەست درا، ئەویش نامێنێت و لە دەست دەدرێت "اسمعوا وأطيعوا ما عدل فيكم" هەروەك ئیمامی عومەر دەفەرموێت.

ئەو فەرموودانەش كە باس لە پابەندبوون بە جەماعەتەوە دەكەن و جیابوونەوە لە جەماعەت بە مردنی نەفامانە دەچوێنن، ئەوا لە هەندێكیاندا (الجماعة) مەبەست ئەوەیە لەگەڵ بۆچوونی ئومەتدا بیت، پاش ئەوەی فەرمانڕەوایەك هەڵدەبژێرن، با ناڕازیش بێت لە هەندێك هەڵسوكەوتی سەركردە و فەرمانڕەواكەش، چونكە پێ ناخۆش بوون مافی (الطاعة) لە كار ناخات، چونكە نارەزایی و پێناخۆشی دەروونی زەبت ناكرێت، تەنانەت هەندێك لە هاوەڵان توندی عومەر و نەرمی عوسمان و حیدەتی عەلییان لا ناخۆش بووە، بەڵكو هەندێك لەوان رەخنەیان هەبوو لە دانانی ئوسامەی كوڕی زەید لە سوپایەكدا كە گەورە هاوەڵانی تێدا بوو، پیادەكردنی دەسەلات ئیجتهادێكی مرۆییانەیە و مەرج نییە هەموو كەس پێی رازی بێت... ئەوانە نابێت مرۆڤ وا لێ بكات پەرتەوازەیی دروست بكات و خۆی دابڕێت لە موسوڵمانان و بێ فەرمانی فەرمانڕەوایەكی هەڵبژێردراو بكات، یاخود ئامادە نەبێت پەیمانی گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەكانی دەربڕێت و هۆكار بێت بۆ كێشە و گرفتێكی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بێ پاساو، كەواتە (مع الجماعة) زیاتر واتای یەك ریزی و لەگەڵ خەڵك بوون و نەناوەی پەرتەوازەییە، جگە لە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا و كاربەدەستێكی هەڵبژێردرا و با هەندێك شتیشیت لە ناخەوە بە دڵ نەبێت، لەم ڕۆژەشدا زیاتر پابەند بوونە بە یاسا و بڕیارە گشتییەكانەوە، ئەگەر بە زیانی هەندێكیش كۆتایی بێت یان هەندێك كەسیش لەبەر بەرژەوەندییەكی تایبەتی پێیان خۆش نەبێت، بە مەرجێك سنوری عەدالەتی نەبەزاندبێت و مافەكانی پاراستبێت.

ئەو فەرمودانەشی باس لە بوونی (أثرة) و هەندێك نابەدڵی دەكەن لە دوای پێغەمبەر و فەرمانیش دەكرێت ئارامگری لە ئاستیاندا بكرێت، ئەمانەش باسە لەو كارانەی كە لە بەرەنجامی هەڵسوكەوتی دەسەڵات و دەسەڵاتدارییەوە دێتە ئاراوە، بۆ نموونە سەرۆك هەندێك كەس پەسەند دەكات ببنە وەزیری، فەزڵیان دەدات بەسەر هەندێكی تردا، لەم كاتانەدا نارازی بوون دێتە ئاراوە و هەندێك خۆیان بە بەشخوراو دەزانن، لەگەڵ ئەوەی واجبە شایستەترین كەس هەڵبژێردرێت، بەڵام لەم كاتانەشدا هاوشێوەی تریش هەیە كە وادەزانن ئەمانیش هەروەك ئەوانن، كەواتە جۆرێك لە فەزڵدانی هەندێك (الأثرة) بە جۆرێك لە جۆرەكان بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست دێتە ئاراوە، لەم حاڵەتانەدایە پێغەمبەری خوا داوا دەكات ئارامگری هەبێت "السمع والطاعة في المنشط والمكره ، وأثرة علينا" و "سترون بعدي أثرة فاصبروا حتى تلقوني" بخاري ٣٧٩٢ ، ٧٠٥٧ ، مسلم ١٨٤٥، بەڵام هیچ كات ڕازی بوون بە خراپەكاری و كارە حەرامكراوەكان ناگرێتەوە، یان بێ دەنگ بوون نییە لە مافەكان، بەڵكو جەنگ نەكردن و بەرپا نەكردنی شەڕە، پەنا بردنە بەر قەزایەكی عادیلانەیە، گرتنەبەری ڕێوشوێنە مەشروع و یاساییەكانە...

ئەو فەرموودانەش كە باس لەوە دەكەن نابێت جەنگ و شۆڕش دژ بە فەرمانڕەوای موسوڵمان بەرپا بكرێت تا ئەو كاتەی نوێژ دەكەن، یان نوێژتان لە ناودا دەكەن، یان كوفری ئاشكرا، یان تاوانی ئاشكرا ناكەن، كە چەندین فەرموودەیان لەبارەوە هاتوە، بەڵام لەنێو ئەو فەرموودانەشدا ئاماژە كراوە بەوەی دەبێت بەرەنگارییان بكرێت بە جۆری تر، بۆ نموونە خۆ بەری كردن لێیان و هەڵبژاردنی عەزیمەت، بگرە لە فەرموودەی تریشدا هاتووە كە دەكرێت ئینكاری مونكەر بە هێز و بازوش بكرێت، ئیمامی نەوەویش كوفر لەو فەرمودانەدا بە تاوان (معاصي) و (معصية متحققة) راڤە دەكات نەك كوفر بە واتا راستەقینەییەكەی، لە دوای بە دواداچوونێكی ئەو فەرموودانە و راڤەی زانایان دەگەینە ئەوەی، حەرامی دەرچوون و شۆڕش دژ بە دەسەڵاتدارە موسوڵمانەكانیش بەو رەهاییە نیە كە لە دوای گوتاری سیاسی نەبەوی و راشدیەوە رەواجی پێ دراوە و تاكو ئێستاش بەردەوامە، نموونە گەلێكی هاوەڵانیشمان لە بەردەستدایە پێچەوانەی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، ئەوەش رون و ئاشكرایە بە گوێكردن و فەرمان بەرداریش بەندە بە چەند شتێكەوە، لەوانە:

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

یەكەم: لە چاكەدا دەبێت، لەبەر فەرموودەی (إنما الطاعة بالمعروف).

دووەم: تا ئەو كاتەیە كیتاب و شەریعەت و ئەو دادگەریی و مافپارێزیەتان لە نێواندا پیادە دەكەن كە لە كیتاب و سوننەدا هاتووە، لەبەر فەرموودەی (ما أقام فيكم كتاب الله).

سێیەم: تا ئەو كاتەی نوێژەكانیان بە باشی ئەنجام دەدەن، كە مەبەست لە پیادەكردنی دروشمەكانی ئایینە.

چوارەم: تا ئەو كاتەی كوفر و تاوانی روون و ئاشكرایان لێوە بەدی ناكرێت، لەبەر فەرموودەی "ما لم تروا كفراً بواحاً".

پێنجەم: تا ئەو كاتەی لە توانای كەسەكاندایە ئەنجامی بدەن و لە توانا بەدەر نەبێت.

پێشتریش ئاماژەمان كرد بەوەی ئەو بڕگەیەی فەرموودەكەی حوزەیفە "تسمع وتطع للأمير، وإن ضرب ظهرك، وأخذ مالك" كە لە موسلیمدا هاتوە، لای (دار القطني) بە لاواز (ضعيف) دانراوە، خۆ ئەگەر گریمانەی سەحیحیشی بكرێت، ئەوا لێك دەدرێتەوە، كە ئەگەر ماڵ و سامانتی لێسەندی بە هەق و رەوا، یا بە تەئویلێك لە قەزاوەتێكدا دای بە بەرامبەرە ناحەزەكەت، یاخود حەدێكی بە سەرتا پیادە كرد لە سنووری مافی خواییدا بێت یان مافەكانی خەڵك. گێڕانەوەیەكی تری (ابن حبان) بۆ ئەم فەرموودەیە راستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت، كە دەفەرموێت "اسمع وأطع في عسرك ومكرهك، وأثرة عليك، وإن أكلوا مالك، وضربوا ظهرك، إلا أن تكون معصية لله بواحاً" (صحيح ابن حبان ٤٤٧٦)،. مەرجی (إلا أن تكون معصية)، ئەوە پەسەند ناكات سامان و دارایی بە (باطل) بخورێت، یاخود بە ستەمكاری خەڵكی داپلۆسرێت، (ابن حزم)یش زۆر بە درێژی لەسەر ئەم فەرموودەیە وەستاوە و لە كتێبی (الفصل في الملل والنحل ٤١٣٢ - ١٣٥) و پشتگیری ئەم بۆچوونە دەكات.

كەواتە ناكرێت بە تەئویل كردنی هەندێ فەرموودە، لە بەرامبەردا پەراوێز خستنی بنەما سەرەكییەكانی ئیسلام، كە دەیان ئایەت و فەرموودە پشتگیرییان دەكات، پاساو بدرێت بە ستەمكاران و دەستیان كراوە بێت بۆ ستەمكاری و زۆرداری، بە بیانووی ئەوەی دروست نییە لە (أولي الأمر) و فەرمانڕەوایان ڕاپەرین و سنورێك بۆ ستەمكاری و تاوانە كانیان دانێین، بەڵكو پێویستە بە چەندین رێوشوێنی جیاواز ، كە لەمڕۆدا زۆر و فرەن، دەسەلاتی سەركردە و فەرمانڕەواكان سنووردار بكرێت بەپێی شەرعیەت و دادگەری و پاراستنی مافەكان و بەرژەوەندییە بالاكانی خەڵك و هاونیشتمانیان، بەو پێیەی فەرمانڕەوا و كاربەدەست بریكار و نوێنەری خەڵكە.

## بنەمای پێنجەم لە گوتاری سیاسی نەبەوی: پاراستنی داهاتەكانی دارایی و دابەش كردنیەتی بە یەكسانی:

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەك چۆن گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی هاتووە تا چارەسەر و موعالەجەی قەزیەی دەسەلاْت و چۆنێتی هەلْبژاردنی و سنووری گوێڕایەلْی كردنی بكات و ڕێنمایی گرنگی لەو بارەیەوە خستووەتەڕوو، بە هەمان شێوە بۆ چارەسەركردنی قەزیەی سەروەت و سامان و پێویستی دابەشكردنی و ڕێگری كردن لە هەژموونی چینی سەرمایەداری بە سەریدا هاتووە، هەروەك دەفەرموێت﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ﴾ الحشر:٧، بابەتی دارایی و سامان لە دەولْەت و كۆمەلْگەدا یەكێكە لەو سێ قەزیە سەرەكییەی كە سەرجەم فەلسەفە وەزعی و سیستەمە سیاسییەكان دەیانەوێت ڕووبەڕووی ببنەوە و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە و موعالەجەی ئالْۆزی و ئیشكالیەتەكانی بكەن، كە ئەوانیش بریتین لە (ئایین و دەسەلاْت و سەروەت و سامان)، لەبەرئەوەی یەكێك بووە لە هۆكارە سەرەكییەكانی ململانێ لە نێوان مرۆڤەكان و ئەو جەنگانەی نێوان گەلان و نەتەوە و ولاْتان و بگرە چینەكانی یەك كۆمەلْگەدا ڕویانداوە یان ڕوودەدەن، مێژووی گەل و نەتەوەكان و ڕووداو و كارەساتە گەورەكانیان هەر هەمووی بە دەوری یەكێك یان زیاتر لەم قەزیانەدا خول دەخۆن.

هەروەك چۆن گوتاری سیاسی قورئانی فرەیی ئایینی پەسەندە (وەك ڕێگەپێدان نەك بە ڕاست دانان) و دانی ناوە بە بنەمای "لا إكراه في الدين"، تاوەكو گرفتی تەنگەتاو كردن و تەنگ پێ هەلْچنینی ئایینی و جەنگە ئایینییەكان كۆتایی پێ بهێنێت و ئەو ستەمكارییانە بنەبڕ بكات كە خاوەن ئایین و فیكر و بیروباوەڕەكان بەرامبەر بە موخالیفانیان لە ئایین و بیروباوەڕیاندا پیادەی دەكەن، جا ئیتر ئایینی ئاسمانی بێت، یاخود ئایینێكی دانراوی مرۆڤ كرد بێت، هەروەك چۆن بنەمای ڕاوێژ بۆ ئەوەیە تاكو ڕێگری بكرێت لەوەی دەسەلاْت تەنها لای چین یان خێلْ یان حیزبێكی دیاریكراو بێت و بواریش بكاتەوە لە بەرامبەر فرەیی و دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەلاْتدا، هەروەك لە ئایەتی "وأمرهم شورى بينهم"دا هاتووە، لە لایەكی ترەوە ویست و ڕەزامەندی لە بڕیار و كاروبارەكاندا دەستەبەر بێت بە تایبەت لە هەلْبژاردنی كاربەدەست و فەرمانڕەواكاندا، بێ ئەوەی كەسێك یان كەسانێكی دیاریكراو هەژموون و پێگەی خۆیان بسەپێنن لە كاروبارە گشتییەكاندا، بەوەش مافی خەلْكی زەوت بكرێت و دەسەلاْتێكی خۆسەپێنی زۆردار كە لە ڕووی سیاسییەوە زالْ بێت و خواست و بڕیارەكانی بسەپێنێت بەسەر ئومەت و خەلْكیدا.

بە هەمان شێوە سەبارەت بە سەروەت و سامان و دارایی بنەمای﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ﴾ ی داناوە، تاكو سامان و دارایی لە نێوان سەرجەم تاكەكانی كۆمەلْدا دەستاودەستی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێ بكرێت و ڕێگری بكرێت لەوەی خاوەن كار و سامانەكان هەژموون بكەن بەسەر توانا ئابوورییەكانی خەڵكیدا.

گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی لغاوی توغیان و زیادەڕەوییەكانی پیاوانی دەسەلاَت و پیاوانی دەمامكداری ئایین و پیاوانی خاوەن كار و سامان دەكات، توغیان و زیادەڕەوییەكانی ئەمانە، خراپترین و كاریگەرترین شێوە و وێنەكانی توغیانن و ترسناكترین مەترسیان هەیە لەسەر تاك و كۆمەڵگەكان، قورئانیش فیرعەونی كردوەتە نموونە و نمایندەی توغیانی سیاسی و هامانیش بۆ توغیانی ئایینی و قارونیش بۆ توغیانی سامان و دارایی!

هەموو حوكمەكانی شەریعەت لە بواری قەزیە داراییەكانی وەك زەكات و میرات و دەسكەوت و خەراج و مامەڵە دارایی و بازرگانیەكان، ئەوانەی حەلاڵ یان حەرامن هەر هەموویان لە پێناو مەبەست گەلێكدا هاتوون، كە بریتیە لە پاراستنی سامان و دارایی و گەشەپێدان و وەبەرهێنانی و دابەش كردنی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگەدا بە پێی پێداویستی و ماف و شایستەیی و پێداویستییەكانیان، بە شێوەیەكی دادگەرانەو ڕێگری كردن لە خواردنی سامان و دارایی خەڵكی بە خۆڕایی و باتڵ و ستەم، ئەرك و ڕۆڵی دەسەلاَتیش كاركردنە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستانە، بە پێی چەند ڕێسایەكی شەرعی و بنەمای ڕەچاوكراو، كە خۆی دەبینێتەوە لە:

**ڕێسای یەكەم: سامان و دارایی ولاَت و خەڵكی حەرامە بۆ سەرۆك و بەرپرسەكان، بە ئەندازەی پێویستییەكانیان نەبێت:**

نە دەسەلاَت و نە ئیمام لە سامان و دارایی ولاَت و خەڵكیدا هیچ مافێكیان نیە، نە لە زەوی، نە لە سەروەت، نە لە خانەی داراییدا، تەنها بە پێی پێداویستییەكان نەبێت، یان بە ئەندازەی كرێی هاوپیشەی ئەو لە كارەكەیدا، پێغەمبەری خوا جەختی لەسەر ئەم بنەمایە كردوەتەوە و فەرمویەتی "ما أعطيكم ولا أمنعكم، إنما أنا قاسم أضع حيث أمرت" لە گێڕانەوەیەكی تردا "إنما أنا قاسم وخازن، والله المعطي" بخاري ٣١١٧ ، مسلم ١٠٣٧، هەروەك لە فەرمودەیەكی تردا هاتووە "بعثت قاسماً أقسم بينكم" بخاري ٣١١٤ ، مسلم ٢١٣٣ ، ئەم فەرموودانە جەخت كردنەوەن لەسەر ئەوەی بە پێی مافی خۆتان سامان و دەسكەوتتان پێ دەدرێت و ئەركی پێغەمبەریش پاراستن و دابەش كردنیەتی، خودی پێغەمبەریش هیچ مافێكی لەو سەروەت و سامانانەدا نەبوە، تەنها ئەوە نەبێت كە خوای گەورە لە كیتابەكەیدا دیاریكردوە و بڕیویەتیەوە، پێغەمبەری خواش د.خ تەنها دابەش كارە، خوای گەورە خۆی بەش و ماف و ئەندازەی هەركەسێكی دیاری كردوە، جا چ لە زەكاتدا بێت یان لە میراتییەكاندا، یا لە دەسكەوت و غەنیمەتەكاندا بێت، یاخود لە هەر سەرچاوەیەكی تردا كە دێتە نێو خانەی دارایی یان وەزارەتی داراییەوە (بەپێی زاراوە و دەربڕینی ئەمڕۆ)، لە بەرهەمی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

كان و كانزاكان و سەرچاوە سروشتییەكان بێت، یان كشتوكاڵ و دانەوێڵە، یان بەروبووم و میوەهات، یان بازرگانی و پیشەسازیی و مەڕومالاَت و بەرهەمەكانیان، یان هەر شتێكی تر كە لەمڕۆدا بە بەشێك لە دارایی و سامان دادەنرێت.

لە بۆنەیەكدا پێغەمبەری خوا هەندێك كوڵك و خوری بان پشتی حوشتری لە نێو پەنجەكانیدا بەرزكردبووەوە و فەرمووی: "ئەی خەڵینە! من لەم ماڵەدا هیچ شتێكم بۆ نیە تەنانەت ئەمەش، (ئاماژەی بۆ كوڵك و خوری نێوان پەنجەكانی كرد) تەنها پێنج یەك نەبێت، پێنج یەكەكەش بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە" أبوداود ٢٦٩٤ ، نسائي ٦ - ٢٦٢ ... لە گێڕانەوەكەی عەلیدا هاتووە، كە فەرموویەتی "حوشتری سەدەقە بەلای پێغەمبەری خوادا تێپەڕی، پێغەمبەری خوا د.خ بە دەستی ئاماژەی بە خوری لاتەنیشتی حوشترێك دا و فەرمووی: مـن شایستەتر نیم لە پیاوێكی موسوڵمانان بەم كوڵك و خورییە" أحمد ١-٨٨.

مەبەست لە پێنج یەك ئەوەیە كە لە ئایەتی چل و یەكی سورەتی ئەنفالدا هاتووە﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ پیاوێك پرسیاری دەسكەوتی جەنگی لە پێغەمبەری خوا كرد، ئەویش فەرمووی: "پێنج یەكی بۆ خوایە و چوار لە پێنجیشی بۆ سوپایە"، پیاوەكە وتی: هیچ كەس لە پێشتر نیە لە كەسێكی تر؟ فەرمووی: "نا! تەنانەت ئەو تیرەی لە لاتەنیشتت دەری دەكەیت، تۆ شایستەتر نیت پێی لە برا موسوڵمانەكەت" (رواه البیهقي في السنن، وأورده ابن كثیر في تفسیر الآیة، وقال إسناده صحیح).

بەم شێوەیە بە پێی حوكمی خوا و پێغەمبەرەكەی ماڵ و سامان دەگەڕێتەوە بۆ خەڵكی و هیچ كەس مافی تیایدا نیە، تەنها ئەوە نەبێت خوای گەورە لە كیتابەكەیدا دەستنیشانی كردوە.

**ڕێسای دووەم: بەرپرسیارێتی دەسەلاَت لە چاودێری و سەرپەرشتی كردنی تاكەكانی لە دەوڵەتدا:**

لە ئیسلامدا دەسەلاَت بەرپرسە لە چاودێری كردن و سەرپەرشتی هەر تاكێك لە تاكەكانی سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەت و دابین كردنی پێداویستییەكانی، پێغەمبەری خوا ئەفەرموێت "من ترك مالاً فلورثته، ومن ترك كلاً وعیالاً فإلي وعلي" بخاري ٨ – ٥١٧ ، مسلم ٢ - ٥٩٢ ...

ئەگەر مرۆڤ مرد و سامان و داراییەكی بە جێ هێشت، ئەوا هی میراتگرەكانێتی، بەلاَم گەر خاوخێزانێكی جێهێشتبوو، ئەوا پێویستە دەسەلاَت بەرپرسیارێتی نەفەقەی ئەو خاوخێزانە لە ئەستۆ بگرێت و ژیان و پێداویستییەكانیان دەستەبەر بكات، تا ئەو كاتەی خۆیان دەتوانن ژیان و گوزەرانیان بەڕێوە ببەن.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێغەمبەری خوا ڕەچاوی پێداویستی هەر تاكێكی كردوە، هەر بۆیە "یەك بەشی دەدا بە ڕەبەن و دوو بەش بە خێزاندار" أحمد ٦ – ٢٥ ، أبو داود ٣ - ٣٥٩ ... سەرەتا لە تازە ئازاد كراوەكانەوە دەستی پێ دەكرد، لەبەرئەوەی زۆر پێویستیان پێی بوو، عەبدولای كوڕی عومەر چوو بۆ لای مەعاویە، مەعاویە پێی وت: چ پێویستیەكت هەیە ئەی باوكی عەبدولڕەحمان؟، ئەویش وتی: "پێ بەخشینی ئازادكراوەكان، من بینیم پێغەمبەری خوا یەكەمجار لەوانەوە دەستی پێ دەكرد". أبوداود ٢٩٥٢ ، هەروەها لە بەخشینەكانیدا وەكو یەكی دەدا بە ئافرەتە ئازاد و كۆیلەكان. أبو داود ٢٩٥٢.

دەوڵەتی ئیسلامی بەم تەشریعاتانەیەوە، دەبێتە یەكەم دەوڵەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا كە سیستەمی تەئمینات و چاودێری كۆمەلایەتی بۆ هاولاتییەكانی دانابێت و دابینی كردبێت، بەڵكو ئەمەی كردوەتە گرنگترین بەرپرسیارێتیەك لە بەرپرسیارێتییەكانی دەوڵەت و یەكەمین ئەركێكی كە پێویستە بەرامبەر بە خەڵكەكەی خۆی جێبەجێیان بكات، بێ جیاوازی لە نێوان پیاو و ئافرەت و ئازاد و كۆیلە و گەورە و بچووكدا.

**ڕێسای سێیەم: بەرپرسیارێتی دەسەلات بەرامبەر كارمەندەكانی و لێپرسینەوەیان:**

پێغەمبەری خوا د.خ هەموو پێداویستییە زەرورییەكانی هەر كارمەند و كاربەدەستێكی دەوڵەتی دابین دەكرد، تاوەكو بتوانێت كار و قورسایی ئەركە پێسپێرراوەكانی بە شێوەی داواكراو و پێویست ئەنجام بدات و سەرقاڵ بوونی بە دابین كردنی پێداویستییە زەرورییەكانیەوە، بێ ئاگای نەكات لە پێداویستییەكانی خەڵك و خزمەتگوزارییەكانیان، پێغەمبەری خوا د.خ بۆ هەركەسێك كە كاربەدەست بووبێت لە كاروبار و بەرژەوەندییەكانی خەڵكدا وای دانابوو "ئەگەر ڕەبەن بێت خێزانی بۆ پێكەوە بنرێت، ئەگەر خانووی نەبێت بۆی دروست بكرێت، ئەگەر ئاژەڵی سواری نەبێت بۆی دابین بكرێت" (أبو داود في السنن ٢٩٤٥ ، والأموال لأبي عبيد ص ٢٧٩، واللفظ له، وصححه ابن خزيمة والحاكم وقال: على شرط البخاري). لە گێڕانەوەیەكی تردا هاتووە "هەر كەسێك كرا بە كاربەدەست و خانووی نەبوو، با دروستی بكات، یان ئەگەر سەڵتە با خێزان دروست بكات، یان ئەگەر بێ خزمەتكارە با دابینی بكات، یان ئەگەر ئاژەڵی سواریی نیە با پەیدای بكات، ئەگەر بەدەر لەوانە شتێك بكات ئەوا ناپاك و دزە "(أحمد في المسند ٤ – ٢٢٩ بإسناد حسن). ئەم مافانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە كاربەدەستان سەرقاڵی كاروباری گشتی و بەرژەوەندییەكانی خەڵكن و ناتوانن بە دابین كردنی كاری ترەوە سەرقاڵ بن، ئەكرێت ڕێنماییەكانی دەوڵەت بە پێی كات و سەردەم و شوێن لەم بارەیەوە گۆڕانكاری بەسەردا بێت، بە تایبەت كاربەدەستی لەم قۆناغە مێژووییەدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕابردوو، گرنگ ئەوەیە ژیان و گوزەران و پێداویستی كاربەدەستانی دەوڵەت بە شێوەیەك

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەستەبەر بكرێت كە كاریگەری خراپ لەسەر بەدیهێنان و پارێزگاری ماف و بەرژەوەندییەكانی خەڵك دروست نەكات، نەك چۆنێتی یان چەندێتی خودی دابینكارییەكان، كە بە پێی ڕۆژ و كات و شوێن دەگۆڕێت...

هەروەها پێغەمبەری خوا  لێپرسینەوەی لە كاربەدەست و كارمەندەكانی دەكرد لەوەی لە كاتی وەزیفە و كارەكەیدا چی پەیدا كردوە، هەروەك لە فەرمودەدا هاتووە "پێغەمبەری خوا  كەسێكی كرد بە كاربەدەستی سەدەقەكانی بەنو سولەیم، كاتێك گەڕایەوە لێیی پرسیەوە"، ئەسڵی ئەم بەسەرهاتە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، هەروەك پێغەمبەری خوا فەرمویەتی "من استعملناه على عمل، فرزقناه رزقا، فما أخذ بعد ذلك فهو غلول" (أبو داود ٢٩٤٣ بإسناد صحيح، وصححه ابن خزيمة والحاكم، وقال على شرط الصحيحين)، بەم پێیە بێت هەر كاربەدەستەی زیاد لە موچەی خۆی وەربگرێت یان دەسەڵاتەكەی بەكار بهێنێت بۆ دەسكەوتی ماددی ئەوا ناپاكی كردوە و دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بكرێت.

هەروەها حەرامی كردوە كاربەدەستانی حكومەت و كارمەندەكانی لە كاتی كاروبار و كاربەدەستیاندا دیاری وەربگرن، هەروەها پابەندیانی كردوە هەر شتێكی لەو شێوەیان وەرگرتبێت بیگێڕنەوە بۆ خانەی سامان، هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە " كە پێغەمبەری خوا پیاوێكی كردە كاربەدەست و بەكاری هێنا بۆ وەرگرتنی سەدەقە، كاتێك كە گەڕایەوە وتی: ئەمە بۆ ئێوەیە و ئەمەش بە دیاری دراوە بە من، پێغەمبەری خوا یەكسەر هەستا و وتارێكیدا و فەرمووی: ئەوە بۆ كاربەدەستێك یان كەسانێك كە بەكاریان دەهێنم بۆ كاروبارێك لەو كارانەی خوای گەورە پێمی داوە و سەرپەرشتی دەكەم، دواتر دێتەوە و دەڵێت: ئەمە بۆ ئێوەیە و ئەمەش دیارییە و بە من بەخشراوە؟ ئەی بۆ ناچێت بۆ ماڵی باوك و دایكی و ببینێت و بزانێت دیاری بۆ دێت یان نا؟، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، هەر كەسێك شتێك بە دەست بهێنێت، یان هەر كەسێكتان شتێك بە ناهەق وەربگرێت، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا دەبێت لە سەر ملی هەڵی بگرێت، خوایە گیان ئایا گەیاندم؟ خوایە تۆ شاهێد بە" بخاري ٧١٧٤ ، ٧١٩٧، مسلم ١٨٣٢ .

فەرمودەی "كەسانێك كە بەكاریان دەهێنم بۆ كاروبارێك لەو كارانەی خوای گەورە پێمی داوە و سەرپەرشتی دەكەم"، دیارترین بەڵگەیەكە سەبارەت بەوەی موهیمەكەی سیاسییە، كاربەدەست و ئیمامی ئومەتە، كاربەدەستەكان دادەنێت، باج كۆكەرەوە دەنێرێت، بە دادگەریی و قیست و یەكسانی فەرمانڕەوایی و قەزاوەت دەكات، ئەمەیە ئەو ئیسلامەی خوای گەورە ناردوویەتی بۆ تەواوی مرۆڤەكان.

**ڕێسای چوارەم: زەوی مافی گشتییە ودروستە بژێنرێتەوە و چاك بكرێت و وەبەر بهێنرێت:**

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێغەمبەری خوا حوكمی داوە بەوەی (الحمى) -كە لە كوردیدا لەوانەیە پاكـژ و قەیەغـە و زەوی سنوور بەند كراو گونجاو بێت بۆی- مافی خوا و پێغەبەری خوایە و تەنها بـۆ بەرژەوەنـدی گـشتی كاری لەو شێوەیە دروستە زەوییەك، دەسەلاّتدار ناتوانێت بستە زەوییەك بۆ خۆی دابڕێت و بیكـات بـە هی خۆی، تەنها بۆ بەرژەوەندی گشتی نـەبێت، لـە فەرموودەشـدا هـاتووە "لا حمـى إلا لله ولرسـوله" بخاري ٢٣٧٠ ، هەركەسیش زەوییەكی مـردوو، كـە خـاوەنی نـەبێت، زینـدوو بكاتـەوە و كـشتوكالّ و كشتیاری تێدا بكات، ئەوا پێی دەدرێت (ئەكرێت هەندێك ڕووی ئەم بابەتە كـە جیایـە لـە نـاوەڕۆكی فەرموودەكە و بەهۆی هەندێك گۆڕانكاری لە ئەسڵی بابەتەكەدا گـۆڕانی بەسـەردا هاتبێـت، تـاوتویّ كردنی بەجیّ دەهێڵێن بۆ شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە)، ئەوەشی سـتەمكارێك یـان بەرپرسـێك بـە هەر ناوێكەوە بێت داگیری بكات ئەوا لێیی دەسەنرێتەوە، ئیمامی شـافعیش لـە كیتـابی (الأم — ٤ - ٤٧)، زۆر بە جوانی باسی زیندوو كردنەوەی زەوی و دەركردنی كان و كانزاكانی نـاوی كـردوە و باسـی لەوەش كردوە كە چ زەوییەك ناتوانرێت دابڕێت و بكرێتە پاكژ و قەدەغـە، سـەرەڕای چـۆنێتی سـوود بینین لە زەوی و بەكارهێنانی، كـە كورتـەی بۆچوونەكانیـشی بـەپێی ئـەو بەڵگانـەی لـە كیتـاب و سوننەدا هێناونیێتیەوە لەوەدا كورت دەبێتەوە كە: هاندانێكی زۆر هەیە بۆ چـاككردنی زەوی و زینـدوو كردنەوە و بەكارهێنان و وەبەرهێنانی و نەمرادن و لەكارنەخستنی، هەروەك هەموو خەڵكی هاوبەشـن لە سەروەت و سامانە سروشتییەكانی وەكو نەوت و كانەكاندا، دەسەلاّتیش بۆی نیە مـافی وەبـەرهێنان لە سامانە سروشتییەكاندا بە هۆی خزم خزمێنە و نزیكایەتییەوە ببەخشێت، هەروەك چـۆن بـۆی نیـە سوودە گشتییەكان ببەخشێتە هـیچ كەسـێك، چـونكە هـەموولا بەشـدارن تیایـدا، دەسـەلاّت تـەنها دەتوانێت وەبەرهێنانی مەرافق و كان و كانزاكان بۆ بـەدیهێنانی بەرژەوەنـدی گـشتی بـدات، ئەوەشـی دەیدات نابێت بە شێوەیەكی بەردەوام بێت، بەڵكو بە شێوەیەكی كاتییە، بەو پێیەی بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت، ئەگینا دەگەڕێتەوە بۆ نێو ماڵ و سامانی گشتی، هەروەك دەسەلاّت بۆی نیە تەسـەڕوف بـە شتێكەوە بكات كە لە بەرژەوەندی گـشتیدا نـەبێت، گـەر وایكـرد ئـەوە سـتەم و زۆرداریيـە و لێیـی پەسەند ناكرێت و نابێتە شتێكی یاسایی، هـەروەها دەسـەلاّتدار و كاربەدەسـت -هـەروەك شـافعی و زاناكانی تریش دەفەرمون- بۆی نییە بەشێك لە زەوی بۆ خۆی دابڕێت یان بیكـات بـە مـوڵكی خـۆی یان بۆ بەرژەوەندی خۆی یان كەسێكی خزم و نزیكی بەكاری بهێنێت، هـەموو ئەوانـە كـار و ڕەفتـار و داڕاندنێكی پوچ و نەشیاوە بە پێی حوكم و بڕیاری خوا و پێغەمبەری خوا، لە هەمان كاتدا بـۆی نیـە ڕێگر بێت لە لەوەڕاندنی مەڕ و مـالاّت لـە پـوش و لەوەڕگاكانـدا، یـان سـوود بیـنین لـە ڕووبـار و دەریاكان، یان لە ڕاو و وەبەرهێنان، تەنها لە كاتێكدا نەبێت كە ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی كرابێت.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەموو ئەو شتانەشی حوکمی تەشریعین لە بوارەکانی پەرستش و مامەڵە داراییەکانی وەکو: زەکات و کڕین و فرۆشتن و بەکرێ دان و حیجر و مایە پوچ بوون و بەخشین و وەقف و وەسیەت و میرات و داهات و دەسکەوت و جگە لەمانەش، هەموو حوکمەکانیان گرێدراوی چوار بنەمان، کە ناکرێت لەسەریان ڕاوەستین، بەڵکو تەنها ئاماژەیان پێ دەکەین، ئەوانیش بریتین لە:

**بنەمای یەکەم: پێویستە سامان و دارایی بپارێزرێت و بە فیڕۆ نەدرێت:**

خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت:﴿وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَامًا وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلًا مَعْرُوفًا﴾ "النساء:٥ ،﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ الأعراف:٣١... لە فەرموودەشدا هاتووە کە نابێت سامان و دارایی بە فیڕۆ بدرێت "إن الله ينهاكم عن كثرة السؤال وإضاعة المال" بخاري ٧٢٩٢ .

**بنەمای دووەم: دابەش کردنی سامان و دارایی بە شێوەیەکی دادگەرانە:**

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: "كي لا يكون دولة بين الأغنياء منكم"، ئەمە جگە لەوەی ئەوانەی زەکاتیان پێ دەشێت جۆراو جۆرن و نابێت خۆخۆیی و بەرژەوەندی تایبەتی لەسەر حسابی دارایی گشتی ڕێی پێ بدرێت.

**بنەمای سێیەم: حەرامی دەستدرێژی بۆ سامان و دارایی کەسانی تر:**

لەوانە خواردنی سامان و دارایی هەتیو و ئافرەتان و سامانی گشتی و سامانی کەسانی تر یان خواردنی بەناوی ئایینەوە بە ناڕەوا کە جۆری زۆرە و هەندێك جاریش پاساوی شەرعی بۆ هێنراوەتەوە، یان وەرگرتنی وەکو بەرتیل و ریشوەت و داگیر کردنی لە لایەن دەسەڵات دارانەوە بە ناوی جیاجیا و پاساوی جۆراوجۆرەوە، کە لەمڕۆدا زۆر باوە و ڕێوشوێنی ساختەی یاساییشی بۆ دۆزراوەتەوە... هەروەها حەرامی سوو و قومار کە جیهان جمەی لێیان دێت و کڕین و فرۆشتنە نادروستەکانی وەکو بەیعی غەرەر و و هتد ... هەموو ئەمانە دەیان بەڵگەی سەریح و سەحیحیان لەبارەوە هاتووە.

-﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ الأنعام١٥٢، ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَرِيئًا﴾ النساء:٤ ،﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ﴾ النساء:١٩، ﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ البقرة:١٨٨ ،﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ التوبة:٣٤،﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ البقرة:٢٧٥، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ المائدة:٩٠.

**بنەمای چوارەم: زەرورەتی وەبەرهێنانی سامان و دارایی و گەشە و برەوپێدانی:**

کە لە زۆر دەقی قورئان و سوننەتدا ئاماژەی پێکراوە، لەوانە واجیی زەکات لەو سەروەت و سامانانەی زۆر دەبن وگەشە دەکەن، وەکو ئالتون و زیو و مەڕ و مالآت و بازرگانی و بەروبوم و دانەوێلە و ....هتد، سەرەڕای هاندانی چاککردنی زەوی و زار و کشتوکاڵ کردن و زەوی چاندن و ڕێگەنەدان بە قۆرخ کردنی ئاو و گژوگیا و پوش و پەلآش، هەروەها حەرام کردنی هەموو جۆرەکانی دەستدرێژی کردن بۆ سامان و دارایی خەلکی و دابەش کردنی عادیلانەی داهاتی گشتی ولآت، کە هەموو ئەمانە بە دواداچوونی زۆری دەوێت لە قورئان و سوننەت و کتێبە فیقهییەکاندا.

**بنەمای پێنجەم (لە بنەما گشتییەکان): زەرورەتی جیهاد لە پێناو سەرخستنی ڕەوا و ڕزگارکردنی خەلکیدا:**

لەبەر چەندین مەبەستی مرۆیی گەورە و ئامانجی بەرز و جوان، خوای گەورە جیهادی داناوە و پێویستی کردوە لەسەر باوەڕداران، ئەو مەبەست و ئامانجانەش خۆ دەنوێنن لەم خالآنەی خوارەوەدا:

**مەبەستی یەکەم: وەلآم دانەوەی ئەو دەست درێژییانەی دەکرێتە سەر نەفس و زەوی و ناموس:**

هەوەك خوای گەورە دەفەرموێت﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (٣٩) الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (٤٠) الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ الحج:٣٩-٤١، ئەم ئایەتە یەکەم ئایەتە کە مۆلەتی جەنگ و جیهاد کردنی دابێت لە پێناوی خوای گەورەدا، لە پاش یاخود لە کاتی کۆچ کردن لە مەککەوە بۆ مەدینە دابەزیوە، ئایەتەکە هۆکار و حیکمەتی بە یاسایی کردنی جەنگی باس کردوە، کە ئەویش بریتیە لە هەر دەست درێژییەك کە دەکرێتە سەر باوەڕداران بەوەی بە ناڕەوا لە زەوی و خاکی خۆیان دەربکرێن، کە ئەمەش وەکو کوشتنی نەفس وایە و ستەمێکی یەکجار گەورەیە، بۆیە دروست بووە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەرگری لە خۆیان بكەن و وەڵامی ستەم و زۆرداریيەكان بدەنەوە، ئەمە نـاوەڕۆكی دادگـەریی خواییـە، حیكمەتەكەشی ڕێگری بووە لە ئاژاوە (فتنە) و تەنگەتاو كردن و چەوسـاندنەوەی ئـایینی (الاضـطهاد الديني) و بەرهەڵستی كردنی ڕوودانی ئەو بارە، ئەم تـەنگ پـێ هەڵـچنین و چەوسـاندنەوە ئایینییـە بەرەنجامی دەست درێژی و ستەمی خاوەن ئایینەكانە لە یەكتری، كە بەرامبـەر یـەك ئـەنجامیان داوە و كاری ناڕەوا و دوژمنكارییان بەرپاكردوە بە هۆی جیاوازی ئایین و بیروباوەڕیانەوە، لێرەدا و بۆ نـەهێلآنی ئەم بارە، خوای گـەورە جـەنگ و جیهـادی تەشـریع كـردوە، تـاكو سـەومەعەی ئـاگر پەرسـتەكان و كەنیسەی نەسرانییەكان و سەڵەوات (كنيست)ی یەهود و مزگـەوتی موسـوڵمانان نـەڕوخێن و تێـك و پێك نەدرێن، لەبەرئەوەی هەر هەموویان پەرستگان و یادی خوایان بە زۆری تێـدا دەكرێـت، هـەروەك (ابن جرير الطبري)، ئەم بۆچوونەی بە بەهێز داناوە... خوای گەورە پەیامبەرەكەی بۆ خێر و خۆشی هـەر هەموو مرۆڤایەتی ناردووە، تاكو ڕێوشوێنی عەدل و ڕەحمەت و ئاسایش و ئاشتییان بۆ بـەدی بێنێـت، هەربۆیە زۆركردن و ناچاری بۆ ئایین وەرگرتن پەسـەند نیـە، خـوای گـەورە خۆشـی لـە ڕۆژی دواییـدا ناكۆكییەكانی نێوان هەموو ئایینـەكان یەكلادەكاتـەوە و قـەزاوەتی خـۆی دەكـات، مەبەسـتیش لـە سەركەوتن و سەقامگیری (النـصر والتمكين)ی بـاوەڕداران لەسـەر زەویـدا، بریتیـە لـە بـەرپا كردنـی عەدالەتخوازی و ڕەوایەتی و لابردنی ستەم و ڕەتدانەوەی دەستدرێژی، هەموو ئەمانـەش لـەنێو ئایـەتی (وأمروا بالمعروف ونهوا عن المنكـر)دا جێگەیان دەبێتەوە، هەر بۆیە خوای گەورە فەرمان بە بـاوەڕداران دەكات كە واز بهێنن لـە شـەڕكردن (قتـال)ی ئەوانـەی دەسـتدرێژییان نەكردوەتـە سـەریان، وەك لـە فەرموودەی خوای گەورەدا هاتوە﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّـهَ لَـا يُحِـبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ البقـرة:١٩٠، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو فەرمانی كردوە بە چاكە و چاكەخوازی لە گـەڵیان، تەنانەت ئەگەر جیاوازی ئایینیشیان هەبوو لـە گەڵیانـدا، خـوای پـاك وبێگـەرد دەفـەرموێت: ﴿لَـا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَـارِكُمْ أَنْ تَبَـرُّوهُمْ وَتُقْـسِطُوا إِلَـيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْـسِطِينَ (٨) إِنَّمَـا يَنْهَـاكُمُ اللَّـهُ عَـنِ الَّـذِينَ قَـاتَلُوكُمْ فِـي الـدِّينِ وَأَخْرَجُـوكُمْ مِـنْ دِيَـارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُـمُ الظَّـالِمُونَ﴾ المتحنـة٨-٩، لێـرەدا خـوای گەورە نەهی دەكات لەگەڵ جۆری یەكەمدا جەنگ و شـەڕ بـەرپا بكرێـت، ئـەوانیش بـریتین لەوانـەی باوەڕدارانیان لە وڵات و خاكی خۆیان دەرنەكردوە و نەبوونەتە مایـەی فیتنـە لـە ئـایین و ئیمانیانـدا، فەرمانیشی داوە بە دادگەرانە هەڵـسوكەوتیان لەگـەڵ بكرێـت، بـەڵكو چـاكە (الـبر) و چـاكەخوازی (الاحسان)یان لەگەڵدا پیادە بكرێت، هەروەها نەهی دەكات كە پشت هەڵبكرێت لە جۆری دووەم، كـە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بریتین لەوانەی ئیماندارانیان ڕووبەڕووی فیتنە کردوەتەوە لە ئایینەکەیاندا، یاخود لە زەوی و خاکی خۆیان وەدەریانیان ناوە، بەو پێیەی بێ هەڵوێستی لە بەرامبەر ئەم بارە ستەمکاری و دەستدرێژییەدا کارێکی ناڕەوایە و بە ستەمکاری لێکدەدرێتەوە، لە کاتێکدا خوای گەورە فەرمان بە (عدل) و (قسط) دەکات، تەنانەت ئەم جۆری دووەمەش کە خوای گەورە مۆڵەتی داوە جەنگیان لەگەڵ بکرێت، حەرامی کردوە باوەڕداران دەست درێژییان بکەنە سەر و ستەمیان لێ بکەن، چونکە مەبەست لە قیتال ڕێگرتنە لە ستەم و دەستدرێژی و بەرپاکردنی ڕەوا، نەك خراپەکاری لەسەر زەویدا، هەروەك خوای گەورە سەبارەت بە ستەمکار دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ﴾ البقرة:٢٠٥، هەر بۆیە کاتێك پێغەمبەری خوا سوپایەکی بەڕێ دەخست، وەسیەتی بۆیان دەکرد کە بە ناوی خواوە غەز و بکەن و ناپاکی و غەدر نەکەن، جەستە نەشێوێنن و ئەتك نەکەن، منداڵ و پیاوانی نێو پەرستگا و سەومەعەکان نەکوژن"مسلم ١٧٣١ ، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە "پیری پەککەوتە و منداڵ و بچووك و ئافرەت مەکوژن" أبوداود ٢٦١٤ .

**مەبەستی دووەم: جەنگ (قتال) لە پێناو پشتیوانی کردن و سەرخستنی چەوساوەکان لەسەر زەویدا:**

خوای گەورە پێویستی کردوە لەسەر باوەڕداران پشتیوانی چەوساوە و لاوازەکان بن، ستەمیان لەسەر لابدەن، قیتال کردنیشی لە پێناو بەدیهێنانی ئەم مەبەستەدا بە جیهادێکی مەشروع و دروست داناوە، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی:(وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا (٧٥) الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا) النساء٧٥-٧٦.

خوای گەورە جەنگ کردن (قتال)ی لە پێناو ڕزگارکردنی چەوساوەکان و هەڵگرتنی ستەم ونەهێشتنی چەوساندنەوەیان، بە جەنگ کردن لە پێناو خوادا ئەژمار دەکات، بە هەمان شێوە دڵ دانەوەیانی بە پێدانی ماڵ و زەکات، بە بەخشین و ئینفاق لە پێناوی خوادا داناوە، وەك لە فەرموودەی خوادا هاتووە﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ التوبة:٣٤.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕێی خوا (سبیل الله)، جەنگ کردن لە پێناو بەرگری کردن لە چەوساوەکان دەگرێتەوە، هەروەها شمولی بەخشین بە هەژار و نەدارەکانیش دەکات، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ البقرە:١٩٥. هەندێك لە سەلەف بەخشین لە پێناوی خوادا (الانفاق فی سبیل الله) لەم ئایەتەدا بە بەخشین بە هەژار و نەدارەکان پێناسە دەکەن

**مەبەستی سێیەم: جەنگ (قتال) کردن بۆ ئەوەی مل کەچی(دین) هەر هەمووی بۆ خوا بێت:**

واتا لە پێناو ئەوەی گوێڕایەڵی کردن تەنها بۆ خودا بێت، نەك بۆ تاغوت و زۆردارەکان، تاکو کاروباری خەڵکی هەر هەمووی بە شێوەیەکی داگەرانە بێت، هەروەك خوای بالادەست دەفەرموێت: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ﴾ الأنفال:٣٩، هەروەك فەرموویەتی:﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ البقرة:١٩٣، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَأَخْرِجُوهُمْ مِنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ﴾ البقرة: ١٩١، هەروەها فەرموویەتی:﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ﴾ البقرة:٢١٧.

خوای گەورە (الفتنة) و چەوساندنەوەی ئایینی و ئازار و سزادانی مرۆڤی بە هۆی ئایینەکەیەوە (هەروەك هاوبەش پەیداکاران لە مەککە بەرامبەر باوەڕداران پێی هەڵدەسان) یاخود سزا و ئازاردانی خەڵکی لە پێناو بانگەشە کردن بۆ ڕەوا و دادگەری و ئازادی (هەروەك لە گرتوخانەی زۆردار و ستەمکارەکانی ئەمڕۆدا پیادە دەکرێت) هەموو ئەمانە لە کوشتن بە خراپتر دادەنێ، هەر بۆیە خوای گەورە جیهادی فەرز کردووە لەو پێناوەدا، تاکو (دین) واتا گوێڕایەڵی کردن (الطاعة) هەر هەمووی بۆ خوا بێت، هەروەها بۆ ئەوەی کەلیمەی خوا لە بالاترین ئاستدا بێت و کەلیمەی تاغوت و خۆ بەگەورەزانەکان لە نزمی و نشێویدا بێت، هەروەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە "من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله" بوخاري ٢٨١٠ ، مسلم ١٩٠٤ .

مەبەست لە "أن يكون الدين كله لله" ئەوە نیە هەر هەموو خەڵکی بێنە نێو ئیسلامەوە، ئەگەر ئەمە مەبەست بووایە ئەوا دژ و ناکۆك دەبوو بە ئایەتی "لا إكراه في الدين"، هەروەها ئەوکات ئیسلام ئیقراری فرە ئایینی نەدەکرد و ڕێی نەدەدا ئایینەکانی تر لە ژێر سایەی عەدل و شەریعەتی ئەودا بوونیان هەبێت، بەڵکو مەبەست لەوەیە کەلیمەی خوا کە فەرمانی کردوە بە عەدل و قیست ئەو حاکم بێت لە نێوان بەندە باوەڕدار و موشریکەکانیشدا، گوێڕایەڵیش تەنها بۆ ئەو بێت نەك بۆ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەو مرۆڤە ستەمكارانەی خۆیان بە خواكردوە، نەك بۆ تاغوتە زۆردار و ستەمكارەكان، جا ئیتر كیسرا و قەیسەر و زۆردارەكان بن، یان پیاوانی ئایین بن لە حیبر و ڕاهیب و پیاوەكانی سوڵتان و ماستاوكارانی بەر دەركی ستەمكاران.

لە بارەی ئەو ئاژاوە (الفتنه)یەی لە نێوان موسوڵمانەندا رویدا، پرسیاریان لە عەبدوڵای كوڕی عومەر كرد و وتیان: بۆ قیتال ناكەین، لە كاتێكدا خوای گەورە فەرموویەتی "وقاتلوا حتى لاتكون فتنة"؟، فەرموی دەزانن (فتنة) چییە؟ پیاو لەسەر ئایینەكەی تاقی دەكرایەوە، جا چ بەوەی دەیانكوشت، یان دەیان بەستەوە -واتا كافرەكانی قورەیش لە مەككەدا زیندانییان دەكرد- ئێمە قیتالمان كرد تا ئەو فیتنەیە نەما، هەروەها ملكەچی (الدین) تەنها بۆ خوا بوو، ئێوە دەتانەوێت قیتال بكەن تاكو ئاژاوە گێڕی (فتنة) بەرپا بێت، هەروەها ملكەچی (الدین) بۆ جگە لە خوا بێت، لە گێڕانەوەیەكدا هاتووە: پێغەمبەری خوا د.خ قیتالی موشریكینی دەكرد، چوونە سەریانی بە فیتنە دادەنا، نەك ئەو جەنگەی ئێوە كە لە سەر موڵك و دەسەڵات دەیكەن" بخاري ٤٥١٣ و ٤٥١٤ و ٤٦٥١ .

عەبدوڵا شەڕكردن لەگەڵ پادشاكان بۆ زاڵبوون بە سەر موڵك و سامانەكانیان، بە جەنگێك دادەنێت كە هەڵگیسێنەری فیتنەیە و بۆ ئەوەیە ملكەچی بۆ جگە لە خوا بێت، نەك بۆ بەرزی و بڵندی كەلیمەی خوا، هەروەها نە بۆ ئەوەی ملكەچی (دین) هەر هەمووی بۆ خوا بێت!

فەرموودەكەی عەبدوڵای كوڕی عومەر سەبارەت بە (دین) لێرەدا، ڕوونترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (دین) لێرەدا (الطاعة) دەگرێتەوە، هەروەك جەنگ لە پێناو پادشاكاندا، جەنگێكە بۆ ئەوەی ئایین و گوێڕایەڵی بۆ پاشاكان بێت نەك خوا! هەروەها ئەوانەی لە پاڵ یان لە دوای پاشاكانیانەوە دەجەنگن تاكو دەسەڵاتیان زیاتر بێت بەسەر گەلەكانیانەوە و زیاتر بیان چەوسێننەوە و ناچاریان بكەن، ئەوا جەنگ كردنیان بۆ ئەوەیە ملكەچی و ئایینیش بۆ خزمەتی پاشاكان بێت.

ئەمە هۆكارەكانی فەرزبونی جیهاد وقیتال بوون، لابردن و نەهێڵانی ستەم و دەستدرێژی بۆ سەر باوەڕداران و چەوساوەكان، بەرز و بڵند ڕاگرتنی كەلیمەی خوا و مل كەچی بۆی نەك بۆ تاغوت و زۆردار و ستەمكارەكان.

تەشریع بوونی جیهاد بۆ كوشتنی خەڵكی و لەناوبردنیان نیە، بەڵكو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی توغیان و تاغوتەكانە، بۆ بەرپاكردنی دەوڵەتی هەق و ئازادی و عەدالەتخوازییە، ئەوەشی جەختلەمە دەكاتەوە ئەو فەرموودەیەی خوایە كە ئەفەرموێت:﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾ الأنفال:٦٠.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مەبەست لە ئامادەکاری و خۆسازدان و بەدیهێنانی سەلّمینەوەی دەرونی و ترس و تۆقاندنی دوژمنانە، تاکو دەستدرێژی نەکەنە سەر موسولّمانان، لە فەرموودەشدا هاتووە کە نابێت ئاواتەخوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن بین و داوای عافیەت بکەین "لا تتمنوا لقاء العدو واسألوا الله العافية، فإذا لقيتم فاصبروا" بخاري ٣٠٢٦ ، ٣٠٢٤ ، مسلم ١٧٤١ ، ١٧٤٢ .

ئەمە بەلّگەیە لەسەر ئەوەی قیتال لە خودی خۆیدا مەبەست نیە، بەلّکو گرێدراوی ئەو داکۆکی کردنەیە کە لە پێناو ستەملێکراو و چەوساواندا دەکرێت، لە پێناو بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیکاران و دەرخستنی حوکمەکانی ئایینە، ئەو حوکمانەی بۆ بەرپاکردنی دادگەری هاتوون، تاکو کەس ستەم لەوی دی نەکات، کەس ئەویتر تووشی فیتنە نەکات و کەس کەس نەکوژێت، تاکو جولەکە لە سایەی دادگەری ئیسلام و دەولّەتەکەیدا بە جولەکەیەتی خۆی بمێنێتەوە، بە هەمان شێوە نەسرانیش لەسەر نەسرانیەتی خۆی و مەجوسیش لەسەر مەجوسییەتی خۆی و سابیئەش لەسەر سابیئەیەتی خۆی بمێنێتەوە، لە دوارۆژیشدا خوای گەورە خۆی حوکم و بڕیاری خۆی دەدات، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ الحج:١٧، هەروەك لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا وا کرا لەگەلّ ئوسقوف و کاهین و تەبیع و ڕوهبانەکانی نەجراندا: "أن لهم على ما تحت أيديهم من قليل وكثير من بيعهم وصلواتهم ورهبانيتهم، وجوار الله ورسوله، لا يغير أسقف عن أسقفيته، ولا راهب عن رهبانيته، ولا كاهن عن كهانته، ولا يغير حق من حقوقهم، ولا سلطانهم، ولا شيء مما كانوا عليه ما نصحوا وأصلحوا فيما عليهم غير مثقلين بظلم ولا ظالمين" (طبقات ابن سعد ١ - ٢٦٦)، شوێن و ڕێگەی خواپەرستییان و خۆیان و پۆستە ئایینییەکانیان پارێزراون، ماف و دەسەلاّتەکانیان وەك خۆی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی چاکەخواز و ئامۆژگاریکار و دلّسۆز دەبن و بە ستەم و ستەمکاری تاوانبار نابن، ئەمە ڕێنمایی ئیسلامە بۆ ئەو خاوەن ئایینانەی دەکرا شوێنەواریان نەهێلّرێت ئەگەر ئیسلام پەیامی خوایی و دابینکاری تەواوی ماف و ئازادییەکان نەبووایە؟!

جیهاد لە گەلّ ئەوەی لە سەر دەرون قورسە و هەولّ و تێکۆشان و بەخشینی تێدایە، سروشتی مرۆڤ لە ناخەوە حەزی پێ ناکات، بەلاّم پڕ خێرە لەبەرئەوەی بەرژەوەندییە گشتی و هۆکارە زەرورییەکانی ژیانی کۆمەلّگە مرۆییەکانی لەسەر بەندە، بە تایبەت لە هەموو سەردەمێکدا ئەو جۆرە ستەمکارانە بەدی دەکرێن کە داخ دەنێن بە دلّی گەلاندا و تالاّویان پێ دەچێژن و باوەڕداران دەچەوسێننەوە و لە بۆسەدان بۆیان و پیلانیان بۆ دەگێڕن، هەر بەم جۆرە ڕەفتارانەیانە جارێکی تر توغیان نوێ دەبێتەوە و دێتەوە گۆڕەپان، هەر بۆیە جیهادیش تاوەکو ڕۆژی قیامەت درێژەی دەبێت،

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تاكو ڕووبەڕووی ئەو زۆرداریيانە بوەستنەوە و پيلان و مەبەستەكانيان پـوچ بكرێتـەوە، هـەر وەك لـە فـەرمووده سـەحیحەدا هـاتووە "مـن لم يغـزوا ولم يحـدث نفـسه بـالغزو مـات ميتـة جاهليـة"، لـە گێڕانەوەيەكی تردا "مات على شعبة من نفاق" مسلم ۱۹۱۰ ، تاكو باوەڕداران بەردەوام ئامـادەبن بـۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمكار و زۆرداران....

## بنەماكانی گوتاری سیاسی ڕاشدی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەگەر گوتاری سیاسی قورئانی گوتارێکی خوایی ئاسمانی بوو بێت و گوتاری نەبەوی وەحی خوایی و پیادەکردنێکی مرۆییانە بووبێت، ئەوا گوتاری راشدی و ئەو ڕێوشوێنانەی ئەم گوتارە لە بواری ئیمامەت و کاربەڕێوەبەری خەڵکیدا گرتویانەتەبەر بریتی بووە لە نموونەیەکی ڕوتی مرۆییانەی گوتاری سیاسی ئیسلامی، لە سایەی ئاماژەکانی وەحی و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) و ئەزموونێکی ئیجتیهادییانەی پابەندەوە، پێغەمبەری خواش (د.خ) فەرمانی کردوە پابەند بین بە سوننەتی خەلیفە راشدییە مەهدییەکانی دوای خۆیەوە و فەرمویەتی "من يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي، تمسكوا بها، وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار" (أبوداود ٤٦٠٧ ، ترمذي ٢٦٧٨ ، إبن ماجه ٤٢ ، (ترمذي دەفەرموێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە).

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە "جێنشینایەتی لە دوای من سی ساڵە" (أبوداود ٤٦٤٦ ، ترمذي ٢٢٢٦ )، ترمزی بە حەسەن و ئەحمەدیش ٥-٢٢٠ بە سەحیحی داناوە)،. کە سەردەمی هەر چوار جێنشینەکە دەگرێتەوە، هەندێك دەفەرموون: هەر بەیعەتێك لە مەدینەدا گرێبەستی کرابێت، ئەوە جێنشینایەتی پێغەمبەرە، کە دواهەمینیان بەیعەتی عەلی بووە، وتراویشە ئەو (٣٠)سی ساڵە بە جێنشینایەتی حەسەنەوە کە نیوساڵێك بووە، دەکاتە سی ساڵ.

ئەوەشی لە فەرموودەکەدا هاتوە "ثم يؤتي الملك من يشاء"، هەر جێنشینایەتی و دەسەلاَت دەگرێتەوە، چونکە لە ڕووی زمان و عورفەوە دەتوانرێت پێی بوترێت (ملك)، نەك لە رووی حەقیقەت و شەرعەوە، هەروەك موسعەبی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس کاتێك چوو بۆ لای باوکی و پێیی وت: "تركت الناس يتنازعون على الملك بينهم" (مسلم ٢٩٦٩) واتا: وازت لە خەڵکی هێناوە لەسەر دەسەلاَت و جێنشیانایەتی ناکۆك بن، هەروەك لە فەرموودەکەدا ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی خیلافەت لادانی بەسەردا دێت، لە جێنشینایەتییەکی نەبەوی راشدییەوە کە زۆرداری (جبر)ی تێدا نییە دەگۆڕێت بۆ جێنشینایەتییەك کە زۆرداری (جبر)ی تێدایە.

لەم بارانەوە چەندین فەرموودەی تریشمان هەیە لەوانە: دوانزە کەس لە قورەیش دەبنە جێنشین، کە لە (٣٠)سی ساڵەکەدا تەنها پێنج کەسیانی تێدا بووە، کەواتا ئەوانیتر تەواو وەکو جێنشینایەتی نبوەت نەبووە بەڵکو گشتی بووە و هاوشێوە و نزیکی جێنشینە ڕاشدییەکان بووە، لەوانە عەبدولاَی کوڕی زوبەیر و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، فەرموودەی تریش هەیە سەبارەت بەوەی ئاماژە بۆ سی و پێنج و سی و شەش ساڵ دەکات و دواتریش تا حەفتا ساڵی جێنشینایەتی دەکات کە بە شێوەیەکی لاوازتر و بە هەندێك خڵتە و پڵتەوە درێژەی دەبێت، کەواتا جێنشینایەتی راشدی کە تەواو لە سەر ڕێوشوێنی نبوەت بووبێت سەردەمی چوار خەلیفەی راشیدی و سەردەمی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

حەسەنی کوڕی عەلییە، هاوشێوەی ئەوانیش تا حەفتا ساڵ درێژەی بووە بە کەموکورتییەوە، دواهەمین هاوەڵێك کە فەرمان ڕەوایەتی کردبێت عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بووە، کە لە ساڵی ٧٣ی کۆچیدا شەهید کرا بەپێی بەیعەت و ڕەزامەندی خەڵك بوو بە خەلیفە، کە پاشتر لە سەردەمی عەبدولملیکی کوڕی مەرواندا گۆڕرا بۆ پاشایەتییەکی دەست و مەچەك قاییم (ملك عضوض) کە لە ژێر زۆری شیر و هێزدا بەیعەتی لە خەڵکی وەرگرت، بە پێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆیەوە.

ئەو فەرموودانەی لەم بارەوە هاتوون باس لەوە دەکەن کە سیستەمی فەرمانڕەوایی بریتییە لە جێنشینایەتی و جێنشین، (ابن حبان)یش لە سەحیحەکەیدا (باب)ێکی هێناوە بە ناونیشانی (ڕونکردنەوەی ئەوەی لە ناچاریدا ناوی (الملوك) بە سەر (خلفاء)دا دەبڕدرێت)، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی گێڕەرەوەکان دەربڕینی (وسائرهم ملوك) لە دەقی "الخلافة بعدي ثلاثين وسائرهم ملوك" بە نەچەسپاو و نادروست دەزانن.

بە هەرحاڵ ئەوەی کێشەی لەسەر نیە لە نێوان پێشەوایانی سەلەف و خەلەفدا ئەوەیە: خیلافەتێك کە بەپێی نبوەت بووبێت سی ساڵ بووە و سەردەمی هەر چوار خەلیفەکە دەگرێتەوە، کە هاوەڵان لە مەدینەدا بەیعەتیان پێیاندا و پێویستە ڕێوشوێنیان بگیرێتە بەر، پاشتریش هەر خەلیفەیەك وەك ئەوانی کردبێت خەلیفەی ڕاشدی بووە "ثم تكون خلافة على نهج النبوة ثم تكون ملكا عضوضا ثم جبريا ثم تعود خلافة على نهج النبوة"، پاشتریش جێنشینایەتی گواسترایەوە بۆ هاوەڵە بچووکەکانی وەك حەسەنی کوڕی عەلی کە شەش مانگی خایاند و دواتر حەسەن بۆ مەعاویە وازی هێنا و دەستی لەکار کێشایەوە، بە بەیعەتدانی حوسەین بە مەعاویە لە ٤١ی کۆچی و لە ساڵی (الجماعة)دا موعاویە بوو بە خەلیفە و بیست ساڵی خایاند، کە ساڵە سەرەتاکانی خیلافەتی بە عومەری کوڕی خەتتاب چوێنراوە، پاشتریش بە سوور بوونی لەسەر بەیعەتدان بە یەزیدی کوڕی، خڵتە و تەمومژی (دخن) تێکەڵ بەو ساف و ڕوونییەی خیلافەت دەبێت و لە دوای کۆچ کردنی مەعاویە پشێوی لە سەردەمی یەزیددا ڕوودەدات و یەزید نەیتوانی کاروبار ڕێکبخات و بۆچوونی تەواویش ئەوەیە کە گرێبەستی خەلیفەیەتی هەر بۆ دانەمەزرا، پاشان عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەپێی ڕاوێژ و ڕەزامەندی موسوڵمانان بەیعەتی پێ دەدرێت و نزیکەی نۆ ساڵ بەردەوام بوو تیایدا (٧٣ك) و هاوشێوەی خەلیفەکانی ڕاشدی بووە و هەندێك بە خەلیفەی پێنجەمی ڕاشدی دایانناوە، ماوەی جێنشینایەتی هاوەڵە بچووکەکان (حەسەن و مەعاویە و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر) (٣٠)سی ساڵێك بووە، لەگەڵ سەردەمی نبوەت لە دوای کۆچ بۆ مەدینەوە دەبێتە حەفتا ساڵ، دیارە چل ساڵی کۆتایی لە ئاستی سی ساڵی یەکەمدا نەبووە، بە کۆتایی حەفتا ساڵەکە و خۆ سەپاندنی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان سەردەمێکی تر سەر هەڵدەدات و گوتارێکی تری سیاسی دەردەکەوێت، خۆ سەپاندن

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وبەیعەتدانی ناچاری جێگەی هەڵبژاردن و ڕاوێژی گرتەوە، هەر چەندە زۆر ڕواڵەتی تری شەریعەت بەردەوامی بووە و درێژەی پێ دراوە، بەتایبەتی لە ئاستی جەماوەری و زانایان و پیادەکردنی زۆرێك لە حوکمەکانی شەریعەت، لادانەکەش زیاتر بواری گوتاری سیاسی گرتەوە، کە بە گوتاری سیاسی تەئویل کراو ناو زەند دەکرێت و لە کتێبی (ئازادی یا تۆفان)دا زۆر بە دوور و درێژی باس و خواسی لە سەر کراوە، ئەوەشمان بیر نەچێت سەردەمی هەریەك لە ئەبوبەکر و عومەر کە بە (شیخان-شیخین) ناو دەبرێت تایبەتمەندی خۆی هەبووە و ئاستێکی پێشترە و ئومەتی ئیسلام لە یەکریزی و بارێکی باشتردا بوون لە زۆربەی بوارەکاندا، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی هەریەك لە عوسمان و عەلی (الصهران-الصهرین)، هەرچەندە هەر هەموویان لە چوارچێوەی خەلیفە راشدییەکاندا بوون، بە هۆی ئەو پشێوییانەی لە سەردەمی ئەماندا روویاندا، بەلاّم هەر یەکەشیان کۆمەڵێك کاروباری گەورە و گرنگیی ڕاپەڕاندووە و ئیجتهادی تایبەتی هەبووە کە زۆر گرنگن لە مێژووی فەرمانڕەوایەتی و هزری ئیسلامی دا.

## گوتاری راشدی و دەرکەوتە و ڕەنگ دانەوەکانی

چەند ڕووداوێکی سەرەکی لە مێژووی ئیسلامیدا، بنەماکانی گوتاری راشدیمان بۆ دەخەنە ڕوو، لە رووی تیۆرییەوە ئەو بنەمایانە شێوەیەکی بنجدار و چەسپاویان وەرگرت و ناکرێت ڕەت بکرێنەوە یان تەئویلیان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو ڕووداوە سەرەکییانەش بریتین لە:-

یەکەم: وەفات و کۆچی پێغەمبەر (د.خ) بێ دانانی جێنشین و وەسیەتێك:

بە سەرنج دانێکی بێ لایەن و زانستییانە و شەن و کەو کردنی ئەو فەرموودە و ئەو ڕووداوانەی لەم سەروبەندەدا رویانداوە، کە زۆر و زەوەندن، دەگەینە ئەوەی پێغەمبەری خوا هیچ کەسێکی نەکردوە بە جێنشین و کەسی دیاری نەکردووە ببێتە پێشەوای موسوڵمانان لە دوای خۆی، هەموو ئەو هەڵوێست و فەرموودانەی لە بارەی ئەبوبەکرەوە هاتوون، یان سەبارەت بە عەلی خوایان لێ ڕازی بێت وتراون، هەموو نیشانەی فەزڵ و گەورەیی و قەدرزانی ئەوانە و وەسیەتی پێغەمبەری خوا تەنها پابەند بوون بووە بە قورئانەوە، لەوەشدا ڕاوێژ کراوە بە بنەما بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەوای دوای خۆی، دیارە پێغەمبەری خوا (د.خ) زانیویەتی کێ لە هەموویان شایستەترە و بەنیازیش بووە نووسراوێکیان لەو بارەیەوە بۆ بنووسێت کە ئاماژە هەیە بۆ لە پێشینەیی ئەبوبەکر لەو بارەیەوە، بەلاّم ویستی خوا وابوو ئەو کارە نەکات و بنەما قورئانییەکە پەیڕەو کرا، لە (بوخاری ٤٤٤٧)دا هاتووە کاتێك عەباس لە نەخۆشی پێغەمبەری خوادا، کە هەستی کردوە نەخۆشی وەفاتە، بەو پێیەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاشنای شێوە مردنی کەسوکارەکەی بووە، دەستی عەلی دەگرێت و پێی دەڵێت: با بچین بۆ لای پێغەمبەری خوا و پێی بڵێین لە دوای خۆی ئەم کارە بۆ کێ دەبێت، ئەگەر لە ئێمەدا بوو ئەوا دەیزانین و لە دەرەوەی ئێمەشدا بوو هەر دەیزانین، تا وەسێتمان بۆ بکات، کەچی عەلی ((خ.ل)) دەفەرموێت: بەخوا ئەگەر ئەم داواکارییە لە پێغەمبەری خوا بکەین و پێمانی نەدات، ئەوا خەڵکی دواتر پێمانی نادات و ( ئەم ئەرکەمان پێ ناسپێرێت)، بە خوا من داوای وا لە پێغەمبەری خوا ناکەم.

ئەگەر پێغەمبەری خوا کەسی دیاری کردبووایە عەباس بیری لە شتی وا نەدەکردەوە، ئەگەر عەلیش وەسی و دەسنیشان کراوی پێغەمبەری خوا بووایە وەکو شیعەکان دەیڵێن ئەوا پێویستی بەم کارەی عەباس نەبوو، یاخود نەدەترسا لەوەی شتێکی وا بە پێغەمبەری خوا بوترێت.

هەربۆیە پێغەمبەری خوا (د.خ)، وەفاتی کرد بێ ئەوەی کەس دیاری بکات بۆ جێنشینایەتی، نە لە خزمە نزیکەکانی خۆی و نە لەوانی تریش، کەسیشی ڕانەسپارد لەو بارەیەوە، بەڵکو جێی هێشت تاکو بە ڕاوێژی نێوان موسوڵمانان خۆیان بێت و خۆیان کارەکە یەکلایی بکەنەوە، هەروەها سەروەت و سامانیشی بۆ کەس بە جێ نەهێشت، چونکە وەکو خۆی فەرموو بووی، ئێمەی پێغەمبەران میراتگرمان نابێت، ئەوەی بەجێی دەهێڵین سەدەقە و خێرە "إنا لا نورث ما تركناه صدقة" بخاري ٤٢٤٠ .

عائیشەش ئەفەرموێت "پێغەمبەری خوا کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی جێنشین دابنێت، ئەگەر کەسێکی دا بنایە ئەوە ئەبوبەکر یان عومەری دادەنا"، مسلم ١٨٥٦ ، عومەریش لەسەر دوانگەوە دەفەرموێت: سێ شت هەبوو ئەگەر پێغەمبەری خوا زیاتر بۆمانی ڕوون بکردایەتەوە، لە هەموو دونیا لای من خۆشتر بوو، کە یەك لەوانە دانانی جێنشینە.

لە چەندین گێڕانەوەی سەحیحدا هاتووە کە هەریەك لە عومەر و عەلی جەختیان لەوە کردووەتەوە کە پێغەمبەری خوا کەسی بۆ دوای خۆی دیاری نەکردوە، هەرچەندە ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی کەسێکی وەکو ئیمامی عەلی ((خ.ل)) خۆی بە شایستەی ئەو کارە بینیوە، بەلأم کاتێك موسوڵمانان کەسێکی تریان هەڵبژاردووە، ئەم سەمع و تاعەی بۆی هەبووە، ئەو فەرموودەیەش کە ئاماژەی تیایە بۆ ئیمامی عەلی "من كنت مولاه فعلي مولاه"، پەیوەست بووە بەوەی هەندێك کەس ویستوویانە تانە بدەن لە کاربەدەستێتی عەلی لە یەمەن، بەوەی هەندێك ڕێوشوێنی ئیداری لەگەڵیاندا گرتبووە بەر، ئەوانیش سکالأیان لە دەستی کردبوو، پێغەمبەری خواش بۆ وەلأمدانەوەی ئەو سکالأیانە و ڕاستێتی کارەکانی ئیمامی عەلی ئەم فەرموودەیەی فەرمووە، کە لە زۆر سەرچاوەدا و بە چەند شێوەیەك ئاماژەی پێ کراوە و لە هەندێك شوێنیشدا هەندێك زیادەی (ضعيف)یشی خراوەتە پاڵ.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کوورتەی قسان ئەوەیە پێغەمبەری خوا ئەبوبەکری نەکردوە بە جێنشین وەك هەندێك دەیلێن، وەسێتیشی بۆ کەس نەکردوە، یان هیچ فەرموودەیەکی نەفەرمووە کە عەلی دیاری کردبێت، بەلکو ئەو کارەی بۆ راوێژ جێ هێشتووە، تاکو ئومەت لە دوای خۆی کەسێك هەلبژێرێت کە پێی رازییە، هەروەك لە بنەماکانی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەویدا هاتووە و مژدە دەدات بە بەرپا بوونی کۆمەلگەیەکی ئیمانی بە چەند وەسفێکی دیاری کراوەوە﴿الذين استجابوا لربهم وأقاموا الصلاة وأمرهم شورى بينهم ومما رزقناهم ينفقون﴾.

## دووەم: بەسەرهاتی سەقیفە و رووداوەکانی:

ڕووداوی سەقیفەی بەنو ساعیدە، یەکێکە لەو ڕووداوە سەرەکییانەی ئەسڵ و بنەماکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی راشدی تیایدا دەردەکەوێت و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە تیایدا، هەر کە پێغەمبەری خوا وەفاتی کرد، یەکسەر ئەنسارییەکان دەسپێشخەرییان کرد و چوون بۆ سەقیفەی بەنو ساعیدە کە شوێنی کۆبوونەوە و گفتوگۆ کردنیان بووە بۆ کاروبارە گشتییەکانیان لە پێش ئیسلامدا، موهاجیرەکانیش بەم کارەیان زانی، لە سەرووی هەموویانەوە ئەبوبەکر و عومەر و ئەبوعوبەیدە، هەر بۆیە ئەوانیش بەدوایاندا چوون بۆ ئەوێ، هەموویان کەوتنە گفتوگۆ سەبارەت بە کاروبار و بابەتی جێنشینایەتی، وەکو پیادە کردنێك بۆ بنەمای (وأمرهم شورى بينهم)، جەدەل و گفتوگۆکانیان گەیشتە ئاستی دەنگ بەرزکردنەوە، ئەنسارییەکان خۆیان بە شایستەی ئەو جێنشینایەتیە دەزانی بەو پێیەی پشتیوانی بانگەوازی خوایی و دالدەدەری کۆچکەرەکان بوون و لەم بارەشەوە هەندێك قسەی توند وترا، بەتایبەتی لە لایەن سەعدی کوڕی عوبادە و حەبابی کوڕی مونزیرەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی حەباب وتی با جارێك ئەمیر لە ئێمە بێت و جارێکیش لە ئێوە...

بوخاریش بەدرێژی ڕووداوی سەقیفەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە بۆنەی قسەیەکەوە کە کەسێك لەکاتی حەج کردندا (کە دواهەمین حەجی عومەری کوری خەتتاب بوە)، گوتبووی: ئەگەر عومەر وەفاتی کرد ئەوا بەیعەت بە فلان کەس دەدەم، چونکە بەیعەتی ئەبوبەکر شتێکی کتوپڕ و لە ناکاو (فلتە)بوو!، عومەر لەمە زۆر تورە دەبێت و بڕیار دەدات هەر لەوێ وتارێك بدات سەبارەت بەوەی کە نابێت ئەم مافەی مسولمانان لە لایەن هیچ کەسێکەوە داگیر بکرێت، هەروەها نابێت کەسێك لە خۆیەوە بەیعەت بە کەس بدات، بەلام عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ئامۆژگاری عومەر دەکات کە لەو مەوسمی حەجەدا شتی وا نەکات، بەو پێیەی هەموو جۆرە کەسێکی تێدایە و پڕە لە هەرچی و پەرچی و شوان وگاوان و لەوانەیە قسەکانی بەخراپ لێك بدرێتەوە و دەماودەمی پێ بکرێت و وەکو خۆی لێی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تێنەگەن و داوای لێ دەكات كە چووەوە مەدینە، بەو پێیەی خانەی كۆچە و كەسانی زانا و دانای تێدایە، لەوێ چی هەیە بیفەرموێت، تاكو باش لێی بگەن و وەكو خۆی قسەكانی وەربگرن، ئەویش وادەكات و لە یەكەم وتاری هەینی دوای گەڕانەوەیدا دەفەرموێت: ئەمڕۆ شتێكتان بۆ دەڵێم، قەدەرم وایە بیلێم، نازانم لەوانەیە ئەجەلم نزیك بێت، جا هەركەس بە باشی لێی تێگەیشت و زانی چییە، ئەوا تا كوێ دەڕوات بیگەیەنێت، بەلاَم ئەگەر كەسێك ترسی بەدحاڵی بوونی هەیە و لێی تێناگات، ئەوا بە حەلاڵی نابینم كەس بە دەمی منەوە درۆ بكات، پاشان دێتە سەر ئەو قسەیەی كە كەسێك كردبووی سەبارەت بەوەی دوای عومەر بەیعەت بە كەسێكی دیاریكراو دەدات، ئەوەش روون دەكاتەوە كە دروست نیە بەبێ راوێژی مسوڵمانان بەیعەت بە هیچ كەسێك بدرێت، دواتر دێتە سەر باس كردنی رووداوی سەقیفە و جەدەل و گفتوگۆكانی نێوانیان كە پێشتر ئاماژەم بە هەندێكی كرد، دواتر دەڵێت دوای قسەكانی ئەنسار خۆم حازر كرد قسەیەكی زۆر جوان بكەم كە خۆم پێی سەرسام بووم، كاتێك ویستم قسە بكەم ئەبوبەكر فەرمووی لەسەرخۆ بە! منیش پێم خۆش نەبوو تووڕەی بكەم، پاشان ئەبوبەكر لەسەرخۆتر و باشتر لە من قسەی كرد، بە زیادەوە قسەی ناو دڵی منی كرد و پێیانی وت: باسی هەر شتێكی خۆتان بكەن ئێوە شایان و شایستەی ئەوەن، بەلاَم عەرەب بۆ ئەم كارە بە جگە لە قورەیش رازی نابێت، بەو پێیەی شوێن و پێگەیەكی دیاریان هەیە لە ناویاندا، من رازیم بەوەی بەیعەت بە یەكێك لەم دوو كەسە بدەن گەر ویستتان لێیەتی! دەستی من و ئەبو عوبەیدەی كوڕی جەڕاحی گرت، كە لەو كاتەدا لەنێون هەردووكماندا دانیشتبوو، من تەنها ئەم قسەیەیم پێ ناخۆش بوو ... چۆن ببمە ئەمیری خەڵكێك كە ئەبوبەكریان تێدا بێت، پاشان یەكێك لە ئەنسار هەندێك قسەی شەڕ ئامێزی كرد و وتی "با ئەمیرێك لە ئێمە بێت و ئەمیرێك لە ئێوە بێت" ، لە هەندێك گێڕانەوەی تردا هاتووە جگە لەوەی بوخاری، وەك ئەوەی (ابـن أبـي شـيبة) ئەیهێنێت كە ئەبوبەكر فەرمووی: ئەمیر لە ئێمە و وەزیر لە ئێوە، ئیتر دەنگە دەنگ بەرز بووەوە، لەمەوە ترسام لە ناكۆكی و دووبەرەكی، وتم دەستت بكەوە (دەستت بێنە) ئەی ئەبوبەكر! ئەویش دەستی هێنا و منیش بەیعەتم پێی دا و یەكسەر موهاجیر و بەدوایدا ئەنسارەكانیش بەیعەتیان پێیدا... ئێمە لەو دانیشتنەماندا بەهێزترین شتێك كە كردمان ئیختیار كردنی ئەبو بەكر بوو، ترساین ئەگەر ئەنسارییەكان بەجێ بهێڵین و بەیعەتێكیش نەبووبێت، ئەوان دوای ئێمە بەیعەت بە كەسێكی خۆیان بدەن، ئەوجا یان دەبوو بەیعەتێك بدەین كە پێی رازی نین، یان دەبوو پێچەوانەیان بووەستینەوە، ئەوكات خراپەكاری رووی دەدا "هەر بۆیە گەر كەسێك بیەوێت بەبێ راوێژی موسوڵمانان بەیعەت بە كەسێك بدات، ئەوا دەبێت نە شوێنی خۆی و نە شوێنی بەیعەت پێ دراوەكەی بكەوێت، دوور نیە هەردووكیان رووبەڕووی كوشتن ببنەوە.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەمە كورتەیەكی ئەوەبوو لە بوخاریدا هاتبوو، چەندین گێڕانەوەی تریش هەیە، هەموویان یەك چوارچێوە و ناوەڕۆكیان هەیە...

كوورتەی وتارەكەی عومەریش بریتیە لەوەی دروست نیە بەبێ راوێژی مسولمانان كەس بكرێتە خەلیفە و فەرمانڕەوایان و هەڵبژاردنی ئەبوبەكریش بەو خێراییە لەبەر بارودۆخێكی تایبەت و ترسی گرفت و كێشە بووە، لە هەمان كاتدا ئەبوبەكر زۆر شایستە بووە بەو كارە و كەمترین ناكۆكی لەسەر بووە، بۆیە بەو ئاسانییەش سەری گرت و گوێڕایەڵی بۆ دەربڕدرا، نەك ئەوەی بەبێ راوێژ بووبێت، یان جێگەی رەزامەندی هاوەڵان نەبووبێت، عومەریش ئەمەی بە ئامادەبوونی هاوەڵان وتووە، ئەمە جگە لەوەی بنەمای رەزامەندی خەڵك لە ئارادا بووە (عەرەب تەنها دان دەنێت، رازی دەبێت، كۆدەبێتەوە، لە سەر كەسێك كە قوڕەیشی بێت)، ئەو باس و خواسانەش ئەوە دەگەیەنێت، كە دەبێت كەسێك هەڵبژێردرێت كە هەمووان لەو كاتەدا پێی رازی بن، بۆ ئەو كارەش كەسێكی قوڕەیشی باش و لەپێشتر بووە بۆ ئەو كاتە، سەرەڕای ئەوەی بنەمای دەستا و دەستی دەسەڵاتیش لە ئارادا هەبووە "منا أمير ومنكم أمير"، لە ریوایەتێكی زوهریدا هاتووە، كە مەبەست لەم دەربڕینە ئەوەیە جارێك ئەنسارییەك و جارێكی تر موهاجیرییەك بێت، نەك لە یەك كاتدا دوو ئەمیر.

بەڵگەی ئەبو بەكریش مەعقول و هۆكار دار (معلول) بوو، بەوەی كە وتی: عەرەب قوڕەیشییەكی پەسەندە، لە ریوایەتە سەحیح و بەناوباگەكاندا نەهاتوە، فەرمودەی "الأئمة من قريش" بكاتە بەڵگە، بەڵكو فەرموویەتی عەرەب تەنها بە قوڕەیش رازی دەبن بە هۆی شوێن و پلەو پایەیانەوە... هەر بۆیە هەموو ئەو فەرموودانەی باس لەوە دەكەن كە پێشەوا دەبێت لە قوڕەیش بێت، وا لێكدەدرێتەوە كە باس كردنە لەو واقیعەی كە هەبووە، یان دواتر وەكو هەواڵدانێك كە وا دەبێت و لە قوڕەیشدا كاربەدەست و خەلیفەی قوڕەیش دەبن، نەك لە داهاتوشدا دەبێت وا بێت وەك حوكم و تەشریعێك، هەر بۆیە بە بیری عومەردا هاتووە سالمی مەولای ئەبو حوزەیفە و موعازی كوڕی جەبەل بپاڵێوێت بۆ جێنشینایەتی، كە هیچ یەك لەو دووانە قوڕەیشی نەبوون، ئەگەر ئەو دین و تەشریع بووایە، دەبوو تەنها قوڕەیشی ببێتە خەلیفە، ئەو كاتە ئەنسارییەكانیش بیریان لە شتی وا نەدەكردەوە و موهاجیرینیش تەنها بە بوونی دەقێكی لەو شێوەیە وەڵامیان دەدانەوە و پێویستی بەو دانیشتن و جەدەلەش نەدەكرد و ترسی ئەوەش لە ئارادا نەدەبوو كە خەلیفە دەبێت لە كێ بێت، بە ڵكو هاوەڵان تێگەیشتبوون كە ئەو كارە بە راوێژ دەبێت و كەسیش مافی ئەوەی نییە تایبەتی بكات بە خۆیەوە، تەنها لە رووی خوێندنەوەی واقیعەكەوە نەبێت كە كێ شیاوە و كێ دەتوانێت جێگەی رەزامەندی زۆرینە بێت.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## سێیەم: وتاری ئەبوبەكر لە دوای بەیعەت پێدانی:

ئەم وتارە سێیەمین رووداوی سەرەكییە لە مێژووی گوتاری سیاسی راشدیدا، كە بنەماكانی ئەم گوتارەی تێدا بەدی دەكرێت، پاش بەیعەتی گشتی راستەوخۆ ئەبوبەكر هەستا و وتارە بەناوبانگە (صحیح)ەكەی بۆ خەڵكی دا، بە ئامادە بوونی سەرجەم هاوەڵاَن، كە تیایدا هاتبوو "أيها الناس إني وليت عليكم، ولست بخيركم، فإن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني، الضعيف فيكم قوي عندي حتى آخذ الحق له، والقوي فيكم ضعيف عندي حتى آخذ الحق منه، وما ترك قوم الجهاد قط إلا ذلوا، ولا تشيع الفاحشة في قوم إلا عمهم البلاء، أطيعوني ما أطعت الله فيكم، فإن عصيته فلا طاعة لي عليكم" (رواه محمد بن اسحاق في السيرة كما عند ابن هشام في ٦-٨٢، عبدالرزاق في المصنف ١٦-٣٣٦، ابن سعد في الطبقات ٣-١٣٦، وقال ابن كثير ٦-٣٠٦ وهذا اسناد صحيح).

ئەم وتارە كورتە جەخت كردنەوەیە لە سەرجەم بنەماكانی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی، هەروەك هاوەڵاَن تێی گەیشتبوون، ئێمەش لە كتێبی (بونیادە سیاسییەكانی ئیسلام)دا، پێش ئەم كتێبە تاوتوێمان كردوە و لەچەند خاڵێكدا تیشكمان خستووەتە سەری، لێرەشدا بەهەمان دید و بە كەمێك جیاوازییەوە قسەی لەسەر كراوە، بە پێی بنەماكانی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی، لەوانەش:_

١- كراوم بە سەرپەرشتیارتان (كاربەدەستتان)، "وليت عليكم، ولست بخيركم" لەگەڵ ئەوەی چاكترینتان نیم، ئەمە جەخت كردنەوەیە لە مەبدەئی ئیمامەت و دەسەڵاَت كە ئەرك بەسەردادان (تكليف)ە، نەك تەنها رێزپێدان (تشريف)، كەسیش بەتایبەت مافدار و شایستەی ئەو كاربەدەستییە نیە و كەسیش لەویتر باشتر و لەپێشتر نیە، بەڵكو ئەوە ئەوانن كاروباری خۆیانیان داوەتە دەست ئەو، بۆیە بە دارِشتە و دەربرِینی بكەر نادیار (مبني للمجهول)، (وليت عليكم) هاتووە، واتا ئێوە ئەم كارەتان پێم داوە، ئەمەش پوچ كردنەوەی هەموو بۆچوونە ئیستبدادییەكانە، لەوەی تەنها هەندێك كەس شایستەیەتی ئەوەیان هەیە ببنە پاشا و دەسەڵاَتدار تا خەڵكی ملكەچی و گوێڕایەڵییان بكەن، یاخود ئەو بۆچوونەی وا دەبینێت كە دەسەڵاَت پێسپاردن و تەفویزی خواییە، ئەوەی بە حوكمی سیۆكراتی لە ئەوروپادا ناسراوە، كە پیاوانی ئایینی خۆیان دەكرد بە خوا و هەر پاشایەك بیانویستایە پیرۆزیان دەكرد، ئەوەشی نەیان ویستایە دەریان دەكرد، بە بیانووی ئەوەی هەر گرێبەستێك ئەمان لە زەویدا بیكەن، لە ئاسمانیش بەدی دێت!

قورئان ئەم دید و بیردۆزەیەی تێك رووخاند، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت "اتخذوا أحبارهم ورهبانهم أرباباً من دون الله"، عەدی كوڕی حاتەم كە پێشتر نەسرانی بوو، وتی: ئەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێغەمبەری خوا ئێمە ئەوانمان نەکردبوو بە خوا و پەروەردگار! پێغەمبەر (د.خ) پێی فەرموو "ئایا ئەوان حەرامیان بۆتان حەلاڵ نەدەکرد و حەلاڵیان لێتان حەرام نەدەکرد، ئێوەش گوێڕایەڵیانتان دەکرد؟" عەدی وتی: بەڵێ وابوو! پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: "دەی ئەوە پەرستنی ئەوانە".

هەروەها قورئان بیردۆزەی خانەدانی و ڕەچەڵك خوازی هەڵوەشاندەوە لەوەی بکرێت بە بەڵگە و بیانوویەك بۆ دەسەلاتداری و فەرمانڕەوایی کردنی ئەوانیتر، هەموو مرۆڤەکان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە، بەڕێزترینیشیان لای خوا خۆپارێز و بە تەقوا ترینیانە!

٢- ئەگەر چاکم کرد، یارمەتیم بدەن، ئەگەر خراپیشم کرد، ڕاستم بکەنەوە (فإن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني)، ئەمەش جەخت کردنەوەیە لە مەبدەئی چاودێری ئومەت بەسەر ئیمامەوە، ڕاستکردنەوەیەتی لە کاتی لاربوونەوەیدا، لێپرسینەوەیەتی لە کاتی لادانیدا، نابێت بە ڕەهایی گوێڕایەڵی دەسەلات بین، بەڵکو ئەوە لە کاتێکدایە کە چاك و عەدل بێت، خۆ ئەگەر ستەم و خراپەکاری کرد دەبێت ڕاست بکرێتەوە.

٣- گوێڕایەڵم بن تا ئەو کاتەی گوێڕایەڵی خوا دەکەم لە ناوتاندا، ئەگەر بێ فەرمانیم کرد، ئەوا گوێڕایەڵی کردنم بە سەرتانەوە نامێنێت (أطيعوني ما أطعت الله فيكم، فإن عصيته فلا طاعة لي عليكم)، ئەمەش جەخت کردنەوەیە لە مەبدەئی مەشروعیەتی فەرمانەکانی دەسەلات، کە نابێت پێچەوانەی مەرجەعیەتی یاسایی دەوڵەت بێت، سیستەمە سیاسییەکان لەم دوواییانەدا ئاشنای ئەم مەبدەئە بوون، پاشاکان وایان دادەنا مەشروعیەتی بڕیارەکانیان تەنها لەوەوەیە کە لەوانەوە دەرچووە، ئەمە بەسە بۆ مەشروعی بوون و جێ بەجێ کردنی بێ ئەوەی بڕوانرێتە عەدالەت بوون و سەلاحیەتی و پەسەندکردنی لەلایەن خەڵکییەوە، هەروەك لویسی چواردەیەمی فەڕەنسا بە برگە بەناوبانگەکەی "من دەوڵەتم" گوزارشتی لێ دەکرد، زەوی و گەل و دەسەلاتی لە خۆیدا کورت دەکردەوە، ئەمەش هۆیەکی سەرەکی بەرپا بوونی شۆڕشی خوێناوی فەڕەنسی بوو، تاکو گەلی فەڕەنسی لەو کۆیلەتیەی پێش شۆڕش رزگار بکەن، کە ئێستاش بەشێکی زۆری گەلان دەیگوزەرێنن!

٤- بەهێزتان لاوازە تا ئەو کاتەی مافەکەی لێ وەردەگرم، لاوازیشتان بەهێزە تاکو مافەکەی بۆ دەگێڕمەوە (القوي فيكم ضعيف عندي حتى آخذ الحق منه،والضعيف فيكم قوي عندي حتى آخذ الحق له)، کە جەخت کردنەوەیە لەسەر بنەمای دادگەری و یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، هەموو لا بەهێز و لاوازەکان، دەوڵەمەند و هەژارەکان، لە بەرامبەر ڕەوا و دادگەریدا یەکسان و وەك یەکن، کە مەبەستی ئیمامەت و دەسەلاتیش هەر ئەمەیە، هیچ کەس لە سەرووی یاسا و قەزاوە نیە، تەنانەت خەلیفە خۆشی.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

٥- هەر قەومێك -نەتەوەیەك- واز لە جیهاد بهێنن، ژێر دەستە و سەرشۆڕ دەبن، شەروالّ پیسی لـە هەر قەومێك -نەتەوەیەك- دا بلاّو ببێتەوە، بەلاّ و نەخۆشی دەیانگرێتەوە (وما ترك قوم الجهاد قـط إلا ذلوا، ولا تشيع الفاحشة في قوم إلا عمهم الـبلاء)، روون كردنـەوەی گـرنگترین ئەركـەكانی دەسـەلاّتە پاش سەقامگیر بوونی سیستەم و بەدیهاتنی دادگەری، ئەمەش لە پێناو پاراستنی خـەڵكی و دەوڵـەت لە مەترسییە دەرەكییەكان، جەخت كردنەوەشە لە پێویستی جیهاد و پاراسـتنی بـەها رەوشـتییەكانی كۆمەڵگە، كە مایەی پارێزگاری كردنە لە شوناس و تایبەتمەندی و مرۆیی بوونی.

لـە رووداوی سـەقیفەو رووداوە سـەرەكییەكانی دواتـری مێـژووی خەلیفـە راشـدییەكاندا، گرنگترین ئەو بنەمایانە دەردەكەون، كە گوتاری سیاسی راشدی لەسـەر بنیـات نـراوە، لێـرەدا ئێمـە تەنها ئاماژە بە سەردێری بنەماكان و چەند دێڕێك لە ناوەڕۆكەكەی دەكەین، بـێ ئـەوەی بـچینە سـەر بەڵگەكانی، چونكە لە (ئازادی یا تۆفان)دا هـەمان ئـەم خالاّنـە بـە درێـژی باسـكراوە بـە كـەمێك گۆڕانكارییەوە و لە (بونیادە سیاسـییەكانی ئیـسلام)یـشدا ئامـاژە بـە چـەند خـالێكی كـراوە، ئـەو بنەمایانەش بریتین لە:

## بنەمای یەكەم: ئایین بەبێ دەوڵەت بە تەواوی بەرپا نابێت:

ئیسلام خوازیاری ئومەتێكی یـەكگرتووە و دەوڵەتێكیـشی دەوێـت تـا هاوكـاری گەیانـدنی پەیامەكانی بێت و رەنگدانەوەی هەبێت لە واقیعی كۆمەڵگـەدا، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە كـە ئیسلام بۆ تەواوی مرۆڤەكان هاتووە و بەشێكی لـە كاروبـاری مـرۆڤ و بەرژەوەندییـەكانی بـێ بـوونی دەسەلاّتێك دەستەبەر نابێت، پێشتریش ئاماژەمان كرد بە هەوڵەكانی پێغەمبەری خوا لـەم بارەیـەوە و باسمان لەو بەڵگانەش كرد كە پشتیوانی ئەم تێڕوانینە دەكـەن... لـە هـەمان كاتـدا زۆربـەی ئـەرك و واجبەكانی ئیسلام ناكرێت بە شێوەیەكی تەواو ئەنجام بدرێن، مەگـەر لـە سـایەی دەوڵەتێكـدا كـە پشتیوانی شەریعەت و حوكمەكانی بكات، كار ئاسـانی گەیانـدنی پەیامـەكانی بێـت، جگـە لـەوەی هەندێك بابەت و ئەركی ئیسلامی زیاتر كاری دەوڵەتین لە بنەڕەتدا، هـاو وێنـەی زەكـات و جیهـاد و فەرمان بە چاكە و بەرهەڵستی كردنی خراپە و حدود و.... هەر شتێكیش ئەنجام دانـی واجبێكـی لـە سەر وەسـتا خۆیـشی دەبێـت بـە واجـب، جـا هـەروەكو پێغەمبـەری خـوا دەوڵـەتی دروسـت كـرد و مەرجەعیەتی دەوڵەتەكەشی ئیسلام و پـەیامی خـوای گـەورە بـوو، بـە هـەمان شـێوە خەلیفـەكانی راشدیش درێژەیان بەو كارەی پێغەمبەری خـوا دا و بـە پێـی گۆڕانكارییـەكان و سـوود وەرگـرتن لـە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەزموونی گەلانی تر ئەم بوارەیان بەرین و فراوان کرد و لەو ڕێگەیەشەوە ئـاییـنی خـوا و پەیامـەکانی بە سەر زەوی و کۆمەڵگەکاندا بلاّو بووەوە...

## بنەمای دووەم: دەوڵەت و جەماعەت، بێ ئیمامەت و گوێڕایەڵێتی نابێت.

گەر بە زمانێکی دی بیڵێین، دەبێت لە دەوڵەتدا سـەرۆك هـەبێت و فەرمانەکانیـشی جـێ بەجێ بکرێت، ئەمە خاڵێکی هاوبەشی نێو سیـستەمە جیاوازەکانـە، لـە هـەمان کاتـدا بنەمایـەکی سیاسیش بووە لە گوتاری ئیسلامی سەرەتادا، هەموو هاوەڵاّن باوەڕێکی پتـەویان هـەبووە بـەوەی کـە دەبێت دەسەڵاتێك لە ئارادا بێت تاکو کاروبارەکانیان بە باشی ڕاپەڕێنێت، کۆبوونەوەشیان لە سـەقیفە بەو خێراییە و دیاری کردنی جێنشینێك بۆ بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەرێتی کاروباری دەوڵـەت و ئومـەت، لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەروەك ئەو کارەشیان بە ئەرکێکی زۆر لە پێشینەیان زانیوە، هەر بۆیە خستیانە پێش ناشتنی پێغەمبەری خواوە (د.خ).

پێویستی بوونی سەرۆك و دەرکردنی بڕیار و ڕاپەڕانـدنی، یەکێکـە لـە بابەتـە زۆر ڕوون و ئاشکراکان و هەموو ئەو زانایانەی لە بواری سیاسـەتی شـەرعیدا شـتیان وتـووە ئاماژەیـان بـۆ ئـەم ڕاستییە کردوە، کە دەکرێت وتەکانی مـاوەردی و قورتـوبی و ئیبنـو تەیمیـە و چـەندانی تـر نموونـەی خەرمانێك بن لەو بارەیەوە ...

## بنەمای سێیەم: ئیمامەت گرێبەستی بەیعەت دەخوازێت:

بە دەربڕینێکی تر دەبێت هەڵبژاردن و ڕەزامەندی دوولایەنەی نێوان خەڵك و فـەرمانڕەوا لـە ئارادا بێت، چونکە بەیعەت گرێبەستێکە لە نێوان دوو لادا، کە خـەڵکی بناغـە و ئەسـڵە تیایـدا و ئیمام و سەرۆکیش بریکار و وەکـیلن، هـەروەك چـۆن بەیعـەتی تایبـەت لـە سـەقیفە و گـشتی لـە مزگەوتدا درا بە ئەبوبەکر، تاوەکو سروشتی پەیوەندی نێوان خـەڵك و فـەرمانڕەوا ڕوون ببێتـەوە، کـە ویست و ڕەزامەندییە، نەك بە پشتاوپشتی یان بە هێز و زۆرداری یان بە پێ سپاردنی خـوایی وەك لـە ئەورووپادا باو بووە... لە بەرامبەر ئەم بەیعەتپێدان و متمانە پێبەخـشینەدا، ئـەرکی بەیعـەت پێـدراو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاّت و فەرمانڕەوایەتییـە بـە دادگـەری، بـە پێـچەوانەشەوە دەکرێـت ئـەو بەیعەت پێدانە هەڵبوەشێتەوە و سەرۆکیش دەکرێت دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەگـەر هـاتوو مەرجـە پێویستەکانی ئەم بوارە نە هاتنە دی، هەر بۆیە کاتێك هەندێك کاروباری سەردەمی ئیمـامی عوسمـان (خ.ل) پشێوی لێ دەکەوێتەوە، یەکێك لە داواکاری نەیارەکان کە هاوەڵاّنیشیان تێدابووە، ئەوە بـوو بـا

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەو واز لەم كارەی ئێمە بهێنێت (مەبەستیان خیلافەت بوو، بە كاری خۆیانیـان دەزانـی، سـووربوونی عوسمانیش هۆكاری زۆر بوو، كە یەكێك لەوانە ئەوە بوو كە ئەو خاوەنی شـەرعیەتە و زۆرینـەی هـەرە زۆری هاوەلاّن پشتیوانی دەكەن و دەترسا لەوەی بەم وازهێنانەی یەكتر كوژی بێتـە ئـاراوە ...) هـەموو خەلیفەكانی راشدی بە گرێبەستی بەیعەت ئەو كارەیان پێ سـپێرراوە، هـەر هـەموویان ئەگـەر دوای دەسنیشان كردن و پالاْوتنیان لە لایـەن مـسولّمانەوە بەیعـەتیان پـێ نەدرایـە، نـە دەبوونـە خەلیفـە هەروەك ئیبنو تەیمیە جەختی لێ دەكاتەوە، هەر بۆیە مەعاویە تـاكو سـالّی جەماعـە، كـە بەیعـەتی گشتی پێ درا، نەبووە خەلیفە .

**بنەمای چوارەم: گرێبەستی بەیعەت، بە ویست و رەزامەندی ئەبێت، نەك بە زۆر و ناچاری:**

ئەگەر ئیمامەت بە گرێبەستی نێوان ئومە و ئیمـام یـان خـەلّك و دەسـەلاّت بێـت، بـەو پێیەی بەیعەتیش جۆرێكی گرێبەسـتە، هـەر بۆیـە دەبێـت هـەردوولا پێـی رازی بـن، چـونكە هـیچ گرێبەستێك بە ناچاری شەرعیەت وەرناگرێت و لە ژێر پەستان و زۆردا دانامـەزرێت، جـا ئەگـەر رازی بونی هەردوو لا لە گرێبەستێكی وەكو كڕین و فرۆشتن و سەودا و مامەلّەدا مەرج بێت بۆ دامـەزرانی ﴿إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ النساء:٢٩، ئەی ئەبێت گرێ بەستی ئیمامەت چۆن بێت!؟. شـەریعەتی ئیـسلام هـەموو جـۆرو شـێوەكانی زۆر لێكردنـی هەلّوەشـاندوەتەوە، چ لـە دینـداری و گوێڕایەلّی كردندا بێت، یاخود لە كڕین و فرۆشتن دا بێت، یان لە هاوسەرگیری و درێژەدان دا بێت بـە ژیانی خێزانداری، تەنانەت شیردان و بڕینەوەی منالّ لە شیر دەبێت بە رەزامەنـدی دایـك و بـاوك بێـت نەك یەكێكیان... جا ئیتر چۆن كارێكی وەكو بەلّێ كردن و هەلّبژاردنی ئیمام و سەرۆك بێ رەزامەنـدی و ویستی خەلّكی و لە ژێر نوكی شیر و تیردا بە رەوا و پەسەند دادەنرێت!

بە زۆر خۆسەپاندن جۆرێكە لە غەسپ و داگیر كـردن، ئەمـەش لـە ئیـسلامدا حەرامـە، هەموو ئەو داهێنانكاری و ئینحرافانەی لەم بوارەدا بەدی هات و پێچەوانە بـوون بـە راوێـژ و نـاكۆك بوون لە گەلّیدا، ئەكرێت بەو (محدثات الأمور)ە بێتە ئەژمار كە لە چەندین فـەرموودەدا باسـیان لـێ كراوە، وەكو فەرموودەی "من عمل عملا ليس عليه أمرنـا فهـو رد"، لـە گێڕانەوەیـەكی تـردا هـاتوە "من أحدث في أمرنا هذا ماليس منه فهو رد"، "علـيكم بـسنتي وسـنة الخلفـاء الراشـيدين... وإيـاكم ومحدثات الأمور" پێشتریش ئاماژەمان بەوە دا كە(أمـر) لە زمانی عەرەبیدا زیاتر كاروباری دەسـەلاّت و ئیمامەتە، خەلیفە راشدییەكانیش زیاتر بە كاروباری دەسەلاّتێكی شورایی ناسراون وەك لـە فروعـی فیقهـ.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پەیمان و بەیعەتدان بە خەلیفەكانی راشـدی بـەپێی ویـست و رەزامەنـدی موسـولمانان بووە، ئەبوبەكر بۆ پالاوتنی عومەر راوێژ بە كەسە دیارەكانی سەحابە دەكـات و دواتـر دلنیـا دەبێـت، پاشان عومەر دەستنیشان دەكات و ئەو ئەركەی پێ دەسپێرێت، عومەریش شەش كەسیان بـۆ دیـاری دەكات و داوا دەكات كەسێك دیاری بكەن لە نێـوان خۆیانـدا و پاشـان ببێتـە خەلیفـە بـە بەیعـەتی موسولمانان، لەم ڕێگەیەوە عوسمان بوو بە خەلیفە، ئیمامی عـەلی لەگـەل ئـەوەی لـە بـارودۆخێكی سەختیشدا بوو بەلام رازی نەبوو ئەو ئەركـەی پـێ بـسپێررێت و بكرێـت بـە خەلیفـە، مەگـەر دوای رەزامەندی و هەلبژاردنی هاوەلان و دواتریش هەر ئەوە بەدی هات، جگـە لـە مەعاویـە كـە هەنـدێك تەئویلی هەبوو بۆ بەیعەت نەدان...

ئیمامی مالیك فەتوایدا هەركـەس بـەزۆر بەیعـەتی لـێ وەرگـیرا بێـت ئـەوا بەیعەتەكـەی دانەمەزراوە و هەلوەشاوەیەوە و فەتواشیدا خەلكی شـوێنی موحەمـەدی كـوڕی عەبـدولای زونەفـسی زەكیە (١٤٥ك) بكەون و حساب نەكـەن بـۆ ئـەو بەیعەتـە ناچـارییەی داویانـە بـە ئـەبو جەعفـەری مەنسور...

## بنەمای پێنجەم: ویست و رەزامەندی بە ڕاوێژ و هەلسەنگاندن بەدی دێت:

ئەمەش بەوە دەبێت گفتوگۆ و تاوتوێی بابەتەكە بكرێت و گۆڕینەوەی بیروبۆچـوونەكانی لـە ئارادا بێت و هەلسەنگاندن بۆ ئەگەر و ڕەهەندە جۆراوجۆرەكان ئەنجام بدرێت، لە لایەن خـەلكی یـان لانیكەم ئەو كەسانەی شایستەی ئـەو هەلـسەنگاندنەن پـێش ئـەوەی بـە رەزامەنـدی گـشتی یـەكلا بكرێتەوە، ئەمەش لە سەقیفەدا روویدا، هیچ كەسیش لە موسولمانان ڕێگری چـوونە سـەقیفەی لـێ نەكرا، ئەوەی هەوالەكەی پێ گەیشت ، ئامادەی بوو، لە هاوەلـە دیارەكـان تـەنها عـەلی و تەلحـە و زوبەیر ئامادە نەبوون، ئەوانیش سەرقالی ئامادە كردنی تەرمی پێغەمبەری خوا بوون كفن و ناشـتنی، لە هەمان كاتدا چەند كەسێكی گەنج و لاو بوون لە نێو هاوەلاندا و لە تەمـەنی سـی سـالییەكان دا بوون، نەك گەورە هاوەلان، ئامادە نەبوونیشیان ئەو كاریگەرییە گەورەیەی نەبوو لە سەر خـەلكی بـەو پێیەی گەورە هاوەلان ئامادەی كارەكە بوون... راوێژ كردنیش دوو كار لە خۆ دەگرێت، یەكەمیان: مـافی ئومەت و خەلكییە پێشەوا و سەركردەی خۆیان هەلبژێرن "وأمـرهم شـورى بيـنهم"، دووهەمیـشیان: مافی خەلكییە بەشداربن لە بۆچوونەكانی ئیمام و سەرۆكدا پاش ئەوەی هەلیشی دەبژێرن، كـە نابێـت بێ رەزامەندی خەلكی یان نوێنەرەكانی خەلكی هیچ شتێك ببڕێتەوە "وشاورهم في الأمر"، دیارە ئـەوە لە ئەمڕۆدا بە یاسا و ڕێنمایی ڕێك دەخرێت... باس و خواسی ڕاوێـژیش زۆری لـە سـەر وتـراوە، بـەلام ئەویش وەك زۆر چەمكی تر دواتر شێواندنی بە سەردا دێت و لە ناوەڕۆكەكەی خالی دەكرێتەوە ...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

یەکێك لەو شتانەی پەیوەندی بە ڕاوێژەوە هەیە مەبدەئی زۆرینەیە، کە کاری پێ دەکرێت لەو کاروبار و باس و خواسانەی دەقێکی روون وئاشکرای لەسەر نیە و دەکەوێتە بواریی بیروڕا و ئیجتیهادەوە، بۆ ئەمەش بەڵگەی زۆر هەن، دەرچوونی پێغەمبەر (د.خ) لەنێو شاری مەدینە بۆ چیای ئحود لە کاتێکدا خۆی ڕای لەسەر مانەوە بوو، لەم رووەوە بوو، هەروەها یەکلایی کردنەوەی خەلیفەیەتی بە زۆرینە لە لایەن عومەر و لابردنی کاربەدەستەکان لە لایەن خەلیفەکانی راشدییەوە کاتێك کە زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە پێی رازی نەدەبوون لە نموونەی ئەو بەڵگانەن... شەریعەتیش ڕەچاوی بەرژەوەندی خەڵك دەکات و کاتێکیش خەڵکی ناکۆکی و جیاواز تێدەکەوێت سەبارەت بەوەی کە کامە کار و بڕیار لە سوود و قازانجی خۆیاندایە، ئەوا لە بارێکی وادا رای بەهێز ئەوەیە رەچاوی زۆرینە و عامەی خەڵك بکرێت، دیارە هەندێك کاروبار هەیە تایبەتە بە شارەزایی و پسپۆڕی تایبەتەوە ئەوا دەکرێت رێوشوێنی تری بۆ بگیرێتە بەر... بەدی هاتنی زاراوەی ئەهلی حەل و عەقدیش داهێنراوێکی سەردەمی عەبباسییەکانە و دواتریش بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کرا و کرا بە هۆکارێك بۆ بێ بەشکردن و کەنار خستنی رۆڵی خەڵك و بە خراپی وەگەڕ خرا تاکار گەیشتە ئەوەی خەلیفە خۆی ئەوانە دەسنیشان بکات، ئیتر چۆن دەیانتوانی لە فەرمانەکانی دەربچن!

## بنەمای شەشەم: ڕاوێژ بێ ئازادی نابێت:

ڕاوێژ لە کەشێکی ئازاددا واتای دەبێت، ئەگینا هیچ بەهایەکی نامێنێت، لە سەقیفەدا ئەو ئازادییە بەدی کرا، ئەنسارییەك دەڵێت "ئەمیرێك لە ئێمە و ئەمیرێك لە ئێوە"، حەبابی کوڕی مونزیر هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت ئەو مافە لە ئەنسارییەکان داگیر بکەن، سەعدی کوڕی عوبادە توڕە دەبێت و لە هەمان کاتیشدا ڕێگە ناگرێت لەوەی هەرکەسە ئازادانە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت، با هەندێك ئەدەبی مشتومڕ و گفتوگۆشی بەزاندبێت، کاتێك ئەنسارییەکان ویستیان بەیعەت بە ئەبوبەکر بدەن کەسیانی ناچار نەکرد بەوەی کە دەبێت لە گەڵی بن، با پێچەوانەی هەڵوێست و رازی بوونی خۆیانیش بێت، راوێژەکە لەم گفتوگۆ مەترسیدارەدا بەو پەڕی ئازادی تەواوە بەڕێوە دەچوو.

ناوەڕۆکی (لا إله إلا الله) خۆی لە خۆیدا ئازادی بەخشە، "لا إكراه في الدين"یش رەنگدانەوەیەکی تری ئەو ئازادییە، وتنی ڕەوا و راستیەکانیش لە بەرامبەر ستەمکارەکاندا، "أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر) چاکترین جیهادێکە و بەرهەمی ئەو ئازادییە کە بوێری دەبەخشێت، ناسران و ئاشکرایی دووڕووەکان لە مەدینە، بێ ئەوەی کەس دەسکارییان بکات واتایەکی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تری ئەو ئازادییەیە، گوفتارە توندوتیژ و بریندارکەرەکانیان بەرامبەر بە پێغەمبەر (د.خ) و وەلاّمی نەرمونیانانەی پێغەمبەریش (د.خ)، شتێکی ترە لەو بارەیەوە...

سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیش هەروا بووە، خەلّكی رەخنەی لە سیاسەتەکانیان دەگرت، کەسیش لەسەر ئەو جۆرە رەخنانە سزا نەدەدران، بەلّكو خۆیان داوایان دەکرد "إن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني"، عومەر رەخنە لە ئەبوبەکر دەگرێت کاتێك ویستی لەگەلّ هەلّگەڕاوەکاندا بجەنگێت، هەرچەندە دوایی قەناعەتی هێنا، شۆڕشگێرەکان کە زۆرێك لە ئاژاوەچیانیشیان پێوە لکا بوو، داوای ئەوەیان لە ئیمامی عوسمان کرد واز لە جێنشینێتی بهێنێت، ئیمامی عوسمان گفتوگۆی لەگەلّیان دەکرد، وەلاّمی رەخنەکانیانی دەدایەوە و ستایشی داواکارییە رەواکانیشیانی دەکرد، توانای هەبوو جەنگیان لەگەلّ بکات، یان بیانکوژێت پێش ئەوەی کار بەو دەرئەنجامە بگات، بەلاّم وای نەکرد، بگرە داوای لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە هاتبوون بۆ بەرگری کردن لێی، دەوری چۆلّبکەن و ئەو نەبێتە هۆی رشتنی خوێنی کەس، تا ئەوە بوو خۆی شەهید کرا، هەموو ئەمانە و چەندین هەلّوێستی تر بەلّگەی ئەوەن کە ئەبێت مرۆڤەکان ئازاد بن و لە دۆخێکی ئازادانەشدا دەتوانن مافەکان پیادە بکەن، کە راوێژکردن لەو دۆخەدا بەرەنجامی دەبێت، نەك لە دۆخێکی ستەمکارانەی وادا کە تەنها (بەلّێ بەلّێ بۆ سەرۆکی فەرماندە) دەبێتە دروشم و دواتریش زۆرینەی رەهای دەنگەکان بۆ سەرۆك دەستەبەر دەبێت، هەروەك لە هەلّبژاردنە ساختەکارییەکانی ولاّتانی دەوروبەردا بە روونی دەبینرا و رێژەی لە سەدا نەوەد بووبووە رێژەیەکی رەمزەکانی دەسەلاّت و حیزبی سەرکردە.

## بنەمای حەوتەم: ڕاوێژ و ئازادی واتایەکی نیە بەبێ بوونی فرەیی سیاسی:

ئەم بنەمایە مەرجێکی زەروی بەدیهاتنی شورایە، چونکە ناکرێت کۆبونەوەیەکی راوێژ کردن ئەنجام بدرێت بۆ کارێك پێشتر دیاری و دەستنیشان کرابێت، راوێژ و ئازادی کاتێك بەدی دێن، گەر مرۆڤ ویست و توانای هەبێت و رازی بێت بە ئەم پالّێوراو یان ئەویتریان، بەم کۆمەلّ یان ئەویتریان بە ئەو پرۆژەیە یان ئەویتر، لە سەقیفەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان فرەیی دەبینرا، ئەنسارییەکان سەعدی کوڕی عوبادەیان بۆ جێنشینایەتی پالاّوت و نزیك بوو بەیعەتی پێ بدەن، ئەبو بەکر عومەر و ئەبوعوبەیدەی بۆی پالاّوت، عومەریش ئەبوبەکری بۆی پالاّوت، بەلاّم دوای گفتوگۆ و جەدەلێك پاساوەکانی بەیعەت دان بە ئەبوبەکر بەهێز تر بوو، هەر بۆیە بەیعەتی پێ درا و ئەوانیتریش پەسەندیان کرد... ئەبوبەکریش "منا أمير ومنكم أمير"ی رەفز نەکرد، لەبەرئەوەی بۆی نیە بیکات، پەسەند نەکردنەکەی تەنها لەبەرئەوە بوو، بە پێی خوێندنەوەی واقیعی گشتی ئەو کاتە رەزامەندی بۆ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هاوەڵێك دەردەبڕدرا، سەرەڕای شایستەیی و موئەهەلاتەكانی، ئـەبێت لـە قـورەیش بێـت، لەبـەر ئـەو هۆیەی ئاماژەی پێ درا. ئەمە جگە لەوەی پالاوتنی شـەش كـەس لەلایـەن عومـەرەوە، جۆرێكـە لـە دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەلاَت و فرەیی و كردنەوەی دەرگایە بۆ كـێ بەركێیـەكی شـەرعی لەسـەر دەسەلاَت، كە دواجار خەڵكی و جەماوەری بوون تیایـدا یەكلاكـەرەوەی كەسـی یەكـەم بـوو، هـەروەك عەبدورەحمانی كوری عەوف پێی هەستاو ئەوەشی راگەیانـد و زۆرینـە لەگـەڵ ئەولەوییـەت دانـە بـە عوسمان... رازی بوونی عەلی و مەعاویەش بە مەبدەئی تەحكیم، گەڕانەوەی ئەم كارەیـە بـۆ خـەڵكی، تاوەكو یەكێك لەو دوو كەسە هەڵبژێرێت، هەردوو حەكەمەكەش رێك كەوتن ئەو كارە بگەڕێننەوە بـۆ خەڵكی تاوەكو ئەوەی دەیانەوێت هەڵی ببژێرن، هۆكاری نارازی بـوون و راپـەڕینی خـەوارجیش دژ بـە عەلی بەو هۆیەوە بوو، كە چۆن عەلی بە حوكمی دوو حەكەم رازی بووە و ئامادەیە خۆی خەلع بكـات (گەر رەزامەندی خەڵك بەدەست نەهێنێت) لە خەلیفایەتییەك كە خوا پێی داوە!

## بنەمای هەشتەم: فرەیی بەبێ مەشروعیەت و مەرجەعیەت بەدی نایەت:

فرەیی و دەستاودەسـت كردنـی ئاشـتیانەی دەسـەلاَت، لـە ژێـر سـایەی مەرجەعیـەتێكی یاسـاییدا دەبێـت، كـە ئـەو پرۆسـەیە رێكـدەخات و مەشـروعیەتێك بـەدی دێنێـت كـە دەسـەلاَت پێویستیەتی تاكو بڕیارەكانی بەسەر خەڵكیدا جێبەجێ بن، مەرجەعیەتیش لە دەوڵـەتی ئیـسلامیدا بریتییە لە كیتاب و سوننەت، ئیسلام پێش سیستەم و فەلسەفە زەمینییەكان كەوت لـە چەسـپاندنی مەبدەئی مەشروعیەتدا كە هەموو لا (حاكم و مەحكوم، دەسەلاَت و موعارەزە) بێ هەلاَوێردن پێـوەی پابەند دەبن... مەشروعیەت لای نەتەوەكانی تر لە دوای شۆڕشی فەڕەنسییەوە بەدیهات و پێـشتر پاشـا خۆی دەوڵەت بوو، هەموو بڕیار و گوێڕایەڵییەك بۆ ئەو بوو، وەكو لویسی چـوارەم دەیـوت... دەوڵـەتی ئیسلامی یەكەم دەوڵەتی دەستورییە، دەسنیشانی ئـەو مەرجەعیەتـەی كـردوە، كـە دەبێـت خـەڵك و فەرمانڕەوا وەكو یەك لە كـاتی ناكۆكییەكانیانـدا بـۆی بگەڕێنـەوە، پەیماننامـەی مەدینـە لـەم رووەوە ئاماژەی بە زۆر شت داوە، تەشریع تەنها مافی خوای گەورەیە "إن الحكـم إلا لله أمـر لاّ تعبـدوا إلا لله" یوسف: ٤٠ ، كە (أمر) بەشێكە لە حوكم و بڕیاری داوە كەس شایستەی پەرستن نـەبێت، لەبەرئـەوەی حاكمی رەها خۆیەتی، هەروەها دەفەرموێت: (أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) الأعـراف: ٥٤ ، خوای گەورەش گوێڕایەڵی كردنی پێغەمبەرەكەی بە گوێڕایەڵی كردنی خۆی داناوە، چـونكە ئـەو نێوەندبەندی نێوان خـوا و بەندەكانیـەتی ﴿أَطِيعُـوا اللَّـهَ وَأَطِيعُـوا الرَّسُـولَ وَأُولِـي الْـأَمْرِ مِـنْكُمْ فَـإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ النساء: ٥٩.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لێرەدا گوێڕایەڵی کردنی خـوا و پێغەمبـەر شـتێکی سـەربەخۆیە و هـی فـەرمانڕەوایان پاشکۆیە، بۆیە بە (واو) عەتف کـراوە، تـاوەکو بزانرێـت گوێڕایـەڵی کردنـی فـەرمانڕەوایان پابەنـد و گرێدراوی گوێڕایەڵی کردنی خوا و پێغەمبەرە، مەرجەعیەت بۆ ئەوانیش قورئانە... ئایـەتی " وأولـي الأمر منكم " سێ ئاماژەی گرنگی تێدایە:

**یەکەم:** بڕگەی " أولي الأمر" بە کۆ هاتووە نەك "ولي الأمـر" بە تـاك، تـاکو بزانرێـت فـەرمانڕەوا و کاربەدەستەکان کۆمەڵێکن، کە لە سـەردەمێکی مێژوییـدا بـە ئـەهلی حـەل و عەقـد نـاو بـراون و گوێڕایەڵی کردنیان پێویستە، لە شـتێکدا کـە هـاوڕان و ناکۆکییـان تێـدا نیـە، ئەگـەر نـاکۆکی و ناتەباییان تێکەوت، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کیتـاب و سـوننە، ئـەکرێت ناونیـشانی تریـشیان هـەبێت، گرنگ ناوەڕۆکەکەیە...

**دووەم:** ئەکرێت ناکۆکی و ناتەبایی لە نێـوان "أولـي الأمـر" خۆیانـدا روو بـدات، هـەروەك لـە نێـوان خەڵکیدا بەدی بێت، لە ئاوا کاتێکدا دەبێت گەڕانەوە بۆ کیتاب وسوننە بێت، کە سەرچاوەی سـەرەکی یاسا و دەستورە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا.

**سێیەم:** لە "منکم"دا ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی "أولوا الأمـر" دەبێت نوێنەرانی هەموو گەلی تێدا بێت، لە هەموو گروپ و ئاراستەکانی، کە دەکرێت لەمڕۆدا پەڕلەمان ئەو شوێنە بێت.

هاوەڵانیش لەسەر بنەمای کـارکردن بـە کیتـاب و سـوننە بەیعـەتیان بـە خەلیفـەکانی راشـدی دەدا "فاسمعوا وأطيعوا ما أقام فيكم كتاب الله" مـسلم ١٨٣٨ ، والترمـذي بإسـناد صـحيح، ئەبوبـەکریش دەیفەرموو "ئەگەر هەڵەم کرد ڕاستم بکەنەوە"، بۆیە لە هەر شتێکدا هاوەڵان دیدیان وابووبێت کاری یەك لەو جێنشینانە لەگەڵ کیتاب و سوننەدا یەك ناگرێتـەوە، یـا بـە ئیجتهـادێکیش بیکـات، ئـەوا داوای رونکردنەوەیان لێی دەکرد، هەندێك جار لە گوێڕایەڵی دەردەچوون ئەگەر بیانزانیایە ئیمامی پێ ناکرێت، یان بەهۆی تەئویلێکەوە ئـەنجامی نـادات، هـەروەك تەڵحـە و زوبـەیر و عائیـشە بەرامبـەر بکوژانی عوسمان پێی هەستان... یـان شـۆڕش و راپـەڕینیان ئـەنجام دەدا گـەر بیانزانیایـە لادان لـەو مەرجەعیەتە رویداوە و مافەکانی خەڵك بەهۆیەوە پێشێل کراوە و سـتەمکاری بـاڵی کێـشاوە بەسـەر خەڵکیدا، وەکو حوسەین و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر پێی هەستان...

## بنەمای نۆیەم: پارێزگاریی کردن لە ئازادی تاکەکەس و مافە مرۆییەکان:

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی و ڕاشدی مەبدەئی ڕێزگرتنی مرۆڤی چەسپاندووە و جەختی لەسەر پێویستی پاراستنی ماف و ئازادییە مرۆییەکان کردوەتەوە، لەوانەش:

**یەکەم: مافی مرۆڤ لە ژیاندا:**

ئەوەش بە پاراستنی لە هەموو جۆر و شێوەکانی دەستدرێژی، مسوڵمان بێت یان نامسوڵمان، قورئان بە قەتعی حەرامی کردووە دەستدرێژی بکرێتە سەر مرۆڤ، مەگەر لە بارێکدا سزا بدرێت لەسەر تاوانێك یان دوژمنکارییەکی ئەنجام دابێت، هەر بۆیە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ الأنعام:١٥١، هەروەها ئەفەرموێ:﴿مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾ المائدة: ٣٢... ئەمە جگە لەوەی کوشتنی بەناهەق یەکێکە لە حەوت گوناهە گەورەکە و لە پاڵ هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردندایە، سزای کوشتنی ستەمکارانە و دوژمنکارانەش تۆڵەکردنەوەیە، تاوەکو مرۆڤ بپارێزرێت لە دەستدرێژی، تۆڵەکردنەوەش ژیانی هەمووانی تێدایە: ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ البقرة: ١٧٩، هەموو ئەمانە ترساندنی مرۆڤە لەوەی بتوانێت کەسانیتر بکوژێت، بەمەش خەڵکی پارێزراو دەبن لەوەی بکوژرێن و بکوژیش لە ترسی کوشتنەوە و تۆڵە لێکردنەوە پەنا ناباتە بەر ئەو جۆرە کارانە.

کوشتنەوە لە ئیسلامدا سنوردارە و کەسیش ناتوانێت لەبەر هۆکاری تر کەس بکوژێت، بۆ نموونە لەبەر نەیارێتی بۆ دەسەڵات، پێغەمبەری خوا دووڕووەکانی ناسیوە و قسەکانیشیانی بیستوەتەوە و نەشیانی کوشتوە و بگرە گوێبیستی قسەکانیشیان بووە، پیادەی جۆرێك لە چالاکی سیاسیانەی خۆشیان کردوە، هەر بۆیە لە سەردەمی گوتاری سیاسی نەبەوی و خەلیفەکانی ڕاشدیدا هیچ ڕووداوێکی کوشتنی سیاسی نەیارانی دەسەڵات نەبیستراوە، ئەوەش لەبەر ڕوونی ئەم بنەمایە بووە، ئەبوبەکر زۆر توڕە دەبێت کاتێك (ئەبو بەرزەی ئەسلەمی) ویستی پیاوێك بکوژێت لەسەر ئەوەی جوێنی بە ئەبو بەکر دابوو، ئەبوبەکر پێی دەڵێت: "نەبەخوا شتی وا دوای پێغەمبەری خوا بۆ کەس دروست نیە".

پیاوێکیش چاودێری عوسمانی دەکرد بەو نیازەی لەناکاودا بیکوژێت و تیرۆری بکات و لە هەندێك گێڕانەوەشدا هاتووە کە خۆشی دانی ناوە بەوەی کە ویستویەتی بیکوژێت، لەسەر ئەوەی کاربەدەستێکی عوسمان لە یەمەن ستەمی لێی کردوە، عوسمانیش ڕاوێژی بە هاوەڵان کرد کە چی لێ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بکات، ئەوانیش بۆچوونیان لەگەڵ کوشتنیدا نەبوو، هەر بۆیە بەرەڵای کرد و قەمچییەکیشی لێ نەدا (ابن أبي شيبة ٣ – ١٠٢٦ - ١٠٢٨ في عدة روايات بإسناد صحيح وحسن).

**دووەم: مافی مرۆڤ لە ئازادیدا:**

ئازادی(حرية) لە زمانی عەرەبیدا جیاوازی هەیە لەوەی لە رۆشنبیری رۆژئاواییدا هاتووە، بە زۆری لە دەوری ئەم واتایانە خول دەخوات:

یەکەم: رزگارکردنی مرۆڤ لەوەی کۆیلەیەتی برا مرۆڤەکەی بێت... ئەمەش ئازادییەکی رواڵەتییە.

دووەم: رزگارکردنی مرۆڤ لە پەرستشی غەیری خوا، جا ئیتر بت و بەرد بێت یان مرۆڤ ... ئەمەش ئازادییەکی مەعنەوییە.

سێیەم: رزگارکردنی مرۆڤ لە سەرشۆڕی و ملکەچی کەسانی تر، جا ئیتر هەر کەسێك ستەم پەسەند بکات و پێی رازی بێت ئەوا بەندە و کۆیلەی ستەمکارەکەیەتی، وەکو کۆیلەیەتی ئیسرائیلییەکان بۆ فیرعەون و هاوشێوەکانی... عومەریش دەستدرێژی کوڕەکەی عەمری کوری عاس بۆ سەر قیبتییەکە بە کۆیلەکردن ناو دەبات، لە کاتێکدا قیبتییەکە ئازادیش بووە "متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا".

چوارەم: خۆ رازاندنەوەی مرۆڤ بە چەندین سیفاتی رێزو پیاوەتی و بەدەمەوە بوون و خەمخۆری...

ئەمە واتای ئازادییە، نەك بانگەشە کردن بۆ لەدەستدانی بەها رەوشتییەکان و دارمانەنیان... بەو واتایەی سەرەوە ئیسلام هەر لە بانگەشەی (لا إله إلا الله)ەوە بانگەشەی ئازادی راگەیاندووە و رازی نابێت کەس خۆی بکات بە خوا بەسەر ئەوانیترەوە جا لەژێر هەر ناوێکدا بێت، چونکە مرۆڤ رێزدار و جێنشینە لەسەر زەویدا، (السید)ی راستەقینەش هەر خوایە وەکو پێغەمبەری خوا(د.خ) دەفەرموێت... پێغەمبەری خوا رازی نەبووە بە کۆیلەکانیش بوترێت: کۆیلەکەم، بەڵکو فەرموویەتی بە ناوی کوڕەکەم و کچەکەمەوە بانگیان بکەن، هەروەك لە(بخاري ٥-١٧٧ و مسلم -١٧٦٤)دا هاتووە... چونکە ئازادی ئەسڵە و کۆیلەیەتی بەرەنجامی بارودۆخی سەردەمانێك بووە، لێرەوەیە ئیسلام بانگەشەی ئازاد کردنی کۆیلەی بەرزکردەوە و کردی بە باشترین خواپەرستی و گوێڕایەڵی (طاعة) و گەورەترین لەبری (كفارة) و فەرمانیدا هەر کۆیلەیەکیش داوای ئازاد کردنی خۆی بکات، لە زەکات یارمەتی دەدرێت و خاوەنەکانیشیان فەرمان پێکراون هاوکارییان بکەن و ئەو گرێبەستی ئازادییەی بۆ ئەنجام بدەن کە لە قورئاندا بە موکاتەبە ناسراوە ﴿وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ﴾ النور:٣٣، بەشێك لەو کەسانەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زەکاتیان پێ دەدرێت و دەشێت، کۆیلە و ئازاد کردنی کۆیلە "وفي الرقاب"ە، بە کۆیلە کردنی کەسی ئازادیش حەرامە و خوای گەورە دوژمنی ئەو کەسانەیە بەو کارە هەڵدەسن "قال الله: ثلاثة أنا خصمهم يوم القيامة: رجل باع حرا فأكل ثمنه، ورجل استأجر أجيراً فاستوفى منه ولم يعطه أجره"بخاري ٤-٤١٧،٢٢٢٧.

هەموو ئەمانە و چەندین ئاراستە و ڕێنمایی تر گرنگی چەمکی ئازادی دەردەخەن و دەبێت لە گوتاری ئیسلامیشدا ئەم چەمکە برەوی پێ بدرێتەوە، بە تایبەتی کاتێك دەبینین کۆیلایەتی بە شێوازی جیاواز و جۆراوجۆر سەری هەڵداوەتەوە و درێژەی هەیە.

**سێیەم: ئازادی هەڵسوکەوت (تصرف) و گواستنەوە و کارکردن:**

ئازادی مرۆڤ ئەوە دەخوازێت کۆت لەسەر هەڵسوکەوتە ئاساییەکانی دانەنرێت، دەسەلاتیش بۆی نیە ڕێگری لە کارەکانی مرۆڤ بکات، مەگەر قەدەغە بن یان سەربکێشن بۆ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی و ئەوانی تر، ئازادی مرۆڤ ئەوە دەخوازێت ناچار نەکرێت و خۆی ستانە هەڵسوکەوتەکانی خۆی ئەنجام بدات، لێرەوە شەریعەتی ئیسلامی مافی ئازادی موڵکایەتی و کڕین و فرۆشتن و بازرگانی و گواستنەوە و کار و کرێی گونجاو بە کارەکەی پێی بەخشیوە و نابێت کار و کردەوەی خەڵکی بە کەم و سووك سەیر بکرێت ﴿وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ﴾ الأعراف:٨٥ ... پێغەمبەری خواش داوای ئەوە دەکات پێش وشك بوونەوەی عارەقی کرێکار کرێکەی پێ بدرێت "أعطوا الأجير أجره قبل أن يجف عرقه" "صححه الألباني في الارواء ١٤٩٨".

هەروەها دروست نیە سامانی ببرێت بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت "لايحل أخذ مال امرئ إلا بطيب نفس منه" "صححه الألباني في الارواء ١٤٥٩"، خوای گەورەش فەرموویەتی ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ النساء: ٢٩.

**چوارەم: ئازادی ئابوری وبازرگانی:**

دەسەلات بۆی نیە دەست بخاتە نێو ئازادی بازاڕ و بازاڕی ئازادەوە، لەبەرئەوەی بە گشتی کڕین و فرۆشتن و شێوە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی بازرگانی و سەودا و مامەڵە ئەسڵ تێیاندا دروستی و حەلاڵیە، تەنها لە کاتێکدا نەبێت زیانی گشتی یان مامەڵەی نادروستی لێ بکەوێتەوە، ئەو کاتە دەستوەردان دێتە ئاراوە... هەمان شت و بە هەمان مەرج ئەوە بەسەر نرخ داناندا پیادە دەبێت، چونکە لە بناغەدا نرخ دیاری ناکرێت و نەهی کراوە لە نرخ دانان (التسعير)، هەروەها پێغەمبەری خوا نەهی کردوە لەوەی شتومەك پێش گەیشتنی بە بازاڕ بەدەمیەوە بچیت و بیکڕیتەوە "نهى عن تلقي السلع حتى تبلغ الأسواق"، چونکە هۆکارێکی گران کردنی بازاڕە، بە هەمان شێوە دانانی ئەو وەکیلانەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

شتومەكەكان بۆ كەسێك یان كۆمپانیایەك قۆرخ دەكەن و پاشان كارێك دەكەن لە سەرووی نرخی ڕاستەقینەی خۆیەوە بكەوێتە بازاڕەوە و نرخی پێ بەرز دەبێتەوە، كە جاران پێیی وتراوە دەڵاڵ (سمسار) بەو پێیەی سەر دەكێشێت بۆ قۆرخ كردن و قۆرخ كردنیش كارێكی ناڕەوایە، هەروەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە دروست نیە قۆرخكاری بكرێت "لا يحتكر إلا خاطيء" بخاري ١٦٠٥ ، لەمڕۆشدا دەكرێت بارودۆخی بازرگانی و كاری سەرمایەگوزاری، بە چەندین شێوە ڕێك بخرێن، بە شێوەیەك ئازادی ئابوری و بازرگانی و مافەكانی خەڵك پێكەوە یەكانگیر نەبن و لە دواجاردا خەڵكی زەرەرمەند نەبن...

**پێنجەم: ئازادی ئایین و بیروباوەڕ و بۆچوون:**

دروست نیە دەسەلاّت كەسێك ناچار بكات بەوەی پابەندبێت بە ئایینێك یان بیروڕا و بۆچوون و تێڕوانینێكەوە، بەڵكو مرۆڤ ئازادە لەوەدا بڕوا دێنێت یان نا، هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێت﴿فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾الكهف:٢٩، ﴿أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ یونس٩٩، هەروەها مرۆڤ ئازادی هەیە لەوەدا كە شوێنی هەر ئایینێك بكەوێت كە هەڵی بژاردووە و پەسەندی كردوە "لكم دينكم ولي دين"، هەر بۆیە نە سەلماوە پێغەمبەری خوا هیچ كەسێكی ناچار بە هاتنە نێو ئیسلام كردبێت... خوای گەورە لە كتێبەكەیدا باسی لە هەموو خاوەن ئایینەكان كردوە لە یەهود و نەسرانی و سابیئە و مەجوس و موشریك و موئمین و ئاماژەی بەوەش داوە كە لە ڕۆژی قیامەتدا ناكۆكییەكانیان یەكلا دەكاتەوە، مەبەست لە خەلقی مرۆڤەكانیش تاقیكردنەوەیانە، تاقیكردنەوەش لە بوونی ئازادی و ئارەزوومەندی و كەش و هەوایەكی ڕەخساودا بەدی دێت نەك لە دۆخێكی چەپاوو لە ژێر باری ناچاری و زۆركردندا، (ابن القيم) سەبارەت بە ئایەتی "إن الذين آمنوا والذين هادوا والصابئين والنصارى والمجوس والذين أشركوا إن الله يفصل بينهم يوم القيامة إن الله على كل شيء شهيد" دەفەرموێت: "كاتێك خوای گەورە پێغەمبەرەكەی نارد (د.خ) خەڵكێكی زۆری ئایینەكانی تر بە ویست و ئارەزووی خۆیان بەدەم بانگەوازی ئەو و جێنشینەكانییەوە دەهاتن، كەس ناچار نەدەكرا بۆ وەرگرتنی ئایین، بەڵكو جەنگی لەگەڵ ئەو كەسەدا دەكرد كە جەنگی لەگەڵ دەكرد، بەلاّم هەركەسێك ئاشتی و سازشی لەگەڵ بكردایە قیتالی لەگەڵ نەدەكرد، ناچاری نەدەكرد بێتە نێو ئایینەكەیەوە، لەبەر پیادەكردنی ئایەتی "لا إكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي"، ئەمە (نفي)ە لە واتای (نهي)دا، واتا كەس ناچار مەكەن لەسەر وەرگرتنی ئایین، ئەم ئایەتە سەبارەت بە هەندێك لە هاوەڵان دابەزی كە منداڵەكانیان پێش ئیسلام بووبوونە جولەكە و گاور،

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

كاتێك كە ئیسلام هات و باوكەكانیان مسولمان بوون، ویستیان منالەكانیان ناچار بە موسولمان بوون بكەن، خوای گەورە نەهی كرد لەو كارە، تاكو خۆیان خۆویستانە ئیسلام هەلبژێرن و بێنە نێو ئیسلامەوە، بۆچوونی دروست ئەوەیە كە ئەم ئایەتە گشتییە و هەموو بێ باوەڕێك دەگرێتەوە... پێغەمبەری خواش كەسی ناچار بە وەرگرتنی ئیسلام نەكردووە، جەنگیشی لەگەڵ ئەوانەدا كردووە كە جەنگیان لەگەلی كردووە، بەلاّم هەركەس سازش و ڕێككەوتنی لەگەلی ئەنجام دابێت و شەڕی نەكردبێت، تا ئەو كاتەی بەردەوام بوونە لەسەر ئەو ڕێككەوتنە، ئەمیش بەردەوام بووە لەگەلیان، خوای گەورەش فەرمانی كردوە تا ئەو كاتەی بەرامبەرەكانتان بەردەوام دەبن لە پەیمان و بەلێنەكانیاندا ئەوا دەبێت موسولمانانیش هەمان كار درێژە پێ بدەن و پەیمان شكێنی نەكەن "فما استقاموا لكم فاستقیموا لهم"، كاتێك كە هاتە مەدینە ڕێككەوتنی لەگەلّ جولەكەدا ئەنجامدا و دانی نا بە ئایینەكەیاندا، بەلاّم كاتێك ئەوان دژایەتییان كرد و پەیمانەكەیان شكاند و دەسپێشخەرییان كرد لە شەڕكردنیدا، شەڕیانی كرد، هەندێكی ئازاد كرد و هەندێكیانی وەدەرنا و هەندێكیشیانی كوشت، بەهەمان شێوە كاتێك لەگەلّ قورەیشدا ڕێككەوتنیان ئەنجام دا بۆ ماوەی دە سالّ، ئەو دەسپێشخەر نەبوو بۆ شەڕكردن لە گەلیان، بەلكو ئەوان دەسپێشخەر بوون و پەیمانەكەیان شكاند، ئیتر پاش ئەوە چووە سەریان، لە كاتێكدا پێشتر ئەوان دەهاتنە سەری... مەبەست ئەوەیە پێغەمبەری خوا هیچ كەسی ناچار نەكردوە بەوەی بێتە نێو ئایینەكەیەوە، خەلكی خۆیان بە ڕەزامەندی و ویستی خۆیان هاتنە ناویەوە... پاش ئەوەی ڕێنماییان بۆ بەدەركەوت و زانییان پێغەمبەری خوایە بە ڕاستی ".(ابن القیم، هدایة الحیاری، ص٢١).

هەروەها كەسی ناموسولمان لە سایەی دادگەریی ئیسلامدا لەسەر ئایینەكەی خۆی دەمێنێتەوە... لە دەولەتی ئیسلامیدا دەتوانن بە پێی شەریعەتی خۆیان لە كاروبارە تایبەتییەكانیاندا فەرمانڕەوایی بكرێن و كاروباریان بەڕێوە بچێت، لەبەرئەوەی خوای گەورە ئەفەرموێت "فإن جاءوك فاحكم بینهم أو أعرض عنهم".

هەلگەرانەوە لە ئیسلام لەگەلّ ئەوەی گەورەترین تاوانی گەورەیە و لە دیدی ئیسلامەوە مرۆڤ شایستە بە دۆزەخ دەكات، لەڕووی حوكمی شەرعییەوە زانایان قسەی جیاوازیان لەسەری هەیە و جیاوازیش هەیە لە نێوان هەلگەڕاوەیەكی خاوەن دڕك و شەڕانی لەگەلّ كەسێكی موسالیم، ئەوانەی بە شێوەیەكی ئاشتییانە هەلدەگەڕێنەوە بەلگە هەیە لەسەر ئەوەی ناكوژرێن و لە ڕووی قەزائییەوە ئەو مافەیان پێ دەدرێت، لە سەردەمی عومەری كوڕی خەتتابیشدا چەند كەسێك لە ناوچەی توستەر و جەزیرەی شامی هەلگەڕابوونەوە، عومەر بۆچوونی لەگەلّ ئەوەدا بوو ئەگەر گیران ئەوا زیندانی بكرێن نەك بكوژرێن، عومەری كوڕی عەبدولعەزیزیش هەمان بۆچوونی هەبووە، پێش هەموو

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەمانەش رۆكاری قورئانیش "لا إكراه في الدين" و چەندين بەلگەی تريش ئەوه دەخوازێت، لە زانايانيش ئيبراهيمی نەخعی و سوفيانی سەوريش هەمان بۆچوونيان هەبووه، هەنديكيش لەگەڵ تەوبە دان نەك كوشتن، واتە داوای پەشيمان بوونەوەيان لێ دەكەن... ئەم بۆچوونانە تاڕادەيەك نزيكە لەوەی كە هەنديك لە زانايانی هاوچەرخ حوكمی (ردة) بە (حدود) دانانێن و دەيخەنە چوارچێوەی سياسەتی شەرعی و ئەو دەرەنجامەی لێی دەكەوێتەوە و ئەو ڕێوشوێنانەی كەسانێكی هەڵگەڕاوە بەرامبەر موسولمانان دەيگرنە بەر...

هەروەها مافی ئەوەی هەيە بيروڕای خۆی دەرببڕێت و رەخنەی دەسەلات بكات، پياوێك هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) و سەبارەت بە قەرزێكی كە هەيبوو لەسەر پێغەمبەر زۆر بە زبری قسەی لەگەڵ كرد، هاوەلان خەريك بوو لێی بدەن، بەلام ئەو فەرمووی "وازی لێ بێنن، چونكە خاوەن ماف قسەی خۆی هەيە" بخاري ٢٤٠١ ، بەهەمان شێوە مافی رەفز كردنی هەر فەرمانێكی دەسەلاتی هەيە كە پێچەوانەی بيروباوەڕی ئەو بێت يان بە حەرامی بزانێت، لەبەر فەرموودەی "إنما الطاعة بالمعروف".

**شەشەم: ئازادی چوونە پاڵ كۆمەڵ و گردبوونەوە سياسی و فكرييەكان:**

ئەگەر لە شەريعەتی ئيسلاميدا مرۆڤ مافی هەبێت كە خاوەنی چ ئايينێك بێت و بۆی هەبێت بە پێی شەريعەت و ياسای تايبەتی خۆی بڕيار و حوكمی بەسەردا بدرێت، ئەوا زۆر ئاساييە لە ديدی ئيسلاميدا مرۆڤ مافی ئينتيمای هەبێت بۆ ئەو پارت و كۆمەڵ و رێكخراوانەی كە خۆی دەيەوێت، جا ئيتر ئەو كۆمەڵ و رێكخراوانە فيقهی و فيكری بن، يان سياسی و ئايديۆلۆژی، هەر بۆيە عوسمان و عەلی خوايان لێ رازی بێت دەمكوتی نەيارەكانيان نەكرد كە ئينتمای سياسی و فيكری جياوازيان هەبوو، هەروەك بۆچوونيان وانەبوو كە مافی ئەوەيان هەبێت بە هێز و دەسەلات سەركوتيان بكەن، تا ئەو كاتەی دژ بە دەوڵەت دەردەچن و شۆڕش دەكەن، لەبەرئەوەی مەبدەئی "لا إكراه في الدين" لايان روون بوو، كە دەوترێت ئينتما بوون بۆ ئەو گروپ و كۆمەلانە دروست و جائيز و رەوايە، لێرەدا مەبەست لە جەواز و مافی قەزائيە، كە دەسەلات ناتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت و سزای لەسەر نادرێت، نەك دروستی و جەواز لە رووی ئاييندارى و فەتواوە، چونكە حەرامە ئينتمات هەبێت بۆ خەواريج لەبەر ئەو زيادەڕەوی و پەرگيرييەی هەيانە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوەلان بە مافی خۆيانيان نەدەبينی رێگری لەو ئينتيما كردنە بكەن... گرنگ ئەوەيە ئەو نەيارێتييە بە شێوەيەكی ئاشتيخوازانە بێت و پەنا نەبرێتە بەر هێز و توندوتيژی... ئەم بۆچوونە بۆ بارودۆخی ئەمڕۆشمان هەر تەواوە... تۆ لە رووی ئايين و دينداريیەوە بە حەرامی دەبينيت بچيتە نێو پارتێكەوە كە بۆچوونەكانی لە رووی فيكر و بيروباوەڕەوە ناتەبايە بە ئيسلام... بەلام لە رووی مافی بوون و لافيتە و پرۆژەوە رێگەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لێ ناگیرێت... با تۆش ناكۆك بیت لەگەڵیدا یان بە ناڕاستی بزانیت... ئەركی تۆ كاركردنێكی ئاشتیانەیە (كە هەموو لا دەبێت پابەند بن پێیەوە) بەپێی فەرمانێك كە خوای گەورە كردویەتی، هەروەك دەفەرمویێت "ولتكن منكم أمة يدعو ن إلى الخير" لێرەدا(من) بۆ (تبعيض)ە و بەڵگەیە لەسەر كاری بەكۆمەڵ و جەماعی و گرتنەبەری كاری چاكسازی بە شێوازی گروپ و كۆمەڵی جۆراوجۆر.

**حەوتەم: مافی بەرهەڵستی دەستدرێژی دەسەلات و زۆرداریيەكانی:**

مرۆڤ مافی رەفزكردنی ستەم و بەرهەڵستی كردنی هەیە، ئیتر شێوە ستەمكارییەكە هەر شێوە و ناوێكی هەبێت، لەم بارەیەوە دەیان بەڵگە هەیە لە قورئان و سوننەت و رەفتار و هەڵوێستی خەلیفەكانی راشدی و هاوەلاّن بە گشتی.

**هەشتەم: پاراستنی مافی كەمینەكان:**

هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی باسكران، هاووێنەی مافی ڕادەربڕین و رەفز كردنی ستەم و بەرهەڵستی زۆردارییەكانی دەسەلاّت، بۆ مسولّمان و ناموسولّمان وەكو یەكە لە گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی و ڕاشدیدا، ئەهلی زیمە لە دەولّەتی ئیسلامیدا هاولاّتین و هەموو مافێكی هاولاّتی بوونیان هەیە، زاراوەی (أهل الذمة)، زاراوەیەكی تەشریفییە و رێز و پایە بلّندی تیایە بۆ هاولاّتییە ناموسولّمانەكانی نێو دەولّەتی ئیسلامی، (ذمة) لە (الذمام)ەوە هاتووە، كە بریتییە لە پاراستن و بەلێن و وچاودێری كردن، ئەوان دەبێت لەژێر سایەی پاراستن و چاودێری و دلّنیایی خوا و پێغەمبەری خوادا بن، هەروەك ئەمە بۆ مسولّمانیش تەواوە، وەك لە بوخاریدا هاتووە "من صل صلاتنا، واستقبل قبلتنا، فذلك المسلم، الذي له ذمة الله ورسوله، فلا تخفروا الله في ذمته".

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە كە هەر كەسێك نامسولّمانێكی بەلێن پێدراو (معاهد) بكوژێت بۆنی بەهەشت ناكات "من قتل معاهدا لم يجد رائحة الجنة" بخاري ٢٩٩٥ ، لە گێڕانەوەیەكی تردا هاتووە "من قتل معاهداً له ذمة الله ورسوله، فقد أخفر ذمة الله، لا يرح رائحة الجنة". (الترمذي في الجامع الصحيح ١٤٠٣، وقال حديث حسن صحيح).

هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا هاتووە، كە هەر كەس ستەم لە ناموسولّمانێك بكات یان بە كەم سەیری بكات، یان زیاد لە توانای خۆی شتێكی بدات بەسەردا، یاخود شتێكی بە نابەدلّی لێ وەربگرێت، ئەوا پێغەمبەری خوا (د.خ) دەبێتە دژ و ناحەزی لە رۆژی دواییدا، جگە لەوەی بۆنی بەهەشت ناكات، "ألا من ظلم معاهداً، أو انتقصه، أو كلفه فوق طاقته، أو أخذ منه شيئاً بغير طيب

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نفس منه، فأنا حجيجه يوم القيامة، وأشار رسول الله صلى الله عليه وسلم بأصبعه إلى صدره، ألا ومن قتل معاهداً له ذمة الله وذمة رسوله حرم الله عليه الجنة"(أبوداود في السنن٣٠٥٢، والبيهقي في السنن ٩-٢٠٥، بإسناد صحيح).

مسوڵمانان بە گرێبەستی ئیمان و ناموسوڵمانان بە گرێبەستی ئەمان و ئارامی و دڵنیایی، لەژێر سایە و پاراستن وچاودێری خوای گەورەدان، لێرەوەیە زانایانمان دانیان ناوە بە ڕێسای (لهم ما لنا، وعليهم ما علينا)...

ئەم مافانە لە سەردەمی ڕاشدیدا ڕەچاوکراوە و کاری پێ کراوە، هەر بۆیە کاتێك (زیاد بن حدیر) کە پارەوەرگر (جابي) بووە لەسەر ڕووباری فوڕات، ویستویەتی دووجار (لە هاتن و چووندا) بیست یەك لە بازرگانێکی بەڵێن پێدراو (ذمي) بسێنێت، بازرگانەکەش دەچێت بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب و سکاڵای زیاد دەبات بۆ لای، عومەریش بۆ زیاد دەنووسێت کە تەنها یەك جار لێی وەربگرێت، کابرای نەسرانی دێتەوە بۆلای عومەر و پێی دەڵێت: من ئەو پیاوە پیرە نەسرانییە بووم سەبارت بە زیاد قسەم لەگەڵتدا کرد، عومەریش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: منیش ئەو پیرە حەنیفییە بووم کە کارەکەتم جێبەجێ کرد!

هەر بۆیە کاتێك هەندێك لە خەلیفەکانی بەنوئومەیە ویستیان هەندێك لە کەنیسەکانی ئەهلی زیمە بڕوخێنن و بیکەن بە مزگەوت، ئەوانیش ئیعترازیان گرت و پەیماننامەکانی ئاشتەوایی نێوان خۆیان و مسوڵمانیان پیشاندا کە نابێت دەست لە پەرستگاکانیان بدرێت، بە هەمان شێوە فەقیهەکانیش ئیعترازیان گرت و ئەم نیازەیان بە کارێکی نەشیاو دانا و ئیمزا کردنی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان وعەلییان بۆ ئەو سوڵحانە کردە بەڵگە، کە تیایدا بەرژەوەندی ئەهلی زیمە لەو بارەیەوە ڕەچاو کراوە.

## پاراستنی مافی کەمینەکان و یەکسانییان لەگەڵ موسوڵماناندا لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

**یەکەم: یەکسانی لە خوێن و خوێنباییدا:**

لە دەوڵەتی ئیسلامی و گوتاری قورئانی و نەبەوی و ڕاشدیدا مسوڵمانان و نامسوڵمانەکان، لە خوێن و خوێن باییدا یەکسانن، هەروەك عەبدوڵای کوڕی عەبباس ئەفەرموێت "جعل رسول الله صلى الله عليه وسلم دية العامريين وكانا معاهدين دية المسلم" (الدارقطني في السنن ٣-١٧١، والبيهقي ٨-١٠٢، وفي إسناده ضعف، وله شواهد تقويه).

لێرەدا عامرییەکان کە ناموسوڵمانن خوێنیان یەکسان دەکرێت بە خوێنی مسوڵمان.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەر بۆیە ئەبو بەكر و عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) خوێنبایی جولەكە و گاوریان وەك خوێنبایی مسوڵمان دادەنا، تا ئەو كاتەی لە سایەی موسوڵمانان و پەیمان و بەڵێنەكانیاندا بوونایە. (الدارقطني في السنن ٣-١٢٩ من حديث الزهري مرسلا).

زوهری (كە یەكێكە لە شارەزاترین كەسەكانی سوننەت و سیرە) دەڵێت: "خوێنبایی یەهودی و نەسرانی و مەجوسی و هەر بەڵێن پێ دراوێكی تر، وەك خوێنبایی مسوڵمان وایە، هەروەك دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و ئەبوبەكر و عومەر و عوسمانیشدا بەو شێوەیە بووە، خوێنباییەكەیان بە تەواوی بووە، مەعمەر دەڵێت پێم وت: پێم گەیشتووە كە سەعیدی كوڕی موسەیەب وتوویەتی خوێنباییان چوارهەزارە، زوهری وتی: باشترین شت ئەوەیە بخرێتە بەردەم كیتابی خوا، خوای گەورەش فەرمویەتی: "فدية مسلمة إلى أهله" (رواه عبدالرزاق في المصنف١٠-٩٥، وهذا إسناد صحيح....".

عەلیش (خ.ل) فەرموویەتی: خوێنبایی یەهودی و نەسرانی و هەر زمییەك وەكو خوێنبایی مسوڵمانە و ئەمەش قسەی عەبدلاّی كوڕی مەسعودە... پێشەوای موفەسیرین (ابن جرير الطبري)یش لە تەفسیری ئایەتی "وإن كان من قوم بينكم وبينهم ميثاق فدية مسلمة لأهله"دا ئەم ئەسەرانەی لە هاوەلاّن و تابعینەوە هێناوە و خۆشی دەڵێت: "وحكم ديات أهل الذمة وديات المؤمنين سواء". (تفسير ابن جرير الطبري، سورة النساء: ٩٢).

**دووەم: یەكسانی لە حوكم و قەزاوەتدا:**

گوتاری قورئانی و نەبەوی دادگەری و قیستی هێناوە، لە هەمان كاتدا هەموو كەس لە كاروبارە گشتییەكاندا یەكسانن لە بەردەم قەزادا، ئیمامی كاسانی لە (بدائع الصنائع ٢-١٣٧)دا باسی هەندێك لەو یەكسانیەی نێوان مسوڵمان و ئەهلی زیمە دەكات، لەو مافە یاساییانەش ئەوەیە گەر نەیتوانی خۆی ژیان و گوزەرانی خۆی دابین بكات، ئەوا لە خانەی سامان موچەی ژیان و گوزەرانی بۆ دابین دەكرێت، عومەری كوڕی خەتتاب و عومەری كوڕی عەبدولعەزیز بەم شێوەیە بڕیاریان داوە، عومەر (المساكين) لە ئایەتی "إنما الصدقات للفقراء والمساكين" بە پیر و پەككەوتەی ئەهلی كیتاب لێك دەداتەوە، كە توانای كار و كەسابەتیان نیە (ابن أبي شيبة في المصنف ٢-٤٠١...)، بە هەمان شێوە عیكریمەش هەر وا دەفەرموێت، هەروەك تەبەری ئاماژەی پێ دەدات...(زفر)یش لە حەنەفییەكان (مبسوط ٢ -١٩٩) بۆچوونی وایە ئایەتی زەكات بەپێی واتا گشتیەكەیەتی و دەكرێت بدرێت بە زیمی و مەبەستیش دەوڵەمەند كردنی هەژارە لەبەر ڕەزامەندی خوا، ئەوەش بەدی دێت... قورتوبیش دەڵێت: (فقراء) بەگشتی ئەوە ناخوازێت كە تەنها تایبەت بێت

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

به مسولّمانان و زیمییەكان نەگرێتەوە، بەلاّم فەرموودەكان زیاتر ئەوە دەر دەخەن سەدەقات لە دەولّەمەندە مسولّمانەكان وەدەگیرێت و دەدرێتەوە بە هەژارەكانیان، عیكریمەش وتویەتی: (فقراء): موسولّمانە نەدارەكان دەگرێتەوە، (المساكين): هەژاری ئەهلی كیتاب دەگرێتەوە.(جامع الأحكام ٢-١٩٩).

ئەبوحەنیفە بە دروستی دەبینێت زەكاتی سەرفیترە بدرێت پێیان، (ابن قدامة) دەلّێت عەمری كوڕی مەیمون و عەمری كوڕی شەرحەبیل و مورەی هەمەزانیش داویانە بە ڕاهیبەكان. (المغني ٢-١٥١)...

ڕۆكاری ئایەتەكانی قورئانیش لەگەلّ ئەوەیە هەموو ئەو وشانە (الفقراء، المساكين، المؤلفة قلوبهم، ابن السبيل، الغارمين) وشەی گشتی و(عموم)ن و فەرموودەی (تؤخذ من أغنيائهم وترد على فقرائهم) تایبەتی ناكات... ئەو قەومەشی ئەم فەرموودەیەیان ئاراستە كراوە، نەسرانی تازە مسولّمان بوون، دیاریش نیە نا مسولّمانەكانی لیّ بێبەش كرابێت... ئەمە جگە لەوەی (مؤلفة قلوبهم) هێشتا مسولّمان نین و ئیمام هیوای هاتنە نێو ئیسلامیان لیّ دەكات، جا ئەگەر دروست بێت بە سەركردەكانیان بدرێت تاكو هۆگریان بكەن بە ئیسلامەوە و لە زیان و دوژمنكارییان بەدوور بن، ئەوا لە پێشترە بدرێت بە هەژار و نەدارەكانیان، چونكە زیاتر پێویستیان بە سۆز و بەزەیی و چاكە و چاكەخوازیی هەیە.

یەكێكی تر لەو مافانەی هاولاّتیان هەیانە لەسەر دەولّەتی ئیسلامی، ئازاد كردنی دیلە لە خانەی سامان، جا مسولّمان بن یان نا، تەنانەت لە پێناوی ڕزگاركردنیاندا لە چنگی دوژمن جیهادیشیان لە پێناودا دەكرێت، ئەمە بۆچوونی (أبو عبيد قاسم بن سلام)ە و پشت ئەستورە بە واتای گشتی فەرموودەی "فكوا العاني- أي الأسير- وأطعموا الجائع" بخاري ٣٠٤٦، هەروەها بەو وەسیەتەی عومەری كوڕی خەتتاب لە كاتی برینداربوون و سەرەمەرگیدا فەرمووی: "وەسیەت بە جێنشینی دوای خۆم دەكەم لەگەلّ ئەهلی زیمەدا باش ڕەفتار بكات، لە پێناویاندا بجەنگێت، لە سەرووی توانای خۆیانەوە تەكلیفیان لیّ نەكات"، ئەوەشی كە گوایە عومەری كوڕی خەتتاب نووسراوێكی لەگەلّ ئەهلی زیمەی شامدا نووسیبێت و كۆمەلّێك مەرجی لەسەریان دانابێت، وەكو دیاری كردنی جل و بەرگ و سوار بوون و...هتد، كە بە(الشروط العمرية) ناسراوە، هیچ ئەسلّێكی دروست و سەحیحی نیە. هەربۆیە زانا و فەقیهەكان ڕووبەڕووی هەر هەولّێكی كاربەدەستان وەستاونەتەوە كە زانیبێتیان دژە بە مافی نامسولّمانەكان، لەم ڕوانگەیەوە بوو دژایەتی (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك)یان كرد، كاتێك ویستی قوبروسییەكان بگوازێتەوە بۆ شام و لە كاتی فەرمانڕەوایەتی یەزیددا گێڕایانیەوە بۆ شوێنی خۆیان و زانایان ئەمەیان بە كارێكی زۆر باش و عەدل دانا، ئیمامی ئەوزاعی ڕووبەڕوی كارێكی لەو

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

شـێوەیەی مـیری شـام (صـالح بـن علـي بـن عبـدالله بـن عبـاس) وەسـتایەوە كاتێـك كـە ویـستی نەسرانییەكانی جەبەل لوبنان بگوازێتەوە، دوای ئەوەی هەندێكیان كارێكی خراپیان كردبوو... ئیمـامی شافعییش بە ئەركی دادەنێت لە كاتی وەرگرتنی سەرانە (جزية)دا، بە ئەدەبەوە رەفتاربكرێت، هـەروەك وشەی (الـصغار) بەوە لێك دەداتەوە، ملكەچ بن بۆ حوكمـەكانی ئیـسلام لـە پێـدانی جزیەكـە، نـەك سوكایەتی پێكردن، (الأم ٤-٢٩٣-٢٩٤) ئەوەش دەزانـین ئیمـامی شـافیعی حوججەیـە لـە زمـان و فیقهدا.

جا ئەگەر پێویست بێت مسوڵمانان وەكو خۆیان بەرگری لە نەفس و دارایی ئەهلی زیمـە بكـەن، ئـەی چۆن دروستە سوكایەتییان پێ بكرێت و ئازار بدرێن...

**سێیەم: مافیان هەیە لەوەدا بە شەریعەت و یاسای خۆیان دادوەری بكرێن:**

نامو‌سوڵمانەكانی خاوەن كیتاب بۆیان هەیە دادوەری بـەپێی شـەریعەتی تایبـەتی خۆیـان بكەن، لە بەرئەوەی خوای گەورە فەرمویەتی "فإذا جاءوك فاحكم بينهم أو أعرض عـنهم"، كـە ئەمـە لە یاسا دەسكردەكانیشدا تاكو ئێستاش دەستەبەر نیە، هەروەك ئیسلام ئەمە بە مافی خۆیان دەزانێـت و بە قورسی دەبینێت مرۆڤ بە شێوەیەك حوكمی بكرێـت كـە بـاوەڕی پێـی نیـە، مەگـەر خۆیـان بـە رەزامەندی خۆیان بە حوكمی ئیسلام رازیبن و لەو كاتەدا ڕێگرییان لێ ناكرێـت، (طـبري) وا نابینێـت حوكمی ئایەتی "وأن احكم بينهم بما أنزل الله"ی سورەتی مائیـدە كـە حـوكم كردنـە بـە كیتابـەكانی خۆیان، نەسخ بووبێتەوە... دیارە ئیمامی مالـك بابەتـەكانی وەكـو (جنایـات) و دەسـتدرێژی كـردن و كوشتن و ...هتد لەم یاسایە هەڵاوێرێت و جیای دەكاتەوە...

**چوارەم: مافی موڵكایەتی و بازرگانی و كڕین و فرۆشتن و هاوشێوەكانیان...**

دیارە ئەمە ئەوەندە ڕوونە پێویستی بە قسە لەسەر كـردن نیـە و هـەموو ئـەم مافانـە لـە چوارچێوەی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت هـاوڵاتی بـوون جێگـەی دەبێتـەوە و ئیـسلامیش پێـشتر ئـەو مافانەی دەستەبەر كردووە...

**پێنجەم: مافە كۆمەڵایەتییەكان:**

گوتـاری قورئـانی و نەبـەوی تـەنها بـە دانپیانـان و چەسـپاندنی مـافی هـاوڵاتی بوونـەوە نەوەستاوە بۆ نامسوڵمانەكانی نێو دەوڵەتی ئیـسلامی، بـەڵكو چـەندین ئـەرك و مـافی كۆمەڵایـەتی داناوە بۆ پتەو كردنی لێبوردەیی ئایینی و گرەنتی یەكڕیزی كۆمەڵایەتی، پێغەمبـەری خـوا سـەردانی جولەكەی دەكرد، خزمەتكارێكی جولەكەی هەبوو، كە نەخۆش كەوت سەردانی دەكـرد (بخـاري١٢٩٠)

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

و دراوسێ جولەكەكەی بانگی كرد بۆ خواردنێك كە لە جۆ دروست كرابوو بەدەمییەوە چوو. (أحمد في المسند ١٣٢٤٢ بإسناد صحيح).

عەبدوڵای كوڕی عومەر دراوسێیەكی جولەكەی هەبوو، كاوڕێكی بۆ ماڵ و خێزانەكەی سەربڕی بوو، پێیانی وت: بە دیاری بردوتانە بۆ دراوسێ جولەكەكەمان؟ من گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (د.خ) ئەی فەرموو: "ئەوەندە جبریل وەسیەتی پێ كردم كە لەگەڵ دراوسێدا باش بم، وامزانی دراوسێ میراتی دراوسێ دەبات" (أبوداود في السنن ٥١٥٢، بإسناد صحيح).

(ابن قدامة الحنبلي) لە كتێبی (المغني ٨-١١٣)دا دەڵێت: "لە رزگار كردنی شامدا، نەسرانییەكان خواردنیان بۆعومەر (خ.ل) دروست كردبوو، كاتێك كە چوو بۆ شام، ئەویش فەرمووی: لە كوێیە؟ وتیان لە كەنیسەیە، بەڵام نەچوو و بە عەلی كوڕی ئەبوتالیبی فەرموو: بچۆ نان بخۆ لەگەڵ ئەو خەڵكەدا، عەلی (خ.ل) لەگەڵ خەڵكەكەدا چوون و خۆی و موسوڵمانەكان نانیان خوارد، پاشان عەلی سەیری وێنەكانی ناو كەنیسەكەی كرد و فەرمووی: هیچ نەدەبوو گەر ئەمیری باوەڕداران بهاتایە و نانی بخواردایە؟ ئەمەش لەوەوە بوو كە هاو ڕابوون لەوەی دروستە بچیتە ئەو شوێنانەش با وێنەشی تێدابێت، هەروەك چوونە كەنیسە و بیبەع حەرام نیە.....".

پێغەمبەری خوا و هاوەڵان لەبەر جەنازەی جولەكە هەستاوون و بە حەرامیان زانیوە ئازاریان بدەن... هەموو ئەو فەرموودانەشی باس لە مافی دراوسێ یان حەرامی كڕین لەسەر كڕین و داواكردن لەسەر داواكردنی ئەوانیتر دەكەن، مسوڵمان و نامسوڵمان دەگرێتەوە، نەوەوی لە شەرحی موسلیم دا دەڵێت: "ذهب الجمهور إلى تحريم الخطبة على الخطبة المسلم وغير المسلم" (شرح النووي على صحيح مسلم ٩-١٩).

هەموو ئەو ڕێنماییە گشتییانەی كە هەیە بە هەمان شێوەیە، چونكە ڕێك و سازە بە گوتاری قورئانی، كە ئەفەرموێت "وقولوا للناس حسناً"، "اتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام"، " لاينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم أن تبروهم وتقسطوا إليهم إن الله يحب المقسطين".

خاوەن كیتابەكان شوێنی جەنازەی مسوڵمانان دەكەوتن و بە ئاسایی وەردەگیرا و بۆ مسوڵمانیش دروستە تەعزێباری لە نامسوڵمان بكات بە تایبەت ئەگەر خزمایەتی یان دراوسێیەتی یان هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەبوو. (مصنف عبدالرزاق ٦-٤٢).

هەروەها دروستە مسوڵمان چاكە و چاكەخوازیی لەگەڵ نامسوڵماندا بكات، لە خۆشییەكانیدا پیرۆزبایی لێ بكات و لە ناخۆشی و خەمبارییەكانیدا دڵی بداتەوە، هاوكاری بكات بۆ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جێبەجێ كردنی پێداویستییەكانی، هەڵسوكەوتی جوان بێت لەگەڵیدا، سـلاوی لـێ بكـات و وەلامـی سلاوی بداتەوە...

ئەو فەرموودەیەشی كە لە ئەبو هورەیرەوەیە و تیایـدا هـاتوە "لا تبـدءوا الیهـود بالـسلام وإذا لقیــتم فاضــطروهم إلى أضــیق الطریــق"، بەشــێكە لــە فەرموودەیــەك و كورتكراوەتــەوە و كورتكردنەوەكەشی واتاكەی شێواندوە و ڕاستتر ئەوەیە ئەم فەرموودەیە تایبەتە بـەو كاتـەوە كـە بـەنو قورەیزە ناپاكییان كردووە، بۆیە داواكراوە سەلامیان لێ نەكرێت، چونكە سەلام كردن نیشانەی ئاشـتی و ئاسایشە، كە لە دۆخێكی وادا بوونی نـەبووە، ئەوەشـی كـە وتـراوە تـەنها پێیـان بڵـێن (وعلـیكم) سەرەڕای پەیوەندی بەم ڕووداوەوە بەپێی هەندێك لە گێڕانەوەكان، لەبەرئـەوە ئـەوان وتوویانـە (الـسام علـیكم)، كە دوعای شەڕكردنە و بەواتای (بمرن) دێت، وەلامەكەش وەلامە وەكو خۆی (الـرد مـن بـاب المقابلة بالمثـل)، كەواتا ئەو فەرموودانە حوكمی گشتییان نیە و ناكرێـت واتـای گـشتی ئایـەتی "وإذا حییتم بتحیة فحیوا بأحسن منها أو ردوهـا"، كە وەلام دانەوەیە بە باشتر یـان لانیكـەم وەك خـۆی، بـە هەدەر بدرێت بە فەرمودەیەكی وا كورت كە لە ناوكۆ و سیاقێكی تایبەتدا هاتووە، ئەمە جگە لـەوەی چەندین فەرموودەی سەحیحمان هەیە باس لە چاكەی سـلاو كـردن و پـەخش كردنـی دەكـەن "أمرنـا بسبع وإفشاء السلام" "أیها الناس أفشوا السلام..."، هەروەها چەندین نموونەمان هەیە كـە هاوەڵـانی پێغەمبەری خوا سلاویان لە خاوەن كیتاب و بگـرە موشـریكەكانیش كـردووە لـە (ڕێگـا و سـەفەر و نامە)دا لەوانە (عەبدولای كوڕی مەسعود و ئەبو ئومامە و ئیبنو عەبباس و ئەبو دەرداء و وفوزالـەی كوڕی عوبەیـد) كـە بـە فوقـەهای سـەحابە دەناسـرێن و هـەموویان عمـومی قورئـان و فـەرموودە سەحیحەكانی پێغەمبەریان لەو بارەیەوە وەرگرتووە، چەندین زانای تـری سـەلەفیش ئـەو بۆچـوونەیان هەبووە لەوانە: موحەمەدی كـوڕی كـەعب و نـەخعی و حەسـەن و ئـیبن عویەینـە و ئـیبن وەهـب و كۆمەڵێكی تر لە سەلەف، ئیمامی ئەوزاعیش زۆر ناسراو بووە بەوەی چـاكەی لەگـەڵ ئـەهلی زیمـەدا كردوە...

ڕۆكاری قورئانیش هانی ئـەوە دەدات سـەدەقە بـە نامـسوڵمانیش بـدرێت و وەكـو نزیـك بوونەوەش لە خوا و تاعەت حسابی بۆ دەكات، هەروەك دەفەرموێت﴿لَـيْسَ عَلَيْـكَ هُـدَاهُمْ وَلَكِـنَّ اللَّـهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنْفُسِكُمْ وَمَا تُنْفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَـاءَ وَجْـهِ اللَّـهِ وَمَـا تُنْفِقُـوا مِـنْ خَيْـرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾ البقرە:٢٧٢.

عەبدولای كوڕی عەبباس دەفەرموێت ئەم ئایەتە سەبارەت بە هەندێك لـە ئەنـسارییەكان دابەزی كە خزم و بنەچەیان هەبوو لە نێو (یەهود)دا، سـەدەقەیان پـێ نـەدەدان بـۆ ئـەوەی ناچـاریان

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بکەن بۆ مسولمان بوون، بەلام ئەم ئایەتە دابەزی، کە هانیان دەدات بۆ ئەوەی سەدەقەیان پێ بدەن، ئاگاداریشیان دەکاتەوە لەوەی هیدایەتیان بەدەستی خوایە، هەرکەسیش سەدەقە و خێر بکات، ئەوە بۆ خۆی دەیکات و پاداشتی لای خوای گەورەیە. (رواه ابن عباس وغيره من التابعين ، ابن جرير الطبري في تفسير سورة البقرة ٢٧٢ بأسانيد صحيحة).

کەواتا چاکە و دادگەری و چاکەخوازی و سۆز و بەزەیی و سەرجەم بەها و ڕەوشتە مرۆییە جوانەکان، لەو شتانەن کە گوتاری قورئانی و نەبەوی بانگەشەی بۆ دەکات جا ئیتر ئەو کەسە مسولمان بێت یان نامسولمان، بەمەش قورئان تەنها بە بانگەشە کردن بۆ دادگەری و ڕەواخوازی وازناهێنێت، بەلکو بانگەشە دەکات بۆ چاکەخوازی و نەرمونیانی لەگەل خەلکیدا، هەروەها بڕەودان بە سۆز و بەزەیی لە نێوان مرۆڤ و برا مرۆڤەکەیدا، تاکو بەم هەلسوکەوت و بەهایانە مەبەستی ناردنی دواهینی پێغەمبەران کە ڕەحمەتێکی بەخشراوە بێتەدی، هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێت: "وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين"، هەروەك پێغەمبەریش (د.خ) سەبارەت بە هۆی ناردنی خۆی ئەفەرموێت: "إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق".

**نۆیەم: بەدیهێنانی زەمانەتە عەدلی و قەزاییەکانی تاکەکان:**

گوتاری قورئانی و نەبەوی دادگەرترین زەمانەتیان دەستەبەرکردوە بۆ مافی تاك و گروپەکان، لەوانە:

**یەکەم: مافی بردنە لای قازی و بەرزکردنەوەی کارەکانی بۆ قەزا:**

کەس ڕێگری لێ ناکرێت سکالای ستەم لێکراوی خۆی بکات و بیگەیەنێتە بەردەم قەزا لەپێناو لابردنی ئەو ستەمەی لە سەریەتی، تەنانەت ئەگەر ستەمکار ئیمام و کەسانی دەسەلاتداریش بوون، ئەمە جێگەی کۆڕاییە، لەبەر ئەو بەلگە قەتعیانەی لە قورئان و سوننەدا هاتوون و جەخت لە پێویستێتی قەزاوەت و فەرمانڕەوایەتی دادگەرانە دەکەنەوە لە نێوان تەواوی خەلکیدا، هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ﴾ المائدة:٤٩، وە ﴿وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ﴾ المائدة:٤٢، هەروەها ئەفەرموێت: ﴿فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾ المائدة:٤٨.

دوو پیاو ناکۆکی خۆیان هێنایە لای پێغەمبەر (د.خ) ، یەکەمیان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بە کیتابی خوا قەزاوەت بکە لە نێوانماندا، نا حەزەکەشی وتی: ڕاست دەکات ئەی پێغەمبەری خوا، بە کیتابی خوا قەزاوەت بکە لە نێوانماندا، پێغەمبەریش پێی فەرموون: (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە بە کیتابی خوا قەزاوەت ئەکەم لە نێوانتاندا). بخاري ٧٢٦٠.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جیاوازی له نێوان مسوڵمان و ناموسوڵماندا ناكرێت و هەموویان له بەردەم عەدالەت دا یەكسانن، لەم بارەیەوە زۆر نموونەمان هەیە، ئاماژە بە چەند دانەیەكیان دەكەین: مسوڵمان و جولەكەیەك قەزاوەتیان هێنایە بەردەم عومەر، لەو كاتەدا خەلیفە بوو، ئەویش مافەكەی دا بە جولەكەكە نەك مسوڵمانەكە، جولەكەكەش وتی: بەخوا بە هەق قەزاوەتت كرد" (الموطأ ٢-١٤١١،٩٩).

عەلی كوڕی ئەبو تالیب لەو كاتەی خەلیفە بوو لەگەڵ جولەكەیەكدا چوونە لای شورەیحی قازی سەبارەت بە زرێ-قەڵغان-ێك كە بە دەستی جولەكەكەوە بوو، كە عەلی ونی كردبوو، شورەیح بە عەلی وت: هیچ بەڵگەیەكت هەیە؟ وتی: بەڵێ، كوڕەكەم و مەولاكەم. ئەویش شایەتی كوڕەكەی پەسەند نەكرد و زرێیەكەی دا بە جولەكەكە لەبەر نەبوونی بەڵگە، هەروەها لەبەرئەوەی زرێكە بە دەستی جولەكەكەوە بوو، جولەكەكە وتی: ئەمیری باوەڕداران ئەم بات بۆ لای قازییەكەی خۆی! قازییەكەشی دژ بەو قەزاوەت دەكات! شایەتی دەدەم ئەمە هەق و ڕەوایە! (أبو نعیم في الحلیة ٤-١٤٠، وانظر تاریخ الخلفاء للسیوطي ص١٥٧).

**دووەم: مافی دەستەبەر كردنی زەمانات بۆ تۆمەتبار:**

لەوانەش حەرامی ئەشكەنجە دان، هەروەك لە وتاری حەجی ماڵئاواییدا ئاماژەی پێ دەكات و تیایدا هاتووە "إن دماءكم وأموالكم وأعراضكم وأبشاركم علیكم حرام" بخاري ٧٠٧٨ و مسلم ١٦٧٩، بوخاری ناوی یەكێك لە سەرباسەكانی ناوە (پشتی مسوڵمان پارێزراوە، تەنها لە حەد و هەقدا نەبێت)، (بخاري ٦٧٨٥. الحدود باب ٩).

یەك لەو دوو سینفەی دەچنە دۆزەخەوە و پێغەمبەری خوا نەیبینیون، خەڵكێكن قەمچییان پێیەو له خەڵكی پێ دەدەن، هەروەك لە سەحیحی موسلیم (٧١٩٤)دا هاتوە، ئیمامی عومەریش دەڵێت: پیاو ئەمین نابێ لە نەفسی خۆی ئەگەر برسیت كرد و ترساندت یان زیندانیت كرد بۆ ئەوەی دان بنێت بە شتێكدا كە نەیكردوە. لێرەوە حەرامە شێوازەكانی سزادان بەكار بهێنرێت لەگەڵ تۆمەتبار، چونكە ئەسڵ بەرائەتە، بەو پێیەی لەوانەیە لە ترسی رزگار بوون لە لێدان یان برسێتی و زیندانی كردن دان بنێت بە شتێكدا كە نەیكردوە! هەربۆیە دان پێدانانی تۆمەتبار لە ژێر زۆر و ناچار كردندا ئیعتیباری نیە.

**سێیەم: دان پێدانەر ئەگەر پەشیمان بووەوە لە دان پێدانانەكەی بە شوبهەیەك دادەنرێت كە بیپارێزێت لە سزادان:**

پێغەمبەری خوا حەزی كردوە پەشیمان بوونەوە لە دانپێدانانددا بخاتە سەر زمانی دانپێدانەرەكە تاكو سزا نەیگرێتەوە، لەو تاوانانەی نێوان خۆی و خوادایە، بەلاّم ئەگەر دانی نا بە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مافی كەسانی تردا، بۆ نموونە دزیكردن لە كەسێك و پاشان پەشیمان بووەوە، ئەوا دەبێت مافی كابرا بداتەوە، هەرچەندە سزاكەشی لە سەر لاچێت. (الخراج ١٧٦).

**چوارەم: بەبێ دەقێك هیچ تاوان و حەدێك ناچەسپێت و بەبێ بەڵگەش قەزاوەت ناكرێت:**

شەریعەتی ئیسلامی دەسپێشخەرە لەوەی مەبدەئی (لا جريمة ولا حد ولا عقوبة إلا بنص، ولا قضاء إلا ببينة)ی داناوە و لەم بارەیەوە چەندین بەڵگە هەیە و حەد و سزاكانیش بۆ هەر تاوانێك دیاریكراوە و دروست نیە زیاد بكرێت و دەبێت بڕیارەكانیش لەسەر بەڵگە بدرێت نەك گومان، ئەمانەش ڕێوشوێنی تایبەتی هەیە لە ئیسلامدا، ئەكرێت بگەڕێینەوە بۆی.

**پێنجەم: چاودێری گیراوەكان و دەستەبەركردنی پێداویستییەكانیان:**

پێویستە لە خانەی سامان و وەزارەتی دارایی، خواردن و جل و بەرگ و پێداویستییەكانی تری وەكو چارەسەر و ...هتدیان بۆ دابین بكرێت (الخراج ١٧٦، الحرية أو الطوفان ٢٣٥).

**شەشەم: دیاری كردنی ماوەی گرتن و زیندانی كردن بۆ تۆمەتبار:**

خودی پێغەمبەری خوا تەنها یەك جار كەسێكی بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێك زیندانی كردوە، بەلاَم نە خۆی و نە خەلیفەكانی ڕاشدیش گرتوو خانەیان نەبووە، گرتنی شەرعیش گرتن نیە لە شوێنێكی بەرتەسكدا، بەڵكو ڕێگرتنێتی لەوەی ئازاد بێت لە هاتوچۆ و لە بەردەستا بێت بۆ لێكۆڵینەوە و داوەری كردن، لە هەموو ئەمانەشدا ڕەچاوی باری كەسەكان و ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵیان دەكرێت، ڕاستییەكەی ئەو شتانە زیاتر مەسەلەی ئیجتیهادین و حاكم و كاربەدەست بەپێی بنەمای عەدل و ڕەچاوكردنی مافی هەموو لا هەڵسوكەوتی تیادا دەكات، بەلاَم ئەوەی ئەمڕۆ لە قەزا و دەزگاكانی دادوەری و لێكۆڵینەوەدا بە تایبەت لە ناوچە عەرەبییەكان و دەوروپشتماندا پیادە دەكرێت، ونبوونی تەواوی مافەكانی مرۆڤ و تۆمەتبارەكانە، بێ ڕێزییە بەرامبەر بە مرۆڤ، بە تایبەت ئەو سزادانە دڕندە و بێ بەزەییانەی پیادەدەكرێت و كەمترین مافی مرۆڤی تیادا ڕەچاو ناكرێت، بە هەزارەها خەڵكی بێ تاوان و بێ دەرەتان دەگیرێن لە پێناوی دەسەلاَتدار و بازرگان و خاوەن نفوزەكان، هەزاران كەس لە بەندیخانەن بەبێ هیچ بڕیارێكی قەزائی یان مەحكەمە كردنێك، یان بێ ئەوەی مافی بەرگری كردنیان لە خۆیان هەبێت... ئەمە جگە لەو هەڵكوتانەسەر و گرتن و سەرنگونكردن و كوشتنی بەناوی دژە تیرۆر و تیرۆرستان و تێكدەرانی ئاسایشی نەتەوەییەوە ئەنجام دەدرێن و ڕێز و كەرامەتی مرۆڤی تێدا ئەتك دەكرێت و شتێك نامێنێتەوە كە بەهایەك بۆ مرۆڤ بوون و مافەكانی بهێڵێتەوە، كە ئەمەش واقعێكی ستەمكارانەی دوور لە ئیسلام و ڕێنماییە ڕوون و ئاشكراكانیەتی، ئەوەشمان بۆ دەر دەخات چەندە پێویستیمان بە گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی و ڕاشدی هەیە، كە دەستەبەری ماف و بەدیهێنەری دادگەری ڕەوایە و بە تێڕوانینێكی میهرەبانانەوە بۆ هەموو مرۆڤەكان دەڕوانێت...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**بنەمای دەیەم: زەرورەتی جیهاد بۆ پارێزگاری ئومەت و پاراستنی دەوڵەت:**

ئەم بنەمایەش یەكێكە لە گرنگترین بنەماكانی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی و ڕاشدی، بەتایبەت لەسەر دەسەلات، هاوەلانیش كۆك بوون لەسەر ئەوەی جیهاد بە هەردوو جۆرەكەیەوە (جیهادی بەرگری و جیهادی ڕزگار كردن) واجبە، یەكەمیان بۆ بەرگری كردن لەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی ناوخۆ دەبێتەوە و یەكێتی ئومەت و دەوڵەت و تەشریع و بیروباوەڕ تێك دەدات لە ژێر زەبری هێز و زۆردا و دووەمیش بۆ گەیاندنی پەیامی ئیسلام (لەو سەردەمانەی لەو شێوازە زیاتر دەرفەتێك نەبووە و نەدراوە) و ڕزگار كردنی گەلانی ستەملێكراو لە ستەمی قەیسەر و كیسرا و سەركردە و ستەمكارەكانی تر، كە دەكرێت لەمڕۆدا نموونەیان زۆر بێت، لەم بارەیەوە باس و خواس زۆرە و دەكرێت بگەڕێینەوە بۆیان...

ئەوەی ڕابوورد كورتە ئاماژەیەك بوو بە بنەماكانی گوتاری ڕاشدی، هەر لە یەكەم ڕۆژی وەفاتی پێغەمبەر (د.خ) و لە ڕووداوی سەقیفە و دەسپێشخەری هاوەلان بۆ یەكلا كردنەوەی بابەتی ئیمامەت و پێویستی بوونی دەوڵەت بۆ ئەم دینە و پەیامی ئیسلام، پێویستی بونی سەرۆك و فەرمانڕەوا بەپێی گرێبەستی بەیعەت لە لایەن خەڵكییەوە، بە شێوەیەكی ئارەزوو مەندانە و بە پێی ڕاوێژ و لە كەش و هەوایەكی ئازاد و بوونی فرە دەنگی و فرە پالێوراویدا، بەهەمان شێوە پێویستی مەبدەئی مەشروعیەت و بوونی مەرجەعیەت، هەموو ئەو بنەمایانەش ڕەنگ دانەوەی هەبووە لە پیادەكردن و فەرمانڕەوایەتی خەلیفەكانی ڕاشدیدا، كە لە سالی یانزەی كۆچییەوە تاكو چل و یەكی كۆچی خایاند، ئەمەش وا دەخوازێت سەربوردێكی خێرای ئەو ماوەیە بكەین، بەلام وەكو سەرباس و بێ ڕۆچوونە نێو وردەكارییەكانەوە، هەر كەسەش دەیەوێت زیاتر ئاشنا بێت ئەوا دەكرێت بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی ئەم بابەتە و چەندین سەرچاوەی تری ژیاننامەی خەلیفەكانی ڕاشدی، كە ئێستا جگە لە سەرچاوە عەرەبییەكان سەرچاوەی كوردی بەردەستیش هەن لەوانە: ژیاننامەی هەرچوار جێنشینەكەی سەلابی كە دوو وەرگێڕانی هەیە و خەلیفەكانی ڕاشیدین لە نێوان جێنشین بوون و شەهیدبووندا، لە وەرگێڕانی فاتیح سەنگاوی و سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدەی د.ئەكرەم زیائولعومەیری، وەرگێڕانی بەڕێز ئیحسان بورهانەدین كە كتێبێكی بە نرخە لەم بارەیەوە..

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## ژیاننامەی خەلیفەکانی راشدی و ڕێوشوێنیان
## لە ئیمامەت و بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکدا

**سەردەمی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری سدیق ١١-١٣ك**

پێشتر ئاماژەمان دا بەوەی بەشێك لە بنەماکانی گوتاری راشدی لە ڕووداوی سەقیفە و ڕاستەوخۆ دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە (د.خ) دەرکەوت، ڕووداوی وەفاتی پێغەمبەر (د.خ) باوەڕدارانی ڕووبەڕووی موسیبەتێکی گەورە کردەوە، شپرزە و شێواوی کردن، بە ڕادەیەك عومەر دەستی کرد بە هەڕەشەکردن لەو کەسانەی وا دەزانن پێغەمبەری خوا (د.خ) وەفاتی کردوە، تا ئەوە بوو وتی: بەخوا پێغەمبەری خوا (د.خ) نەمردوە، بەڵکو وەکو موسا چووە بۆ موناجات کردن لەگەڵ خوای خۆیدا! تەئویلی ئەم ئایەتەی "ویکون الرسول علیکم شهیداً" وا دەکرد کە پێغەمبەر نامرێت تا شاهێد نەبێت بەسەر دوا کەسی ئومەتەکەیەوە!

تا ئەوەبوو ئەبوبەکری سدیق لەماڵی خۆیەوە -کە لەوسەری مەدینە بوو- هات، چوو بۆ لای پێغەمبەر و کراسەکەی لە سەر دەموچاوی لابرد و ماچێکی کرد و فەرمووی: بە زیندوویی و مردوویی پاك و بۆنخۆشی ئەی پێغەمبەری خوا! ئەو مردنەی خوا لە سەرتی نوسیبوو، وا چەشتت، پاش ئەوە جارێکی تر نامریت.

پاشان چووە دەرەوە بۆ ناو خەڵکەکە، لەو کاتەدا عومەر هەڕەشە و گوڕەشەی دەدا، فەرمووی لە سەرخۆ بە ئەی عومەر! پاشان هەستا و وتارێکیدا بۆ خەڵکی و فەرمووی: ئەی خەڵکینە بەڕاستی ئەو کەسەی موحەمەدی ئەپەرست، ئەوا موحەمەد مرد، هەرکەسەش خوای گەورەی دەپەرست، ئەوا خوای گەورە زیندووە و نامرێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوای گەورەی خوێندەوە "ما محمد إلا رسول قد خلت من قبله الرسل أفإن مات أو قتل انقلبتم علی أعقابکم". بخاري ١٢٤١و٣٦٦٩و٤٤٥٢-٤٤٥٧.

ئیتر خەڵکی هاتنەوە سەر هۆشی خۆیان و دەستیان کرد بەوەی خوای گەورە پێویستی کردووە لە سەریان، لە ڕاوێژ کردن و هەڵبژاردنی ئیمامێك... بە زوویی یەکلا کردنەوەی بابەتی جێنشین گرنگییەکی زۆری هەبوو، لەبەر ئەو مەترسییانەی لە ئارادا بوون، لەوانە سەرەتای بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان هەر لە ژیانی پێغەمبەردا دەرکەوتبوو، لە کاتی نەخۆشییەکەیدا مەترسییەکەی زیاتر بووبوو، کە ئەمە مەترسی ناوخۆیی بوو، ئەمە جگە لە مەترسییە دەرەکییەکان بەتایبەتیش پاش جەنگی موئتە، چونکە ڕۆمەکان سوپایان جۆش دەدا بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی، پێغەمبەری خواش بۆ ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە سوپای ئوسامەی ئامادە کردبوو، کە بەهۆی نەخۆشی پێغەمبەرەوە(د.خ) سوپاکە دواکەوتبوو، هەربۆیە لەڕووی سیاسەتی شەرعیشەوە کارێکی باش بوو بە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خێرایی و پێش لەدەست چوونی کات بابەتی هەڵبژاردنی خەلیفە یەکلا بکرێتەوە، بەوەش سەردەمی خەلیفەکانی راشدی دەستی پێ کرد، کە هەر خەلیفەیەکیان ڕێوشوێن و ژیاننامەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو لە بواری ئیمامەت و بەڕێوە بردنی کاری ئومەتدا، کە شایستەی لەسەر وەستانە، یەکەم کەسیشیان: ئەبوبەکری سدیقە کە ناوی عەبدولای کوڕی عوسمانی کوڕی ئەبوقوحافەی تەیمی قورەیشی بوو، هاوڕێ و هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوو لە پێش و پاش پێغەمبەرایەتی، یەکەم کەسێك بوو لە پیاوان کە باوەڕی پێی هێنا، زیاد لە دە کەس لە ژێر دەستیدا باوەڕی هێناوە، لە ساڵی نۆی کۆچیدا پێغەمبەری خوا کردی بە ئەمیری حەج و لەکاتی نەخۆشییەکەیدا بۆ ماوەی دە رۆژ ئیمامەتی نوێژی پێ سپێررا و لە سەقیفە و لە هەمان رۆژی وەفاتی پێغەمبەری خوادا بە خەلیفەی مسولمانان هەڵبژێررا، سەردەمی ئەو سەرەڕای کورتی و کەمی ماوەکەی کاری هەرە گەورەی تێدا ئەنجامدرا، لەوانەش:

**یەکەم: چەسپاندنی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی:**

لە یەکەم وتاریدا جەختی کردەوە لەسەر مەبدەئەکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی، هەروەك ئاماژەمان پێیدا و کورتەکەشی ئەوەیە کە: کەس شایستەی خەلیفەیەتی نییە ئەگەر مسولمانان بە رەزامەندی خۆیان هەڵی نەبژێرن و ئەوەشی کرا بە خەلیفە مەرج نییە لە هەموویان باشتر بێت و خەڵکیش دەبێت چاودێری هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی بکەن و راستی بکەنەوە لە هەڵەکانیدا و لە چاکەکانیشیدا یارمەتی بدەن و دادگەری و یەکسانی و گەڕاندنەوەی مافەکانی خەڵکی و مەشروعیەت و مەرجەعیەت بناغەی فەرمانڕەوایەتییە و جیهاد کردن بۆ پاراستنی ئومەت و دەوڵەت بنەمایەکە لە بنەماکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی و پاراستنی بەها ئەخلاقییەکان و پارێزگاری کردن لە کۆمەڵگە لە بەرامبەر لادانە ئەخلاقییەکاندا، بێ سوکایەتی بە ئازادییە گشتی و تایبەتییەکان، یەکێکە لە ئەرکەکانی دەسەڵات، دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتی ئازادی و بەها روحی و ئەخلاقییەکانە، دەسەڵاتیش لەم رووەوە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ.

**دووەم: ڕووبەڕوو بوونەوەی بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوەی ناوخۆیی:**

یەکەم کارێك کە ئەبو بەکر کردی راگەیاندنی جیهاد بوو دژ بە هەڵگەڕاوەکان، ئەوانەی لە دین و دەوڵەت هەڵگەڕابوونەوە و رایانگەیاندبوو زەکات بە دەسەڵات نادەن، عومەر ئیعتیرازی گرت لە ئەبوبەکر کە چۆن لەگەڵ کەسانێکدا دەجەنگێت شەهادەتیان هێناوە! ئەبوبەکریش فەرمووی: بەخوا جەنگی ئەوانە دەکەم کە جیاوازی دەخەنە نێوان نوێژ و زەکاتەوە، زەکات مافە لە سامان‌دا، بەخوا ئەگەر پێوەندێك یان کارەمێ (گیسك)ێکم نەدەنێ کە پێشتر داویانە بە پێغەمبەری خوا ئەوا جەنگیان دەکەم!

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دیارە پاش گفتوگۆ و ڕاوێژكردنێكی زۆر لە نێوان هاوەڵاندا بە فەرمانی ئەبوبەكر، گەیشتن بەوەی ڕازیین بە بۆچوونەكەی ئەبوبەكر بێ ئەوەی بەسەریاندا بیسەپێنێت... بەو كارەش توانرا ئەو یاخی بوونە سەركوت بكرێت و ڕێ بگیرێت لەوەی جارێكی تر خەڵكی بگەڕێنەوە بۆ نەفامێتی و پەرتەوازەیی و لە ناوچوونی ئیسلام و بێ بەش كردنی هەژار و نەداران لەو مافەی لە سەروەت و سامانی دەوڵەمەندەكاندا هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەم كارە ڕۆكارێكی تری پاراستنی سام و شكۆی ئەو كیانە ئیسلامییە نوێیە بوو كە هاتبووە ئاراوە، بەو هەڵگەڕانەوەیە، گەر ڕووبەڕووی نەبوونایەتەوە زۆرترین زیانی لێ دەكەوت، ئەوەبوو لە ماوەی ساڵێكدا بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەكان لە یەمەن و یەمامە و نەجد كۆتایی پێ هات و جارێكی تر یەك ڕیزی بۆ دەوڵەت و ئومەت گەڕایەوە و سەرجەم هاوەڵانیش بەشدارییان تێیدا كرد...

**سێیەم: بزوتنەوەی ڕزگار كردنی دەرەكی و ئازاد كردنی مرۆڤایەتی:**

پاش جەنگی هەڵگەڕاوەكان، ئەبوبەكر بە پێویستی زانی نەتەوەكانی دەوروپشت لە زۆر و ستەمی پاشاكان ڕزگار بكات، بۆ ئەوەی خەڵكی تەنها ملكەچی خوای گەورەبن و شاد و شكۆ بن بە عەدل و دادگەری ئیسلام... لە سەردەمی ئەمدا سەركەوتنی خێرا و گەورە بەدیهات، دەست گیرا بەسەر عێراق و فارس لە ڕۆژهەڵاتەوە تا سنووری چین، هەروەها بەسەر شام و میسر و لیبیا لە ڕۆژئاواوە تا ئەندەلوس... هەموو ئەمانە بەو مسوڵمانە ڕەش و ڕووت و كەم تفاقانەوە بە بەراورد بە هەردوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ڕۆمانی، تێگەیشتن لەمە زۆر قورسە مەگەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی واقیعی ئەو كۆمەڵگە چەوساوانەوە نەبێت كە لەو كاتەدا هەبوون و چاوەڕێی فریادڕەسێكیان دەكرد و ئەو فریادڕەسەشیان لە مسوڵماناندا بەدی دەكرد... ئەنەسی كوڕی مالیك دەفەرموێت: پێمان گەیشتەوە كە نەسرانییەكانی شام كاتێك ئەو هاوەڵانەیان دەبینی كە شامیان ڕزگار كردبوو، دەیان وت: (بەخوا ئەمانە باشترن لەو حەوارییانەی كە باس و خواسیان پێمان گەیشتووە)... پاش ئەوەی شام فەتح كرا، عومەر لە جابیەوە سواربوو بەرەو ئوردون، خەڵكی هاتبوونە سەیری، مسوڵمانان و ئەهلی زیمە وەستابوون، عومەر وڵاخە سوارییەكەی گوێدرێژێك بوو، عەباسیش لە پێشیەوە بە سواری هێسترێك دەڕۆیشت، كاتێك خاوەن كیتابەكان بینییان سوجدەیان بۆی برد، فەرمووی: سوجدە بۆ مرۆڤ مەبەن، بۆ خوای بەرن! ماوەیەك ڕۆیشت، قسیس و ڕوهبانەكان دەیان وت كەسمان نەبینیوە لە وەسفدا لەم پیاوە بچێت جگە لە حەوارییەكان. (تاریخ الطبري حوادث سنة ١٧هـ).

مەبەستمان لەوەیە بیسەلمێنین، جەنگەكانی فەتحی ئیسلامی لە پێناو ئازاد كردنی مرۆڤایەتی و گەلانی چەوساوەی هەردوو ئیمپراتۆرییەتەكەی ئەو كاتە بووە، كە چاوەڕوانی ڕزگاركەرێك بوون... چەندین كەسی نامسوڵمانیش شاهێدی ئەم ڕاستییەن كەدەكرێت ئاماژە بە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

رۆژهەلاتناسی فەرەنسی کاسۆلیکی (إميل درمنغهم) و مێژوونوسی ئەمریکی (ستوارد) و چەندانی تر بدرێت کە ئەم بۆچوونەیان هەیە، یەکێك لە قسیسەکانی شام دەنوسێت "ئەم عەرەبانە-مەبەستی مسولمانانە- خوای گەورە لە سەردەمی ئێمەدا دەسەلاتی پێ داون، دوژمنایەتی ئاییني مەسیح ناکەن، بەلکو بەرگری لێ دەکەن..." (فتح العرب لمصر، ألفريد بتلر ص١٤١).

دەرفەت نیە لێرەدا سەبارەت بە بزوتنەوەی فەتحی ئیسلامی قسە بکەین و روونی بکەینەوە... گرنگ ئەوەیە بزانین رەفتار و هەلسوکەوتی جوان و لێبوردن و بەها بەرزەکان رەنگ دانەوەی هەبووە لەوەی موسولمانان بەو ئاستە خێرایە بتوانن بگەنە زۆربەی شوێنەکانی دونیا... ئەبوبەکر بە سەرکردەی سوپاکانی دەووت: "خیانەت و ناپاکی مەکەن، ئەتك مەکەن، منال و پیر و ئافرەت مەکوژن، دارخورما مەبڕنەوە و مەیسوتێنن، داری بەردار مەبڕنەوە، مانگا و مەڕ و حوشتر سەر مەبڕن تەنها بۆ خواردن نەبێت، بەلای کەسانێکدا تێ دەپەڕن خۆیان یەکلا کردوەتەوە بۆ پەرستش لە سەومەعەکانیاندا، وازیان لێ بێنن لەوەی کە یەکلان بۆی" (تاريخ الطبري ٤-٤٦....).

**چوارەم: ئەو رێوشوێنانەی ئەبوبەکر لە رووی مالی و بەڕێوەبەرێتییەوە گرتییە بەر:**

ئەبوبەکر چەندین رێوشوێنی گرنگی دارایی گرتەبەر لە بواری سیاسەتی شەرعی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەولەتدا، وەك شوێنکەوتنێك بۆ پێغەمبەر (د.خ) و کارکردن بەو دادگەری و مافخوازییەی لە قورئاندا هاتووە، کە بوونە هۆی سەقامگیری دەولەتی ئیسلامی لەو سەرەتا و سەردەمی گەشە کردنەیدا، لەوانە:

یەکەم: دەسنیشان کردن و دیاری کردنی موچەی خەلیفە لە خانەی سامان، بە پێی پێداویستی خۆیی و مال و خێزانی:

ئەم دیاری کردنە لە لایەن خودی خەلیفە خۆیەوە نەبوو، بەلکو هاوەلان خۆیان بەو کارە هەستان، تاکو بیسەلمێنن خەلیفە بۆی نیە دەستوەرداتە سامان و دارایی خەلکییەوە، یان زیادە موچەیەك بۆ خۆی دانێت، موچەی عومەریش بە هەمان شێوە دانرا.

دووەم: گەڕانەوەی ئەو پارەیەی زیادە بۆ خانەی سامان:

لە کۆتایی کاری خەلیفەیەتیدا شەش هەزار دەرهەم لە سالێکدا بۆ ئەبوبەکر دیاری کرا، کاتێك لە سەرەمەرگدا بوو، فەرمانیدا ئەو زیادەیەی لای ماوە بگەڕێتەوە بۆ خانەی سامان، لەو کاتەدا عومەر فەرمووی: ئەبوبەکر ئەوەی دوای خۆی ماندوو کەنەفت دەکات، تەنانەت ئەو مالە زیادەیەی خۆشی پێش خەلیفایەتی بازرگانی پێوە دەکرد بە هۆی سەرقال بونیەوە کردیەوە ناو خانەی سامانەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئارادایە کە سەروەت و سامانی ولات دەکرێت بە قورگی

سەرۆك و منالّ و کەسوکار و دەست و پێوەندەکانیەوە و بە هەزارەها ملیار دۆلار رەسیدی بانکییانە، کە هەموو ئەمانە لادانە لە سوننەتی ئەبوبەکر و عومەر!

ئەبوبەکر هەمان سوننەتی پێغەمبەری پیادە دەکرد، کاتێك سامانێکی بۆ دەهات دەیوت ئێمە پێنج یەکمان بۆ هەیە و پێنج یەکەکەش بۆ خۆتانە و هەرکەسێك سامانێکی بەجێ هێشتووە بۆ میراتگرەکانیەتی خۆ ئەگەر قەرز و قۆڵەی بەجێ هێشتووە ئەوە لەسەر ئێمەیە بۆیانی ئەدا بکەین، لە کاتی سەرەمەرگیشیدا فەرمووی: ئێمە میراتگرمان نابێت، ئەوەی بەجێمان هێشتووە بۆ خێر و سەدەقەیە، کاتێکیش فاتیمە هات بۆ داواکردنی میراتی باوکی، بۆی روونکردەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی پێغەمبەران میراتگریان نابیت، ئەوەی بەجێی دەهێڵن دەکرێتە خێر و سەدەقە...

**سێیەم: یەکسانی لە دابەشکردن و پێدانی سەروەت و ساماندا:**

ئەبوبەکر وەکو یەك رزق و رۆزی و بەخشینی بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرد، بە گەورە و بچووکەوە، بە ئازاد و کۆیلەوە، بە نێر و مێ وە، تەنانەت جیاکاری نەکرد بۆ ئەوانەی خاوەن پێشینە و سابقە و فەزڵ بوون، بۆچوونی وابوو ئەوەی ئەوان کردوویانە پاداشتەکەی لای خوایە، بەلاّم پێدانی وەك یەك باشترە لەوەی هەندێك کەس زیاتریان پێ بدرێت، با خاوەنی قوربانی و پێشینەش بن.

**چوارەم: جیاکردنەوەی دەسەلآتەکان:**

پاش بە جێنشین بوونی یەکسەر ئەبوعوبەیدەی ئەمینی ئومەی کردە ئەمینی خانەی سامان و عومەری کردە قازی و خۆشی تەرخان کرد بۆ کاروبارە تەنفیزییەکان...

**پێنجەم: دانانی ئەمیندار و ژمێریار بەسەر خانەی سامانەوە:**

لە سەردەمی ئەبوبەکردا ئەمیندار و ژمێریار هەبوون، هەرچی بهاتایەتە خانەی سامانەوە یان لێی دەربچووایە دەیانژمارد، کاتێکیش ئەبوبەکر وەفاتی کرد و عومەر هەڵبژێردرا، عومەر و ئەمیندارەکان هاتن و عوسمان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیان لە گەڵ بوو، تاکو هەموو ئەو شتانەی لە خانەی ساماندایە بیژمێرن پێش ئەوەی، بچێتە ئەستۆی عومەرەوە.

**شەشەم: وەبەرهێنانی سامانی گشتی و گەشەپێدانی:**

ئەبوبەکر بازرگانی کردوە بە داهاتەکانی خانەی سامانەوە، تاکو لە سوود و قازانجی گشتیدا بەکاری بهێنێتەوە و ئەوەشی لە خانەی سامان پێی دەدرێت بکەوێتە حسابی ئەو بەرهەمهێنانەوە، عائیشە دەفەرموێت "کاتێك ئەبوبەکر کاری پێ سپێررا فەرمووی: قەومەکەم دەزانن کە کار و کاسبی پێشووی خۆم بەشی پێداویستی خاوخێزانمی کردوە، ئێستە سەرقاڵ بووم بە کاروباری موسوڵمانانەوە، سامانی موسوڵمانان دەخەمە کار بۆیان، تا خێزانی ئەبوبەکریش لەو سامانەیان بەر

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بکەوێت"، واتا ئەو بەشەی کە بۆیان دیاریکراوە بێ هۆ لە خانەی سامان پێیان نەدرێت و بەرهەمی وەگەڕخستنێك بێت کە ئەبوبەکر بۆ خانەی سامان دەیکات ...

ئەمە سەرەڕای زۆر کاریتر کە ئێمە تەنها ئاماژەمان بە چەند سەرباسێك کرد، دوای خۆیشی سەرەتا ویستی کەس نەپاڵێوێت، بەڵام زۆر داوایان لێی کرد، ئەویش پاش راوێژێکی زۆر، عومەری بۆیان دەسنیشان کرد و ئاگاداریانی کردەوە کە کەسی خزمی خۆی دانەناوە و کەمتەرخەمیشی نەکردوە... ئەم دەسنیشان کردنەی ئەبوبەکر بۆ عومەر بە پالاوتن دێتە ئەژمار و دواتر بە بەیعەت و رەزامەندی هاوەلأن بوو بە خەلیفە... رۆژگاریش شیاوێتی عومەر و بیرتیژی ئەبوبەکری لەو رووەوە سەلماند...

## سەردەمی جێنشینی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب١٣-٢٣

عومەر بە چاکەیەك لە چاکەکانی ئەبوبەکر دادەنرێت، سەردەمی ئەو نزیکەی (١٠) دە ساڵی خایاند و زێڕینترین ماوەکانی سەردەمی راشدییە، سنووری دەولّەتی ئیسلامی لەم ماوە زۆرکورتەدا، لەوپەڕی ناوچەکانی فارس لە رۆژهەلأتەوە بۆ ئەو پەڕی سنووری لیبیا لە رۆژئاواوە درێژ دەبووەوە، بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی فارسی و عێراق و شام و میسر، لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا بوون بە بەشێك لەو هەرێمانەی سەر بەو دەولّەتە ئیسلامییە نوێیە بوون کە بەرین و فراوان بووبوو، عومەر بەو شێوەیە بوو کە عەبدولأی کوڕی مەسعود دەفەرموێت: موسوڵمان بوونی سەرکەوتن و رزگاری بوو، جێنشینایەتی بەزەیی و دادگەری بوو.

## رێوشوێنە راشدییەکانی گوتاری عومەری

عومەر چەندین رێوشوێنی راشدیانەی هەبوو، دەربڕی سروشتی گوتاری سیاسی ئیسلامییانە بوو، بەو شێوەیەی خەلیفە راشدییەکان تێی گەیشتبوون، ئەم رێوشوێنانە لەسەر سێ پایە و بنەمای سەرەکی دامەزرابوون:

### یەکەم: دیاری کردنی پەیوەندی خەڵکی (ئومەت) بە زەوی و خاکەوە:

ئەوەش بە جەخت کردنەوی چەمکی هاوڵاتی بوون و چەسپاندنی مافی خەڵکی بەو زەوییەی لەسەری دەژی، بە سەلماندن و دانان بە مەبدەئی "لاحمى إلا لله ولرسوله" تەنها خوا و پێغەمبەری خوا دەتوانن سنوور و زەوییە قەدەغەکان دادەنێن"، خۆیشی ئەفەرموێت "بەخوا ئەم زەوییە-مەبەستی دورگەی عەرەبە- بۆ ئەو خەڵکەیە کە لە نەفامیدا جەنگیان لە سەری کردوە و لە ئیسلامیشدا مسوڵمان بوون لە سەری، سوێند بەو کەسەی نەفسی منی بە دەستە ئەگەر لە بەر خاتری ئەو ماڵ و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سامانە نەبووایە کە لە پێناوی خوادا بەکاری دێنین یەك بستی ولاتەکەیانم نە دەکردە سنوور و قەدەغە" بخاري ٣٠٥٩... مەبەست لە (حمى)ش ئەو زەوییانەیە کە ئیمام دیاری دەکات تاکو تایبەت بێت بە مەڕومالاتی دەولەتەوە... یان بۆ هەر بەرژەوەندییەکی تری دەولەت و ڕێگە نادرێت بۆ خەلکی تر بەکار بهێنرێت...

بەم سیاسەتە راشدییە سەلماندی زەوی و نیشتمان لە دەولەتی نوێدا، بۆ دەسەلاتداری فەرمانڕەوا نیە، بۆی نیە بەبێ مۆلەتی خەلکەکەی تەسەڕوفی پێوە بکات، یان شتێکی لێ بکات بە سنوور بەند، مەگەر بۆ بەرژەوەندی گشتی، هۆیەکەشی ئەوە بوو ئەو زەوییە هی خەلکەکە خۆیەتی و لە نەفامییاندا جەنگ و شەڕوشۆڕەکانیان لەسەر ئەو زەوییە ئەنجامداوە، هەر لەو زەوی و خاکەشدا مسولمان بوون.

پێش ئیسلام دەولەتانی تر ئاشنای ئەم بنەمایە نەبوون، نەتەوە و سیستەمە سیاسییەکانی رۆژئاوا و سیستەمە دیموکراسییەکانیش لە چاخە دواییەکانیاندا پێی ئاشنابوون، لە دەولەت و ئیمپراتۆرییەتەکانی پێشوودا تەنها پاشاکان مافیان هەبوو لە تەسەڕوف کردن بە زەوی و چارەنووسی گەلاندا، کە ئەمرۆ و لە سایەی دەولەتۆچکە هاوچەرخەکانی ناوچەکەدا ڕووبەڕووی هەمان گرفتی مەترسیداری ئەو رابردووە نائیسلامییە دەبینەوە و هەندێك جاریش بە پاساوی ئایینی ساختەوە پەردەپۆش دەکرێت و کالای شەرعی بوونی بەسەردا دەبڕدرێت!

داننان بە مەبدەئی هاولاتی بوون و مافی خەلکی بە نیشتمان و زەوی و خاکەوە، دەبێتە هۆی دەستەبەر کردنی مافی یەکسانی هەموان لە سەروەت و سامان و خێر و بێر و بەڕێوە بردنی ئەو خاك و نیشتمانەدا، هەروەك لە سیاسەتی راشیدانەی عومەریدا دەر دەکەوێت.

## بنەمای دووەم: دیاریکردنی دانیشتووانی دەولەت و هەموو ئەوانەی مافی هاولاتی بوون و بەدەستهێنانی ناسنامەیان هەیە:

لە دوایین وەسێتیدا، کاتێك لەسەر جێگەی مەرگدا بوو، دانیشتوانی دەولەتەکەی دەسنیشان کرد، ئەو خەلکەی پێویستە خەلیفە و دەسەلات لە دوای خۆی چاودێری مافەکانیان بکات و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت، بەو پێیەی هاولاتین و هەموو ئەو مافانەیان هەیە کە شەرعیش دانی پێدا ناوە، تیایدا هاتوە: "وأوصي الخليفة من بعدي بالمهاجرين الأولين أن يعرف لهم حقهم، ويحفظ لهم حرمتهم، وأوصيه بالأنصار خيراً أن يقبل من محسنهم، وأن يعفو عن مسيئهم، وأوصيه بأهل الأمصار خيراً، فإنهم ردء الاسلام، وجباة المال، وغيظ العدو، وأن لايؤخذ منهم إلا فضلهم عن رضاهم، وأوصيه بالأعراب خيرا، فإنهم أصل العرب، ومادة الاسلام، أن يؤخذ من حواشي أموالهم، وترد على فقرائهم،

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وأوصيه بذمة الله وذمة رسول الله صلى الله عليه وسلم، أن يوفي لهم بعهدهم، وأن يقاتل من ورائهم، ولا يكلفوا إلا طاقتهم"(صحيح البخاري مع الفتح ٧-٦١،ح٣٧٠٠، وعبدالرزاق في المصنف ١١-١٠٩، وابن حبان في صحيحه ٦٩١٧).

"وەسیەتم بۆ جێنشیی دوای خۆم ئەوەیە، ئاگای لە مافی کۆچکەرە یەکەمینەکان بێت، ڕێزیان بپارێزێت، وەسیەتی بۆ دەکەم لەگەڵ ئەنسارییەکاندا چاك بێت، قسەی چاکەکانیان پەسەند بکات و لە هەڵەکارەکانیان ببورێت، وەسیەتی بۆ دەکەم لەگەڵ خەڵکی ولاتاندا چاکەکار بێت، ئەوانە پشتگیری و پاڵپشتی ئیسلامن، کۆکەرەوەی سامان و دارایین، وەڕسکەری دوژمنن، تەنها زیادەی داراییەکانیان بە ویست و ڕەزامەندی خۆیان لیٚ وەربگرێت، وەسیەتی بۆ دەکەم لەگەڵ عەرەبە بیابان نشینەکاندا چاکەکار بێت، ئەوانە بنەچە و ئەسڵی عەرەب و کەرەستەی ئیسلامن، تەنها لە پەراوێز و کەم نرخەکانی سامانەکانیان وەربگرێت، بدرێتەوە بە هەژارەکانی خۆیان، وەسێتی بۆ دەکەم بەوەی وەفادار بێت بەرامبەر ئەوانەی لە سایەی خوا و پێغەمبەری خوادان، لە پێناویاندا بجەنگێت، لە سەرووی توانای خۆیانەوە داوا و تەکلیفیان لیٚ مەکەن".

وەسیەتەکەی عومەر ڕەچاوی مافی هەموو هاولاتیانی کردووە لە دەوڵەتە ئیسلامییە نوێیەکەدا، بە موهاجیر و ئەنسارەوە، بە عەرەبە بیابان نشین و خەڵکی هەموو ولاتان بە موسوڵمان و ئەهلی زیمەشەوە، تاکو جەخت بکاتەوە لەوەی دەسەلات بەرپرسە لە بەرژەوەندییەکانی هەموو دانیشتوانی دەوڵەتەکەی و ڕەچاوکردنی مافەکانیان بەبیٚ هەلاوێردن.

هاولاتی بوون و مافەکانی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، بە یەك لەو دوو شتە بەدی دێت کە هەردووکیان لە سورەتی تەوبە، واتە بەرائەدا هاتووە، کە دوای فەتحی مەککە دابەزییوە و بەرپابوونی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر تەواوی خاکی دوورگەی عەرەبی ڕاگەیاند و فەرمانیدا بە جیهاد کردنی هەموو ئەوانەی نایەنە ژێر ڕکێفیەوە، لە میانەی پابەندبوون بە یەك لەو دوو شتە:

یەکەم: گرێبەستی ئیمان و پابەندبوون بە حوکمەکانی ئیسلامەوە، هەروەك لە فەرموودەی خوای گەورەدا هاتووە سەبارەت بە عەرەبە هاوبەش پەیداکارەکان:﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآَتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾التوبة:٥، وە ئایەتی﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآَتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَنُفَصِّلُ الْآَيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ التوبة: ١١، لێرەدا بەهۆی ئیمان و باوەڕەوە مافی هاولاتی بوونیان بۆ ئیقرار دەکات، کە گرنگترین مەرجەکانی زەکات دانە، بەوەش تەبەعییەت و ملکەچی بۆ دەسەلاتی دەوڵەتی ئیسلامی تەئکید دەکەنەوە.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دووەم: گرێبەستی ئەمان و هاتنە ژێر ڕکێفی بڕیار و حوکمەکانی ئیسلامە، هەروەك خوای گەورە لە هەمان سورەتدا سەبارەت بە خاوەن کیتابەکان ئەفەرمویێت: ﴿وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ التوبة:٢٩، ئیمامی شافیعی (صاغر) بە ملکەچی بۆ حوکمی ئیسلام بە پێدانی جزیەکە لێك دەداتەوە، کە ئەمەش دەرخستنی تەبەعییەتە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی، بۆ بەدیهاتنی هاولاَتی بوون لە دەوڵەتی نویێ، لە دەولەتی مەدینە و شارستانی، دەوڵەتی کیتاب و میزان، بە مەرج گیراوە: پابەندی بکرێت بە دانی زەکات یان جزیە، کە ئەم دووە دەسنیشانکەری دروشم و ئاماژەی هاوولاَتی بوونن بۆ دەوڵەت، تاکو ئێستاش یەکێك لە هێماکانی تەبەعییەتی تاکەکان بۆ دەوڵەت بریتیە لە باجدان، یاخود پابەند بوون بە یاسا و جێبەجێ کردنی فەرمان و بڕیارەکانیەوە، چونکە دەسەلاَتی دەوڵەت سنووری ئەو هاولاَتییانەی نابەزێنێت کە دان دەنێن بە تەبەعییەتیان بۆ دەوڵەت لە ڕێی ملکەچی بۆ یاساکانی.

**بنەمای سێیەم: پابەندبون بە مەبدەئەکانی گوتاری ئیسلامی دابەزێنراو**

مەبەست لە گوتاری ئیسلامی دابەزێنراو لێرەدا ئەو گوتارەیە کە ڕێك و ڕاست تەبایە بە گوتاری قورئانی و نەبەوی و راشدی، واتە گوتارێك کە هەلگۆستراوی وەحیە، لە (ئازادی یا تۆفانی)شدا پێناسەی دیاری کراوی بۆ کراوە کە بریتیە لەو قۆناغەی ڕێنماییەکانی ئیسلامی تێدا بەرجەستە دەبێت هەروەك چۆن دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر (د.خ)، ئەم قۆناغە لەڕووی مێژووییەوە بە بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینەی منەوەرەوە دەست پێ دەکات، پاش ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) کۆچی بۆی کرد، تا دەگاتە کۆچی دوایی دوایین خەلیفەیەکی سەحابی، کە ئەویش عەبدوڵلای کوری زوبێرە (٧٣ك)، سەرەڕای ئەو کەلێن و ناتەواوی و لادانەی لە دوا دوایی و نێوەندەکانی ئەم دەسەلاتەدا پەیدابوو بەتایبەت دوای کۆچی ئیمامی عەلی و لە کۆتاییەکانی جێنشێتی مەعاویە و دواتریش کە بە سەرەتای کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە دادەنرێت... عومەریش لە درێژەی ماوەی جێنشینێتییەکەی و بەو کارانەی ئەنجامیانیدا، ئەمە بناغەکانی ئەو گوتارەی بەهێزتر و بنەماکانی جێگیر و سەقامگیر تر کردوە، لەوانەش زۆر بەکوورتی:

**یەکەم: خەلکی (ئومەت) مافی هەلبژاردنی ئیمامی هەیە و هەر ئەویش سەرچاوەی دەسەلاتە:١١٤ن**

ئەمەش لەو وتارەیدا زۆر بەڕوونی دەر دەکەوێت، کاتێك کە کەسێك باسی لەوەکردبوو، کە ئەگەر عومەر مرد ئەوا بەیعەت بە فلاَن کەس دەدەم، عومەریش روونی دەکاتەوە کە هەلبژاردنی جێنشین مافی خەلکییە و بە ویست و ڕەزامەندی و هەلبژاردنی ئەوان دەبێت.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**دووەم: ئومەت مافی هەیە چاودێری ئیمام و هەڵسوكەوتەكانی بكات:١١٥**

عومەر زۆر سوور بوو لەوەدا كە دەبێت كاربەدەست دادگەر بێت و ڕاست و تەواو بە كارەكانی هەستێت، ئەگەر ئەم ڕۆڵەی نەگێڕا شایستەی لابردن و لەكارخستنە...

**سێیەم: مافی بەرزكردنەوەی سكالا بۆ دادگا و تۆڵە سەندنەوە و یەكسانی خەڵكی لە بەردەم داگادا:**

عومەر تۆڵەی چەوساوەكانی لە كاربەدەست و ئەمیرەكانی دەكردەوە، ئەیفەرموو: چۆن تۆڵە ناكەمەوە، لە كاتێكدا پێغەمبەری خوام بینی تۆڵەی لە خۆی دەكردەوە!

بە خەڵكی دەوت "من كاربەدەستەكانم نەناردوە تاكو ئازاری جەستەییتان بدەن، یان جنێن (جوێن) بە ناموستان بدەن، نە بۆ ئەوەش كە سامان و دارایتان ببەن، من بۆ ئەوە ناردویانمە تا فێری كیتابی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەكەیتان بكەن، هەركەس كاربەدەستەكەی هەرجۆرە ستەمێكی لێكرد، ئەوە بزانن من مۆڵەتم نەداوە، با سكالاّم بۆ بەرز بكاتەوە تا تۆڵەی بۆ بكەمەوە".

عەمری كوڕی عاس وتی: ئەی ئەگەر ئەمیرێك ئەدەبی یەكێك لە ڕەعیەتەكەی دابدات، تۆڵەی لێ دەكەیتەوە؟

عومەر فەرمووی: چۆن تۆڵەی لێ ناكەمەوە، لە كاتێكدا بینیومە پێغەمبەری خوا تۆڵەی لە خودی خۆی كردوەتەوە؟ هەروەها نووسراوی دەنارد بۆ ئەمیری سەربازەكان كە: مسوڵمان سەرشۆڕ مەكەن بەوەی لێیان بدەن، كافریان مەكەن بەهۆی بێبەش كردنیانەوە "(القصة رواها ابن سعد ٣-٢١٢-٢١٣ بإسناد على شرط مسلم).

بەسەرهاتی عومەر و قیبتییەكە و كوڕەكەی عەمری كوڕی عاس زۆر بەناوبانگە، كە دواتر عومەر وتە بەناوبانگەكەی ئەفەرموێت "مذ كم أو متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا؟" (فتوح مصر ص١٦٧ بإسناد صحيح ومناقب عمر لابن الجوزي ٧٣).

لە دوا وتار و بەهەمان شێوە لە چەندین نوسراو و تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا عومەر جەختی كردوەتەوە لەسەر دادگەری لە حوكم و دابەش كردنی دەسكەوت و ماڵ و ساماندا (العدل فی الحكم والقسم).

**چوارەم: مافی خەڵكی لە چاودێری كردنی خانەی ساماندا:١١٥**

عومەریش بە هەمان شێوەی ئەبوبەكر موچەیەكی بۆ دیاری كرا، "عومەر خەڵكی كۆكردەوە و پێیانی وت منتان بە كاروباری خۆتانەوە سەرقاڵ كردوە، وادەبینن من چەنێكم بۆ دروستە لەم ماڵ و سامانەدا؟ عەلی فەرمووی: ئەوەی پێداویستی خۆت و خاوخێزانتە بە شێوەكی باش و گونجاو، جگە لەوە هیچت بۆ نییە، خەڵكەكەش وتیان قسە قسەی عەلییە" (ابن جریر الطبري ٢-٤٥٢).

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەم بارەیەوە بەسەرهاتی هاوشێوەی تریشی هەیە، عومەر سێ جار سوێندی خوارد و دەیووت: "بەخوا هیچ کەس مافی زیاتر لە کەسێکی تری نیە لە مالدا، منیش لە هیچ کەسێك مافدار و شایستەتر نیم، بەخوا هەموو یەکێك لە مسولمانان بەشی هەیە لەم مالەدا، بەخوا ئەگەر بۆیان بمێنم، بەشی شوانێك دەدەم لەم مالە لە کاتێکدا ئەو لە شاخی سەنعادا سەرقالی مەڕ لەوەڕاندنی خۆیەتی" (رواه أحمد ١-٤٢، وقال أحمد شاكر (إسناده صحيح...).

**پێنجەم: مافی یەکسانی لە پێدان و بەخشیندا:١١٦**

ئەمیر و سەرۆکی ولاتان زیاتر لە مافی کەسانی تریان نییە لە مالی گشتیدا، بەلکو هەموو وەکو یەکن، عومەر کیتابێکی نووسی بۆ عوتبەی کوڕی فەرقەد لە ئازەربەیجان، کە ئەمیری سوپا بوو، ئەویش نامەکەی بۆ خەلکی خوێندەوە و تیایدا هاتبوو "ئەی عوتبەی کوڕی فەرقەد! ئەم مال و سامانە هی ماندوو بوونی خۆت و باوك و دایکت نیە، مسولمانان لە جێگە و ڕێگەی خۆیاندا وەکو خۆت تێروپڕ بکە، خۆت بپارێزە لە زیادەڕەوی نازونیعمەت و پۆشتنی ئاوریشم و جلوبەرگی هاوبەش پەیداکاران" مسلم ٢٠٦٩.

**شەشەم: دیاری کردنی ماف و شایستەیەتی لە خانەی ساماندا بە پێی کار و خاوخێزان و پێداویستی:١١٦**

عومەر هەموو کەسی بە خاوەن بەش و ماف دەزانی لە هەر شوێن و ئاست و پلە و پایەیەکدا بووبێت، لە هەر ئاستێکی تەمەن و لە هەر ڕەگەزێکدا بووبێت، بە پیاو و ئافرەت و منالی شیرەخۆرە و کۆیلە و منالی فڕێدراویشەوە، لە هەمان کاتدا حسابی دەکرد بۆ هەول و ماندوو بوون و قوربانی، ڕادەی خاوخێزان و ئەندازەی پێداویستی و هەژاری، لە خانەی سامانیش قەرزی بە خەلك دەدا و لێیانی وەردەگرتەوە، خۆشی قەرزی لێی کردوە و داویەتییەوە... سەبارەت بە ئەندازەی بەش سەرەتا عومەر حیسابی سابقە و پێشینەی دەکرد، بەلام لە کۆتاییەکانی ژیانیدا هاتە سەر ئەوەی وەکو ئەبوبەکر بکات و وەکو یەك و بە هەمان ئەندازە بەشی هەموو کەس بدات...

**حەوتەم: ڕێکخستنی بودجەی گشتی دەولەت:١١٦**

عومەر چەندین دیوانی دانا بۆ ڕێکخستن و زەبت کردنی داهات و دەرچوونی خانەی سامان و لەمەشدا سودی لە فارس و ڕۆمەکان وەرگرت، بەمەش چەندین بنەما و بناغەی ڕێکخستنی کارگێڕی بۆ دەولەتی ئیسلامی دانا و هیچ یەك لە هاوەلانیش ڕەخنە و ئیعتیرازیان نەبوو لەم ڕووەوە، پاش ئەوەی راوێژێکی زۆری پێیان کرد و گەیشتن بەو دەرەنجامە...

**هەشتەم: مەبدەئی بەرپرسیارێتی دەولەت لە هاونیشتمانییەکانی:١١٧**

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەوڵـەت لـە دیـدی عومـەرەوە بەرپرسـە لـە هاولاّتییـەكانی، لـە دەسـتەبەر كردنـی بەرژەوەندیەكانیان، لەو مافەی لە دارایی گشتیدا هەیانە، لەوەی پێیان بدرێت لە كاتی پێداویستی و ئاتاجیەكانیاندا... عومەر جۆرێك لە تەئمیناتی كۆمەلاّیەتی دامەزراند، كـە پێـشینەیە لـە مێـژووی دەوڵەتداریدا، هەموو خەڵكی دەگرتەوە، دیوانەكانیشی بۆ ئەو مەبەستانە دامەزراند و ناو و ئەنـدازەی موچەی تێدا تۆمار دەكرد و تەنانەت جارێكیـان كـە گـوێی لـە گریـانی منالێـك بـوو، كاتێـك كـە پرسیاری كرد وتیان دەیانەوێت لە شیر بیبڕنەوە بۆ ئـەوەی موچـەیان بـۆ ببڕێتـەوە، ئـیتر لـەو كاتـەوە فەرمانیدا شیرە خۆرەش موچەی بۆ ببڕێتەوە و لەو بارەیەوە نووسراوی كـرد بـۆ ولاّتـان (ابـن سـعد ٣-٢٢٨ و فتوح البلدان للبلاذري ص٦٤٣).

لەگەڵ گەورە بوونی منـاڵ و زیـادبوونی پێداویـستیاندا موچـەكەی زیـاد دەكـرد، بەشـی هەژارەكانی خـاوەن كیتابەكانیـشی دەدا و جزیـەی لەسـەر كەنـەفت و هـەژارەكانیان لادا... دواتـریش جێنشینەكانی تریش چاویان لە عومـەر دەكـرد، لەوانـە حەسـەنی كـوڕی عـەلی و عومـەری كـوڕی عەبدولعەزیز و جگە لەوانیش ...لەم ڕووەوە كلتورێكی دەوڵەمەند لە ئارادایە و قسەو باسی زۆر هەیە ...

**نۆیەم: دانانی چاودێری دارایی و كارگێڕی لەسەر كاربەدەست و كارمەندانی دەوڵەت:١١٧**

عومەر كاتێك كەسێكی دەنارد بۆ شارێك ماڵ و سامانەكەی دەنووسی و هەرچـی هەبوایـە تۆماری دەكرد، كاتێكیش كەناریانی دەخست و لایانی دەبـرد، نیـوەی ماڵەكـەی لـێ دەسـەندنەوە بـۆ خانەی سامانی مسولّمانان (ابن سعد ٣-٢١٤و٢٣٣، والأموال ص٢٨٢).

كاتێك كەسێكی دەنارد كۆمەڵێك مەرجی لەسەری دادەنا، كە هەمووی سەبارەت بە خـاكی بوون و پیادە كردنی دادگەری بوو لەگەڵ خەڵكیدا، دەیفەرموو "ئاسانترین شت ئەوەیە ئەمیرێك بگۆڕم بە ئەمیرێك بۆ ئیسلاّحی خەڵكی" (ابن سعد ٣-٢١٥ بإسناد صحيح عن الحسن عن عمر ).

كاتێك وەفدێك بهاتایە بۆ لای وردەكاری ئەمیرەكەیانی لێـی دەپرسـی، ئەگـەر ڕەفتـارێكی خراپ و كەمتەرخەمییەكی بزانیایە عەزلی دەكرد... تەنانەت لەگەڵ هاوەڵـە نزیـك و ناودارەكانیـشدا توند بووە، جارێك عومەر ئەبو هورەیرەی كـرد بـە كاربەدەسـتی بـەحرەین، بـە دەهـەزارەوە گەڕایـەوە، عومەر پێی وت "ئەم ماڵ و سامانەت بۆ خۆت بردوە و وەلات ناوە ئـەی دوژمـنی خـواو كیتابەكـەی! ئەبو هورەیرە وتی: دوژمنی خواو كیتابەكەی نیم، بـەڵكو دوژمـنی ئەوانـەم دوژمنایـەتییان دەكـەن و سەرچـاوەی ئـەو دەسـكەوتەی بـۆ روون دەكاتـەوە، عومـەر لیژنەیـەك پێكـدەهێنێت، دوای موحاسەبەكردنی سەرڕاستی ئەبوهورەیرەیان بۆ دەردەكـەوێت، دواتـر عومـەر دەیـەوێت بیكاتـەوە بـە كاربەدەست بەلاّم پەسەندی ناكا، عومەریش پێی دەڵێت: كاربەدەستیت پێ ناخۆشە لەكاتێكدا باشتر

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لە تۆ کە یوسفە خۆی داوای کاربەدەستی کردوە؟ ئـەویش دەڵێـت: یوسـف کـوڕی پێغەمبـەری کـوڕی پێغەمبەری کوڕی پێغەمبەر بوو، من ئەبو هورەیرەی کوڕی ئەمیمەیم، ئەترسـم بـەبێ زانیـاری قسە بکەم و بێ حوکم قەزاوەت بکەم، ئـەوکات شـەلاق درێـم و ماڵەکـەم لێبسـێنن و جـوێن بـە ناموسم بدرێت. (عبدالرزاق في المصنف ٢٠٦٥٩، بإسناد صحيح على شرط الشيخين...)...

**دەیەم: پیادەکردنی یاسا بەسەر هەمووان و توندبوون لەگەڵ خزمان:١١٨**

عومەر سزای دووچەندانە دەکرد بەسـەر خـزم و کەسـەکانی خۆیـەوە ئەگـەر بـە کارێـك هەستانایە کە نەهی لێ کردبوو، چونکە وای دادەنا بە هۆی ئەمانەوە خەڵکی خـراپ و کەمتەرخـەمتر دەبن، لە ژیانی خۆی و دوای خۆیشی خزمەکانی بـێ بـەش کـرد لـە کاربەدەسـتێتی، کاتێـك بیـستی عەبدورەحمانی کوڕی عارەقی خواردوە، سەرەڕای ئەوەی حەدی لێ درابـوو، ئـەویش بـانگی دەکاتـەوە و سزای زیاتری دەدات، تەنانەت ماوەیەك پاش ئەوە وەفات دەکات، هەندێك لە خەڵکی وادەزانـن بـەهۆی لێدانەکەی عومەرەوە بـووە، هەرچـەندە وانـەبوو... (عبـدالرزاق في المصنف ١٧٠٤٧ وابـن عـساکر في تاريخ دمشق ٤٤-٣٢٤ بإسناد صحيح على شرط الشيخين).

عومەر ڕێگەی نەدەدا کەسوکارەکەی سوود ببینن لە پلەوپایەی ئەو لـە کـڕین و فرۆشـتن و بازرگانی و بەرژەوندییە گشتییەکاندا، نەك بازرگانەکان بەهۆی ئەمەوە خاتریان بگرن، یان سـوود لـە ماڵی گشتی ببینن بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان، جارێك عەبـدوڵا کـارێکی وا دەکـات، عومـەریش بەشێك لە قازانجی ماڵەکەی لێ وەردەگرێت و دەیکاتە نێو خانـەی سـامانەوە. (ابـن عـساکر في تـاريخ دمشق ٤٤-٣٢٣ بإسناد حسن صحيح).

ئەو پاکژ و شـوێنە تایبەتانـەی سـنور بەنـد بـوون و بـۆ ئـاژەڵ و مـاڵاتی خانـەی سـامان دانرابوون، ڕێگەی نـەدەدا بـۆ قـازانجی کـەس بـەکار بهێنرێـت، تـەنها ئـەوە نـەبێت بـۆ بەرژەوەنـدی مسوڵمانان یان بۆ مسوڵمانە هەژارەکان بەکار دەهات...

ئەگەر ئەمڕۆش چـاوێك بـە زەوی وزار و شـوێن و پێگـە گرنگـەکانی بەشـێك لـە وڵاتـانی ئیـسلامیدا بخـشێنین بۆمـان دەردەکـەوێت کـە چـۆن بـە شـێوەیەکی نادروسـت خـاك و زەوی وزار و بەرژەوەندی هەموو خەڵکی کراوەتە تاپۆ و موڵکی پاشا و سەرۆك و کـوڕ و کـچ و خـزم و کەسـوکار و بەشێك لە دەست و پەیوەندەکانیان و بگرە هەندێك جار لە خزمەتی وڵاتانی زل هێز و سوود و قـازانجی کۆمپانیا و دەزگا و کەسایەتییەکانیاندایە!

**یانزەیەم: ئیقرار کردنی مافی دڵدانـەوە و بەدەمـەوە بـوون و هاوبەشـی لـە مـاڵ و سـامان، لـە قەیرانەکاندا:١١٩**

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لە كاتی بارودۆخی ناهەموار و قات و قڕیدا، بە بۆچوونی عومەر دەبێت ژیان و گوزەرانی خەڵكی دەستەبەر بكرێت، ئەگەر بەوەش بێت هەر ماڵێكی دەوڵەمەند ماڵێكی هەژاری لە خۆ گرتبێت، هەروەك لە ساڵی قات و قڕییەكەدا بە نیاز بوو شتێكی وا بكات...

**دووانزەیەم: دانەوەی قەرزی خەلیفە بە خانەی سامان:١١٩**

عومەر بڕوای وابوو بە مردنی خەلیفە نابێت لەو قەرزانەی خۆشبن كە هی خانەی سامانە و لە سەریەتی، هەر بۆیە عەبدولای كوڕی راسپارد بۆ ژماردنی، كە ژماردیان هەشتاوشەش هەزار بوو، پاشان داوای لێكرد ئەو قەرزانەی بۆ بدەنەوە، چ لە كەس و كارەكەی خۆی بێت یان لە هۆز و بنەماڵەكەی...

**سیانزەیەم: ئازاد كردنی كۆیلە لە خانەی سامان:١١٩**

عومەر هەموو ئەو كۆیلە عەرەبانەی ئازاد كرد كە لە سەردەمی نەفامییەوە بە كۆیلە كرابوون و ئەوەشی كۆیلەی لابوو، بە پێدانی بریتی و فیدیە ئازادیانی دەكرد، بەمەش لە ١٧ی كۆچییەوە هەموو عەرەبی لە كۆیلەیەتی ڕزگار كرد، كە ئەوكات هەموویان مسوڵمان بووبوون، كە ئەمە یەكەمین بزوتنەوەیەكی ئازاد كردنی كۆیلەیە لە مێژوودا، بەلاّم ئەمەی نەگشتاند و نەیكرد بە كارێكی ئیلزامی بۆ ئەوانی تری ناعەرەب، بەو پێیەی لەگەڵ نەتەوەكانی تردا لە حاڵەتی جەنگ و كوشتاردا بوون و لە هەردوو لاوە بە پێی یاسا باوەكانی جەنگی ئەو كاتە وەكو مامەڵە بە هاوشێوە (المعاملة بالمثل) كۆیلە دروست دەبوو، بەلاّم كاتێك مسوڵمانان لەگەڵ ئومەتێكدا رێككەوتن كە كەس بە كۆیلە نەكرێت و كڕین و فرۆشتنی لەو شێوەیە ئەنجام نەدرێت، ئەوا پێویستە موسوڵمانان پابەندی ئەو پەیمانە بن، هەروەك (ئیبنو قاسم لە مالیكەوە) باسی دەكات، لێرەوە پێویستی پابەندی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە دەر دەكەوێت كە ڕێگری دەكەن لە بە كۆیلە كردن، بەو پێیەی تەواو ڕێكە بە مەبەست و ئامانجەكانی شەریعەتی ئیسلامی، كە ئارەزوومەند و تامەزرۆی ئازاد كردنی مرۆڤە لە كۆیلەیەتی...

**چواردەیەم: لەدەستدانی دەسەلاّتی ئەمیری هەرێمەكان بەسەر ئەو كەسانەی ستەمیان لێیان كردووە:١١٩**

عومەر زۆر ورد بوو لەوەدا كە نابێت ئەو خەڵكەی ستەمیان لێكراوە لەلایەن ئەمیری هەرێمەكەیانەوە، بۆ دادوەری قەزاوەت سەبارەت بەو حاڵەتی ستەم لێكراوییە بچنەوە لای ئەوان، چونكە ئەمە دەبێتە هۆی بەدی نەهاتنی عەدل و ڕوودانی ستەمكاری، بەڵكو بۆیان هەبوو راستەوخۆ سكالاّی ستەم لێكراوییەكەیان ببەنەوە لای خۆیان و بەرزی بكەنەوە بۆیان، سەبارەت بە كاربەدەست و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

والییەكانی دەیفەرموو "هەر كەس ئەمیرەكەی ستەمی لێكرد، بێ من بۆی نییە ئەمیرایەتی بكات" (ابن جرير ٢-٥٦٦ بإسنادصحيح).

ئەمە جگە لەوەی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەوە كردوەتەوە كە ئەركی كاربەدەستەكانی فێركردنی دین و پیادە كردنی عەدل و دابەش كردنی سامانە، ئەگەر سكاڵای كاربەدەستێكی بهاتایەتە بەردەست لەگەڵ سكاڵاكەرەكەدا بەرەو ڕوویانی دەكردەوە...

**پانزەیەم: وەقف كردنی زەوی دەسكەوت بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان و كردنی بە سامانی گشتی:١٢٠**

عومەر زەوییەكانی ولاتی شام و عێراق و میسر و فارسی دابەش نەكرد و دابەش كردنی ئەو زەوییانەی بە مەترسی دەزانی و وای دەبینی دواجار زەوی و زار لە دەستی ژمارەیەكی كەمی رزگاركار و فاتیحەكاندا قەتیس دەبێت، كە ئەمەش پێچەوانەی مەبەستی شەریعەتە، لەم ڕووەشەوە چەند ئایەتێكی سورەتی حەشری كردبوە بەڵگە: ﴿وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦) مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٧) لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ (٨) وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٩) وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾فەرمووی: "ئەم ئایەتە هەموو كەس دەگرێتەوە، هەموو موسوڵمانێك بەشی تێیدا دەبێت" (أبوداود ٣-٣٧٥، ح٢٩٦٦، الخراج لأبي يوسف ص٢٦، والأموال لأبي عبيد ص٢٢، والطبري في تفسير الآية، بإسناد صحيح).

دیارە سەرەتا موعاز ئەم بۆچوونەی پێشنیار كرد و دواتر عومەر پەسەندی كرد... لە وەلامی ئەوانەدا كە ڕەخنەیان لێی گرت فەرمووی "خوای گەورە ئەوانەی لە دوای ئێوە دێن كردویەتی بە هاوبەشتان لەم فەیئەدا، ئەگەر دابەشی بكەم، بۆ دوای خۆتان هیچ شتێك نامێنێتەوە، ئەگەر بمێنم ئەبێ شوان لە سەنعاوە بەشی لەم دەسكەوتانە بكەوێت، بێ ئەوەی كارێكی بۆ كردبێت "(الخراج لأبي يوسف ص٢٤و٤٦). "بەخوا ئەگەر مام بۆ بێوەژنەكانی عێراق، ناهێڵم پێویستییان بە هیچ ئەمیرێكی دوای خۆم هەبێت". ( الخراج لأبي يوسف ص٣٧).

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەم تێگەیشتنەی موعاز و عومەر تێگەیشتنێکی ورد بووە بۆ مەبەستەکانی گوتاری سیاسی قورئانی، کارێکی کردوە دواجار ئەو زەوی و زارانە ببنە سەرچاوەیەك بۆ بەرژەوەندی گشتی نەك چەند کەسێکی دیاریکراو، هەروەها ڕێگر بووە لە لەوەی دەرەبەگایەتی لە نێو دەوڵەتی ئیسلامیدا بەرپا بێت... تاوەکو هەموو خەڵك خۆی بە خاوەنی زەوی و سەروەت و سامانەکان بزانێت و بەرگری لێ بکات، ئەگەر سەردەمی ئەبوبەکر سەردەمی ئەو بنەما گرنگانەی گوتاری ئیسلامی بێت کە باسمان کرد، ئەوا سەردەمی عومەر بەدەر لەوانەش سەردەمی سیستەمە کارگێڕی و بنەماکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و چەسپاندنیان بوو، بە شێوەیەك بگونجێت بۆ چەند شێوازێکی دەوڵەت، هەر لە دەوڵەتی مەدینەوە بۆ دەوڵەتی دوورگەی عەرەب و بۆ دەوڵەتی کیشوەری لە هەردوو ئاسیا و ئەفریقادا، کە چەندین ئومەت و ئایین و نەتەوە و شارستانی جیاواز و جۆراوجۆری لە خۆ گرتبوو، بە جیاوازی تەبیعەت و زمان و ئاداب و سیستەمی ژیان و تەشریعاتیانەوە.

لەو سیستەمە کارگێڕی و سیاسی و ئابوری و عیمرانییەی لە سەردەمی عومەردا دەرکەوت و تەعبیری لەو بنەمایانە دەکرد کە گوتاری راشدی چەسپاندبووی، ئەمانە بوون:

**یەکەم: دانانی کۆڕێکی راوێژی تەشریعی: ١٢١**

عومەر لەم بارەیەوە کۆڕێکی تایبەتی دروست کردبوو، کە تەنها هاوەڵە زانا و شەرعناسەکان بەشدار دەبوون تێیدا، ئەو هاوەڵانەی کە تەمەنیشیان کەم بوو بەڵام شایستەی ئەو مەجلیسە بوون بەشدار دەبوون، لەهەمان کاتدا نەیدەهێشت گەورە هاوەڵان مەدینە بەجێ بهێڵن، تاکو لەگەڵیدا بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و لە کاروباری دەوڵەتیش دا ڕاوێژیان لەگەڵ بکات، گرنگی ئەم مەجلیسە تەشریعی و فیقهی بوو، لە رووداو و گرفتە نوێیەکاندا کە حوکمێکی دیاری کراوی لەسەر نەبوو، عومەر راوێژی پێیان دەکرد، کاتێکیش لەسەر قسەیەك کۆك دەبوون دەبووە کۆڕا و سابیقەیەکی تەشریعی و قازی و کاربەدەستەکانی دەوڵەت پابەند دەبوون پێیەوە... بەڵام کاروباری سیاسەتی گشتی هەروەك خۆی مایەوە، ئەگەر بیویستایە هەر بڕیارێکی سیاسی یان سەربازی یان هەر کارێکی تر کە تایبەت بووبێت بە بەرژەوەندییەکانی ئومەت و دەوڵەتەوە، ئەوا هاوەڵانی لە مزگەوتدا کۆدەکردەوە و راوێژی پێیان دەکرد، کەسی تایبەت نەدەکرد بە شوراوە، بە پێچەوانەی قەزییە فیقهی و تەشریعییەکانەوە کە کۆڕێکی تایبەتی بۆ دروست کردبوو... بەم شێوەیە عومەر مەبدەئی "وشاورهم في الأمر"ی بە پێی گەشەی کۆمەڵگە و بەرفراوان بوونی دەوڵەت ڕێکخستبوو، لە رێی ئالیەتێکەوە کە هەردوو بواری سیاسی و تەشریعی بگرێتەوە...

**دووەم: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:١٢١**

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

عومەر بۆ هەر شار و ولاّتێك، هەروەها بۆ هەموو ناوچە و هەرێمێك، ئەمیرێکی دانابوو، حوکمەکانی جیّ بەجیّ دەکرد و لە جومعە و جەماعەتەکاندا پێش نوێژی بۆیان دەکرد، قازییەکیشی بۆیان دانابوو ناکۆکی و کێشەکانی بۆیان چارەسەر دەکرد، والییەکیشی دانابوو سەرقاڵی دەیەك و زەکات و خەراج و ئەو شتانە بوو، بۆ خانەی سامان و دابەشی دەکرد بەسەر خەڵکیدا، ئەوەشی زیاد بووایە دەیگێڕایەوە بۆ خانەی سامان لە مەدینە.

۱۲۲سبەیس﴾ی زیاد

خەلیفە بن خەیات ناوی کاربەدەست و قازییەکانی عومەر یەك بەیەك لەو بارەیەوە دەژمێرێت ...

ئەم ڕێکخستنە سەربەخۆیی قازییەکانی پاراستبوو، وای کردبوو هاولاّتیان دەیان توانی سکالاّ لەسەر والی و کاربەدەستەکان بەرز بکەنەوە بۆ لای قازیی، ئەمە جگە لەوەی کاربەدەستان دەسەلاّتیان نەبوو بەسەر خانەی سامانی هەرێمەکانەوە، بەڵکو ئەمینداری تایبەتی خۆی هەبوو بۆ کۆکردنەوە و دابەش کردنی... بەم شێوەیە دەسەلاّتەکان لە هەرێمەکاندا هەریەکەی لەویتر جیا و سەربەخۆ بوو... ئەوەی سەرنجیش دەدرێت ئەوەیە کە عومەر هیچ کەسی لە بەنوعەدی هۆزەکەی خۆی نەکردبوو بە والی و کاربەدەست، بەڵکو لە هەموو دەزگا سەربازی و سیاسی وقەزائی و داراییەکانی دەوڵەت دووریانی خستبووەوە!

**سێیەم: دانانی دەزگا و سیستەمێکی چاودێری کارگێڕی:۱۲۲**

عومەر دەزگایەکی چاودێری توند و تۆڵی دانابوو، لەو ڕێگەیەوە چاودێری کاربەدەست و ئەمیرەکانی دەکرد لە ولاّتان و هەرێمەکاندا، تاکو ئاگای لە بەڕێوەچوونی کاروباری دەوڵەت بێت بە پێی بنەما و یاسا و ڕێساکان، ئەگەر کەسێکیان ستەم یان نادادی یان لادانێکی بکردایە بانگی دەکردەوە بۆ مەدینە، لێپرسینەوەی لەگەڵی دەکرد یان لای دەبرد، مەعاویەی بانگ کرد کە ئەمیری شام بوو، بە هەمان شێوە ئەبوهورەیرە کە ئەمیری بەحرەین بوو، لەبەر سکالاّی خەڵکی سەعدی کوڕی ئەبو وەقاسی لابرد هەرچەندە سەعد زۆر داکۆکی لە خۆی کرد و عومەریش دەیزانی راست دەکات، بەلاّم بە دڵی خەڵکی عێراقی کرد، سەرەڕای ئەوەی ئەو خاڵۆی پێغەمبەر بوو و یەکێك بوو لە موژدەپێدراوەکانی بەهەشت و موهاجیرە سەرەتاکان و پاڵەوانی قادسیە و ئازادکەری عێراق بوو، چونکە عومەر خۆی بە بریکاری خەڵکی دەزانی، راستگۆیی سەعدیشی لە پێش چاو بوو... هەر بۆیە بۆ جێنشینێتی دەیپاڵێوێت، کەچی مەعاویە ناپاڵێوێت، لەگەڵ ئەوەی دوای بانگ کردن و موحاسەبە کردنیشی داینایەوە وەك ئەمیری شام، پاش ئەوەی مەعاویە باسی پاساوەکانی خۆی کرد کە بۆچی فراوانکاری کردوە لە جلوبەرگ و جوانکاریدا، ئاگاداری ئەوەش بوو خەڵکی شام پابەندن پێیەوە و خۆشیان دەوێت.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**چوارەم: دیاری كردنی ماوەی والی و ئەمیرەكان بە چوار ساڵ:١٢٣**

یەكێك لە سیاسەتەكانی عومەر بریتی بوو لە ماوەی والیەتی بەسەر هەرێمەكانەوە، كە بەدەگمەن ریگەی داوە لە چوارساڵ زیاتر بێت، ئەمەش یەكێك بوو لەو رێوشوێنانەی دەیگرتەبەر، هەر ئەمەش یەكێك بوو لە پاساوەكانی لادانی سەعد سەرەڕای نارەزاییەكانی خەڵك، چونكە هەروەك (ابن حجر) دەڵێت "بۆچونی عومەر وابوو كە نابێت كاربەدەستێك زیاتر لە چوار ساڵ لە كارەكەیدا بەردەوام بێت" (فتح الباري ٢-٢٤٠).

**پێنجەم: دانانی دیوان و سیستەمە كارگێڕییەكان:١٢٣**

عومەر یەكەم كەس بووە دیوان و تۆمارەكانی دانا، وەكو دیوانی سەربازان و دیوانی بەخشین و دیوانی خەراج، كە ناوی هەموو دانیشتووانی دەوڵەتی تیابوو لە عەرەب و ناعەرەب بەپێی هۆزەكانیان یان شارەكانیان، هەروەها تۆماری لەدایك بووان و كۆچكردوانیشی لە خۆ دەگرت بۆ هەر ساڵێك، تاكو ئازوخەی سەربازان سەرف بكرێت و بەخشینی خەڵكیشیان پێ بگات، سەرەتا لە خزمەكانی پێغەمبەری خواوە دەستی پێكرد، پاشان ئەوانی تر بە دوایدا (ابن خلدون)یش لە (مقدمة) كەیدا جەخت لەم ڕاستییە دەكاتەوە. (مقدمة ابن خلدون١٢٣).

**شەشەم: دانانی پلان و نەخشە و سیستەمی ئاوەدانخوازی و كشتوكاڵی و ڕێكخستنی كاروباری زەوییە ڕزگار كراوەكان:١٢٤**

عومەر یەكەم كەس بوو شارە ئیسلامییەكانی بنیات نا، فەرمانی كرد بەسرە و كوفە و فوستات بكرێنە شار، كە دواتر بوونە بەناوبانگترین شار و پایتەختەكانی ئیسلام، كە بەپێی سیستەمێكی عیمرانی داهێنكار و جوان شوێنەكانیان دەسنیشان كران و بنیات نران، بە شێوەیەك گەشەكردوو و سەقامگیر بن بۆ چەندین سەدە، لەبەرئەوەی هۆكارەكانی شارستانیەت و مەدەنیەت لە نێوی یان دەوروبەریدا دەستەبەر و رەخساو بوون.

پێشتریش ئاماژەماندا بە هەوڵی عومەر و ئیجتیهادی لە دابەش نەكردنی زەوییە ئازاد كراوەكان بەسەر ئەوانەی ئازادیان كردبوو، بۆ ئەوەی زەوی و زار و سەروەت و سامان لە دەستی كۆمەڵێكی كەمدا قەتیس نەبێت... ئەمە جگە لەوەی بە شێوەیەكی باش و گونجاو خەراجی رێك خستبوو كە سەرشانی خاوەن زەوییەكان قورس نەكات و بە شێوەیەكی زۆر جوانیش ولاتی رێك دەخست و خەڵكی ناوچەكان خۆیان بە شدار دەبوون تیایدا، هەروەك عەمری كوڕی عاس پێی هەستا كاتێك كە لە میسردا قیبتییەكانی كردە سەرۆكاری كاروباری خۆیان و ئازادی تەواوی پێیاندا بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانیان...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**حەوتەم: دانانی سیستەمی زەمانەتی كۆمەلآیەتی:١٢٤**

عومەر داراییەكی تایبەتی مانگانە و سالآنەی بڕیبووەوە بۆ هەموو كەس، لە پیاوان و ئافرەتان، لە ئازاد و كۆیلە و مەوالییەكان، لە گەورە و بچووك، تەنانەت بۆ منالی بچووكی لە شیر نەبڕاوەش، فەرمانی كردبوو بە سەرف كردنی بۆ ئەوانەی كەنەفتەن و لە جێگادا كەوتوون و بێ بڕست بوون ... یان تووشی نەخۆشی زۆر خراپی وەك گەڕی بوون، ئەوەبوو لە سەردانەكەیدا بۆ شام ژمارەیەكی لێ بینیبوون، هەروەها بۆ ئەو ئەهلی زیمانەی كە بێ توانا یان پیر بوون لە خانەی سامان بەشی بۆیان بڕییەوە، كاتێك پیرێكی یەهودی بینی سوالّ لە خەلّك دەكات، فەرمووی: بە ویژدان نەبووین لەگەلّتدا، سوودمان لە لاوێتییەكەت بینیوە و لە پیریدا وازت لێ بێنین.

**هەشتەم: بواردنی نەسرانییەكانی بەنو تەغلەب لە جزیەدان:١٢٤**

یەكێكی تر لەو ڕێوشوێنانەی عومەر گرتییە بەر و نیشانەی تێگەیشتنێكی وردی ئەو بوو لە مەبەست و ئامانجەكانی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی، ئەوە بوو نەسرانییەكانی بەنو تەغلەب پێیان ناخۆش بوو جزیە بدەن و دەیان ویست وەكو عەرەبە مسولّمانەكانی تر ئەمانیش سەدەقە بدەن، ئەگەر دوو قاتیش بووە بەلآم بە ناوی جزیەوە نەبێت، عومەریش ڕازی بوو لەسەر ئەم پێشنیارەیان، چونكە لەوە تێ گەیشتبوو كە ئەحكامەكانی جزیە بەرژەوەندیانە و ئیجتیهادیانەیە و مەبەست لێی سەلماندنی تەبەعیەتی ئەوانە بۆ دەولّەتی ئیسلامی و داننانیانە بە دەسەلآتی دەولّەت بە سەریاندا، لە بەرامبەر پاراستن و بەرگری لێ كردنیاندا، كاتێك بینی نەسرانییەكانی تەغلەب جزیەیان پێ ناخۆشە و لەوانەیە بچنە پالّ ڕۆمەكان دژ بە موسولّمانان لەبری جزیە سەدەقەی لێیان وەرگرت وەكو چۆن موسولّمانان زەكات دەدەن... (ابن القیم)یش وا دەبینێت جزیە مەسەلەیەكی ئیجتیهادی مەسلّەحییە لەبەرئەوەی (پێغەمبەر ئەندازەیەكی گشتی وای دانەناوە كە گۆڕان قبولّ نەكات، بەلّكو سپێردراوە بە بەرژەوەندی و ئیجتیهادی ئیمام، بەرژەوەندی وابووە لە سەردەمی خۆیدا لە خەلّكی یەمەن وەكو یەك وەربگیرێت، لە سەردەمی خەلیفەكانی ڕاشدیدا بەرژەوەندی وابووە بەپێی توانا و سامان و داراییان لە خەلّكی شام و میسر و عێراق وەربگیرێت... ئەگەر كەسێكیان نەیتوانیایە دینارێك بدات لەسەری لای دەبرد، تەنانەت لە عومەرەوە دەگێڕنەوە كە لە خانەی سامان موچەی بۆ پیرەكانیان بڕیوەتەوە، لە كاتێكدا كەسێكیانی بینیوە لەبەر دەرگاكاندا سوالّ دەكات، عومەری كوڕی عەبدولعەزیزیش وای كردوە، ئەبو عوبەیدیش دەلّێت ئەگەر عومەر بیزانیایە سوننەتێكی دیاری كراوی لە بارەوە هەیە، شتێكی تری نەدەكرد).(أحكام أهل الذمة ١-١٣٥-١٣٧).

هەربۆیە كاتێك جزیەیەكی زۆر بۆ عومەر دەهێنن، پێیان دەلّێت: "وابزانم خەلّكیتان بە هیلاك داوە؟ وتیان بە خوا بە لێبووردەیی و پاك و پوختی كۆمان كردوەتەوە! وتی بێ قامچی و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەڵواسین و خەڵات؟(بلا سوط ولا نوط) وتیان: بەڵێ! فەرمووی سوپاس بۆ ئەو خوایەی شتی وای لە سەردەستی من و لە ژێر سایەی دەسەلاتی مندا نەسازاندووە" (أبو عبيد بإسناد صحيح، وابن القيم في أحكم أهل الذمة ١-١٣٩).

ئەوەشی دەیسەلمێنێت جزیە باجێكی داراییە، ئەوەیە كە بەپێی توانای كاركردن وەردەگیرێت و بە ئەندازەی باری ئابوری دەگۆڕێت و دەوڵەمەند و هەژار وەكو یەك نایدەن، هەژار و ئافرەت و منداڵ و نەخۆش و پیر لە سەریان نیە و جزیەدانیش لەبری پاراستن و پشتیوانی كردنە، هەروەك سەرخەسی (المبسوط للسرخسي ٦-١٣٠) و ئیبن قودامە دەیفەرموون، هەر بۆیە پێویست نەبووە لە سەریان بەشداری جیهاد بكەن بۆ پاراستنی وڵات و خەڵكی، خۆ ئەگەر بەو كارە هەستان ئەوا وەكو (ابن قدامة) دەڵێت: جزیەیان لەسەر نامێنێت، هەروەك چۆن جولەكەی مەدینە جزیەیان لەسەر نەبووە. (المغني ١٠-٣٦٢).

بەلام پێدەچێت جزیە زیاتر باجێكی دارایی بووبێت لەبری كار و كاسیی و دەسكەوت، هەر بۆیە لەسەر دەوڵەمەندی نامسوڵمانە، بە هەمان شێوەی دەوڵەمەندی مسوڵمان كە زەكاتی لەسەر پێویستە، چونكە ئەگەر لە جێگای پشتیوانی كردن (النصرة) بووایە، ئەوا لەسەر نەسرانییەكان هەڵدەگیرا، تەغلەب بەو پێیەی پشتیوان و هاوسەنگەری سوپای مسوڵمانان بوون دژ بە ڕۆمەكان، ئەو جزیەیە وەكو زەكات وایە، لەسەر دەوڵەمەندی مسوڵمان پێویستە با موجاهیدیش بێت، لەو بوارانەشدا سەرف دەكرێت كە بۆ زەكات دانراوە، هەرچەندە برەكەشی لە زەكات كەمترە... گرنگ ئەوەیە بە پێی هەندێك لەو بۆچوونانەی ئاماژەی پێ درا جزیە لە بواری سیاسەتی شەرعی و ئیجتیهادی ئیمامدایە... مامەڵەی عومەریش لەو ڕووەوە بووە و دەكرێت لە ئەمڕۆشدا بە ئیجتیهادی نوێی شەرعییەوە هەڵسوكەوت و مامەڵە لەگەڵ ئەو بوارەدا بكرێت، بە تایبەت لەمڕۆی دەوڵەتی هاوچەرخدا كە چەندین باجی جۆراوجۆری وا هەیە چەند قاتی جزیەیە كە دەوڵەتی ئیسلامی دای ناوە لە مێژووی دەوڵەتداریدا...

**نۆیەم: ئیقراركردنی مەبدەئی هەڵسوكەوتی وەك یەك و هاوشانی، لەگەڵ دەوڵەتانی تردا:١٢٥**

عومەر لەگەڵ هاووڵاتییانی وڵاتانی تردا هەڵسوكەوتی وەك یەك و هاوشانی دەكرد، ئەگەر ستەم یان تاوانی تێدا نەبووایە، ئەمەش ناوەڕۆكی ئەو داد و قیستەیە كە گوتاری قورئانی و نەبەوی هێناویانە، زیادی كوڕی حودەیر (كە كاربەدەستی عومەری كوڕی خەتتاب بووە) دەڵێت ئێمە لە سەردەمی ئیمارەتی عومەری كوڕی خەتتابدا باجی دەیەكمان وەردەگرت، بەلام ئەو دەیەكەمان لە بەڵێن پێدراو (معاهد) و موسوڵمانان وەرنەدەگرت، پێیان وت ئەی دەیەكتان لە كێ وەردەگرت؟ وتی لە بازرگانی جەنگ، هەروەك چۆن ئەوانیش لە ئێمەیان وەردەگرت كاتێك دەچووین بۆ لایان... ئەبو

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

موسا دەنووسێت بۆ عومەر کاتێك بازرگانە موسولمانەکان دەچنە ولاتی جەنگ (دار الحرب)ەوە دەیەکیان لێ دەسەنن، عومەریش دەفەرمویت: ئەوانیش کە هاتن ئەوەندەیان لێ وەربگرن...

**دەیەم: دانانی سیستەمێکی چاودێریی دارایی:.............................١٢٦**

عومەر لەگەل کاربەدەست و والیەکانیدا سیاسەتی: ئەمەت لە کوێ بووی پیادە دەکرد، ئەوەشی کردبووە مەرج لەسەر ئەو کەسانەی دەیانی کردە والی و کاربەدەست کە دەبێت نیوەی ئەو سامان و داراییەش بۆ خانەی سامان دابنێن کە پاش کاربەدەستی و والیەتییەکەیان دەیان بێت، چونکە وای دادەنا ئەگەر ئەو پۆستەیان نەبووایە بە بازرگانی حەلال و دروستیش ئەوەیان بۆ پەیدا نەدەکرا، چونکە خەلکی و بازرگانەکان لە کڕین و فرۆشتندا خاتریان دەگرن، بەمەش بەهۆی کاربەدەستییەکەیانەوە دوو قات قازانج دەکەن... ئەمەش بە پێی مەرجێکی پێش وەخت کە ئاماژەمان پێی دا، لە گەل ئەوەش دا هیچ کەمتەرخەمی و خراپ بەکارهێنانی کاربەدەستی و پۆستی پەسەند نەبوو...

**یانزەیەم: هەلبژاردنی کەسی بەتوانا و شارەزا بە بەڕێوەبەری و سیاسەت بۆ کاروباری دەولەت:١٢٦**

عومەر زۆر توند بووە لە هەلبژانی کاربەدەستی دەولەتەکەیدا، توانا و لێوەشاوەیی و شارەزایی بە سیاسەت مەرج بووە لەلای، سالی ٢١ کۆچی عەمماری کردە ئەمیری کوفە، پاشان وەفدێکی خەلکی کوفە هاتن بۆ لای، پرسیاری عەمماری لێیان کرد، کە ئایا لێوەشاوە و کاربەجێیە (أمجزی هو؟) لە بەرپرسیارێتییەکەیدا؟ جەریری بوجەلی وتی: (بەخوا نە لێوەشاوە و کاربەجێیە و نە شارەزای سیاسەتیشە!) عومەر لە کارەکەی لایدا و لەجێگەی ئەو موغیرەی کوڕی شوعبەی بۆیان نارد، پاشان بە عەمماری وت (ئەمزانی بۆ ئەوکارە ناگونجێیت، بەلام تەئویلی ئەم ئایەتەم کرد "ونريد أن نمن على الذين استضعفو في الأرض ونجعلهم أئمة ونجعلهم الوارثين" کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی چەوساوەکان دەبنە پێشەوا و شوێنگرەوە...

عومەر بە شوێنی کەسی لێوەشاوە و شایستەدا گەڕاوە بۆ کاربەدەستێتی ئەگەر لە ڕووی خواپەرستی و تەقواشیەوە باشترینیش نەبوویێت، ئەمەشی لە پێغەمبەری خواوە (د.خ) وەرگرتوە، کە کاتێك عەمری کوڕی عاسی کردە ئەمیری غەزوەی زات و لسەلاسیل، کە گەورە هاوەلانی لە ژێر دەستدا بوو و دەیفەرموو: "إني لأبعث الرجل وأدع من هو أحب إلي منه، ولكنه لعله أن يكون أيقظ عينا، وأشد سفرا-أو قال مكيدة) وفي رواية (وأبصر بالحرب)"(عبدالرزاق في المصنف ٢٠٦٥٨ ، بإسناد صحيح على شرط الشيخين، وحسن بجميع طرقه). ئەم فەرمودەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی مەرج نیە کاربەدەست و فەرمانڕەوا لە ڕووی تەقوا و خواناسی شەخسیەوە لە پێشەوەی هەموو کەس بن، ئەکرێت لەو بوارەدا خوارتر بن بەلام دەبێت لە کارەکەی خۆیدا لێوەشاوە بێت...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(ابن تيمية) ئاماژە بۆ گرنگى هێز و ئەميندارى دەكات لەم ڕووەوە و ئەو قسەيەى عومەر دەهێنێتەوە كە فەرموويەتى: (اللهم أشكوا إليك جلد الفاجر وعجز الثقة!)، بۆ مەسەلەى كاربەدەستيش وا دەبينێت كە كێ لێوەشاوە و شايستەترە ئەوە دەبێت دابنرێت، لەم ڕووەوە (ابن تيمية) ئاماژە بە بۆچوونێكى ئيمامى ئەحمەد دەكات، لەوەى خاليد كراوەتە بەرپرس و فەرماندە لەگەڵ ئەوەى تازە مسوڵمان بووە و هەڵەشى هەبووە و لە كاتێكدا ئەو بەرپرسياريتييانە نەدراوە بە ئەبو زەڕ، لەگەڵ ئەوەى پێغەمبەرى خوا بە ڕاستگۆ و سەر ڕاسترين كەس ناوى دەبات، ئيبن حەزميش بۆچوونێكى لەم شێوەيەى هەيە... (مجموع الفتاوى ٢٨-٢٥٥، والساسة الشرعية ص٢٨، الفصل في الملل والنحل ٤-١٢٨).

**دوانزەيەم:دياريكردنى كۆتايى سەلاحياتى جێنشين:١٢٧**

ئەگەر خەليفە نەيتوانى بە كارەكانى هەستێت، ئەوا دەبێت ئەو سپاردەيە، سپاردەى دەسەلات و ئايندارى و سەروەت، بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەكەى:﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾ النساء:٥٨، دەسەلاتيش خۆى لە خۆيدا ئەمانەت و سپاردەيە هەروەك لە فەرمودەى (صحيح)دا هاتووە: (إنها أمانة وإنها يوم القيامة خزي وندامة" مسلم١٨٢٥...

لەم بارەيەشەوە بەڵگەى زۆر هەيە... هەروەك ئەوە بۆچوونى عومەر بووە... كەواتا گێڕانەوەى ئەمانەتى دەسەلات و ئەمانەتى سامان و دارايى و خانەى سامان پێويستە، لە كاتێكدا ئەگەر تواناى كاربەڕێوەبەرى و بەرپرسياريتى لەدەست درا، عومەريش كاتێك پێكرا، بەم كارە هەستا و هەر ئەم بۆچوونەى پيادە كرد، ئەوەبوو فەرموى: " خۆزيارم بە مايەوە لێى دەربچم، هيچم لەسەر نەبێت و هيچيشم دەستنەكەوێت، ئەى عەبدوڵاى كوڕى عومەر: بڕۆ بزانە چەندە قەرزم لەسەرە، ژمارديان هەشتاوشەش هەزار بوو، وتى: برۆ بزانە سامانى ئالى خەتتاب بەشى دەكات، گەر بەشى كرد بيدەوە، ئەگەر نا داوا لە بەنو عەدى كوڕى كەعب بكە، ئەگەر سامانى ئەوانيش بەشى نەكرد، ئەوا داوا لە قورەيش بكە، ئيتر با لەوان نەترازێت، ئەم سامانەم بۆ بدەنەوە، بچۆ بۆ لاى عائيشە و بڵێ: عومەر سلاوى بۆت هەيە، مەڵێ ئەميرى باوەڕداران، من لەم ڕۆوە ئەميرى باوەڕداران نيم، پێى بڵێ عومەر داواى مۆڵەتت لێ دەكات تا ڕێى بدەيت لەگەڵ هەردوو هاوەڵەكەيدا بنێژرێت، ئەگەرمۆڵەتى دا بمبەنە ئەوێ، ئەگەر ڕەتى كردەوە ئەوا لە گۆڕستانى مسوڵماناندا بمنێژن". بخاري ٢٧٠٠.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەوەی نەیتوانی بە كارەكانی هەستێت، بڕیاری كۆتایی هاتنی سەلاّحیاتی خۆی ڕاگەیاند، لە دەسەلاّت و لە سەروەت و سامان، دەسەلاّتی نە قۆستەوە بۆ خۆی و خزم و كەسوكارەكەی، مەگەر سەربەرزی و سەرفرازی نەبێت، كە بووەتە نموونەیەكی بەرز و جوانی وا لە هەركوێدا باسی دادگەری بكرێت عومەر دێتەوە یاد و باسی عومەر بكرێت باسی دادگەری دەكرێت، تەنانەت ڕۆژهەلاّتناسەكانیش ئەم شاهێدییەی بۆ دەدەن...

## سیانزەیەم: دانانی سیستەمی هەڵبژاردنی خەلیفە بۆ دوای خۆی:١٢٨

پاش ئەوەی عومەر لە لایەن ئەبو لوئلوئەوە دەپێكرێت، هاوەلاّن دەچنە لای و بە ناوی ئیمارەتەوە سلاّوی لیّ دەكەن، ئەویش پێیان دەفەرمویێت: لەمڕۆوە من ئەمیرتان نیم. تاكو جەخت بكاتەوە لە مەبدەئی لادان و لەكارخستنی ئیمام و لەدەستدانی سەلاّحیاتەكانی، هەركاتێك بیّ توانا بوو لە هەستان بە ئەركەكانی ئیمامەت و بەرپرسیارێتییەكانی، ئەمەش مەبدەئێكە سیستەمە سیاسییەكانی دنیا زۆر درەنگ پێی ئاشنا بوون!

پاشان هاوەلاّن داوایان لێی كرد كەسێك كە خۆی پێی ڕازییە بپالێوێت بۆیان، تا ببێتە خەلیفەیان، لەم بارەیەوە زۆر سوور بوون لەسەری: ئەویش فەرمووی: ئەگەر كەسێك دەستنیشان بكەم بۆ جێنشینێتی، ئەوا باشتر لەم ئەم كارەی كردوە ئەگەر وازیشی لێبێنم و كەس دانەنێم بۆ جێنشینایەتی، ئەوا پێغەمبەری خوا وایكردووە، بەلاّم ئەوان سوور بوون و ئیلحاحیان لێی كرد، لە بەرامبەردا پێی وتن: ئەگەر هەر ناچارم، با ئەو كارە لەو شەش كەسەدا بێت، كە پێغەمبەری خوا (د.خ) تا وەفاتی كرد لێیان ڕازی بووە، كە ئەوانیش عوسمان و عەلی و تەلّحەی كوڕی عەبدولاّ و زوبەیری كوڕی عەوام و سەعدی كوڕی ئەبو وەقاس و عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوف بوون، هەر هەموویان لە دە موژدە پێدراوەكەی بەهەشت بوون، سەعیدی كوڕی زەیدی نەخستە پالّیان، لەگەلّ ئەوەی لەو دەیە بوو، لەبەرئەوەی كوڕە مام و مێردی فاتیمەی خەتتابی خوشكی بوو، عومەر ڕازی نەبوو هیچ یەك لە خزمەكانی ئەو پۆستە وەربگرن، لەگەلّ ئەوەی ئەو داوایەی لێكرا بە تایبەت بۆ عەبدولاّی كوڕی، بۆ هەموو پۆستەكانی تری دەولّەتیش هەر وا بووە، هەر لەبەر ئەو هۆیەش خالیدی كوڕی وەلیدی لادا بەو پێیەی كوڕە خالّی بوو، لێرەدا ڕازی بوو عەبدولاّی كوڕی ئامادە بێت (پاش ئەوەی داوای دیاری كردنی هەبوو بۆ جێنشینێتی) لەگەلّ شەش كەسەكەدا، بیّ ئەوەی بۆی هەبێت خۆی بپالێوێت، تەنها ئەگەر ناكۆكییان تێكەوت ئەوا قسەی عەبدولاّ دەبێتە هۆی یەكلابوونەوەی جیاوازییەكانیان، كە ئەوەش ڕووی نەدا، ئاماژەش بەوە دەدات ئەگەر سەعد دەرچوو، ئەوە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

شایستەیەتی، خۆ ئەگەر دەرنەچوو، ئەوا پشتی پێ ببەستن بۆ كارەكانتان، چونكە كاتی خـۆی لـە بـەر بێ توانایی یان ناپاكی لام نەبردبوو...

لە كتێبی خەلیفەكانی ڕاشدیدا درێژەی ئەو باسی هەڵبژاردنەمان وەرگێـڕاوە، لێرەشـدا زۆر بە كورتی دەیخەینە ڕوو، ئەوەی ئاماژەی پێ درا سەرەتای دەست پێكردنی ئەو پرۆسـەیە بـوو، عومـەر بەو شەش كەسە دەڵێت: ئەگەر بوون بە دوو دوو ئەوا بگەڕێنەوە بـۆ شـورا، خـۆ ئەگـەر چـوار بـەدوو بوون، ئەوا بۆ خەلیفەیەتی هی ئەو كەسەیە لای زۆرینە دەبێـت و ئـەو كەسـە دەبێتـە جێنـشین، خـۆ ئەگەر سێ سێ بون، ئەوا ئەو كەسەیان هەڵبـژێرن كـە عەبـدورەحمانی لەگـەڵ دایـە و گوێڕایـەڵی و ملكەچی بكەن ... هەروەها دەبێت لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئەو كارە بـە كۆتـا بگەیـەنن، لـەو ماوەیەشـدا سوهەیب پێش نوێژی دەكات، پێ دەچێت ئەمە بۆ ئەوە بووبێت تاكو ئیمامەتی نوێژ نەكرێتـە هۆیـەك بۆ گۆڕینی بۆچوونەكان، لەكاتی وەفاتی عومەریشدا هەریـەك لـە عوسمـان و عـەلی ویـستیان نوێـژ لەسەر عومەر بكەن، بەلاّم عەبدولرەحمان فەرمانیدا سوهەیب بەو كـارە هەسـتێت، لـەو ماوەیەشـدا هەر ئەو پێش نوێژی بۆیان كرد... پێش وەفات كردنـی بـە سـەعاتێك عومـەر نـاردی بـە دوای ئـەبو تەڵحەی ئەنساریدا و داوای لێی كرد بە خۆیی و پەنجا كەس لە قەومەكەی چاودێربن بەسەر ئەو شەش كەسەوە تاكو لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا كەسێكیان دیاری بكەن بۆ جێنشینێتی، ڕێ نـەدەن لـەوە زیـاتر بخایەنێت... سەركوتی ئەو كەسەش بكەن مل نادات بە دەرەنجامەكان یـان نـاكۆكی بنێتـەوە، عومـەر گومانی وابووە عەلی یان عوسمان متمانەی زۆرینە بە دەست دەهێنن، هەربۆیە ئامۆژگـاری هەریەكـە لە عوسمان و عەلیش بە تایبەتی دەكات كە ئەگەر بوونە خەلیفە خـزم و كـەس و كارەكـەیان نەخەنـە سەر ملی خەڵكی و فەزڵیان نەدەن بەسەر خەڵكیدا... لەگەڵ ئەوەشدا وەسفی هەر هەموویان دەكات و ڕوونكردنەوەی خۆیشی دەدات لەسەر هەریەكەیان (لەوانە عوسمان نەرم و نیانیی تێدایە، عـەلی قـسە خۆشی هەیە و بـە باشـی دەتوانێـت ڕێـی هـەقیان پـێ بگرێـت، سـەعدم لـە بـەر لاوازی و ناپـاكی لانەبردووە...)، لەو كاتەدا تەڵحە ئامادە نابێت، داوا دەكات كەسێكیان ببنە نوێنەری كە بـزانن خـۆی پێی ڕازی دەبێت، سەعد ئەو كارە دەخاتە ئەسـتۆی خۆیـەوە ... لـە مـاڵی (المسور بـن المخرمـة) یـان عائیشەدا كۆ دەبنەوە و گفتوگۆ و قسەو باسێكی زۆر دەكەن و مونافەسە دەكەن بۆ ئـەو كـارە، ئـەبو تەڵحەش ئاگاداریان دەكات كە سـێ ڕۆژ زیـاتر مۆڵـەتیان نیـە، لـە كۆتاییـدا عەبـدولرەحمان پێیـان دەڵێت: كامتان لێی دەردەچێت و ئەركی یەكلاكردنەوەی ئەم كارە لە ئەستۆ دەگرێت، بەلاّم هـەموویان بێ دەنگ دەبن، ئەویش دەڵێت: من واز لەم كارە دەهێنم بۆ خۆم و ئەو ئەركـە لـە ئەسـتۆ دەگـرم، لـە كۆتاییدا عوسمان ڕازی دەبێت و عەلییش دوای وەرگرتنی بەڵێن بـەوەی عەبـدورەحمان پـاك و نەزیهانـە بەو كارە هەڵدەسێت، ڕازی دەبێت، پاش ئەوەی عەبـدرەحمان بـۆی دەردەكـەوێت، عـەلی ئەگـەر خـۆی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نەبێت ئەوا متمانە بە عوسمان دەدات و عوسمان خۆی نەبێت متمانە بە عەلی دەدات و سەعدیش بە عوسمان و زوبەیریش بە عەلی، تەلحەش بۆ عوسمان و دواتر بە کارێك دەردەچێت، پاشان عەبدولڕەحمان دەست دەکات بە ڕا وەرگرتنێکی بەرفراوان لە نێو خەلکیدا بە زۆربەی چین و توێژەکانیانەوە، بە نهێنی و بە ئاشکرا، بە هەموو ئەو کەسانەی لە تواناتدا بوو ببینرێن، یان هاتبوونەوە بۆ مەدینە، بەرەنجامی ڕاوەرگرتنەکانیش، وەکو زۆرینە بەلای عوسماندا کەوت و دواتر عەبدولڕەحمان ئەوەی لە مزگەوتدا ڕاگەیاند و هاوەلانیش بەیعەتیان پێی دا بە عەلیشەوە، کە دووەم کەس بوو...

ئەو شەش کەسە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەریی بوون، ئەمەش دوای راوێژ و زانینی پێشینە و فەزل و ڕای گشتی دەرکەوتبوون، عومەریش ئاگاداری ئەو شتانە بوو، بۆیە دەسنیشانیانی کرد بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا تا کۆچی دوایی کرد لێیان ڕازی بوو، چونکە کەسی تری لەو جۆرە زۆر بوو، بەلکو ئەو کەسانە زۆر توانایی و لێوەشاوەیی و شارەزاییان تێدا بوو، هەروەها خاوەنی جەماوەر و خەلکێکی زۆریش بوون و خەلکی متمانەی زۆری پێیان هەبوو، ڕۆژانیش ئەو ڕاستییەی دەرخست، هەروەك لە ڕووداوەکانی دواتردا دەرکەوت.. عومەر کات و شوێنیان بۆ دیاری دەکات، تاکو بواری ناکۆکی و بۆشایی سیاسی نەهێلێتەوە و کارەکە بە زووترین کات یەکلایی بکاتەوە... سوهەیبیش دەکاتە پێش نوێژ تاکو بێلایەنی زامن بکات، سوهەیبیش خاوەن نەسەب نەبووە و میقدادی کوڕی عەمریش کە مونەسیقی کارەکە بووە لە کیندەیە و قوڕەیشی نەبووە، چاودێری و پاراستنی کارەکەشی سپارد بە ئەنسارییەکان، بەو پێیەی بێلایەن بوون و موهاجیر نەبوون، هەموو ئەمانەش بۆ پاکی و نەزیهی کارەکە بوو... ئەگەر زۆرینە کەسێکی هەلبژارد ئەوا دەبێتە خەلیفە لە دوای بەیعەتی موسولمانان، لە کاتێکدا ئەگەر یەکسان بوون ئەوا عەبدوڵا ناکۆکییەکە چارەسەر دەکات، ئەگەر بەمەش چارەسەر نەکرا، ئەوا ئەو کەسە هەلدەبژێرن کە عەبدورەحمانی لەگەلە، چونکە دەیزانی عەبدولڕەحمان حەزی بەو کارە نابێت و وەکو عوسمان و عەلی نیە کە نیازی بوونە خەلیفەیان هەیە... دوای ئەوەش هاوەلان بە بەیعەت پالێوراوی پلە یەك یەکلا دەکەنەوە، هەموو ئەوانەش لە پێناو ئەوەی خەلیفە بەو پەڕی ئازادی و دوور لە دەستوەردان هەلبژێررێت .... ئەو سیستەمە ئینتیخابییەی عومەر لەسەر جێگەی مردندا داینا، بالاترین سیستەمێك بوو بۆ ئەو کاتە کە لە تواناتدا بێت ئیجتیهادی مرۆیی پێی بگات... عومەر حسابی بۆ ئەوە کردبوو کە ئەو کارە و ئەو پرۆسەیە لە وانەیە ڕێککەوتن (الاتفاق) و وەستان (التوقف) و جیاوازی (الاختلاف)ی تێ بکەوێت و بۆ هەریەکەیان چارەسەری دانابوو ... سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنە نەزیهانەی وەکو پێش نوێژی بۆ سوهەیب و هەماهەنگی بۆ میقداد و چاودێری بۆ ئەنسارییەکان... دواتر بە هەلبژاردنی عوسمان

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خوای لێ ڕازی بێت کۆتایی هات، کە یەکێك بوو لە باشترین هاوەڵانی پێغەمبەری خوا و ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە مێژووی ئیسلام و بانگەوازی ئیسلامیدا ...

### سەردەمی جێنشینی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان (خ.ل) ٢٣-٣٥هـ......١٣١

عوسمان (خ.ل) سەردەمی جێنشینایەتی خۆی بە شوێنکەوتنی ڕێوشوێن و سوننەتی ئەبوبەکر و عومەر دەست پێکرد، لەو وتارەیدا بۆ خەڵکی ئەو بناغانەی دەستنیشان کرد، کە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی کردنەکەی لەسەرت بنیات نابوو، فەرمووی: "دوای کیتابی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (د.خ) ، سێ مافتان لەسەرم هەیە:

١- شوێنکەوتنی ئەوانەی پێش خۆم، لەو شتانەی کۆك و کۆ بوونە لەسەری و داتانناوە.

٢- کارکردن بەو ڕێوشوێنانەی چاکەخوازان بە ئاشکرا و لە ناو خەڵکیدا دایانیان ناوە.

٣- دەس نەکردنەوە و سزا نەدانتان، تەنها لەو کارانەدا نەبێ شایستەی سزادانتان دەکات".

لەم وتارەیدا عوسمان جەخت دەکاتەوە لە مەشروعییەت و دەرنەچوون لە مەرجەعیەتی دەستووری و یاسایی و سیاسی، کە بریتیە لە کیتاب و سوننە و پاشان ئەو ڕێوشوێنانەی ئەبوبەکر و عومەر پێشتر بە ڕاوێژی موسوڵمانان و بە ئامادەبوونی دەم سپی و نوێنەرەکانیان دایانیان نابوو و مسوڵمانان (کۆ) بوونە لەسەری، لەهەمان کاتدا کارکردن بەو بڕیارانەی بەڕاوێژ و بە ئامادەبوونی کەسە باش و دیارەکانی سەردەمی خۆی دەردەکرێن.

هەر لە سەرەتای خەلیفەتییەکەیدا نووسراوێکی بۆ کاربەدەستەکانی لە ولاتاندا نووسی، تیایدا وتبووی: "دادگەرترین ڕێوشوێن و کارێك بریتیە لەوەی ئاگاداری کاروبار و باری موسوڵمانان بن، تاکو بزانن چ مافێکیان هەیە تا سامانەکانیان پێ بدەن و چیشیان لەسەرە تاکو لێیان وەربگرنەوە، پاشان بەدەم ئەهلی زیمەوە بن، مافەکانیان پێ بدەن و ئەوەشی لەسەریانە لێیان وەربگرن، پاشان ئەو دوژمنانەی ناحەزیشتانن بەوەفا بن لەگەڵیان" (الطبري ٢-٥٩).

بۆ کاربەدەستانی خەراجیش دەنووسێت: "خوای گەورە خەڵکی بە هەق دروست کردوە، تەنها ڕەوای پەسەندە، دەست بە ڕەواوە بگرن و بە هۆیەوە ڕەوایەتی ئەنجام بدەن، وەفادار بن وەفادار! ستەم لە هەتیو و بەڵێن پێدراو (معاهد) نەکەن، خوا دوژمنی ئەوانەیە ستەمیان لێ دەکات". (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

لە حەوت ساڵی یەکەمی جێنشینایەتی عوسماندا (خ.ل)، بە شێوەیەك پابەندی پەیمانەکانی بوو، وەخت بوو خەڵکی سەردەمی عومەری بیربچێتەوە، بە هۆی ئەو فتوحاتە گەورە و ئەو دادگەری و خۆشگوزەرانی و ئارامیە زۆرەی بەدی هاتبوو، بەلاّم ئەمە بەردەوام نەبوو، بەهۆی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پیربوون و متمانە بوونی بە ئەمەوییەکانی خزمییەوە و جۆرێك لە نەرمونیانی بێ مەبەستی لەگەڵیاندا کرد، کە دواجار سەری کێشا بۆ جۆرێك لە ستەم و پێشێلکاری لەو هەرێمانەی ئەوان کاربەدەست و ئەمیری بوون، لەمەشەوە بزوتنەوەیەکی ناڕەزایی سەری هەڵدا، پاش ئەوەی هەواڵەکە گەیشتەوە بە عوسمان، عوسمان چەند نێردراوێکی نارد بۆ هەرێمەکان، تاکو ڕاستی ڕووداوەکان بزانێت و جەخت بکاتەوە لەو بارودۆخەی لە ئارادایە، بۆ ئەم مەبەستەش عەماری کوڕی یاسری نارد بۆ میسر و موحەمەدی کوڕی مەسلەمە بۆ کوفە و ئوسامەی کوڕی زەید بۆ بەسرە و ئیبن عومەر بۆ شام.

هەندێك لەو کەسانە هەرچەندە هاوەڵ بوون و لەلایەن عومەر و ئەبوبەکرەوە کاربەدەستێتیان کردبوو، عوسمانیش جارێکی تر کردبوویانییەوە بە کاربەدەست، بەلاّم لەبەر ئەوەی خزمی عوسمان بوون لە ئەو قبوڵ نەدەکرا، دواجار ئەوە ڕوویدا کە عومەر عوسمانی لێی ئاگادار کردبووەوە کە نابێت خزمەکانی بکاتە کاربەدەست و فەرمانڕەوای خەڵکی، با بە نیازپاکیش بێت، لە هەمان کاتدا عوسمان (خ.ل) خۆی پابەند کرد بە سوننەتی ئەبوبەکر و عومەر لە کاروباری سیاسەتدا، سیاسەتی ئەوانیش دوورخستنەوەی خزم و کەسوکارەکەیان بوو لە کاربەدەستێتی... پێدانی کاربەدەستێتی پێغەمبەری خوا بۆ هەندێك لە خزمەکانی ناکرێتە پێوەر چونکە ئەو مەعسوم بووە... (کار نەسپاردن بە خزم و کەسوکاری شایستە ناکرێت بوترێت نادروست و حەرامە، بە تایبەت ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکان و لە چوارچێوەی یاسادا بێت، بەلاّم هەرکات ترسی ئەوە لە ئارادا هەبوو خزمایەتییەکە یان هەر نزیکییەکی وەکو هاوڕێیەتی بە خراپی سوودی لێ ببینرێت و بنەمای هەلی یەکسان بۆ هەموو کەسێك وەکو یەك نەڕەخسێنرێت، خزمایەتییەکە هۆکارێك بێت بۆ دیاری کردن و دەسنیشان کردنەکە نەك کارامەیی و لێوەشاوەیی، ئەوا گرفتەکە لەم جۆرە دۆخانەدا سەرهەڵدەدات ... ئەم قسانە بۆ سەردەمی ئێستاش میسداقییەتی لەدەست نەداوە و تاکو ئێستاش بەکار هێنانی خزم و کەسوکار مایەی سەرئێشە و ستەم و ماف خواردنە...).

بە هەر حاڵ هۆکارێکی سەرەکی ناڕەزاییەکانی سەردەمی عوسمان و شۆڕش کردن لە دژی، ڕەفتارخراپی هەندێك لە کاربەدەستانی بووە، سەرەڕای ئەو سامان و داراییەی هەندێك لە ئەمەوییەکان دەستیان دەکەوت و خەڵکی خوێندنەوەی خراپی بۆی دەکرد، کە هەندێك جار عوسمان وەکو خزمی خۆی و پەیوەندی خزمایەتی لە دارایی شەخسی خۆی نەك گشتی بەخشین و سامانی تایبەتی و شەخسی خۆی پێیان داوە، بەلاّم ئەم چاکەکارییە تایبەتییەی کە خەڵك ئاگاداری وردەکارییەکەی نەبوون، بوونە هۆی قسە دروست کردن لەسەر عوسمان، بە مەرجێك هیچ کات ڕازی نەبووە لەو کەسانەی کە بە خراپ سوودیان لە پۆستەکەیان بینیبێت، لەم نێوەندەشدا کەسانێکی وەکو عەبدولاّی کوڕی سەبەئی یەهودی کە پێشتر مسوڵمان بووبوو ڕۆڵی خراپی بینیوە، بەلاّم ناکرێت

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەموو هۆكارەكان لەو چێرۆكەدا قەتیس بكرێت، بەتایبەت بەشێك لە هاوەلآن بوونیان هەبووە لەو ڕووداوانەدا و ڕەخنەكانیشان زیاتر ئاراستەی هەندێك لە كاربەدەست و والی هەرێمەكان بووە... ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمی عوسماندا كۆمەڵگەش گۆڕانكارییەكی دیار و بەرچاوی بەسەردا هاتبوو و نەوەیەكی نوێ كە سەردەمی نبوەتی نەبینی بوو پێگەیشتبوو، زیاتر ئاشنای فتوحات و سەردەمی خۆشگوزەرانی ئابووری بوون، بابەتی دەسەلآت و سەروەت و سامانیش هۆكاری سەرەكی ئەو ئاژاوە و فیتنە و گرفتانە بوو كە وەك ڕەشەبایەك بەسەر دەوڵەت و ئومەتدا هەڵیان كردبوو... بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم بارە نالەبارە و ئەم گرفتە ناوخۆیی و نەیارێتییە كۆمەلآیەتییە، عوسمان ڕێوشوێن و سوننەتێكی ڕاشدی و بەرز و بالآی داهێنا، كە نموونەی ڕاقیترین وێنەكانی مومارەسەی سیاسییە لە مامەڵەكردن لەگەڵ نەیاری سیاسی ناوخۆییدا...

به هەر حاڵ گوتاری قورئانی و نەبەوی بە پێویستی دانـاوە كەسی شیاو و شایستە و بەتوانا و چاكترین هەڵبژێررێت بۆ بەرپرسیارێتی، هەروەك لە بەسەرهاتی موسادا هاتووە"إن خير من استأجرت القوي الأمين"، لە فەرموودەشدا هاتووە "من استعمل عاملا من المسلمين وهو يعلم أن فيهم أولى بذلك منه وأعلم بكتاب الله وسنة نبيه فقد خان الله ورسوله وجميع المسلمين".(البيهقي١٠-١٨ بإسناد حسن..). جا هەر كەلێنێك لەم بوارەدا دروست بێت، گرفت و كێشە بە دوای خۆیدا دەهێنێت... عوسمان بە مەبەستەوە شتێكی وای نەكردووە، بەلآم بە ڕەچاوكردنی ئەو بارودۆخە نوێیانەوە و ئەو نەرمونیانییەی هەیبووە، هەندێك جار ئەم سیفەتە بەرزەی ئەو لەلایەن كەسانێكەوە بە خراپی قۆستراوەتەوە و دواجار گرفتی بەرهەم هێنا، ئەمە جگە لەوەی هەندێك لە ڕووداوەكان شێواندن و ناو زڕاندنیشی بەسەردا هێنرابوو...

## ئەو ڕێوشوێنانەی عوسمان گرتیەبەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نەیار و موعارەزەی سیاسی:١٣٣

خستنە ڕووی درێژەی ئەم باسە و بەسەرهاتەكانی زۆری دەوێت و لە كتێبی (خەلیفەكانی ڕاشیدی)دا زیاتر باسكراوە، لێرەدا زۆر بە كورتی تەنها سوننەتی عوسمان لە بەرامبەر نەیارە سیاسییەكانی دەخەینە ڕوو، كە لەمەدا عوسمان (خ.ل) نموونەیەكی بالآی پێشكەش كردووە، ئەمەش پوختەیەكیەتی:

**یەكەم:** ناردنی نێردراوەكانی بۆ ولآتان، تا ڕاستی ڕووداوەكان بزانێت و ئاشنا بێت بە هۆكاری فیتنە و ئاژاوەگێڕی و ناڕەزایی و سكالآكانی خەڵك كە هەموو ئەمانە بە جۆرێك لە جۆرەكان بونیان هەبوو، هەر لەم ڕووەوە نەیار و ئۆپۆزسیۆنی میسر (بە دەربڕینی ئێستا) توانییان عەمار رابكێشنە نێو

ریزەکانی خۆیانەوە، لە کاتێکدا عوسمان ئەوی بۆ زانینی ڕاستییەکان ناردبوو... لە نێو نووسراوەکانی عوسماندا گوتاری ڕاشدی و مافی ئومەت بۆ چاودێری کردنی دەسەلاّت جەختی لێ کرابووەوە و داوای ئەوەی کردبوو کە کێ ستەمێکی لێ کراوە لە کاتی بۆنەی حەجدا سەردانی بکات بۆ تۆڵە کردنەوە... جگە لەوەی بۆ لێکۆڵینەوە لە باس و خواسی ستەمکاری چەندین کەسی بانگ کردە مەدینە بۆ لێپرسینەوە و بە دواداچوون، لەوانە عەبدولاّی کوڕی عامر و مەعاویە و عەبدولاّی کوڕی سەعد...

**دووەم:** بەدەمەوە بوونی سکالاّی خەڵکی، عوسمان هەر لەبەر سکالاّی خەڵکی کوفە سەعیدی کوڕی عاسی لە کار خست و لە جیاتی ئەو کەسێکی دانا کە خۆیان داوایان کردبوو، ئەو بەرچاو ڕوونییەشی پێدان کە هەر داوایەکیان هەبێت، تەنها تاوانی تیا نەبێت بۆیان ئەنجام دەدات... (طبري ٢-٦٤٤).

هەروەها عوسمان ئەهلی شورای کۆکردەوە، کە تەڵحە و سەعد و زوبەیر و عەلی تێدا بوو، داوای لێبووردنی کرد کە بە ئیجتیهادی خۆی هەندێك سامانی بەخشیوە و وایزانیوە ئەو مافەی هەیە، پاشتر ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی وەربگیرێتەوە، هەرواش کرا... (الطبري ٢ -٦٥٠).

**سێیەم:** بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبوو بزوتنەوەی نەیارەکان دەمکوت و سەرکوت بکرێن، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە سەرکردە سەربازییەکانی لەگەڵ ئەوەدا بوون... لەمەشدا شوێنی سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) کەوتبوو، کە تەنانەت هیچی بەرامبەر دووڕووەکانیش نەکرد... عوسمانیش هەر وای کرد، لەگەڵ ئەوەی زۆر قسەیان پێی دەکرد و تانە و تەشەریشیان لێیی دەدا، بەڵکو ئەو بە گفتوگۆ و وەڵامی بە بەڵگەوە ئەیانی دواند و قسەی لەگەڵیاندا دەکرد...

**چوارەم:** ڕووبەڕووی نەیارێتیە جەماعییەکەشیان نەبووەوە، کاتێك لە میسر و عێراقەوە بۆ مەدینە هاتن، بە تایبەت کە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەریان تێدابوو، لەوانە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەدیسی بەلەوی و عەدی کوڕی حاتەمی تائی و عەمری خوزاعی و جوندوبی غامدی و... هتد، سەرەڕای هەندێکیتر لە تابعین و ناودارانی سوپا و قورئان خوێنان...

**پێنجەم:** عوسمان زۆر بە جوانی پێشوازیانی کرد، پرسیاری لێیان کرد کە چ ڕەخنە و ناڕەزایەتییەکیان هەیە، گفتوگۆیەکی دوو لایەنە هاتە ئاراوە و هەردوو لاش مەرجیان لەسەر یەکتر دانا (کورتەکەی سامان بۆ هەموان بێت و ئەوانیش لە فەرمان دەرنەچن و پەرتەوازەیی دروست نەکەن)، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی عوسمان بفەرموێت: "ئەگەر بە پێی کیتابی خوا شیاوی ئەوەم (پێ بەند)م کەن، ئەوە هەردوو قاچمە". (السنة للخلال ٤٢٤ بإسناد صحيح على شرط الشيخين).

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**شەشەم:** گرێبەست و بەڵگەنامەیەکی سیاسی لە نێوان خەلیفە و سەرکردەکانی موعارەزە بەدی هات، بە ئامادەبوونی عەلی کوڕی ئەبوتالیب و جابری کوڕی عەبدولاّ، خەلیفە تیایدا پابەندی دەربڕی بە هەموو مەرجە عادیلەکانی موعارەزەوە، کە بریتی بوون لە:

١- پابەند بوون بە مەرجەعییەتەوە کە کیتاب و سوننەیە لە کاروبارە گشتییەکاندا.

٢- موافەقە کردن لەسەر گەڕاندنەوەی ئەو سەرکردە نەیار و موعاریزانەی ئەمیری هەرێمەکان دووریانیان خستبووەوە و گەڕاندنەوەیان بۆ شارەکانی خۆیان.

٣- بێ بەش نەکردنی هیچ یەك لە نەیارەکان، لەو مافەی لە خانەی سامان هەیەتی و لەو دەستکەوتانەی بەدەست دێن...

٤- دابەش کردنی سامان بە یەکسانی و دادگەری لە نێوان خەڵکیدا، نەبردنی هیچ سامانێك لە خانەی سامان تەنها بەپێی مافی خۆی نەبێت.

٥- بەکارهێنانی کەسە ئەمیندار و بەهێز و تواناکان لە وەزیفە گشتییەکانی دەوڵەتدا...

٦- عوسمان ئەو ئەمیرانە بگێڕێتەوە کە لابراون، ئەوانەی خەڵکی عێراق دەیانەوێت جارێکی تر بۆیان دابنرێتەوە، ئەوانەشی نایانەوێت لابرێن.

ئەمە پوختەی داواکارییە ڕەواکان بوو، عوسمانیش ڕازی بوو لەسەر ئەنجامدانیان و عەلی و جابریش ئامادە و شاهێد بوون...

**حەوتەم:** پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ موعارەزەدا، خەلیفە لە وتارەکەیدا ستایشیانی کرد و بە باشترین دەستەیەك وەسفیانی کرد، کە تەنها ڕەوایان وتووە و پرسیار و داواکارییەکانیان ڕەوا بووە... خەلیفە بە جوانترین شێوە و مامەڵەی سیاسی لەگەڵ نەیار و ئۆپۆزسیۆندا ڕەفتاری کرد و بەم کارەشی بناغە و بنەماکانی گوتاری ڕاشدی روون کردەوە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نەیارانەی لە سەردەمی ئەودا گەشەیان کردبوو، کە دواجاریش بوونە نەیار و ئۆپۆزسیۆن و گروپی ڕێکخراو و چەکدار، کە سەرکردە و مەرج و دیدی چاکسازییانەی خۆیانیان هەبوو، کە پێش سەردەمی عوسمان لە ئاستی تاکدا بوون، یاخود لە شێوەی کۆیەکی نا ڕێکخراودا بوون، چونکە پێشتر هۆکار و پێداویستییەکانی سازانی ئەو جۆرە بارودۆخە لە ئارادا نەبوو...

بەلاّم دواتر هەندێك ڕووداوی ناڕۆشن و نەخوازراو دێتە پێشەوە و ڕێسەکە دەکاتەوە بە خوری، تا کار گەیشتە شەهید کردنی عوسمان، پاش ئەوەی عوسمان ڕازی نابێت دەستبەرداری خەلیفەیەتی ببێت، بەهۆی ئەوەی هەڵبژێرراوی زۆرینە و جێگەی ڕەزامەندییان بوو، دەترسا لەوەش دوای ئەو کارە و وازهێنانی بەو شێوەیە موسوڵمانان نەتوانن یەکڕیزی خۆیان بپارێزن، ئەمە جگە لەوەی نەیدەویست ئەم شێوازە ببێتە نەریتێك، بەوەی هەر کەمینەیەك لە هەر کاتێکدا ویستی بۆچوونی خۆی بسەپێنێت

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زۆر بە ئاسانی جێنشین لابەرن، بۆ ئەمەش راوێژی كرد بە هەندێك لە هاوەلان و ئەوانیش دوو بۆچوونی پێچەوانەی یەكیان بۆی خستەڕوو... لە لایەكی ترەوە عوسمان دەیتوانی بەرگری لە خۆی بكات، بەلام زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی لە پێناوی بەرگری كردن لەو نابێت دلۆپە خوێنێك بڕێژرێت، ئەمە جگە لەوەی چاوەڕوان نەدەكرا ڕووداوەكە بە شەهید كردنی عوسمان كۆتایی بێت...

لە هەمان كاتدا نەیارەكانیش دیدیان وابوو خەلیفەیەتی تایبەتە بە خەلكی و مافی خۆیانە بیگۆڕن ئەگەر بە كارەكانی هەلنەسا، عوسمانیش (خ.ل) هیچ كات نەی دەوت: بۆتان نییە داوای ئەوە بكەن، بەلام قەناعەتی تەواوی بە هەموو پاساوەكانیان نەبوو، لە هەمان كاتدا لە ئاژاوە و فیتنە دەترسا، بۆ زۆرێك لە داواكانیش رەزامەندی دەربڕی و زۆرێك لە داخوازییە بەلگەدارەكانی پیادەكرد، وەكو لابردنی هەندێك كەس و پیادەكردنی حەد بەسەر هەندێك كەسی تردا... بەلام هەروەك دەركەوت موعارەزە لە ئامانجی ئیسلاحییانەی خۆی لایدا، ئەویش بەوەی گەمارۆی خەلیفەیدا لە مالی خۆیدا و بۆ ئەوەی بە ناچاری دەست لە كار بكێشێتەوە و خۆی خەلع بكات، بێ ئەوەی ئامانجیان كوشتنی بێت و زۆرینەشیان بەوە ڕازی نەبوون... پێشتریش عوسمان بە زۆر ئەو هاوەلانەی ناردبووەوە كە بۆ بەرگری لێ كردنی هاتبوونە لای و سوێندی خوارد كە جەنگیان لەگەل ناكات و نابێتە یەكەم كەس دوای پێغەمبەری خوا (د.خ) دەستی هەبێت لە خوێن ڕشتندا. (مسند أحمد ٤٨٣ بإسناد صحيح).

بەمەش عوسمان نموونەیەكی تری بۆ چارەسەركردنی ئاژاوە و گرفتە ناوخۆییەكان پێشكەش كرد، كە بریتی بوو لە ئارامی و لەسەرخۆیی و لێبوردن و لێخۆشبوون، تا ئەو ڕادەیەی خۆی كردە قوربانی ئومەتێك كە بە ئارەزوو و رەزامەندی وەكو خەلیفە هەلیانبژاردبوو...عوسمان نەجەنگا لەگەل ئەوانەی دەیانویست لایببەن، ڕازیش نەبوو لە پێناو دەسەلاتەكەیدا خوێن بڕێژرێت... بەلگە و پاساوەكانی ئەوانیش، قەناعەتی پێی نەكرد دەست لەكار كێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت... بەلام ویستی بگەنە تێگەیشتن و ئاشتەواییەك، كە دواجار بەهۆی چەندین هۆكاری جۆراوجۆر و بارودۆخی بابەتی ئەو سەردەمەوە، كە بەشێكیان نارۆشن و تەم و مژاوین یان نیازی ئاژاوەگێڕی لە ئارادا بووە، شكستی پێهات ...



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پاش شەهید کردنی عوسمان (خ.ل) مەدینە شێوا، کوشتنی ئەو کارەساتێکی گەورە بوو، چونکە پاساوی کوشتنی لە ئارادا نەبوو، بەو پێیەی تاوانبار نەبوو بە کوشتنی کەس و نەیارەکانیشی شتی وایان نەوتووە، لە هەمان کاتدا عوسمان پلەوپایەیەکی گەورەی هەبوو لە دڵ و دەروونی موسوڵمانانداو پێغەمبەری خوا دوو کچی خۆی پێ داوە، ئەمە جگە لەوەی شەهید کردنی لە تەمەنێکی زۆر گەورەدا بووە، هەشتا ساڵی تێ پەڕاندبوو، هەربۆیە هاوەڵان زۆر بە پەلە هانایان بۆ عەلی برد تاکو ئەو بۆشاییەی لە دەسەڵاتدا دروست بووە پڕی بکاتەوە، بەلام عەلی رازی نابێت و پێیان دەڵێت: "کارێکی لەو شێوەیە دەبێت بە ئامادەبوونی خەڵکی و ڕاوێژی ئەوان بێت" (ثقات ابن حبان ٢-٢٦٧)... دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە مزگەوتدا بەیعەتی پێ دەدرێت و پەسەندی دەکات، ئەوەشیان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دانانی کەسی فەرمانڕەوا مافی خەڵکە و بێ ڕەزامەندی ئەوان ناکرێت دابنرێت... هەرچەندە حەسەنی کوڕی عەلی لەگەڵ ئەوەدا بوو، کە عەلی باوکی بەیعەت پێدانی خەڵکی پەسەند نەکات تا لە ولاتانەوە نوێنەری خەڵکی دێن بۆ بەیعەتدان، بەلام لە وەلامدا ئیمامی عەلی ئاماژە بەوە دەدات کە ترساوە لەوەی کاروباری فەرمانڕەوایی گرفتی تێ بکەوێت و لەناوبچێت و ئەو فەراغەی دەسەلات گرفت و کێشەی گەورە بە دوای خۆیدا بهێنێت... ئەگینا باری ئاسایی ئەوە بووە چاوەڕێی ڕەزامەندی ئەوانیش بکرێت، هەرچەندە دواتر جگە لە مەعاویە والی و کاربەدەستی ولاتان بەیعەتیان پێیدا، هیچ کاتیش عەلی (خ.ل) بانگەشەی بوونی دەقی نەکردووە بۆ خەلیفەیەتی خۆی، هەروەك شیعە بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ڕاوێژ بناغەی ئەو کارە بووە، نەك پشتاوپشتی و بۆ مانەوە یان فەزلدانی هۆز و خانەوادەیەك... کە دواجار جگە لە شیعەش هەریەك لە ئەمەوی و عەبباسییەکانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان پەنایان بۆی بردووە و بە مافی بنەماڵە و خانەوادەکەی خۆیانیان زانیوە... قسەکردن لەم بارەیەوە زۆری دەوێت و لێرەدا نامانەوێت لەو بارەیەوە بدوێین ... بە هەر حاڵ قسەی ئێمە لێرەدا زیاتر سەبارەت بە ڕێوشوێن و سوننەتی (عەلی)یە لە بواری ئیمامەت و فەرمانڕەواییدا، کە دەکرێت گرنگترینیان بریتی بێت لە:

**یەکەم: جەخت کردنەوە لەوەی خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە دەسەلات هەڵبژێرن و چاودێری بکەن:١٣٧**

عەلی خوای لێ ڕازی بێت لە یەکەم وتاری دوای بەیعەت پێدانیدا جەخت لەو بنەمایانە دەکاتەوە کە سیاسەتی ئەوی لەسەر بنیات دەنرێت و دەفەرموێت: "من حەزم بەم کارەی ئێوە نەدەکرد، بەلام ئێوە ناچارمتان کرد، ئاگادار بن بێ ئێوە هیچ کارێکم بۆ نیە، بزانن کلیلی خانەی سامانتان لای منە، بێ ئێوە بۆم نیە دەرهەمێکی لێ ببەم، ئەم کاروبارەش مافی ئێوەیە، هیچ کەسێك مافی تێیدا نیە تەنها ئەوەی ئێوە پێتان دا بێت و کردبێتتان بە کاربەدەست، دوێنێکە لەسەر کارێك ڕێککەوتین، گەر بتانەوێت بۆتانی جێ دەهێڵم، ئەگینا هیچم لەگەڵ کەسدا نیە، پاشان دەنگی بەرزکردەوە (ئایا

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

رازی بوون؟)، وتیان بەڵێ! فەرمووی (دەی خوایە تۆ شاهێد بە بەسەریانەوە)" (ابـن جریـر ٢-٦٩٧-٧٠٠).

لەم وتارەدا جەخت لەسەر بنەما سەرەکییەکانی گوتاری سیاسی راشدی کراوەتەوە کـە هـەر لە سەردەمی ئەبوبەکرەوە ئیقرار کرابوو، هەروەك بریتی بوو لـە دەسـتەبەر بـوونی مـافی ئومـەت لـە هەڵبژاردنی ئیمام و راوێژ پێکردنی لە دوای ئەو هەڵبژاردنە، بێ ئەو هیچ کارێك نەبڕێتەوە، هـەروەها دەستەبەر بوونی مافی خەڵکی لە خانەی ساماندا، هەروەها نابێت ئیمـام بـێ مۆڵـەت رەفتـاری پێـوە بکات و بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەکاری بهێنێت.

**دووەم: پاراستنی یەکڕیزی ئوممەت و داننان بە مافەکانی موعارەزە بووندا:١٣٨**

یەکەم گرفتێك کە عەلی ڕووبەڕووی دەبێتەوە تۆڵە کردنەوەیە لە بکوژانی عوسمان، تەڵحـە و زوبەیر و هاوەڵانی تر دێن داوای ئەوەی لێ دەکەن کە تۆڵە لە بکوژانی عوسـمان بکاتـەوە و ئـەوەی بـیر دەخەنەوە کە ئەوان مەرجی پیادەکردنی حدودیان هەبووە، عـەلیش پێیـان دەڵێـت لـە ئێـستادا ئـەو کارەی لە توانادا نیە، لەبەرئەوەی ئەوان بەهێزن و دەیەوێت ئاژاوە و گرفتەکان هـێمن ببنـەوە و دواتـر تۆڵەیان لێ بکاتەوە، بەلام ئەو هاوەلانە بۆچوونیان وا دەبێت کە ئەگەر ئیمـام و فـەرمانڕەوا نـەیتوانی کارەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات ئەوا خەڵکی و ئومەت دەبێت لە جێگەی ئەو بەو کـارە هەسـتێت، بە پێی (وأن نقوم بالحق حيثما كنا)، هەر بۆیە بڕیار دەدەن خۆیان بەو کـارە هەسـتن و دوای نەخـەن... ئەگـەر لـە سـەردەمی عوسمانـدا چـەند گروپێکـی سـنوردار لـە میـسر و کوفـە و بەسـرە بوونـە موعارەزەیەکی جەماعی عوسمان، کەچی لە سەردەمی عەلیدا موعارەزەکە لەنێو خۆیـدا پەیـدا بـوو، لە مەدینەی پایتەخت و لەلایەن گەورە هاوەڵانی وەکو تەڵحە و زوبەیری موژدەپێدراوانی بەهەشـتەوە، لەولاشەوە عائیشەی دایکی باوەڕداران پشتیوانییانی دەکرد، هەر بۆیە دەبوو عەلی ئیجتیهادێکی نوێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ئاڵۆزی و ئیشکالیەتە سیاسییە ببینێتەوە.

هەر لایەکیان ئیجتهادی خۆیان هەبوو بۆ گەڕان بەدوای ڕەوایـەتی و واجبـدا، کارەکـانی تەڵحە و زوبەیر ئەوەی لێ دەخوێنرایەوە کە سەمع و تاعە بۆ ئیمام نابێتە ڕێگـر بـۆ لـە کۆڵکـەوتنی واجبێك لەسەر ئومەت، ئەگەر ئیمام نەیتوانی پێی هەستێت، لەولاوە عـەلی وای دەبـینی بۆیـان نیـە ئەو گرێبەستی بەیعەیە ببەزێنن کە داویانـە، هـەروەها ئـەویش لـەو کاتـە ناسـکەی دوای کوشـتنی عوسماندا لە توانایدا نیە دەست بکات بە تۆڵـە کردنـەوە لـە بکـوژانی، بـەو پێیـەی هێـشتا بارەکـە نائاساییە، هیچ کەسیش بە دیاری کراوی نازانێت بکـوژی راسـتەقینەی عوسـمان کێیـە، ئەمـە جگـە لەوەی زۆرینەی سەرکردەکانی موعارەزە دوور بوون لە کوشتنی عوسمان و ناڕازی بوون بەو کـارە، بگـرە هەموو لا بە ڕووداوێکی کتوپڕ و لەناکاویان دانا و نەیانزانی سێ کەسـی بـەدکار هەڵدەکوتنـە سـەر

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ماڵەكەی و شەهیدی دەكەن... ئەمە جگە لەوەی عەلی جیاوازی دەخستە نێوان ئەوانەی بە ئاشتییانە موعارەزەی عوسمانیان دەكرد لەگەڵ ئەوانەی گەمارۆیان داو شەهیدیان كرد، ئەو خۆی بەری كرد لە بكوژانی عوسمان و بە ئاشكرا نەفرینی لێیان كرد و بەڵێنی تۆڵەكردنەوەیدا لە كاتێكدا بارودۆخەكە ئاسایی بێتەوە و بە ڕوونیش دەربكەوێت كە كێ بەو كارە هەستاوە، بەلاّم ئەو موعاریزانەی گفتوگۆی ئاشتییان لەگەڵ عوسمان كرد و بەڵگەنامەی چاكسازیی سیاسییان لەگەڵی مۆركرد، لە سەردەمی عەلیدا چوونە دەسەلاّتەوە و بوون بە كاربەدەستی ولاّتان و سەركردەی سوپا، لەوانە ئەشتەری نەخعی و موحەمەدی كوڕی ئەبوبەكر و موحەمەدی كوڕی ئەبوحوزەیفە و كومەیلی كوڕی زیاد و چەندانی تر، لای عەلی نەیارێتی سیاسی ئەوان بۆ عوسمان نەبووە ڕێگر لەوەی ڕێك بكەوێت لە گەڵیاندا بۆ چاكسازی، چونكە عوسمان خۆشی ستایشی ئەمانەی دەكرد... ئەمە ئەوەش دەگەیەنێت ئەوانەی نەیارێتی عوسمانیان دەكرد تەنها تاوانبار و هەرچی و پەرچی و ئاژاوەگێڕەكان نەبوون، ڕاستە ئەوانەی تێدا بوو،سوودێكی زۆریشیان لەو بارودۆخە بینیوە، بەلاّم ئەگەر ئەو گشتاندنە دروست بوایە ئەوا یەكەم كەس عەلی تاوانبار دەكرا بە كوشتنی عوسمان، بەو پێیەی زۆر كەس لەوانەی بەكار هێنا لە كاربەدەستێتی و فەرمانڕەوایەتی هەرێمەكان و سەركردایەتی سوپادا ... ڕاستی ڕووداوەكان ئەوەیە عەلی جیاوازی دەخستە نێوان ئەو دوو جۆرە لە نەیارێتییەوە، نەیارێتی ئاشتییانە و چاكسازی سیاسی پێ ئاسایی بوو... ئەوانەشی عوسمانیان شەهید كرد كەسانێكی كەمی نەناسراو بوون و لەدەرفەتێكی لەناكاوی شەودا بەو كارە هەستا بوون و عەلی نەفرینی لێ دەكردن و بەڵێنی تۆڵە سەندنەوەی دابوو...

دیارە تەڵحە و زوبەیر و عائیشە و هەندێك لە هاوەلاّن بۆ تۆڵە سەندنەوە بەرەو بەسرە بە ڕێكەوتن بەو دیدەوە كە پێشتر ئاماژەمان پێیدا، زۆربەی هاوەلاّنیش لەگەڵ هیچ یەك لە بەرەی عەلی، هەروەها تەڵحە و زوبەیر نەبوون، لەوانە عەبدولاّی كوڕی عومەر و سەعدی كوڕی ئەبو وەقاس و ئوسامەی كوڕی زەید و وموحەمەدی كوڕی مەسلەمە، سەرەڕای ئەوەی ئیقراریشیان بە خەلیفەیەتی عەلییدا نابوو، گوێڕایەڵیشیان لە چاكەدا بە پێویست دەزانی، ئەو جەنگانەشیان بە ئاژاوە و فیتنە دەزانی و كاتێكیش عەلی داوای لێیان كرد لەگەڵی بن و هاوكاری بكەن لەو جەنگانەدا، ئەوان لەگەڵی نەچوون و ڕازی نەبوون بەو كارەی، عەلیش وای نەبینی كە دەبێت ناچاریان بكات بۆ ئەو كارە، چونكە پێچەوانەی مەشروعییەت بوو، بەو پێیەی ئەو جەنگە بە دیدی ئەوان نەیارێتی هەیە لەگەڵ كیتاب و سوننە و بە فیتنەیان دادەنا و وقورئانیش لە ئاوا كاتێكدا فەرمان بە ئیسلاّح و ئاشتەوایی دەكات و لەولاشەوە ناكرێت گوێڕایەڵی بەزۆر بەدی بهێنرێت... هەرچەندە دوو دەستەكەی تر بۆچوون و ئیجتیهادی جیاواز لەمانیان هەبوویێت... بۆ ئەم بابەتانەش باس و بەسەرهاتی تایبەت

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەیە و دەکرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت...عەلی وای دەبینی دەبێت تەڵحە و زوبەیر گوێڕایەڵی بن، چونکە خۆویستانە بەیعەتیان پێی داوە و بەم کارەشیان ئەو بەیعەتەیان شکاندووە و درزیان کردووەتە ڕیزی ئومەتەوە... لەولاشەوە ئەوانیتر داکۆکییان لە بۆچوونەکانی خۆیان دەکرد و داوای پیادەکردنی حدودیان دەکرد بە سەر هەموو ئەوانەی شایستەن بەو پیادەکردنە و لە نێوان هەردوو لایاندا مشتومڕێکی زۆر ڕوویدا بۆ ئەوەی قەناعەت دروست بکەن بە ڕاست و دروستی بۆچوونەکانیان بۆ خەڵکی بەسرە... عەلی زۆر هەوڵیدا ئەوان پاشگەز بکاتەوە و یەکریزی بۆ موسوڵمانان بگێڕێتەوە، بەلاّم بە هۆی جیاوازی ئیجتیهادیانەوە نەگەیشتن بە ئەنجامێك... ئەمەش وایکرد هەندێك کەس بەیعەتەکەی بکشێنێتەوە و چوونە ڕیزی ئەوانەی جارێکی تر داوای شورا و یەکدەنگییان دەکرد لەسەر کەسێك کە هەموو لا لەسەری ڕێکبکەون، بەتایبەت دوای ئەو جەنگانەی لە نێوان عەلی و مەعاوییەدا بەدی هات، تەنانەت خەڵکی دومەتولجەندەل ڕازی نەبوون بەیعەت بە هیچ یەك لە عەلی و مەعاوییە بدەن تاکو ئەو کاتەی هەموو خەڵکی کۆدەبنەوە لەسەر یەك ئیمام.

**سێیەم: حوکمەکانی عەلی لە جەنگی فیتنە و مەشروعییەتی ئاشتەوایی و دادوەری کردن:١٤٠**

کاتێك عەلی بە سوپاکەیەوە دەگات، عەماری کوڕی یاسر و هەندێك لە هاوەڵاّن دەنێرێت بۆ سوڵح کردن لەگەڵ تەڵحە و زوبەیر و عائیشە، ئەوانیش ڕازی دەبن و تەئکیدی دەکەنەوە کە بە مەبەستی تۆڵەی خوێنی عوسمان دەرچوون، ئیتر کاروبارەکان ئاسایی بوونەوە و هەردوو لا چاوەڕێی سبەینێیان دەکرد بۆ ئاشتەوایی و سوڵحەکە، بەلاّم لە ناکاودا لە هەندێك لاوە جەنگی بچووك بچووك هەڵگیرسا و پاشان فراوان بوو، ئیتر لێرەوە جەنگی جەمەل ڕوویدا لە (٣٦ك) لە نیوەی جەماد لئاخیرەدا، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، کە بەشکستی سوپای تەڵحە و زوبەیر و عائیشە کۆتایی هات و نزیکەی سەد کەس لە هەردوو لا کوژرا، لە نێویاندا تەڵحە و زوبەیر هەبوون، چونکە زیاتر شەڕی بەرگری لەخۆکردن و خۆپاراستن بوو، عەلی داوای کرد بەڕێزەوە عائیشە بگەڕێنرێتەوە بۆ مەدینە... لە کاتی جەنگەکەدا هەردوو لا کۆك بوون بەدوای ڕاکردوودا نەچن و هەڵنەکوتنە سەر برینداروشتومەکی کوژراو نەبرێت، هەروەها کوشتن لە کاتی فیتنەدا بەرگرییە لە نەفس، ماڵە گیراوەکان دەبێت بگەڕێنرێتەوە...

قسەکانی عەلی باسن لەوەی کە هاتنی ئەو بۆ عێراق بە مەبەستی چاکسازی و کارکردن بووە بۆ یەکڕیزی ئومەت و دامرکاندنەوەی ئەو بارودۆخە... لە دواییشدا پەشیمانی دەربڕی لەوەی ڕوویدا، بە تایبەتی لە دوای جەنگی (صفین)، پێشتریش حەسەنی کوڕیشی نەهی لێکرد و لە گەڵیدا نەبوو... خۆیشی ئاواتی بە هەڵوێستەکەی ئیبن عومەر و سەعدی کوڕی وەقاس دەخواست و دەیووت

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەگەر كارەكەیان (نەهاتنیان لەگەڵ عەلی) تاوان بووبێت تاوانێكی بچووك بوو، گەر چاكەش بووبێت چاكەیەكی گەورە بووە... دیارە پاش ئەوەی مەعاویەش رازی نەبوو بەیعەت بدات، بە بیانووی خوێنی عوسمان و پاش وتووێژێك عەلی بەرەو شام دەڕوات و جەنگی (صفین) روودەدات لە ساڵی (٣٦)ی زی لحیجە و لەم جەنگەش دا عەلی چەند رێوشوێنێكی راشدییانەی گرتەبەر لە كاتی ئەو جەنگەدا، لەوانە: هەركەس بگیرایە ولاخ و سیلاحەكەی لێ دەسەنرا و پەیمانی لێ وەردەگیرا كە ئیتر نەگەڕێتەوە و بەرەلا دەكرا، هەروەها نوێژی لەسەر هەموو كوژراوەكان دەكرد و بە یاخی و ستەمكار ناویانی دەبرد نەك كافر، رازیش بوو بە نێوەندگیری هەندێك لەو هاوەلانەی بەشداری شەڕی هیچ لایەكیان نەكردبوو، بەلام ناكۆكییەكە لەوەدا بوو كە مەعاویە تۆڵەی بكوژانی خستبووە پێش بەیعەتەوە و عەلیش بە پێچەوانەوە، لە جەولەی دووەمی جەنگدا خەڵكی شام مەسحەفیان بەرزكردەوە و داوای سولحیان كرد و عەلیش رازی بوو، پاش ئەوەی عەماری كوڕی یاسر شەهید كرا، كە ئەمە ئاماژە بوو بۆ نارەوای بەرەی شامییەكان و مەعاویە چونكە لە فەرموودەی سەحیحی بوخاریدا هاتووە، كە عەمار لەلایەن گروپێكی یاخی و ستەمكارەوە دەكوژرێت و دواتر بە سولحێك كۆتایی هات، كە ئەمەش داوایەكی قورئانییە (وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٩) إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) الحجرات:٩-١٠.

گوتاری قورئانی ئاشتەوایی لە نێوان باوەڕدارانەدا بە پێویست داناوە و ئەوەشی روون كردووەتەوە كە روودانی جەنگی نێوانیان نابێتە هۆی كافربوون، بەلام پێویستە خەڵكی جەنگ لەگەڵ ئەو لایەنەدا بكات كە ئاشتەوایی پەسەند و داوەری قبوڵ ناكات، پەسەند كردنی ئاشتەواییەكەش دەبێت لەسەر بناغەی دادگەری و بەدیهاتنیدا بێت، بەو پێیەی هەموو لا یەكسانن لە ماف و ئەركەكاندا...

**چوارەم: ئیقراركردنی فرەیی سیاسی وخەڵكی كردنە داوەر لە كاتی ناكۆكیدا:١٤١**

هەردوولا پەیماننامەی ئاشتەواییان گرێدا، كە تیایدا بە (نص) هاتووە كە ئەم رێككەوتنە لەنێوان عەلی و كۆمەڵەكەی لە لایەك و مەعاویە و كۆمەڵەكەی لە لایەكی ترەوەیە، هەروەها عەلی و شیعەكەی (كۆمەڵەكەی) رازی بوون ئەبو موسای ئەشعەری حەكەمی ئەوان بێت، مەعاویە و شیعەكەشی رازی بوون عەمری كوڕی عاس حەكەمیان بێت، پێویستە هەردوو حەكەم دادوەرییەكەیان لە نێوان ئەو دوو كۆمەڵەدا بە كیتاب و سوننە بێت و هەردوو لاش پابەند دەبن بە دەرەنجامەكانییەوە و پێچەوانەی نابن و هەڵی ناوەشێننەوە، ئومەتیش پشتیوانیان دەبێت لەو داوەرییەی بە شێوەیەكی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕەوا و بەپێی کیتابی خوا ئەنجامی دەدەن، خۆ ئەگەر پێش کۆتایی هاتنی دادوەری کردنەکە یەك لە حەکەمەکان وەفاتی کرد ئەوا پشتیوانەکانی کەسێکی تری خاوەن عەدل و چاکەخوازی لە شوێنی دادەنێن، خۆ ئەگەر پێش بەرواری ئەو قەزیەیە یەکێك لە ئەمیرەکان مردن، ئەوا دەکرێت شیعەکەی کەسێك کە خۆیان پێی ڕازین لە جێگەی داینێن و دەبێت خەڵکی لە ئاسایشدا بن و چەك دابنرێت، ئەوەشی لە هەردوو لا ئامادە نەبووە وەکو ئەوە وایە ئامادە بووبێت، هەردوو حەکەمەکە دەتوانن شوێنێکی ناوەند لە نێوان عێراق و شامدا هەڵبژێرن، تەنها ئەوانە ئامادەی بن کە پێی ڕازین، دوا مۆڵەتییش ڕەمەزانە، ئەگەر هەردوو حەکەمەکە ویستیان پێشی دەخەن، ئەگەر ویستیان دوای دەخەن، ئومەتیش عەهد و پەیماننامەی خوای لە گەردندایە لەم بارەیەوە و لەم کارەدا، هەموویان دەبێت یەك دەست بن دژ بەوەی دەیەوێت لادان یان ستەم و ناکۆکییەك لەم کارەدا بەرپا بکات. (تاریخ ابن جریر ٣-١٠٣، وثقات ابن حبان ٢-٢٩٣، وتاریخ ابن کثیر ٧-٢٨٨).

ئەمە دەریدەخات ناکۆکی و جیاوازییەکە تەنها لە نێوان عەلی و مەعاویەدا نەبووە، بەڵکو لە نێوان دوو کۆمەڵ و حیزبی سیاسیدا بووە، کە خەڵکی (عێراق و شام)ن، تەنانەت پەیمانەکە بە (نص) باس لەوە دەکات هەر لایەك بۆی هەیە لە پاش وەفاتی عەلی یا مەعاویە کەسێکی تر هەڵبژێرن بۆ ڕێککەوتن لە بری ئەوان، هەر لایەکیش حەکەمێکی هەڵبژارد، ئەبو موسای ئەشعەری حەکەمی خەڵکی عێراق بوو، کە لە سەردەمی عومەر و عوسمان و عەلیدا والی بەسرە و کوفە بووە، لە سەردەمی عومەریشدا قازی عێراق بووە، یەکەمین سیفەتی والی و قازی وریایی و زیرەکییە، ئەبوموساش بەو شێوەیە بووە، نەك وەکو ئەوەی کتێبی ئەدەب و بەرئاگردان باسی دەکەن، عەلی و شیعەکەی دەیانزانی خاوەنی دانایی و دادگەری و وریاییە، هەر بۆیە هەڵیانبژارد بۆ ئەو کارە، لەگەڵ عەمری کوڕی عاسدا گەیشتنە بڕیار و حوکمێکی دروست کە ساز و گونجاو بوو بە بنەماکانی گوتاری قورئانی و نەبەوی، کە ئەویش گەڕاندنەوەی ئەو کارەیە بۆ ڕاوێژی نێوان موسوڵمانان، پاش ئەوەی هەردوو لایەنە ناکۆکەکە نەیانتوانی چارەسەری جیاوازییەکانیان بکەن، ئەو بەسەرهاتەی هەندێك لە ڕاوییەکان باسی دەکەن لەوەی عەمر فێڵ و تەڵەکەی لە ئەبو موسا کردبێت، سابت نیە و چیرۆکی چیرۆکخوانەکانە!

هەردوو حەکەم لە دانیشتنی یەکەمدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی دانیشتنەکەیان دوا بخەن بۆ کۆبوونەوەیەکی تر تاکو ئەو هاوەڵانە ئامادەی بن کە لە هیچ بەرەیەکدا بەشداری ئەو جەنگەیان نەکردووە، تا ئەوانیش دید و تێڕوانینی خۆیان لەو بارەیەوە بخەنەڕوو، ئەوەبوو لە ڕەمەزانی (٣٧ك)، هەردوو حەکەمەکە ئامادەبوون بە ئامادەیی ئەو هاوەڵانەی کەناریان لە جەنگ گرتبوو، لە سەرووی هەموویانەوە عەبدوڵای کوڕی عومەر و هەردوو حەکەم ڕێککەوتن کە "هەریەك لە عەلی و مەعاویە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

عەزل بکەن و ئەو کارە بگێڕنەوە بۆ شورا و ڕاوێژی نێوان موسولمانان، تاکو باشترینیان یان جگە لەوان هەلبژێرن" (ابن کثیر ۷-۲٤۹، وابن جریر ۳-۱۱۲).

بەلام ڕێك نەکەوتن لەسەر دانانی هیچ کەسێك، پاش ئەوەی ڕاوێژیان کرد سەبارەت بە بە جێنشین بوونی هەریەکە لە عەبدولای کوڕی عومەر و عەبدولای کوڕی عەمری کوڕی عاس، کۆبونەوەکە دواخرا... عەلی بە تەواوی ئەبو موسای سەرپشك کردبوو، ئەوەش دوای ئەوەی ئەبو موسا پێی ووت: چ حوکمێك بدەم؟ ئەویش پێی دەفەرموێت: "حوکم بدە ئەگەر بە پەڕاندنی ملم بێت" (مصنف ابن أبي شيبة ۷-۵٤۸ بإسنادين أحدهما صحيح، وكذا أخرجه ابن عساكر في تاريخ دمشق ۳۲-۹۵ و٤۲-٤۷٤ من طريقين صحيحين).

بەسەرهاتی (التحكيم) خۆی لە خۆیدا بەلگەیەکی روونە سەبارەت بەوەی ئومەت خۆی دادوەر و حەکەمە لەوەدا کە کێ هەلدەبژێرێت بۆ ئیمامەت، هەروەها ئەوەشی لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا بەدیهات، بەلگەی ریشەدار بوونی حزبییەتی سیاسی و مەشروعیەتی ئینتیمای سیاسییە، کە ئەوەش بریتیە لەوەی مەیل و حەزت لەگەل لایەکدا هەبێت بەدەر لە لایەکەی تر، بەو پێیەی شایستەترە لە سەرکردایەتی کردنی خەلکی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، ئەوەی نەشیاو و قەدەغەیە ئەو جەنگ و کوشتارە بوو کە هەردوو لا تێی کەوتن، دروست و ڕەواش ئەوەبوو کە پەنا ببەنە بەر خەلکی بۆ دەستنیشان کردنی ئەو کەسەی پێی رازی دەبن، چونکە دواجار خاوەنی هەق و ڕەوا هەر ئەوە، دروست نیە هیچ کەس بەهێز خۆی بسەپێنێت بەسەر خەلکیدا، دواجاریش بڕیاری دروست و رەوا درا، عەلی و مەعایەش بە دادوەری و تەحکیمەکە رازی بوون، بەو شێوەی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی و راشدی دەیخوازێت.

**پێنجەم: حوکم و بڕیارەکانی سەبارەت بە ڕووبەڕوو بوونەوەی بزوتنەوەی نەیاری فیکری و دانىنان بە مافەکانیاندا:.......................١٤٣**

پاش ڕووداوی تەحکیم خەواریج لە بەرەی عەلی چوونە دەرەوە و بە تەحکیم کردنەکە رازی نەبوون و لە سوپاکەی چوونە دەرەوە و حیزبی سێیەمیان پێکهێنا، بەمەش بوونە یەکەم دەستە کە رەفزی بنەمای تەحکیمی ئومەتیان کرد لە بابەتی خیلافەتدا و وەکو بابەتێکی عەقیدەیی بۆیان دەڕوانی و نەیارەکانی خۆیانیان لەم ڕووەوە بە کافر دادەنا، بە لای ئەوانەوە زۆر قورس و سەخت بوو عەلی رازی بێت بەوەی حوکم بدرێت خۆی لە جێنشینایەتی دابمالێت و دروشمی (تەنها حوکم بۆخوایە)یان بەرز کردەوە، عەلی لە بەرامبەردا دەیفەرموو مەبەستی ئێوە ئەوەیە ئەمیر دانان دەبێت بە بڕیاری خوا بێت! (لە کاتێکدا) خەلکی هەر دەبێت ئەمیری هەبێت چاکەخواز بێت یان خراپەکار... هەروەها ئەو دروشمەی ئەوان رەوایە بەلام مەبەستەکەیان نارەوایە... لەم بارەیەوە گفتوگۆ و مشتومڕی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زۆر هاتە ئاراوە...عەلی عەبدولاّی کوڕی عەباسی ناردە لایان و سەبارەت بەوەی قورئان تەنانەت لە خوێنی نێچیری ڕاو و ئاشتەوایی نێوان ژن و مێردا دادوەری و تەحکیمی تەشریع کردووە چجای خوێنی مسوڵمانان... لە دوای گفتوگۆیەکی زۆر بەشێکی باشیان گەڕایەوە و هەندێکیشیان مایەوە و تەئویلی قورئانیان بە بۆچونەکانیان دەکرد و ئایەتی سەر موشریکانیان بەسەر باوەڕداراندا دادەبڕی و عەلی و خەڵکی عێراق و مەعاویە و خەڵکی شامیان بە کافر دادەنا و لە حیزبێکی سیاسییەوە گۆڕان بۆ تائیفەیەکی عەقائیدی توندڕەو... تانەیەکی زۆریان لە عەلی دەدا... تەنانەت لەو کاتەی وتاریشی لەسەر مینبەر دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا عەلی دەیفەرموو: "ئێوە سێ مافتان لەسەر ئێمە هەیە: دەسپێشخەر نەبین لە شەڕ کردنتان ئەگەر جەنگمان لەگەڵ نەکەن، ڕێگر نەبین لەوەی یادی خوا بکەن لە مزگەوتەکاندا و بێنە مزگەوتەکانەوە، بێ بەشتان نەکەین لە دەستکەوت، تا ئەو کاتەی دەستتان لەگەڵ دەستماندایە" (مصنف ابن أبي شيبة ٧-٥٦٢ بإسناد صحيح...)... ئاگاداریانی کردەوە لەوەی نابێت خوێنی حەرام بڕێژن و ڕێگری بکەن و ستەم لە زمییەکان بکەن... بەلاّم کاتێك بەم کارانە هەستان ئەوجا عەلی لەگەڵیاندا جەنگا، نەك لەبەر ئەوەی کافر بن یان بێ فەرمانی ئەویان کردبێت، بەڵکو ئەو بە موسوڵمانی دایانی دەنا و لە کاتی شەڕ کردنیشیدا مامەڵەی موسوڵمانی لەگەڵیاندا کردووە، بەڵکو بەهۆی ڕێگری و خوێن ڕشتن و هەڵکوتانە سەر موسوڵمانان و دەستدرێژییەکانیانەوە بووە... هەموو جێنشینە ڕاشدییەکان بەهۆی نەیارێتی بیروڕاوە کەسیان نەکوشتووە و مەودای ئازادی فیکری و سیاسی یەکجار فراوان بووە، ئەمە پیشەی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلیش بووە، ئەو جەنگانەی کە کراویشن پاساوی تر و ئیجتیهادی تر بوون، نەك کوت کردنی بیروڕای سیاسی و فیکری... عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش هەمان مامەڵەی لەگەڵیاندا کردووە... زانایانی ئیسلامیش ئەم بۆچوونەی عەلییان کردووەتە بناغەیەك بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نەیارە فیکری و سیاسییەکاندا، هاوشێوەی مامەڵەی عەلی لەگەڵ خەواریج دا. (الأم ٤-٣٠٩، فتح الباري ١٢-٢٩٩-٣٠١).

**شەشەم: حوکم و بڕیاری سەبارەت بەو کەسەی دەستدرێژی کردە سەر و بەجێهێلاّنی کاروباری جێنشینێتی بۆ ڕاوێژ:....................١٤٤**

پاش ئەوەی لە ڕەمەزانی ساڵی (٤٠ك) (ابن ملجم) عەلی بریندارکرد، عەلی فەرمانی دا زیندانی بکەن و فەرمووی نەفس بە نەفسە، ئەگەر زیندوو ما ئەوا خۆی خاوەنی خوێنی خۆیەتی، گەر بیەوێت تۆڵەی لێ دەکاتەوە و ئەگەر نا لێی خۆش دەبێت، ئەگەر مردییش ئەوا تەنها (ابن ملجم) دەکوژرێت بێ ئەوەی سزا بدرێت یان ئەتك بکرێت، کە ئەمەش جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جەریمەی سیاسی لە ئاینی خوادا نیە و خوێنی ئیمام و مەئموم و خانەدان و هەژار و مرۆڤ و مرۆڤێکی تر جیاوازی نیە و وەکو یەکە.

لە کاتی بەرکەوتن و بریندارییەکەشیدا، پێیان وت ئایا کەس ناکەیتە جێنشین، فەرمووی نەخێر، هەروەکو پێغەمبەری خوا بۆتانی بەجێ دەهێڵم... رازی نەبوو بە کەسی بسپێرێت... تەنانەت وەکو عومەریشی نەکرد، کە ئەو کارەی عومەر باشتریش بوو، عومەر شەش کەسی دیاری کرد و کوڕ و خزمەکانی لێ بەدەر کرد...

دیارە سونەتی عومەر و ئەبوبەکر (خ.ل) لە کار نەسپاردن بە خزم و کەسوکار لە هەر یەکە لە عەلی و عوسمان (خ.ل) باشتر بوو لە سەردەمی جێنشینایەتیاندا، کە بەشێك لە گرفتی سەردەمی ئەمان لەوەوە سەری هەڵ دابوو... هەر بۆیە سەردەمی هەریەکە لە ئەبوبەکر و عومەر بەوە دەناسرێتەوە زۆرترین فتوحات و یەکڕیزی ئومەت و دەوڵەتی تیا بەدی کراوە... لێرەدا باس باسی چاکە و چاکەخوازی ئەوان نیە، ئەوان هەموو پێشەوای ڕێنیشاندەر بوون، بەڵکو باس لەو سەرکەوتنانەیە کە ئەنجام دراون لە هەردوو سەردەمەکەی جێنشینایەتی خەلیفەکانی ڕاشدین...

پاش عەلی خەڵکی عێراق بە ویست و ڕەزامەندی خۆیان بەیعەتیان بە حەسەنی کوڕی عەلی دا، بەلاّم حەسەن دوای شەش مانگ وای بۆچوو دەست لەو کارە هەڵبگرێت بۆ مەعاویە... پاش چەند هەوڵێکی ئاشتەوایی حەسەن بەیعەتی بە مەعاویە دا وەکو خەلیفە و پاشان خەڵکی عێراقیش بەیعەتیان بە مەعاویە دا، بە دوایدا ولاتانی تر وەکو گوێڕایەڵییەك بۆ حەسەنی کوڕی عەلی بەیعەتیان بە مەعاویە دا، بەهۆی ئەم کارەی حەسەنەوە کە (گەورەی لاوانی بەهەشتە) هەروەك لە فەرمودەی پێغەمبەردا (د.خ) هاتووە، خوای گەورە جارێکی تر یەکڕیزی ئومەتی گەڕاندەوە، هەروەك پێغەمبەری خوا لە بارەیەوە فەرمویەتی "إن ابني هذا سيد ولعل الله أن يصلح به بين فئتين من المسلمين" (صحيح البخاري ٢٧٠٤و٣٦٢٩)... ڕووداوی تەحکیم و وازهێنانی حەسەن لەو کارە پوچ کەرەوەی بیردۆزەی بوونی (نص)ە بۆ جێنشینایەتی هەروەك لای شیعەکان باوە سەبارەت بە عەلی و نەوەکانی... ئەم کارەی حەسەنیش باشترین کارێك بوو کە کردی و نمونەیەکی زۆر بەرزو بێ وێنە بوو لە فیقهی سیاسیدا... ئەو ساڵەش بۆ موسوڵمانان ساڵی جەماعە بوو...

ساڵی(٤١ك) جارێکی تر موسوڵمانان یەکڕیزییان بۆ دروست بووەوە و بەیعەتیان بە مەعاویە دا بەوەی عومەرانە ڕەفتار بکات، ساڵەکانی سەرەتای خەلیفەیەتیشی هەروا بوو، مەعاویە خۆشی دەیزانی ئەم کارە بەبێ ڕاوێژی مسوڵمانان دانامەزرێت... لە ڕووی هەڵسوکەوتیشەوە زۆر بە باشی توانی بەهۆی حیلم و سینگ فراوانی و ژیری و مامەڵەی جوانەوە خەڵکی عێراق ڕازی بکات... لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی خیلافەتیشیدا دەوڵەتی ئیسلامی پشێوی ناوخۆیی بەخۆیەوە نەبینی، کە

ئەمەش بەهێزی سەرکردایەتی مەعاویە پیشان دەدات، هەر ئەم سیفەتەشی بووە لە سەردەمی عومەر و عوسماندا ئیمارەتی شامی لە ئەستۆدا بوو، هەروەك لای خەڵکی شامیش پلەوپایەیەکی بەرزی هەبوو، هەر بۆیە دواتریش پشتیان بەرنەدا و نەیانویست عەزل بکرێت... بەڵام گرفتی سەرەکی ئەو... ئەو بڕیارەی بوو کە ویستی بە زۆریش بێت یەزیدی کوڕی بۆ دوای خۆی بکاتە جێنشین و هەر لە ژیانی خۆیشیدا بەیعەت بەویش بدرێت، کە ئەمە کێشە و گرفتێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و پشێوییەکی زۆری نایەوە و لادانێکی ڕوون و ئاشکرای گوتاری قورئانی و نەبەوی و ڕاشدی بوو لە بواری سیاسیدا و هاوەڵانییش بەرهەڵستی ئەم کارەیان کرد و لەسەر ئەرزی واقع و بە فعلیش شکستی هێنا وەکو دواتر بینرا، هەرچەندە مەعاویە کۆمەڵێك پاساوی بۆ خۆی هەبوو...

دەرەنجامەکانیش بە پێچەوانەی دید و بۆچوونەکانی مەعاویەوە بوو، کاتێك مەعاویە وەفات دەکات، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر (کە سەردەمی خیلافەتی ئەم نۆ ساڵی خایاند ٦٤ك-٧٣ك) بەیعەت بە یەزید نادات و لە مەککەدا جێ پێی خۆی قایم دەکات و بەبێ بۆچوونی ئەهلی حەلل و عەقد و دەم سپییانی خەڵك هیچ کارێك ناکات و بێ ئەوەی خەلیفەش بێت حەج و جومعە بە خەڵکی دەکات و کاربەدەستانی یەزید لە مەککە وەدەردەنێت... لە دوای مردنی یەزید بەیعەت بە مەعاویەی کوڕی یەزید دەدرێت، بەڵام ئەو کەسێکی پیاو چاك و خۆپارێزبووە و کارەکە وەرناگرێت و دەڵێت کەسێك بۆ خۆتان هەڵبژێرن... ئەمەش دەری دەخات گوتاری سیاسی ڕاشدی تا ئەو کاتەش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە... هەر بۆیە دواتر خەڵکی بەیعەت بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر دەدەن لە مەککەدا و دواتریش خەڵکی هەموو وڵاتانی تریش بە حیجاز و یەمەن و عێراق و میسر و شامەوە جگە لە ئوردون ئەو بەیعەت پێدانە دووپات دەکەنەوە... عەبدوڵاش لە وتارەکەیدا جەخت دەکاتەوە لەوەی لە چاکە خوازیدا گوێڕایەڵی بن... لەگەڵ ئەوەشدا عەبدوڵای کوڕی عومەر بەیعەتی پێ نادات، چونکە لای وایە هەموو خەڵکی بەیعەتیان پێی نەداوە، عەبدوڵا بۆ مەعاویەش هەر وای کرد، لە کاتێدا بەیعەتی پێدا کە هەموو خەڵکی بەیعەتیان پێیدا...

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر تا ئەو کاتەی لە (٧٣ك) شەهید کرا خەلیفە بوو، دە ساڵ حەجی بە خەڵکی دەکرد، کەسێکی ڕەفتار جوان و شارەزای سیاسەت و دادگەر بوو، کار و کردەوەکانی بە خەلیفەکانی ڕاشدی دەچوو، دواهەمین هاوەڵێکیش بوو بە ویست و ڕەزامەندی خەڵکی هەڵبژێردرا، تاکو دواتر سەردەمێکی نوێ سەرهەڵدەدات و دەست پێدەکات، کە ئەویش سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوانە، کە یەکەمین خەلیفەیە بە هێزی شیر و جەنگ خەلیفەیەتی وەردەگرێت و دواتریش کاریگەرییەکی زۆر خراپ بەجێ دەهێڵێت و سەردەمی خەلیفەی خۆسەپێن (الخليفة المتغلب) دەست پێ دەکات، کە شتێکی نامۆ و نەشیاو و پێچەوانەی گوتاری سیاسی ئیسلامی ڕەسەن بووە، بەمەش

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گوتاری سیاسی تەئویل کراو دەست پێ دەکات کە لە کتێبی (ئازادی یا تۆفان)دا بەدرێژی باسیکراوە و خراوەتە ڕوو...کە دواجار ململانێی ئەم دوو گوتارە بەردەوام دەبێت لە واقعی سیاسی ئەو کاتەدا...

**سەردەمی خەلیفەی راشید عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ٩٩-١٠١ك............١٤٧**

ئەگەر سەردەمی خەلیفەکانی راشدی ماوە زەمەنییەکەی دیاریکراو بێت، ئەوا (گوتاری راشدی) سیستەمێکی سیاسیە و لەسەر چەندین بنەما و بناغەی تەشریعی قورئانی و نەبەوی و راشدی بنیات نراوە و دەکرێت لە هەر کات و شوێنێکدا پیادە بکرێت، بەم شێوەیە هەر سیستەمێکی سیاسی لەسەر ئەو بنەما و بناغانە بێت، ئەوە سیستەمێکی فەرمانڕەوایی راشدییە، بەو پێیەی شوێن هەڵگر و پابەندی بەرنامەی خەلیفەکانی راشدییە و کار بە ڕێوشوێن و سوننەتەکانی ئەوان دەکات و ڕێنماییەکانی ئەوانی کردوە بە سەرمەشق، هەروەك لە فەرموودی سەحیحیشدا هاتووە "تكون النبوة ثم تكون خلافة على نهج النبوة ثم تكون ملكا عضوضا ثم ملكا جبريا ثم تعود خلافة على نهج النبوة"، ئەم فەرمودەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی دوای پاشای چنگ بە دەسەڵاتدا کردوو، دەست و مەچەك قاییم (ملك العضوض) و خۆسەپێن و زۆردار (الجبري) خیلافەی راشیدە دەگەڕێتەوە، کە ئەمە تەئکیدە لەوەی خیلافەتی راشیدە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو نیە، بەڵکو سیستەمی فەرمانڕەوایی و پرۆگرامی سیاسەتە، هەر بۆیە لە پاش چارەکە سەدەیەك گوتاری راشدی لەسەر دەستی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا دەگەڕێتەوە و ئەو سیستەمە زیندوو دەکرێتەوەو ڕێوشوێنەکانی ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی دەبوژێتەوە... عومەریش لە یەکەم وتاریدا ئاماژە بەوە دەدات هیچ کات بە نیازی ئەم بەرپرسیارێتییە نەبووە (چونکە ئەو برازای سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك بووە نەك کوڕی) و ئەو لەم کارەیدا جێبەجێ کار دەبێت نەك قازی... خۆ ئەگەر خەڵکی ولاتان بەم رازی نەبن و گوێڕایەڵی دەرنەبڕن ئەوا نابێتە کاربەدەست و فەرمانڕەوایان... ڕەزامەندی خەڵکی ولاتانی تری کردە مەرج، ئەگینا خۆی دوور دەگرێت و ئەو کارە پەسەند ناکات... عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کارێکی زۆری کرد تاکو ڕێوشوێنی خەلیفەکانی راشدی بگرێتەبەر... ئەمەش لە واقیعدا بەدی هات، بۆیە دەبینین عومەری کوڕی عەبدولعەزیز وەکو یەکێك لە خەلیفەکانی راشدی دادەنرێت...عومەر هەوڵیدا کاروباری فەرمانڕەوایەتی ببێتەوە بە راوێژ، بەڵام دیاربوو مردن دەرفەتی نەدا و ئەجەل یەخەی گرت...بەردەوام کۆمەڵێك لە زانایان و خاوەن ڕاو بیروبۆچوونەکانی لە دەور بوو، راوێژی پێیان دەکرد و سوودی لێیان دەبینی بۆ کاروباری خەڵکی... بەڵام دوای خۆی کاروبارەکان وەکو خۆی لێ هاتەوە، لەبەرئەوەی هاوکار و پشتیوانی کەم بوو، زیاتر کارەکانی وەك هەوڵێکی تاکەکەسی بوو وەك لەوەی کارێکی جەماعی وەکو سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب بێت... لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کاری گرنگی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەنجامدا کە ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی ڕاشدی بوو، کە لێرەدا تەنها ئاماژە بە کورتە و چەند سەرباسێکیان دەدەین:

**چاکسازییە سیاسییەکانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز:..................١٤٨**

عومەر هەوڵێکی زۆری دا تا چاکسازی لە بارودۆخی دارایی و سیاسیدا بکات، بەتایبەتی لەم بوارانەدا:

**یەکەم:** گەڕاندنەوەی ئەو سامان و داراییەی بە ناڕەوا لە خانەی سامانەوە وەرگیرا بوون، بە تایبەت لە لایەن هەندێك لە ئەمەوییەکانەوە، سەرەتا لە خۆیەوە دەستی پێکرد و بە تۆمارەکانی موڵك و ماڵی باوکیدا چووەوە و گەڕاندییەوە بۆ خانەی سامانی موسوڵمانان و پاشتریش ئەوانیتر و ئەمەش زۆر گرفتی بۆی هێنایە پێش...

**دووەم:** زەبت کردنی سەرفییاتی خانەی سامان و دابەش کردنی یەکسان و لەمەشدا خەلیفەکانی ڕاشدی کردە سەرمەشق و وەکو یەك بەشی خەڵکی دەدا و جیاوازی نەدەخستە نێوانیانەوە، خەلیفەش تەنها مافێکی دیاریکراوی هەبوو...

**سێیەم:** وەستاندنی ئەو موخەسەساتە تایبەتانەی دەدرا بە ئەمەوییەکان و دەست و پێوەندەکانیان و وەکو هەموو موسوڵمانانی تر مامەڵەی لەگەڵیان دەکرد...

**چوارەم:** گەڕاندنەوەی ئەو ستەم و مافخوراوییەی پێشتر ئەنجام درابوون و بڕیاری گەڕاندنەوەی مافە داراییەکان بۆ خاوەنەکانیان بە موسوڵمان و زیمییەوە، ئەمەش بە سەیرکردنی دیوانەکان و بەدواداچوونی کاروباری خەڵکی و خستنەگەڕی کاربەدەستەکانی بۆ ئەو مەبەستە...

**پێنجەم:** ئامارو تۆمارکردنی لەدایك بووان و لابردنی ناوی ئەوانەی وەفاتیان کردووە، بە نووسراوی ڕەسمی تاکو بەشی خۆیان پێ بدرێت و ناوی مردووەکانیش تاکو بسڕێنەوە... بە شێوەیەکی گشتیش هەموو کەس بەشی خۆی هەبوو لە خانەی سامان، ئەمە جگە لە بڕینەوەی بەخشینی مانگانە بۆ گیراوەکان و دابین کردنی جل و بەرگی هاوینە و زستانە بۆیان و پرسینەوە لە نەخۆش و بێکەس و لانەوازەکانیان، بۆ پیر و پەککەوتەش موچەی بڕییەوە بە موسوڵمان و ئەهلی زیمەشەوە...

**شەشەم:** ڕێگری لەوەی دوو فاقەیی وەزیفی و دارایی هەبێت، بەوەی کاربەدەستێکی لە دوو شوێن یارمەتی بدرێت، لە گشتی وەکو خەڵکی و تایبەتی وەکو کاربەدەستێك لە حوکم دا، ئەوەی وای بکردایە دەبوو بیگەڕاندایەتەوە...

**حەوتەم:** دانەوەی قەرز و (سەلەم)دان لە خانەی سامان بە مەبەستی وەبەرهێنان، کە زیاتر دەدرا بە قەرزارەکان و ئەوانەی دەیان ویست هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، یان کشتوکاڵ لە زەوییەکانیاندا بکەن، بە تایبەت بۆ ئەهلی زیمە...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**هەشتەم:** ئاسانکاری لە کاتی سامان و دارایی کۆکردنەوە و شەکەت و ماندوو نەکردنی خەڵك لەو ڕووەوە...

**نۆیەم:** ڕێگری لەو کار و پیشانەی سوودی تاکەکەسی هەیە و زیانی گشتی تێدایە...لەگەڵ ڕەچاوکردنی باری هەژاران لەو بەخشینانەی پێیان دەدرا، کار ئاسانی تایبەتییان بۆ دەکرا...

**دەیەم:** پۆلێن کردنی خانەی سامان و دیاری کردنی داهات و سەرفییاتی، تاکو پێنج یەك لە لایەك و دەسکەوت لە لایەك و زەکات و سەدەقەش لە شوێنێکی تردا دابنرێت و دواتریش لە شوێن وجێگەی خۆیدا بە پێی ئەوەی شەرع دایناوە سەرف بکرێت...

**یانزەیەم:** پاراستنی ئازادییە گشتییەکان، بە هەمان شێوەی ئیمامی عەلی لەگەڵ خەواریجەکاندا مامەڵەی دەکرد و مافی ژیان و ئازادی و بیروڕا و گفتوگۆ و گواستنەوەی بۆیان دەستەبەر کرد...

دوانزەیەم: پاراستنی ماڵ و دارایی گشتیی... بە تایبەت بۆ خەلیفە خۆی و کاربەدەستەکانی... نەهی دەکرد لەوەی کاربەدەستەکانی دیاری وەربگرن، کە پێیان وت پێغەمبەری خوا دیاری وەرگرتووە، فەرمووی: وایە بەڵام بۆ ئێمە و ئەوانەی دوای ئێمە بەرتیل و ڕیشوەیە... ئەمە چەند سەرە قەڵەمێك بوون لەو کارانەی کە عومەر پێیان هەستاوە و ئەنجامیانی داوە و توانی گوتاری سیاسی ڕاشدی لەو ماوە کورتەی جێنشینایەتیدا کە سی مانگ بوو بەرجەستە بکات...

## لادان و ئینحراف لە گوتاری سیاسیدا..............................١٥٠

پێغەمبەری خوا پێشبینی کردووە لادان لەم بوارەدا بەدی دێت، هەربۆیە هاوەڵان و ئومەتەکەی ئاگادار دەکاتەوە لە بیدعەو داهێنراوەکان، بە تایبەت لەم ڕووەوە، هەروەك لە سەحیحی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بوخاری و موسلیم دا پێغەمبەری خوا(د.خ) دەفەرموێ:(من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد"، "من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد"، "كل أمر ليس عليه أمرنا فهو رد" هاتووە، وشەی(الأمر)یش بۆ ئیمارەت و ئیمامەت و ئایین و گوێڕایەڵی بەكار دێت، (إحداث) یش هەر ڕووداوو داهێنراوێكی ئایینی یا سیاسیی دەگرێتەوە، ئەبوبەكریش لەمە تێگەیشتبوو، هەر بۆیە لە سەقیفەدا بە ئەنسارییەكانی فەرموو، كاتێك كە ویستیان خەلیفەیەتی تەنها لە ئەواندا بێت، بەو پێیەی مەدینەیین و پشتیوانی پێغەمبەر و موهاجیرەكان بوون"اتقوا الله ولا تكونوا أول من أحدث في الاسلام"(مصنف ابن أبي شيبة٧-٤٣١بإسناد صحيح).

ئەبوبەكر ئەو ویستەی ئەنساری بە یەكەم(حدث)ێك دانا لە ئیسلام دا، لە بەر ئەوەی ویستیان كارەكە بەتەنها لەواندا بێت، بێ ئەوەی ڕەزامەندی و ڕاوێژی عەرەبیان بۆ دەستەبەر بێت، كە لەو كاتەدا تەنها عەرەبەكان موسوڵمان ببوون و ڕەزامەندی ئەوان مەرجێكی سەرەكی بوو... ئەوەش لە فەرمودەی"عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشيدين من بعدي عضو عليها بالنواجذ وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار" و فەرمودەكەی ئەبو زەڕدا"أول من يبدل أو يغير سنتي رجل من بني أمية"(حسنه الألباني١٧٤٩ في الصحيحة وصحيح الجامع٤٣٤٧...) زیاتر ڕوون دەبێتەوە، ئەلبانی لە بارەی ئەم فەرمودەیەوە دەفەرموێ"لەوانەیە مەبەست لەم فەرمودەیە گۆڕینی سستمی خەلیفەیەتی بێت بۆ پشتاوپشتی)، ئەم دوو فەرمودەیە سەبارەت بە سونەت و سونەتی بواریی ئیمامەت و خیلافەتە، ئاماژەی تیایە بۆ ئەو موحدەس و بیدعانەی لەم ڕووەوە بەدی دێن، كە پیاوێكی ئومەوی یەكەم كەسە دای دەهێنێت!

ئەمە جگە لەوەی چەندین فەرمودەی دڵنیابەخش لە پێغەمبەری خواوە هاتووە كە باس لە بەدیهاتنی ئەو لادانە سیاسییانە دەكەن و چەندین سیفەتی ئەو كەسانەش دەخاتە ڕوو كە لەم قۆناغ و بارودۆخانەدا ڕۆڵ دەگێڕن، قۆناغەكانیش دابەشنبۆ سێ قۆناغ، قۆناغی خێری ڕووت، كە قۆناغی گوتاری دابەزێنراوە، قۆناغی خێرێك كە خڵتەو لیڵی تێكەڵە، كە دەكرێ ناو ببرێ بە قۆناغی گوتاری تەئویل كراو، قۆناغی شەڕی ڕووت، كە قۆناغی گوتاری گۆڕێنراوە، هەروەك لە فەرمودەكەی حوزەیفەی كوڕی یەماندا هاتووە و لە بوخاری٦٦٧٣ و موسلیم١٨٤٧ ئەبوداود٤٢٤٦ ئەحمەد٥-٣٨٦دا هاتووە، بەڵاّم ئەمە دوا قۆناغ نییە بەڵكو جارێكیتریش خیلافەت بە پێی نەهجی نبوەت دەگەڕێتەوە هەروەك لە فەرمودەیتری سەحیح دا هاتووە، كە هەر حوزەیفە دەیگێڕێتەوە(أحمد٤-٢٧٣،وهو صحيح الاسناد، وانظر سلسلة الأحاديث الصحيحة).

دیارە قسە وباسی زۆر لە سەر ئەو جۆرە فەرمودانە كراوە، كە ناكرێ لێرەدا بچینە سەریان و لە ئەسڵی ئەم توێژینەوەدا ئاماژەی پێ دراوە....گرنگ ئەوەیە بزانین گوتاری سیاسی ڕاشیدی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لە زۆرترین کاتیدا وەکوگوتار بە وەفات و شەهیدبونی دواهەمین خەلیفەی سەحابی کە عەبدولای کوڕی زوبەیرە لە(٧٣ك)، کۆتایی پێ دێ، ئەگەر چی لە رووی قۆناغی زەمەنییەوە لە(٤٠)ی کۆچیدا بە کۆتا دەگات و لە(٧٣)ی کۆچییەوە قۆناغێك دەست پێ دەکات دەکرێت ناوبرێت بە گوتاری سیاسیی تەئویل کراو، کە زۆر بە درێژی لە (ئازادی یا تۆفان)دا هاتووەو نامانەوێ لێرەدا دووبارەی بکەینەوە، ئەوەندە هەیە دەکرێ بلێین سەرەتا و بەراییەکانی ئەم قۆناغە ناو بەناو لە قۆناغی پێشودا سەریان هەڵ داوە لە نمونەی هەوڵەکانی موعاویە بۆ دەستەبەرکردنی بەیعەت بۆ بە یەزید لە دوای خۆیەوەو روونترین وێنەو شێوەشی لە داگیرکردنی خیلافەت بەزۆری شیر لە لایەن عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانەوە بەدەر دەکەوێت، کە دیارترین رووکارەکانی ئەم قۆناغە لە درێژەی ئەو ماوەیەدا لە رووە سیاسییەکەیەوە بریتی بون لە:

**یەکەم: دەست بەسەراگرتنی مافی ئومەت لە هەڵبژاردنی ئیمام و گۆڕانی خیلافەت لە ڕەزامەندی و ئیختیارەوە بۆ داگیرکردن و ناچارکردن:........................١٥١**

پاشەکشە لەم بابەتە دیارترین رووکارەکانی ئەم قۆناغەیە، لەم قۆناغەدا خەڵکی ئەم مافەی لە دەست دا و بەزۆر لێی داگیرکرا، لەکاتێکدا ئەبوبکر لە یەکەم وتاریدا دەیفەرموو"وليت عليكم ولست بخيركم، فإن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني" و عومەر دەیفەرموو"الامارة شورى بين المسلمين، من بايع رجلا دون شورى المسلمين فلا يتابع هو ولا الذي بايعه"و عەلییش دەیفەرموو"أيها الناس، إنما الأمير من أمرتموه"... کەچی دواتر گوتاری سیاسی گۆڕانی بەسەردا دێت و موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان دەڵێ"من كان يريد أن يتكلم في هذا الأمر فليطلع لنا قرنه، فلنحن أحق به ومن أبيه"(بخاري٤١٠٨)،"من أحق بهذا الأمر منا؟ ومن ينازعنا"(فتح الباري٧-٤٠٤)، کێ لە ئێمە شایستەترەو کێیە بەربەرەکانێمان لەگەڵ دەکات؟!

ئەم جۆرە بۆچونانە لە لایەن خەلیفەی یەکەمی عەباسی ئەبو عەباسی سەفاح(١٣٣) و داودی کوڕی عەلی کوڕی عەبدولای مامی و ئەوانی تری پێش ئەمانیشەوە دووبارە دەکرایەوەو وەها پیشان دەدرا کە ئەوان وەکو بنەماڵە(چ ئومەوییەکان بوبێتن یان عەبباسی و هەندێ لەوانەی پشتگیری ئال و بەیتیان کردووە) شایستە ترو لە پێشترن بۆ خەلیفایەتی... بە پێچەوانەی ڕێو شوێن و سوننەتی خەلیفەکانی راشیدیەوە ... کە هیچ یەکیان ئەو کارەیان نەسپارد بە کوڕەکانی خۆیان، کە لە کوڕەکانی ئەوانیتر لە پێشترو خاوەنی فەزڵی زیاتر بون، گەورە هاوەڵانییش کارەکەی موعاوییەیان بە سوننەتی کیسراو قەیسەر و هرقلییەت دەچواند و بەرهەڵستییەکی زۆریان کرد و زۆر بە ڕونی و ئاشکرایی دەیانزانی ئەمە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئیسلام و گوتاری ئیسلامیی سەردەمی نەبەوی و راشیدییە، کەچی دواتر فەقیهەکان دێن و ئەو عەهدو سپاردنانەی خەلیفەکان دەچوێنن بەو کارەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەبوبەکرو عومەر و پێوانەیەکی نادروستی بۆ دەکەن و پاساوی شەرعییەت دەبەخشنە ئەو کارە ناڕەوایانە لە ڕێی تەئویلی نادروستەوە... هەر بۆیە دواتر بەرەنجامێکی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوەو لە سەردەمی یەزیددا زۆرترین شۆرش و نارەزایی بەرپا دەبێت و بارودۆخەکان ئالۆز دەبن و نەیارەکان دروشمی(الرضا والشوری) بەرز دەکەنەوە... بەڵام دواتر دەست لە مەلانێیەکی سەیر لە نێوان لادانی سیاسی و تەئویلێکی فیقهیدا سەر هەڵ دەدات... کە ئەم دووە کاریگەرییەکی زۆر مەترسی داریان هەیە بۆیە عومەری کوڕی خەتتاب لە سەر جێگەی مردندا فەرمووی"خەڵکی بەردەوامن لە خێروخۆشیدا، تا ئەو کاتەی کاربەدەست و زاناکانیان لە ئیستیقامەو دامەزراویدان"(رواه أبو نعيم في فضيلة العادلين ح٣٧بإسنادصحيح)... بەو پێیەی دەسەلاتی سیاسی توانای تەشکیل دانی واقعی سیاسی و رۆشنبیری و ئایینی کۆمەڵگەی هەیە و گوتاری ئایینییش پاڵپشت و بەهێزکەری ئەو واقعە دەبێت...

ماوەردی کە قازیی قازییەکانی سەردەمی عەبباسییەکان بووە، دامەزرانی ئیمامەت بە راسپادن و عەهدی خەلیفەی پێشوو، وەکو بابەتێکی کۆڕاو ئیجماع دەخاتە روو، بەڵگەش بەکارو کردەوەی ئەبوبەکر و عومەر دەهێنێتەوەو ئەو بۆچونانەش دەخاتە روو کە ئەگەر ئەو عەهدە بۆ کوڕ یا باوك بێت دەبێت یان نا؟ وە دەکرێ تەنها بەو عەهد ببێتە ئیمام یان نا؟ پاشان دەگاتە ئەو بۆچونەی کە سپاردن و عەهد بۆ کوڕ یا باوك دەبێت و بۆ دامەزرانی ئیمامەتەکەشی رەزامەندی خەڵکی مەرج نییە... بەو پێیەی ئیمام زیاتر بەرژەوەندی خەڵکی دەزانێت و ناکرێ تۆمەتباری کەین لە ئەمینداریتیەکەیدا... بەم شێوەیە تەئویل دەکرێتە هۆکارێك بۆ تێپەڕاندنی ئەمری واقع و بەخشینی شەرعییەت بە ناوی فیقهو سوننەتی ئەبوبەکرو عومەر؟! ماوەردی زیاتر دەربڕی واقعی سیاسی سەردەمی خۆیەتی و دەقەکانی شەریعەتییش لە ژێر کاریگەریی واقعەکەدا تەئویل و لێکدانەوەی نادروستییان بۆ دەکرێت، بە خۆیان زانیبێت یان نا، بە پێچەوانەی هاوەڵانەوە کە واقعیان بەپێی دەقەکان دادەڕشتەوە... بۆچونێك لە نیوەی قەرنی یەکەم دا بەهۆی ئەوەی وەکو ڕێوشوێن و سوننەتی هیرقل و قەیسەر تەماشا کراوەو لە لایەن هاوەڵانەوە پەسەند ناکرێ، کەچی لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا، بە بیانوی پێوان(قياس) بە رووداوی ئیستیخلافی ئەبوبەکرو عومەر دەبێتە کارێکی دروست ومەشروع؟!

نەك هەر ئەوەندە بگرە لە ژێر پەستانی واقعدا، بە تایبەت دوای خۆسەپاندنی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان وەکو خەلیفەیەك، جگە لە ڕێگەی شورا و عەهدو سپاردن، ڕێگەی سێهەمییش بۆ گرتنە دەستی جێنشینایەتی شەرعییەتی وەرگرت، کە ئەویش بریتی بوو لە ڕێگەی زاڵبون و دەست بەسەراگرتن(القهر والاستيلاء) هەروەك نەوەوی باسی دەکات و جێی ناکۆکی و قسەو

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

باسی زانایانی کۆنیش بوە ... بەم شێوەیە واقع حوکمەکانی خۆی دەسەپێنێ بەسەر فیقهو فوقەهاکانــدا و بە بیانووی بەرژەوەندی گشتی خەڵکەوە پاساوی شەرعییەت دەبەخشرایە ئەو جۆرە رەفتارە، بێ ئەوەی هەست بکرێ بەو مەترسییە گەورانەی لــە داهــاتوودا بــۆ خــەڵکی و بەرژەوەنــدی گــشتی بــەدی دێ، هەروەکو ڕویشیان دا، لە بەر ئەو گرنگییەشە هــاوەڵان لــە پێنــاوی شــورادا جــەنگاون لەبــەر ئــەوەی بەمافێکی پێ بەخشراوی خواییان زانیوەو داگیرکردنیشی خراپەو مونکەرێکــە دەبێــت نــەهێلرێ... لــە هەمان کاتدا سوننەتی خەلیفەکانی راشیدییە و دەبێت دەستەبەر کرێ، ئەمە جگە لەو مەترسییانەی لەم پشتگوێ خستنە دەکەوێتەوە... کە یەك لەوانە گەندەڵ بونی دەسەلاتە کە دواتر سەر دەکێــشێ بــۆ تێکدان و گەندەڵکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەش...

لەگەڵ ئەوەی ڕێگەی پشتاو پشتی و بەزۆر داگیرکردن و دەست بەســەراگرتنی جێنــشینایەتی لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە ببووە باوو پیادە دەکرا، بەلاّم بەردەوام زانایان باسیان لە ڕێگــەی یەکــەم کردووە کــە ئــەویش ڕێگــەی هەڵبــژاردن و ڕاوێــژە... بــەلاّم ببــووە بیردۆزەیــەکی نــا واقیعــی و پیــادە نەدەکرا...لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لە ژیانی خۆیــدا عەهــدی کــرد بــۆ دوو کوڕی تاوەکو یەك لە دوای یەك ببنە خەلیفە و داواشی کرد خەڵکی بۆ دوای خۆی بەیعــەتیان پــێ بدەن، خەڵکییش بەیعەتیان پێ دان، هەر چەندە کەسێکی وەکــو ســەعیدی کــوڕی موســەییب دژی وەستا بەلاّم بێسوودبوو، دواترییش لە فیقهی سیاسی ماوەردیدا پاساوی شــەرعی بــونی بــۆ دۆزرایــەوە بەوەی پێغەمبەری خوا بۆ جەنگی موئتە سێ کەسی دیاریکرد بۆ ئەمیری، ئەگەر هاتوو یــەك لــەدوای یەك کوژران، وەك ئەوەی ماوەردی ناڕازی بــونی ســەعیدی کــوڕی موســەییبی نەبیــستبێت و ئــەوەی نەزانیبێت کە هاوەلاّنی وەکو(ابن عمـر و ابـن عبـاس وابـن أبـي بكـرو ابـن زبـيرو حـسين ابـن علـي) چ ناڕەزایەتییەکیان دەربڕی کاتێ موعاوییە ویستی لە ژیانی خۆیدا بەیعەت بە یەزید بدرێ تاوەکو دوای خۆی ببێتە خەلیفە؟!

**دووەم: دەست بە سەراگرتنی مافی ئومەت لەوەی بەشداری بیرو ڕاو ڕاوێژ بکات:...١٥٣**

ڕواڵەتی دووەمی ئینحراف لە گوتاری تەئویل کراوی ئەم قۆناغەدا ئــەم خاڵەیــە، خــەڵکی لە زۆربەی شوێنەکاندا لەم ڕووەوە پەراوێز خرا، بە پێچەوانەی سەردەمی راشیدییەوە... بــەلاّم بــەردەوام زانا یان ئەم مافەیان دووپات کردووەتەوە هەروەك لە نوسراوێکی حەسەنی بەسری بۆ عومــەری کــوڕی عەبدولعەزیز و نامەیەکی درێژی قازی عوبەیدولاّ ی کوڕی حەسەنی عەنبەریی بەسریدا دەردەکــەوێت کە بۆ خەلیفەی عەبباســی مەهــدی لــە ســاڵی(١٥٩ك) ناردوییــەتی و سروشــت و چــۆنێتی ڕاوێــژو ڕاوەرگرتنی خەڵکیان تێدا روونکردووەتەوە... کە پێ دەچێ هەوڵی زانایــانی بەســرەمان لــەم ڕووەوە بــۆ دەربخات... بەوەی نزیکترین بیروبۆچونێکە لە گوتاری سیاسی راشیدییەوە... دیارە مێژووی ئیسلامی بــە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تایبەت لە مەغریب و ئەندەلوس دا خـالّیی نـەبووە لـەو جـۆرە هەولاّنـەو پیـادەکردنی بەشـێك لـە نـاوەڕۆکی شـورا لـە زەمینـەی واقـع دا، هـەروەك لای خەلیفـە ناسـر لیـدینیللای ئەمـەویی ئەندەلوسی(٣٥٠ك) و سـولّتانی عادیـل عـەلی کـوڕی یوسـف کـوڕی تاشـفنی مـورابیتی(٥٣٧ك) دەبینرێت و زانا مـالیکییەکانی ئەندەلوسیش بەردەوام راوێژکردن بە خەلّکییان بە واجب داناوە، هـەروە (ابن خويزمنداد المالكي-٤٠٠ك.ك) و(ابن عطية الأنلسي-٥٤١ك.ك) تەئکیـدی لـە سـەر دەکەنـەوە، کاریگەریی مالیکییەکان لەسەر خەلیفە و پاشاکانی مەغریب و ئەندەلوس لەم ڕووەوە بەرچاوە...

**سێیەم: ونبونی ڕۆلّی ئومەت لە چاودێریکردنی خانەی ساماندا:...١٥٤**

لەم قۆناغەدا خەلّکی ئەو ڕۆلّەی نەما، پێشتر هاوەلاّن موچـەیان بـۆ خەلیفـە دەبڕییـەوەو ئەندازەی پێداویستیەکانیان بۆ دیاری دەکرد و بەبێ ڕاوێـژی ئـەوان تەسـەرروف بـە دارایـی و سـامانی خانەی سامانەوە نەدەکرا و کلیلی خانەی سامان لای ئەو کەسە بوو کە رازی دەبون بکرێت بـە وەزیـری دارایـی، بـەلاّم لـە دوای قۆنـاغی راشـیدی ئـەم بـارە گـۆڕرا، خەلیفـە خـۆی تەسـەروفی بـە خانـەی سامانەوەدەکرد بوبەخشین و نەبەخشین، بێ چـاودێی و لێپرسـینەو مەگـەر ئیمـان و ویـژدانی خـۆی... تەواوی ئازادی هەبوو لەوەدا، ئەم بارەش لـە سـەردەمی ئومەوییەکانـەوە دەسـتی پێکـرد... سـامان و دارایی وەکو موڵك وسامانی ئەوان سەیر دەکرا، لـە کاتێکـدا خانـەی سـامان ،بـە دەربـڕینی ئـەمڕۆ داهات و دەرامەت و دارایی و سامانی ولاّت هی هـەموو خەلّکییـە و ئیمـام و سـەرۆکی ولاّت بۆیـان نییە بە ویستی خۆیان لێی سەرف کەن، بـەلّکو دەبێـت بـەو شـێوەیە بێـت کـە شـەرع داینـاوەو لـە بەرژەوەندی گشتیدایە، وەمافی تەواوی خـەلّکی تێدایـە و ئەمـەش جێگـەی کـۆڕای هـەموو زانایـانی مەزهەبەکانە... تەنانەت وتراوە ئەگـەر کەسـێك بـاوەڕی وابێـت ئـەو سـامان ودارایییـەی لـە خانـەی ساماندایە هی دەسەلاّت و سولّتانە، ئەوا بەو باوەڕەی بێ باوەڕ دەبێـت، هـەروەك لـە کتـێیی فەقیهـە حەنەفییەکاندا باسکراوە...

**چوارەم: پاشەکشەی ڕۆلّی ئومەت لە ڕووبەڕووبونەوەی ستەم و لاداندا:....١٥٥**

پاش ئاوابونی گوتـاری سیاسـی راشـیدی، پاشەکـشەیەکی ترسـناك و لادانێکـی گـەورە بەدیهات، ئومەت مافی رەخنەکردنی دەسەلاّت و هەلّسەنگاندنی لە دەست دا، بەتایبەت لە سـەردەمی عەبباسییەکاندا، کە زۆر زیـادەڕەوی کـرا سـەبارەت بـە پلـەو پایـەی سـولّتانەکان بەشـێوەیەکی بـێ

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێشینه، ئەمەش بەهۆی كاریگەربون بە فارس و ڕۆمەكان و زیادەڕۆیی لە سەمع و تاعەكردن دا بەدیهاتبوو، تەنانەت مالیك كە چوو بۆ لای مەنسور بینی خەڵكی زەوی بەرپێی ماچ دەكەن وەك چاولێكەرییەك بۆ فارسەكان... تەنانەت ئەم زیادە ڕەوییە لە دەربڕینی زانایەكی پایەبەرزی وەكو ماوەردی شافعییدا دەردەكەویت بەوەی لە (نصیحة الملوك) دا دەڵێت"فەزڵی پاشاكان بەسەر چینەكانیتری مرۆڤەوە وەكو فەزڵی مرۆڤە بەسەر دروستكراوەكانی ترەوە... سوڵتان سێبەری خوایە لە سەر زەویدا..."، لەم قۆناغەدا سوڵتان لای هەندێ بووە(سێبەری خوا لە زەویدا) پاش ئەوەی ئەمیری باوەڕداران و بریكار و كرێ گرتەیان بوو!

سەرەتای ئەم قۆناغە بزوتنەوەی حوسەینی كوڕی عەلی و خەڵكی عێراق و بزوتنەوەی عەبدوڵای كوڕی زوبەیرو خەڵكی مەككە و بزوتنەوەی عەبدوڵای كوڕی غەسیلی لە مەدینەدا بە خۆوە بینی، ئەمە جگە لەوەی سەردەمی ئومەوییەكان چەندین بزوتنەوەی ناڕەزایی سیاسیی بە خۆوە بینی دژ بە سیاسەتی خەلیفەكان و لادانەكانیان، لەوانەیە گەورەترین و ترسناكترینیان بزوتنەوەی قورئان خوێنان بوو لكە پشتیوانی(ابن الأشعث)یان لە عێراقدا كرد دژ بە حەجاج و عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان لە ساڵی٨١ك، بەیعەتی عەبدولمەلیكیان هەڵوەشاندەوە و بەیعەتیان لە سەر كیتاب و سوننە و لابردنی پێشەوا گومڕاكان دا بە ئیبنولئەشعەس(ابن جریر٣-٦٢٢-٦٢٤).

لەو جەنگانەدا توانییان زاڵ بن بەسەر ناوچەی فارس و حەجاجیشیان لە بەسرە وەدەرنا و پاشان خەڵكەكەی بە زاناكان و كەسە ناودارەكانیشەوە بەیعەتیان پێی دا بەوەی حەجاج و عەبدولمەلیكیش خەلع كەن... خەڵكی كوفەو بەسرە كۆك بون بۆ شەڕكردن لەگەڵ حەجاج... لە هەشتا شەڕدا سەركەوتنیان بەدەست هێنا بەلام دواجار لە لە دیروالجەماجیم دا(٨٣ك) نەیان توانی بەرگە بگرن و تێكشكان، لەو جەنگانەدا چەندین زانای گەورە وپایە بەرز بەشدارییان كرد لەوانە: سەعیدی كوڕی جوبەیرو عامری شەعیی و ئەبو ئیسحاقی سوبەیعی و عەبدورەحمانی كوڕی ئەبولەیلاو ئەبوبوختەری تائی و حەسەنی بەسری و موسلیمی كوڕی یەسارو نەزری كوڕی ئەنەسی كوڕ مالیك وئەبوعوبەیدەی كوڕی عەبدوڵای كوڕی مەسعودو موحەمەدی كوڕی سەعدی كوڕی ئەبو وەقاس و چەندانی تر...كە نیشانەی ئەوەیە زانایانی ئیسلام رازی نەبوون بەو ستەمكارییەی هاتبووە ئاراوە... كورتەی هۆكاری ئەم شۆرش و ڕاپەرینەیان ، هەروەك لە وتارەكانی جەنگی (دیر الجماجم)دا وەك هاندانێ دەوتران بریتی بون لە:

١- بڕیاری ستەمكارانە لە قەزا و ستەم كاریی لە دابەشكردنی ئەو بەخشینانەی كە هەبون.
٢- خۆبەگەورەزانی و زۆرداری و سوكو ڕیسوا كردنی چەوساوەو لاوازەكان.
٣- بەرگری كردن لە ئایین و پاراستنی لە گۆڕان و لادان.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

٤- بەرگری كردن لە ژیان و پاراستنی لە شێواندن وتێكدانی.

ئەحمەدی كوڕی حەنبەل دەڵێ: ئەبوبەكری كوڕی عەییاش هەواڵی پێ داین، كە زانایان دەیانفەرموو: هیچ كەسێ ڕانەپەڕیوە و خروجی نەكردووە باشتر بوبێتن لە ئەوانەی دیرولجەماجیم وحەرە.(العلل لأحمد رواية عبدالله٣-١٦٨...).

(حەرە)ش ئەو ڕووداوە بوو كە تیایدا شۆڕش دژ بە یەزید لە مەدینەدا بەرپاكرا... ئەم شكستە گەورەیەی دیرولجەماجم كاریگەرییەكی زۆر گەورەی هەبوو لەسەر فیكری سیاسی و عەقائیدی، ئەوەبوو دوای ئەمە قسەكردن سەبارەت بە (إرجاء) و (جبر) وەكو دوو بۆچونی عەقائیدی هاتە ئاراوەو لەو لاشەوە واجیی سەمع و تاعەو گوێڕایەڵی بۆ ئیمامی زۆردارو ستەمكارییش ئەگەر وەكو حەجاجیش بێت سەری هەڵدا، بەو پێیەی خوای گەورە زاڵی كردوون، ئەم بەڵایەش تەنها بە دوعا لا دەچێت و پێویستە تەسلیمی بین و ئارام بگرین لە سەر قەزا؟!

كە هەندێك لەوانەی بەشداری جەنگەكەشیان كردبوو بونە بانگەشەكاری ئەم بۆچونە لەوانە حەسەنی بەسری خوای لێ ڕازی بێت.. زاڵ بونی حەجاج و هاوشێوەكانی بە سزای خوایی دادەنا و چارەسەریشی لە ئارامی و پاڕانەوەدا دەبینی... بەلاّم دژ بوو بەوەی هاریكاریی بكرێن... لەم نێوەندەدا زۆر زانا و شەرعناس كوژران و وەكو سزایەكی خوایی سەیری بارودۆخەكە دەكرا... لە كاتێكدا دەبوو بیانزانیایە گرفتەكە نەگرتنە بەری هۆكارەكانی سەركەوتن و خراپی نەخشەكێشان بوو لە بەرامبەر توانا سەربازییەكانی حەجاج دا... (إرجاء) لە دوای ئەم شكستە بەدەركەوت و بلاّوبویەوە هەروەكو قەتادەو شافعی دەفەرمون... هەر لەم قۆناغەش دا زوهد و تەسەوف و دوورگیری لە ژیان و كاروباریی دونیا پەرەی سەند، لەوانەش سیاسەت، پاش ئەوەی پێشتر قورئان خوێن و خواپەرستەكان سەركردایەتی ئەو بزوتنەوانەبون كە بەرهەڵستكاری وڕێگریان دەكرد لەو لادان و ئینحرافانەی لە بواری سیاسەت و كارگێڕیدا هاتبونە ئاراوە...

لەم سەردەمەدا سەرەڕای ئەو ڕووداوانە بانگەشە گەڕانەوە بۆ شورا و بەدیهێنانی دادگەری و پوچ كردنەوەی ستەمكاریی وگەڕانەوە بۆ گوتاری ڕاشیدی و عومەری لەهەموو جێگەو شوێنێكا دەنگی دەدایەوەو باس و خواسی بوو، لە ناو هەموو چینەكانی كۆمەڵگەدا، لەم بارەیەوە ڕووداوو بەسەرهاتی زۆر هەن... زۆرێك لە زانایان ڕاوەدوو دەنران و سجن دەكران... بەلاّم بەشێك لە زانایان بەردەوام ڕووبەڕووی ستەمكاریی دەبونەوە، لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا، كاری زۆر كرا بۆ گەڕاندنەوەی سەر لە نوێی گوتاری ڕاشیدی، ئەوەبوو لە سەردەستی عومەری كوڕی عەبدولعەزیزدا بەدیهات... بەلاّم زۆری نەخایاند و جارێكیتر ستەمكاریی بە پێوەرە ئیسلامیەكە زاڵ بویەوە، بەلاّم بەردەوامیش

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کۆمەڵێك هەبوو لە زانایان و سەرکردەکان بەرهەڵستی ئەو دۆخە نالەبارەیان دەکردو بە ستەمکاری ڕازی نەدەبوون...

## بەرپابونی پارتی سیاسی نهێنی نەیارو موعاریز:........١٥٧

ئەو بارودۆخانە بوونە هۆی دروست بونی چەندین کۆمەڵ و حیزبی سیاسی نهێنی نەیار بە ئومەوییەکان، لەوانە بزوتنەوەی ئالوبەیت کە لە ساڵی(١٠١ك) بە نهێنی دەستی بەکار کردبوو بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی ئومەوی، موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدولاّی کوڕی عەبباس نێردراوەکانی نارد بۆ عێراق و خوراسان تاوەکو بانگەشە بکەن بۆ ئال و بەیت و ڕوخاندنی دەوڵەتی ئومەوی، ساڵی(١٠٣ك) دوانزە نەقیبی لە نێو حەفتا پیاودا هەڵبژارد (ابن جریر٤-٣٢٠) و نوسراوێکی بۆ نوسین تاوەکو بەپێی ئەوە بڕۆن بەڕێوەو کاربکەن و ناوەڕۆکەکەی ئەنجام دەن... بانگەوازەکەی بەنهێنی هێشتەوە... لە هەموو ئەوانەدا دەیویست پێغەمبەری خوا بکات بە سەرمەشق، بەلاّم لە(١١٧ك) هەندێ لە بانگەشەکارانیان ئاشکرا دەبن و هەندێکین دەکوژن و هەندێکیتریان سجن دەکەن... ئەم جۆرە کارانە زۆر دەبن و تەشەنە دەکەن لەوانە دەرچونی زانای ئال و بەیت زەیدی کوڕی عەلی زەنولعابدینی کوڕی حوسەین لە کوفە(١٢١ك) پاش ئەوەی بەیعەتیان پێی دا بۆ لابردنی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك... ئەوەبوو پاش چەند مانگێك لە ١٢٢ك شەهیدکرا... بانگەوازی عەباسییەکان دەگاتە مەککەو ئەمیری جەماعەتەکەیان لە ساڵی (١٢٤ك) سجن دەکرێت...هەر لەم ماوەیەدا یەزیدی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك ڕادەپەڕێ لە خەلیفە وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕە مامی لەبەر ئەو خراپەکارییانەی هەیبووە و دەیکوژێ و لە پاش بەیعەت پێ دانی لەلایەن خەڵکەوە هۆکاری ئەو کارەی روون دەکاتەوە کە ستەم کاریی و خراپەکاریەکانی ئەو خەلیفەیە بوە کە دەکاتە کوڕە مامی خۆی... بەڵگەو پاساوەکانی یەزیدییش دەنگ دانەوەی گوتاری سیاسی راشیدیی بووە، کە سێ لە خەلیفەکانی ئومەوی لە ژێر کاریگەرییەکەیدا بوون و باوەڕیان بە زەرورەتی گەڕانەوە بووە بۆ کارکردن بە گوتاری سیاسی شەرعی راشیدی، ئەوانیش موعاویەی کوڕی یەزید و عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو یەزیدی کوڕی وەلیدن...

لە ساڵی(١٢٦ك) موحەمەدی کوڕی عەلی دامەزرێنەری بانگەوازی نهێنی عەبباسی پاش ٢٦ساڵ لە کاری نهێنی وەکو حیزبێکی سیاسی نەیار وەفاتیکرد و ئیبراهیمی لە جێگەی ئیختیارکرا و دەستی کرد بەکارەکانی خۆی لە خوراسان و ئەوانیش نەفەقات و پێنج یەکیان بۆ دەنارد... لە ساڵی(١٢٧ك) لە مەککە بینیان و دیدارێکیان لەگەڵی سازدا و پێنج یەکەکەشیان پێی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دا...لە ساڵی(١٢٨ك) ئیبراهیمی ئیمام ئەبو موسـلیمی خوراسـانی بـەنهێنی دەنێـرێ بـۆ خوراسـان و دەیكات بە ئەمیریان و فەرمان دەدات گـوێ ڕایـەڵی بكـەن ولـە سـاڵی (١٢٩ك) داوای لـێ دەكـات بانگەوازی عەبباسی ئاشكرا كات و ئیبراهیمیش لە مەككە نەقیبەكان دەبینێ و ئاراستەیان دەكـات و كاتێكیش ئومەوییەكان ناكۆكییان تێ دەكەوێت و گرفت لە نێوانیاندا سەر هـەڵ دەدات ، فـەرمانیان پـێ دەكـات بانگەوازەكـەیان ئاشـكرا كـەن و داوای گوێڕایـەڵیان بـۆ بكـەن، ئوبوموسـایمیش لـە ساڵی(١٢٩ك) بانگەوازەكەی ئاشكرا كرد و لە هەموو لایەكەوە خەڵكی بەیعەتیان پێیـدا، هـەر لـەو ساڵەدا مەروانی كوڕی موحەمەد (ئیبراهیمی ئیمامی) گرت و لە دیمەشقدا سجنی كرد، پـاش ئـەوەی نامەیەكی(ئیبراهیمی ئیمامی) دەستكەوت كە وەڵام بوو بۆ نامەیەكی پێشوتری ئەبو موسلیم ...

ساڵی(١٣٠ك) ئەبوموسلیم و شـوێنكەوتووانی دەسـتیانكرت بەسـەر خوراسـان و پاشـان ڕوویان كرد لە عێراق و لە ساڵی(١٣٢) دا كوفەشیانگرت و هەر لەم ساڵەو لـە مەدینـەدا بەیعـەت درا بە ئەبو عەبباسی سەفاح (عەبدوڵای كوڕی موحەمـەدی كـوڕی عـەلی كـوڕی عەبـدوڵای كـوڕی عەبباس)، كە پێشتر بانگەشەی ڕەزامەندییان دەكرد بۆ كەسێكی ئال و بەیت وناوی كەسیان نـەدەبرد، بەڵام پاش كوشتنی ئیبراهیم لە لایەن مەروانەوە، ئـیتر بانگەشـەیان بـەناوی ئـەوەوە دەكـرد، چـونكە ئیبراهیم ئەوی دیاریكردبوو، هەر لەو ساڵەدا بوو بە خەلیفە، پاشان لە زاب گەیشتەوە بـە عەبـدوڵای كوڕی عەلی مامی توانیان مەروان تێك شكێنن و مەروان ڕای كرد بۆ شام و عەبدوڵای مامی شـوێنی كەوت و پاشان شامی گرت و مەروانیشی كوشت و كوشتاری ئومەوییەكانیشی دەست پێكرد...

بەم شێوەیە دەوڵەتی عەبباسی لە سەر دارو پەردوی دەوڵەتی ئومەوییـەكان بـەرپا بـوو، ڕووداوەكانیش پێچەوانەی بیردۆزەكەی حەسەنی بەسری سەلما، كە بۆچونی وابوو گۆڕانكاریی لە توانـادا نییە و تەنها بە تەوبەكرن واقع دەگۆڕێت وستەم نامێنێت، هیچ قەومێكیش سەركەوتوو نابێت كە دژ بە ئیمامەكەیان دەردەچن... هەموو ئەو ڕوداوانە دوای بیست ساڵ لە وەفاتی حەسەنی بەسری ڕوویدا!

جیاوازیی نێـوان بزوتنـەوە كـەی (ابـن الأشـعث ) و بزوتنـەوەی عەبباسـییەكان لـەوەدا بـوو، ئـەوان بزوتنەوەیەكی گۆڕانخوازی كتو پڕو لە ناكاوو بێ نەخشە بوون، بە پێچەوانەی عەبباسییەكانەوە كە بـۆ ماوەی سی ساڵ وەك حیزبێكی سیاسـی ڕێكخـراوی نـەیار بـە نهـێنی كاریـان دەكـرد و لـە هـەموو هەرێمەكانـدا نـەقیب و لقیـان هـەبوو، كۆبونـەوەیان گـرێ دەدا، بـەم شـێوەیە دواجـار لـە سـاڵی (١٣٢ك)گەیشتن بە ئامانجی خۆیان...

كاریگەریی بۆچونە سیاسییەكانی حەسەنی بەسری، زیاتر لە بەسرەدا بـوو، بـەڵام كوفـەو مەدینەو شارە گەورەكانیتر دوور بون لەو كاریگەرییەو بەردەوام نارەزایی و شـۆرش و ڕاپـەڕینیان تێـدا بووە، بە تایبەت لە سەرەتاكانی ئەم قۆناغە نوێیەوە، لەوانەش شۆرشـی(ذو الـنفس الذكیـة محمـد بـن

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

عبدالله بن حسن بن الحسن بن علي) له ساڵی(١٤٥ك) دژ بە ئەبو جەعفەری مەنسوری عەباسی... لـە مەدینەش دا چەندین زانا پشتیوانییان لێی كرد و لەگەڵی دەرچون و لە عێراقیش بـە هـەمان شـێوە زۆرێك لە زانایان پشتیوانی ئیبراهیمی برایان كرد... لـە مـەدینـە مالیـك و لـە عێـراقیش سـوفیانی سەوری فتوایان دا بەوەی خەڵكی پشتگیرییان بكەن...

بەم شێوەیە بەردەوام زاناو فەقیهەكانی ئومەت لە سەرەتای سـەدەی دووەمـی كۆچـییەوە ڕووبەڕووی لادانەكانی دەسەڵات بونەتەوە، جا هەیان بووە بانگەشەی شـۆڕش و دەرچـونی چـەكدارییان كردووە، هەشیان بووە لەگەڵ بەرگریی سلبی وكارنەكردن و پۆست وەرنەگرتندا بووە بۆیان، زۆرێـك لـە زانایان لە بەر ئەم هۆیە قازییەتی و كاری قەزا وەرنەدەگرت، خەلیفەكانیش هەسـتیان بـەوە دەكـرد... كە دیارترینیان بریتی بون لەئەبو حەنیفەی نوعمان(١٥٠ك.ك)، كە ڕازی نەبوو كـار بـۆ خەلیفـەكانی ئومەوی و عەبباسی بكات و بـە پێـشەوای سـتەمكاری دادەنـان لەبـەر ئـەوەی خـەڵكی بەویـست و ڕەزامەندی خۆیان هەڵیان نەبژاردبوون... جگە لەوەی پشتیوانی ئیبراهیمی كوڕی عەبدوڵای كرد دژ بـە مەنسور، هەر بۆیـە لەلایـەن (ابـن هـبيرة)ەوە لـە سـەردەمی ئومەوییەكانـدا سـزا دراو لەسـەردەمی عەبباسییەكانیش دا سجن كرا تاوەكو لە سجن دا وەفاتی كرد...

یـەكێكیتر لەوانـە سـوفیانی سـەوری بـوو(١٦١ك.ك) كـە نـاكۆك وناتـەبا بـووە لەگـەڵ هەریەكە لە ئومەوی و عەبباسییەكان و لە سـەردەمی مەنـسووردا لەگـەڵ چـەندین زانـایتردا سـجن كراوەو و تۆمەتباركرا بەوەی ڕقی لە عەبباسی و بانگەوازەكەیانە و سوفیان قازییەتی بـۆ نـەدەكردن، لە گەڵ ئەوەی قازیی بون زۆرترین سەربەخۆ بونی تێدا بووە، لەگەڵ مەنسورو مەهدی دا تونـد بـووە و ڕووبـەڕویان باسـی سـتەمكارییانی كـردووە... یـەكێكیتر لـە زانـا نـەیارەكان ئیبنـو ئـەبو زیئـب بووە(١٥٩ك.ك)، ئیمامی ئەحمەد لە بەر ئازایەتی و هەق بێژییەكەی فەزڵی دەدا بە سـەر مالیـك دا و دەیوت لە سەعیدی كوڕی موسەییب دەچێت، ڕووبەڕووی مەنـسور بوەتـەوەو قەدەرییـەكان لـە ترسـی مەهدی پەنایان بۆ ئەو بردووە، ئەویش پەنای دەدان لەگەڵ ئەوەی بۆچـونی لەگەڵیانـدا جیـاواز بـووە، ئیمامی مالیك(١٧٩ك.ك) و ئـەوزاعی(١٧٠ك.ك) و یەزیـدی كـوڕی هـارون(٢٠٦ك.ك) وئەحمـەدی كوڕی حەنبەل(٢٤١ك.ك) و ئەحمەدی كوڕی نەسری خوزاعی(٢٣١ك.ك) یـش نمونـەی ئـەو زانـا چـاو نەترس و هەق بێژانە بون كە بەردەوام لە كێشمەكێش و گرفت دا بوون لە گەڵ خەلیفەكان و بـە هـۆی ئەوەی ستەمیان لێ بینیون و زانیویانە بە شێوەیەكی ڕاستەقینە(كە ڕاوێژو ویستی موسوڵمانانە) هـەڵ نەبژێرراون ... لە بەرابەریش دا پشتیوانی هـەق بێـژان و شۆڕشـگێڕانیان كـردووە لـە هـەر كاتێكـدا زانیبێتیان لە سەر هەقن و داوای مافی خەڵكی و بەرپاكردنی عەدالەت دەكەن، داكۆكییـەكی زۆریـان لە مافی گشتی خەڵك كردووە و داواكانیان گەیاندوون ، بە شێوەیەكی گشتییش نـەیان ویـستووە ببنـە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

قازییان نەوەکو بەو نزیکییەیان بە شێك لەو ستەمکارییەی ئەوانیان بەر بکەوێت و رووبەڕووی خەشم و سزای خودایی ببنەوە، لە بیروبۆچونەکانی خۆیشیان پاشگەز نەبونەتەوە، تەنانەت هەیانبووە وەکو ئەحمەدی کوڕی نەسری خوزاعی گیانی خۆی لە دەست داوەو بە ئیمامی شەهید ناسراوە... بە سەرهاتی ئەم زانایانەو هاوشێوەکانیان بەم خێراییە نایەتە باسکرن، ئەمەش چەند دێڕێکی کورت بوو لەو بارەیەوە...

## خیلافی فیقهی سەبارەت بە دەرچون دژ بە پێشەوا زۆردارو ستەمکارەکان...١٦٠

بەرەنگاربونەوەی پێشەوای ستەمکارو زۆردار بەناوبانگترین قەزییەك بووە لەو سەردەمانەدا، تەنانەت ئیبنوحەزم بانگەشەی ئەوە دەکات بەرەنگاربونەوەی فەرمان ڕەوا ستەمکارەکان، بیروبۆچونی پێشەوایانی مەزهەبە بەناوبانگەکانی سەدەی دووەم بووە، ئەوەتا دەڵێ:"هەموو ئومەت کۆك و ڕێکن سەبارەت بە واجیبی فەرمان بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە، بێ ئەوەی هیچ کەس لەمەدا جیاوازی هەبێت، هەندێ لە سوننەکان و تەواوی موعتەزیلە و خەواریج و زەیدی وای بۆ دەچن کە شیر هەڵکێشان لە فەرمان بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە واجبە، ئەگەر ڕێگرتن لە خراپەکە تەنها بەوە دەکرا".

لەم بۆچونەی ئیبنوحەزمدا بە پێویست دانراوە هێز بەکار بهێنرێ بۆ لابردنی خراپەکاری، ئەگەر تەنها بەوە لادەچوو، بەڵگەو پاڵپشتی بۆچونەکەشی هەڵوێستی ئەو هاوەڵانەیە جیاوازییان هەبوو لەگەڵ ئیمامی عەلی دا، یان ئەوانەی دژ بە یەزیدی کوڕی موعاوییە ڕاپەرین و دەرچون، نمونەی حوسەین و عەبدوڵای کوڕی زوبەیرو کوڕو نەوەکانی موهاجیرو ئەنسارەکان لە مەدینە، هەروەها ئەوانەی رووبەڕووی حەجاج بونەوە، هاو وێنەی ئەنەسی کوڕی مالیك، لە پاش ئەوانەش تابعی تابعینی وەکو عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی عەبدوڵا و موحەمەدی کوڕی عەجلان و ئەوانەی دەرچون لە گەڵ موحەمەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن و هاشیمی کوڕی بیشرو مەتەری وەڕاق و ئەوانەی لەگەڵ ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵادا دەرچون... وتەکانی فەقیهو زاناکانی هاو وێنەی ئەبوحەنیفە و حەسەنی کوڕی حەیی و شەریکی کوڕی عەبدوڵا و مالیك و شافعی و داودو هاوەڵانی هەر ئەو واتایە دەگەیەنن، ئەوانەی لە کۆن و نوێ باسمان کردن، یان ئەوەتا بە فەتوایەك ئەوەی وتووە، یان ئەوەتا ئەوەی ئەنجام داوە بە هەڵکێشانی شیر بۆ ئینکاری کردنی ئەو خراپەکارییانەی دەیانبینی (الفصل-١٧١-١٧٢).

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(ابن حجر)یش پۆلێنێك دەكات لە نێوان ئەوانەی دژ بە فەرمان ڕەوایان شۆرش و ڕاپەڕین و دەرچونیان ئەنجام داوە (لە خەواریج و یاخی بووان و ئەهلی هەق) و لەم بارەیەوە دەڵێ"بەشێکیان دەرچونەکانیان(خروجەکانیان) تورەبون بووە لەپێناو ئایین و دژایەتی ستەمکاری والی و فەرمانڕەواکان و کارنەکردنیان بە سوننەتی نەبەوی، ئەوانە خەڵکێکی رەوا خوازن، لەوانەش حوسەینی کوڕی عەلی و خەڵکی مەدینە لە حەرەدا و ئەو قورئان خوێنانەی دژ بە حەجاج دەرچون، بەشێکیشیان تەنها لەبەر موڵك و دەسەلاَت دەرچون، کە ئەوانیش یاخی بوو(بغاة)ە کانن" هەروەها بە دەقیش دەڵێ دەرچون دژ بە ستەمکاران مەزهەبی سەلەف بووە و لە تەرجومەی ژیانی حەسەنی کوڕی حەی دا دەڵێ"ئەمە مەزهەبی سەلەف بووە هەر لە کۆنەوە"، "هذا مذهب للسلف قديم"(فتح الباري١٢-٢٨٦، وتهذيب التهذيب٢-٢٨٨).

ئەم قەزییەیە لە کتێبی مەزهەبە فیقهییەکاندا باسکراوە، ئەبوبەکری جەساس لە حەنەفییەکان دەڵێ"مەزهەبی ئەو(مەبەست ئەبوحەنیفە بووە) رەحمەتی خوای لێ بێت بەناوبانگە سەبارەت بە جەنگ و کوشتاری ستەمکار و فەرمان ڕەوا زۆردارەکان و باس و خواسەکەی ئەو لەگەڵ زەیدی کوڕی عەلی دا بەناوبانگە، لەوەی بەکۆڵی خۆی سامان و دارایی بۆ بردووەو بە نهێنی فتوای داوە کە واجبە پشتیوانی لێ بکرێت و لە جەنگی کردنیدا هاوکاریی بکەن، بەهەمان شێوە کاروکردەوەی لەگەڵ موحەمەد و ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن"(أحكام القرآن١-٧٠)، ئەمە مەزهەبی حەمادی کوڕی ئەبو سولەیمانی مامۆستای بووە، کە ئیمامی خەڵکی کوفە بووە لە سەردەمی خۆیدا(تاريخ بغداد١٣-٣٩٨).

سەبارەت بە مەزهەبی مالیك، (ابن العربي) دەفەرموێ"زانایانمان فەرمویانە: لە گێڕانەوەی سەحنوندا، تەنها لەگەڵ پێشەوایەکی دادگەردا جەنگ دەکرێت، جا یەکەم بێت یان دژی یەکەم وەستا بێتەوە، ئەگەر هیچیان دادگەر نەبون، وازیان لێ بێنە، مەگەر خۆت یان سامانەکەت یا موسوڵمانان بکرێتە نیشان، لەوە بەرگری بکە، ئەوانە بەیعەتیان پێدانیان دانەمەزراوە، ئەگەر لە ترسا بەیعەتیان پێ درا بێت"(أحكام القرآن لابن العربي٤-١٧٢١).

سەبارەت بە مەزهەبی شافعی زوبەیدی دەڵێ: دەرچون دژ بە فەرمان ڕەوای ستەمکار مەزهەبی کۆنی شافعییە(إتحاف السادة٢-٢٣٣).

لە مەزهەبی ئەحمەد دا گێڕانەوەیەکی بێهێز(مرجوح) هەیە بە دروستی دەبینێت دژ بە فەرمان ڕەوای ستەمکار دەرچیت، بنیات لە سەر ئەوەی لێی دەگێڕنەوە کە ئیمامەت بە دەست بەسەراگرتن دانامەزرێ، ئیبنو رەزین هەروای بۆچووە و لە کتێبی (الرعاية)ی حەنبەلییەکاندا ئەم

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بۆچونەی پێش خستووە، لە زاناکانی مەزهەبی حەنبەلی هەریەکە لە ئیبنو عەقیل و ئیبنو جەوزییش دەرچون دژ بە فەرمان ڕەوای زۆردار بە دروست دەبینن.(الانصاف للمرادي١٠-٣١٠-٣١١).

## خیلافی فیقهی سەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەستی ئیمامەت:١٦٢

مەسەلەی دەرچون دژ بە فەرمان ڕەوایان بنیات دەنرێ لە سەر مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەستی ئیمامەت بە هۆی فیسقەوە، کە ئەمەش هەروەها مەسەلەیەکی خیلافییە، قورتوبی دەڵێ:"سیانزەیەم- ئەگەر ئیمام دانراو پاشان بوە خراپەکارو فاسق پاش ئەوەی گرێبەستەکە ئەنجام درابوو: جمهور دەڵێن ئیمامەتەکەی هەڵ دەوەشێتەوەو بە فیسقی دیارو ئاشکرا لادەبرێ، چونکە سەلماوە کە دانانی ئیمام بۆ پیادەکردنی سنورو پێدانی مافەکان و پاراستنی سامان و دارایی هەتیوو شێتەکان و بەسەرکردنەوەی کاروباری ئەوانە، سەرەڕای چەندین کاروباریتر... ئەو فیسق و خراپەکارییەی تێیدایە ڕێگرە لەوەی بەو کارانە هەستێ و ڕایان پەڕێنێ، ئەگەر بە دروستمان زانی فاسق بۆ ئەو کارە بشێت، ئەوا ئەوەی بۆی بەرپاکراوە پوچ دەبێتەوە، ئەمەش وەکو ئەوە وایە.

هەندێکیش وتویانە تەنها بە کوفر و نوێژ نەکردن و(أو الترك إلى دعائها)؟؟؟؟ أو شيء من الشريعة، لادەبرێت، لە بەر ئەو فەرمودەیەی عوبادە کە تیایدا هاتووە"وألا ننازع الأمر أهله(قال) إلا أن تروا كفراً بواحاً عندكم من الله فيه برهان"(الجامع لأحكام القرآن١-٢٧١).صص١٦٢

ماوەردی ئەم بابەتە دەهێنێ بێ ئەوەی باسی هیچ خیلافێك بکات، وەئاماژەش بەوە دەکات کە ئەگەر هاتوو ناعەدالەتییەکەی بەهۆی شوێنکەوتنی حەزو ئارەزووەکانەوە بوو لە فیسق و ستەمکاری و ئەنجام دانی قەدەغەکراوو خراپەکارییەکان وبە حەکەم کردنی حەزو ئارەزووەکان، ئەمەش فیسقەو هەر لە سەرەتاوە دەبێتە ڕێگر لەوەی گرێبەستی ئیمامەتی بۆ دامەزرێت، یاخود بۆی بەردەوام بێت ئەگەر شتێك لەوانە بەسەر ئیمام دا هات، بەمە لە ئیمامەت دەردەچێت.(الأحكام السلطانية ص١٩).

لەگەڵ بەناوبانگی ئەم پرسو مەسەلەیە واتە دەرچوون دژبە پێشەوای ستەمکارو زۆردارو بەرهەڵستی کردنی سەرکەشییەکانی دەسەڵاتو ڕوو بەڕوو بونەوەی لادانو خراپەکارییەکانیان، لەسەرەتای یەکەمی سەردەمی هاوەڵانو تابعینو شوێن کەوتوانیاندا، کەچی سەردەمی گوتاری فیقهی سیاسی تەئویل کراو پەرەسەندنێکی فیکری نوێی بەخۆوە بینی، کەزیاتر دەربڕی واقیع بوو، وەك لەدەقەکان، ئەوەتا(ابن مجاهد البصري الأشعري) – مامۆستای باقلانی–بانگەشەی کۆڕای ئومەت دەکات سەبارەت بەحەرامی دەرچوون دژبە ئیمامە زۆردارەکان، (ابن حزم) یش ئەم بانگەشەیە ڕەت

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەكاتەوە، زۆر بەنەشیاوێكی گەورەی باس دەكات، (ابن حزم) ووتویەتی:"سوێن بێ لەسەرم، زۆر گەورەیە كاتێ ئەو دەزانێ پێچەوانە كردنی ئیجماع كافر بوونە، كەچی ئەم بۆچونە فڕێ بداتە سەرخەڵكی، دەشزانێ كەباشترینی هاوەڵانو خەڵكانی تریش لەڕۆژی (الحرة)دا دەرچوون دژ بە یەزیدی كوڕی موعاویە، وەعەبدوڵڵای كوڕی زوبەیرو ئەوانەی كەشوێنی كەوتبوونو لەباشترینی مسوڵمانان بون، بەهەمان شێوە دەرچوون، حەسەنی بەسریو گەورە تابعینەكانیش دژبە حەجاج جەنگان، ئایا بیروڕای وایە ئەوانە بێباوەڕو كافربوون؟! سوێندبی لەسەرم، ئەگەر ئەمە جیاوازییەكی شاراوەو پەنهان بوایە بیانویەكمان بۆی دەدۆزیەوە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەكی بەناوبانگەو زۆربەی عەوامی بازاڕیش دەیزانێو كچانی نێو پەردەو كەژاوەكانیش دەیزانن، لەبەر بەناوبانگیەكەی" (مراتب الاجماع ل ١٩٩).

پاشان زۆری نەخایاند ئەم بانگەشەیەی(ابن المجاهد البصری) موتەكەلیم لەنێو فەقیهەكاندا بڕەوی پەیداكرد، وەك دەربڕی كاریگەری واقعی ئەوچەرخە لەسەر فیقهو دەقە شەرعیەكان، تاوەكو نەوەوی(٦٧٦ك.ك) لەسەدەی حەوتەم دا بانگەشەی بۆی كرد، ئەوەتا دەڵێ:"سەبارەت بەدەرچوونو جەنگ كردن دژیان ئەوا بەكۆڕا (اجماع)ی مسوڵمانان حەرامە، هەرچەندە فاسقو ستەمكاریش بن، سوننیەكان(كۆن)لەسەر ئەوەی سوڵتان بەهۆی فیسقەوە لەكار لانادرێ، ئەوەشی لەهەندێ كتێبی هاوەڵاندا هاتوە كە لەكار لادەبرێ ئەوە هەڵەی ئەو كەسەیە كەوتویەتیو پێچەوانەی ئیجماعە)"(شرح صحیح مسلم ١٢/٢٢٩) ، بەهەمان شێوە (قاضی عیاض)یش هەمان بانگەشەو ئیدیعا دەكا .

هەروەك چۆن ئەم بانگەشەیە –لەژێر پەستانی واقع دا– لەكتێبی شەرعناسو فەقیهەكاندا بلاو بویەوە، بەهەمان شێوە لەكتێبەكانی بیروباوەڕ(الإعتقاد)یش دا بلاوبویەوەوپەرەی سەند، پاشان زۆری نەخایاند بوو بەئەسڵێك لەئەسڵەكانی بیروباوەڕ (العقیدة)؟!!

شێخی ئیسلام (ابن تیمیة) وتویەتی:"بیروڕای ئەهلی سوننە بەوە گەیشتووە كەدەبێ لەكاتی فیتنەو ئاژاوەدا واز لەجەنگو كوشتار بهێنرێ، لەبەرئەو فەرمودە سەحیحانەی لەپێغەمبەرەوە(د.خ) گێڕدراونەتەوە، ئەمەشیان لەكتێبەكانی بیروباوەڕیاندا باس كردووەو فەرمانیش دەكەن بەئارامگری لەسەر زۆرو ستەمی ئیمامەكانو وازهێنانی جەنگ لەدژیان"(منهاج السنة)٢/٢٤١.

(ابن أبو العز) ڕاڤەكاری (العقیدة الطحاویة) لەپرسی گوێڕایەڵی كردنی ئیمامی زۆرداردا باس لە پێویستی گوێڕایەڵی كردنیان دەكات هەرچەندە زۆرداریو ستەمیشیان هەبێت، هۆكارەكەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە كە بەرەنجامە خراپەكانی شۆڕش و ڕاپەڕین چەند قاتی ئەو زۆرداریەیە كەبەهۆی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مانەوەی ئەمانەوە ڕوو دەدات، نەك هەر ئەوەندە بگرە داوا دەكات خۆڕاگر بین، چونكە خۆڕاگری لەسەر زۆرداریەكانیان هۆكاری سڕینەوەی گوناهەكانو چەندانەبوونی پاداشتەكانە، لە بەر ئەوەی خوای گەورە بەهۆی خراپی كارو كردەوەكانمانەوە ئەمانەی زاڵ كردوە بەسەرماندا، سزاش بەپێی ڕەگەزی كارەكە دەبێت، هەربۆیە پێویستە لەسەرمان داوای لێ خۆشبونی زۆر بكەینو تەوبە بكەینو ئیسلاح لە كارو كردەوەماندا بكەین، بۆ بەڵگەی ئەم بۆچونەشی چەندین ئایەت بەبەڵگە دەهێنێتەوە وەكو: ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾ الشورى:٣٠، ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (آل عمران:١٦٥) ﴿مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾ النساء:٧٩، ﴿وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ الأنعام:١٢٩، جائەگەر خەڵكی بیانەوێ لەستەمی ئەمیری ستەمكار ڕزگاریان ببێ، باواز لەستەم بهێنن...( شرح العقيدة الطحاوية ص ٤٣٠)، بەم شێوەیە دۆزو كێشەكە لەدۆزو كێشەیەكی خیلافی ئیجتیهادیەوە گۆڕا بۆدۆزو كێشەیەكی ئیجماعیو بڕاوە، وەلەمەسەلەیەكی فیقهیەوە گۆڕا بۆ بنچینەیەكی عەقائیدی.

بەم شێوەیە گوتاری سیاسی فیقهی چووە قۆناغێكی نوێوە، كەتیایدا زانایان هەستان بەتەئویلكردنی دەقەكان بۆبەخشینو پۆشینی شەرعیەت بەسەر واقعو چەسپاندنی دا، جارێك بەناوی ئەوەی ئەمە دەلالەتی دەقەكانەو جارێكیتر بەناوی ئەوەی بەرژەوەندی ئەمە دەخوازێو دەرچونیش تەنها خراپەكاری لێ دەكەوێتەوە .... هتد.

بێ ئەوەی خوێندنەوەیەكی دروستی واقع بكرێ، وەبێ ئەوەی هەست بەوەبكرێ ئەو بەرژەوەندیەی واگومان دەكرێ تەحریمی بەرگری سەركەشیەكانی دەسەڵاتو لادانەكانی پێ دەكرێ بریتیە لەبەرژەوەندییەكی ئێستاییو كاتی، چونكە زۆر ناخایەنێت ئەو سەرەنجامانە خراپتر دەبن لەوەی كەلەبەرەنجامی دەرچونەوە بەدی دێت، چونكە ئومەت بەرەو لاوازیو لێكترازانو شی بونەوەو پاشان كەوتنو گلان دەبا بەوشێوەیەی لەسوننەتو ڕێو شوێنە كۆمەڵایەتیەكاندا بەدی دەكرێ، هەرئەوەش ڕویدا، هەركە ئەم جۆرە لەگوتاری سیاسی تەئویل كراو بڵاوبویەوە، ئیتر قودسیەتو پیرۆزی بوو بە كاڵای باڵایان و ئەمەش ڕێی خۆشكرد بۆ ئەوپەڕی لادانو زۆرداریو خۆسەپێنی، دواتریش چەندین كارەساتی بەسەر ئومەت دا هێنا، داگیركاری تەتاری بەسوپا درندەو هەمەجیەكەیەوە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی لەساڵی ٦٥٦ك دا ڕوخاند، لەگەورەترین كارەساتێكی مێژووییدا، كەمسوڵمانان بەخۆیانەوە بینیویانە، هەرئەمەش لەئەندەلوسو هەرێمەكانی تردا ڕوویدا، پاشان سەرەنجامی ئومەت

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەوەگەیشت کەلەبەردەم هەژموونو زالێتی ڕۆژئاوای کۆلۆنیالی خاچ پەرستدا بەچۆکدا هاتو تێک شکا، بەهۆی وون بوونی ڕۆلی ئوممەتو گەندەلی سستەمەکانو بلاوبونەوەی ئەم گوتارە سیاسیە تەئویلکراوەی شەرعیەت دەبەخشێتە بوونی خۆی بەلکو هەولی خۆپارێزی دەدات، ئیتر فەسادەکەی لەهەر ڕادەیەکدا بێت، کەمتەرخەمی کردنی لەبەرژەوەندیەکانی ئوممەتدا گەیشتبێتە هەر ئاستێك، گرنگ پاراستنی بەرژەوەندی تەختو پایەگاکەیەتی ؟!

ئەوانەی خاوەنی ئەم گوتارە تەئویل کراوەبوون بەتێڕوانینێکی سەلبیو جوزئیەوە دەیانڕوانییە بزاڤەکانی نارەزایەتی سیاسی، گوایە بەرەنجامی خراپ و ئاژاوەو فیتنەی لێ دەکەوێتەوەو بەهۆیەوە هەندێ کەسو بڕێك سامانو دارایی تێیدا دەچێت، بێ ئەوەی بڕواننە زەرورەتی بەرپاکردنو دروست بونی ئەم بزاڤانە کەدەبونە ڕێگر لەوەی دەسەلات ستەمو زۆرداریو سەپاندنو لادان ئەنجام بدا کەلەوانەیە سەربکێشێ بۆئەوەی ئوممەت بەتەواوی بکەوێتە ژێر دەسەلاتی دوژمنێکی دەرەکیەوە ؟!

ئەمەش بەکرداری ڕویدا، ڕووداوێك کە مەترسی ڕوودانی هەبوو، بەلام پا ش چی؟ پاش ئەوەی ئوممەت کەسێتی مەعنەوی توشی شکست بوبو، توانای بەرگری کردنی لە دەست دابوو، لە ڕووی دەرونییەوە تێکشکێنراو مافەکانی لێ زەوت کرا بوو، دواتر ڕۆلی نەماو ژیانی لەپەراوێزی ڕوداوەکانی واقع دا دەبردەسەر، لێرەوە خەلکی چاوەڕوان بوون دەسەلات هەمووشتێ لەبری ئەوبکات، تەنانەت لەخۆڕاست کردنەوەشدا— دەسەلات خۆی خۆی ڕاست بکاتەوە— و بەخۆیدا بچێتەوەو ڕەخنە لەسیاسەتەکانی خۆی بگرێت ؟

لەڕاستیدا ترسناکترین شتێ کەلەم گوتارەدا هەبوو، بریتی بوو لەوەی ببووەکۆسپ و ڕێگر تەنانەت لەو خەلیفەیەو پادشایانەشی مەبەستیان بوو چاکسازی ئەنجام بدەن، چونکە ئەگەر بوترایە واجبە ئیمامەت بەڕاوێژ بێت، وەبوترایە حەرامە بە میراتو پشتاوپشتی بێتو واجبە ڕاوێژی ئوممەتی تێدابکرێو بەبێ ئەو هیچ کارێك یەکلا نەکرێتەوەو ... لەوانەبوو هەندێ لەوخەلیفانەی کەدەهاتن باوەڕو ئیسلاح خوازییەکەی وای لێ بکردایە کاری پێبکاو بیچەسپێنێ، تاوەکو ئوممەتیش ژیانێکی سەرلەنوێ دەست پێبکات، بەهەمان ئەو ڕێو شوێنەی لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیدا لەکاروبارە سیاسیەکاندا پەیڕەو دەکرا، بەلام ئەم گوتارە تەئویل کارە دەقەکانی بەوپێیە تەئویل دەکرد کەواقع دەیخواست، کارێکی نەکرد واقع پەلکێش کا بۆئەو مەبەستەی کەدەقەکان بۆی هاتوون، وای لێ هات کاتێ کەخەلیفە چاكو پادشا دلسۆزەکان دەهاتن شتێکیان نەدەبینی کەپێویست بێ لەسەریان ئەنجامی بدەن جگە لەدادگەری، ئاوڕیان نەدەدایەوە بۆلای هیچ شتێکیتر لەبنەماکانی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو کە زانایەك مابێ لەسەردەمی خۆیاندا بانگەشەی بۆبکا یا موژدەو مزگێنی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێبدا، بەڵكو گوتارێكی تەئویل كراویان دەبینی كەپێی وابوو ڕاوێژپێكردنی ئوممەت لەكاروبارەكانی خۆیدا كارێكی باشو موستەحەبەو گەڕانەوەی كاروبارەكان بۆلای خەڵكی كارێكی دروستو موباحە؟!
لەڕاستیدا ئەو هۆكارانەی سەری كێشا بۆبلاوبونەوەی ئەم گوتارە تەئویل كراوە زۆرن، گرنگترینیان ئەمانەن :-

**یەكەم:** خاوەنی ئەم گوتارە تێڕوانینێكی جوزئیو یەك ڕوو ناتەواویان هەبووە بۆڕووداوەكانی مێژوو، نەك تێڕوانینێكی گشتیو هەمەلایەنانە، بۆیە گومانیان وابوو هەموو دەرچوونو یاخی بونێك تەنها خراپەكاری لێ دەكەوێتەوە، لەم بارەیەشەوە هەندێ جار زیادە ڕەوی زۆركراوە، تەنانەت كەسێكی وەك (ابن القیم) دەڵێ:( ئینكاری كردنی پادشایانو دەرچوون لەدژیان بناغەی هەموو خراپەو ئاژاوەیەكە تاكۆتایی دونیا)(أعلام الموقعين٣-٤) بێ ئەوەی هەڵوێستەیەك بكرێت لە ئاست ئەو ڕووداوانەی زۆرێك لەچاكسازی بەدوای خۆیدا دەهێنا، عەبدوڵلای كوڕی زوبەیر دژبەیەزید ڕاپەڕی، سەردەمەكەشی باشتربوو لەسەردەمی یەزید، عەباسیەكان دژبە ئومەویەكان ڕاپەڕین، لەكۆی گشتیدا ، سەردەمی ئەمان لەسەردەمی ئومەویەكان باشتربوو، ئەحمەدی كوڕی حەنبەل بەباشتری دادەنانو دەیوت:"نوێژیان بەجێ هێناو سوننەتیان زیندوو دەكردەوە"، سەلاحەددین دەوڵەتی فاتمیەكانی ڕوخاندو سەردەمی ئەو لەسەردەمی ئەوان باشتربوو، عوسمانییەكان هاتن و باشتر بون لە مەمالیكەكان، ڕووداوەكانی مێژوو ئێجگار زۆرن، بەڵكو ئەوە مێژووی تەواوی گەلانی جیهانە تەئكید دەكاتەوە لەسەر ناڕاستی ئەم بیردۆزەیە، ئەمە چەند یاساو ڕێسایەكی كۆمەڵایەتین مسوڵمانانو ئەوانیتر تیایدا یەكسانن، لەڕاستیدا هۆكاری ڕاپەڕینی ئەوروپاو گەشەسەندنو دەرچونیان لەو بارو دۆخەی تیایدا بوون بریتی بوو لەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیانەی بەرەنگاری زیادەڕەوییەكانی دەسەلات بونەوە تاوەكو كاروبارو بارودۆخی ژیانی دونیایان گۆڕانكاریی یەكجار گەورەی بەسەردا هات، بەهەمان شێوە هەموو ئەوانەی ئەم ڕێگەیەیان گرتەبەر بۆبەرەنگاربونەوەی زیادەڕەوییەكانی دەسەلاتو ئازادكردنی گەلان لەزۆرداریو ستەم... توانیان پەرە بەخۆیان بدەنو بارودۆخیان چاك بكەنو دادگەریو بەویژدانی لەنێوانیاندا برەو بسێنێت ئەگەر بە شێوەیەكی ڕێژەییش بووە، بەشێوەیەك ئەو بارە نوێیە لەلای گەلانیتری خامۆش و بێ دەنگ بەدی نەدەكرا،بۆ ئەمەش نمونەی گەلانی ئازادی خواز زۆرە... كەواتە ناگونجێو ناكرێ خۆبدەینە دەست ئەوبیردۆزەیەی وادەبینێ بەرنگاربونەوەی زیادەڕەویەكانی دەسەلات تەنها زیانی لێ دەكەوێتەوە، ئەمە بە شەرع و لۆژیك و واقعیش ناڕاست و ناتەواوە...
چۆن وایە؟ لەكاتێكدا پێغەمبەر (د.خ) سەبارەت بەفەرمانڕەوا ستەمكارەكان دەفەرموێ:(فمن جاهدهم بيده فهو مؤمن) هەركەسێ بەدەست دژیان تێبكۆشێ ئەوە باوەڕدارە، لەكاتی بینینی كوفری ئاشكرا هەمان حوكم دێتە ئاراوە، وەك دەفەرموێ:(إلا أن تروا كفراً بواحاً) ئەگەر دەرچوون لەدژیان

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هیچ سودێكی نەبوایە ئەوا لە هیچ بارودۆخێكدا خوای گەورە مۆڵەتی پێنەدەدا، بەڵكو خوای گەورە هەواڵی ئەوەی پێداوین كەستەمو زۆرداری هۆكاری تیاچونن، قورتوبی دەڵێ: فەرمودەی خوا (وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى) هود:١١٧، واتە خوای گەورە خەڵكی هیچ لادێو شارێك لەناو نابا(بِظُلْمٍ) واتە بەهۆی هاوبەش پەیداكردن (شیرك)و بێباوەڕی (كفر)ەوە (وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ) ئەگەر خەڵكەكەی لەنێوان خۆیاندا مافەكانی یەكتری بدەن، واتە تەنها بەهۆی كوفرەوە لەناویان نابا تاوەكو خراپەكاریو گەندەڵی بۆزیاد نەكەن، هەروەك چۆن گەلی شوعەیبی بەهۆی گزیكاری كردن لە كێشانەو پێوانەو گەلی لوتی بە هۆی هاوڕەگەز بازییەوە لەناوبرد ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تاوانو خراپەكاری زیاتر هۆكاری سزای تیاچوونی دونیایانە وەك لە هاوبەش پەیداكردن (الشرك) ، هەرچەندە سزای هاوبەش پەیداكردن لە دوارۆژدا قورسترە.

لە (صحيح الترمذي)دا فەرمودەیەك هاتووە كە ئەبو بەكری سدیق فەرمویەتی:((گوێبیستی پێغەمبەری خودا بوم (د.خ) دەیفەرموو :((إن الناس إذا رأوا الظالم فلم يأخذوا على يده اوشك ان يعمهم الله بعقاب من عنده)) تفسير القرطبي٩/١١٤، واتە: لەراستیدا ئەگەر خەڵكی بینیان ستەمكار ستەم دەكاو دەستیان نەگرت نزیكە خوای گەورە سزایەكی گشتی لەلایەن خۆیەوە بۆ هەمووان بنێرێ.

شەوكانی لە راڤەی ئەم ئایەتەدا (وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ)هود:١١٧، فەرمویەتی "ئەوە ڕاست و سەلماو نییە خوای گەورە خەڵكی شارولادێیەكانی تیا ببردبێ تەنها لەبەر ئەوەی گلابنە ستەمێكەوە كە بریتیە لە هاوبەش پەیدا كردن، لە كاتێك ئەگەر خەڵكەكەی لە نێوان خۆیاندا چاكساز بووبێتن و مافی یەكتریان دەستەبەر كردبێت وە ستەمیان لە یەكتری نەكردبێ.

بەو واتایەی خوای گەورە تەنها بەهۆی هاوبەش پەیداكردنەوە لەناویان نابات تا دەگاتە ئەوەی خراپەكاری تریش لەسەر زەویدا ئەنجام دەدەن... هەروەك چۆن گەلی شوعەیبی بەكەمو كورتی لە كێشانەو پێوانە و بەكەم زانینی شتی خەڵك لەناو برد، وە گەلی لووتی بەهۆی ئەنجام دانی ئەو كارە ناشیرینو قێزە ونەوە لەناو برد ، ووتراویشە : فەرمودەی (بظلم) (حال)ە لە (فاعل)ەكەوە بەمەش واتای ئایەتەكە بەم شێوەیەی لێ دێت : خوای گەورە بە ستەم خەڵكی شارو لادێكان لەناو نابات ئەگەر ئەوان لە حاڵێكی چاكسازدا بنو خراپەكاری لەسەرزەویدا نەكەن " فتح القدير ٢-٥٣٤.

دووەم: ئەو تێكەڵییەی بۆیان دروست بووە لە نێوان چەمكی دەرچونی سیاسیانە(الخروج السياسي) و شۆرش كردن بۆ رووبەڕوو بوونەوەی زیادەڕەویەكانی دەسەلاَت وەك بەرگری كردنێ لە خەڵكی و لابردنی ئەو ستەم و زۆرەی لە ئارادایە لە لایەك و چەمكی دەرچوونی بیروباوەڕیانە(الخروج العقائيدي)، كە لە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دوەمیاندا زۆرجار دەرچون یا شۆرشەکە خوێن و سامانی موسڵمانانی تیا حەلاڵ کراوەو بە کافر دانراون .. دەقەکان سەرزەنشتی ئەم جۆرە دەرچونە دەکەن، بەم پێیەش بۆ کەم بونەوەی ئەو ئیشکالە دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان هەر یەك لەم دوو چەمکەدا...

شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە ئاماژەی داوە بەو تێکەڵییەی زانایانی دوایین لەم ڕووەوە تێی کەوتوون، کاتێك جەنگ کردنی خەوارجو یاخی بووانو تەئویل کاران تێکەڵ بەیەك دەکەن، شێخی ئیسلام ئەم تێکەڵ کردنەی ئەوان وەك نەنگیو عەیبەیەك ئەژمار دەکاو ئاماژەش بەوە دەکات هاوەڵان و گشتینەی فەرمودەناسانو فەقیهو موتەکەلیمین و جەماوەری زانایان (لەکۆندا)و پێشەوایانی وەکو مالكو ئەحمەدو شافیعیو زانایانی تریش بەشوێن کەتوە کانیشیانەوە لەگەڵ ئەم جیاکردنەوەیەدان و جیاوازییان خستۆتە نێوان خەواریجو نێوان ئەوانەی لەجەمەلو سەفین شەڕی یەکتربیان کردووە، وەك یەك بۆیان نەڕوانیون". مجموع الفتاوى ٣٥/٥٤.

هەروەها دەڵێ:"ئەوانەی لەبارەی ئەحکامەوە کتێبیان داناوە قیتالی یاخییانو خەوارجیان هەموو باس کردووە، سەبارەت بەکوشتاری یاخی بوان لەپێغەمبەری‌خواوە (د.خ) هیچ فەرمودەیەك نەگێڕدراوەتەوە جگەلە فەرمودەی (كوثر بن حكيم عن نافع)نەبێت، کەئەویش هەڵبەستراوە، سەبارەت بە کتێبە دانراوەکانی فەرمودەی هاوێنەی (صحيح البخاري) و(السنن) جگە لەکوشتاری هەڵگەڕاوەو خەواریج کە بەئارەزوو ویستیان (أهل الأهواء) ناودەبرێن، هیچ شتێکی تریان تێدا نابینی ... هەرئەمەش لەکتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا(د.خ) وەك ڕێساو بناغەیەکی جێگیر سەلماوە، کە دەبێ جیاوازیی بکرێ لەنێوان شەڕکردنی ئەوانەی کەدەرچوون لەشەریعەتو سوننەت، ئەمەیە پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمانی شەڕکردنیانی داوە، بەڵام جەنگ کردنی ئەوانەی تەنها لەگوێڕایەڵی ئیمامێکی دیاری کراو دەردەچن ئەوا لەدەقەکاندا هیچ فەرمانێکی لەوشێوەیە نییە. مجموع الفتاوى ٤/٤٥١.

پاشان باسی ئەو قەدەغەکراوانە دەکات کەئەو فەقیهانە تێی کەوتوون لە بەرەنجامی ئەم تێکەڵ کرنەوە، کەلەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:-

١- قیتالکردنی هەرکەسێ کەلەگوێڕایەڵی پادشایەکی دیاری کراو دەردەچێ، هەرچەندە کەسی دەرچوو لەشوێن کەوتنی شەریعەتو سوننەتیشدا وەکو ئەوپادشایە وابێ یانزیك بێت لەوەوە ؟!

٢- یەکسانکردن و بە یەك چاو ڕوانین بۆ ئەوانەی لەگوێڕایەڵی پادشایەکی دیاریکراو دەردەچن لەگەڵ ئەوانەی پاشگەزبونەتەوە لەهەندێ یاساکانی ئیسلام؟

٣- یەکسانکردنی کردن لە نێوان ئەمانەو ئەوانەی دژ بەئومەت دەردەچنو خوێنو سەروەتو سامانی بەحەلاڵ دادەنێن؟! مجموع الفتاوى ٤/٤٥١ – ٤٥٢.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پاشـان ئامـاژە بـەوە دەدات بـە هـۆی ئـەم تێكەڵیـەی فەقیهەكانـەوە دەسـتەیەك لـەو فەقیهانە دەبنە شوێنكەوتەی زۆرێك لەحەزو ئارەزووەكانی پادشـاو كاربەدەسـتەكانەوە، فـەرمان دەدەن هاوشانیان كوشتار بكرێت دژبە دوژمنانیان، لەسەر ئەو بناغەیەی ئـەوان دادگـەرن‌و ئـەوانیتر یـاخی بوون... مجموع الفتاوی ٤/٤٥١.

لەكاتێكدا زۆربەی زانایان لە كۆندا ئەو كەسانەی دژ بە ئیمامە زۆردارەكان دەردەچـوون و بەچاكەخوازو ئەهلی فەزڵ و ڕەواخواز ناو دەبرد، وەكو حوسەینی كوڕی عەلی و خەڵكی مەدینە كـەدژ بەیەزید ڕاپەڕین‌و ئەو قورئان خوێنانـەی دژبـە حـەجاج‌و عەبدولمـەلیك ڕاپـەڕین، زانایـان لەوكاتـەدا بەحەرامیان دادەنا لە دژیـان بجـەنگێی، بـەڵكو هەنـدێ لەپێـشەوایان بـەواجبیان دادەنـا لەگـەڵیان دەربچی، هەندێكیشیان ئەم دەرچونەیان بەدروست(جواز) دادەنا، هەنـدێكی تریـشیان دیـدو بۆچـونی وابـوو لەگـەڵیان دەرنەچـی، بـەلام هـەموویان بەحـەرامیان دادەنـا بجـەنگێی لەهاوشـانی ئیمامـە زۆردارەكانەوە دژبە ڕاپەڕیوەكان، كەخاوەنی ڕەوایەتی بوون. (فتح الباری) ١٢/٤٨٦.

بەهەمان شێوە بەحـەرام دادەنـرا كوشـتاری ئەوكەسـە بكـرێ كەلەگوێڕایـەڵی ئیمـامێكی زۆردار دەرچووە كەدەیویست خوێنی بڕێژێ یاسامانەكەی زەوت كا یاناموسی سوك كـا، وەبـۆی هـەبوو بەپێی توانای خۆی بەرگری لەخۆیی‌و سامان‌و خاوو خێزانی بكا. ( فتح الباری) ١٢/٣٠١ و ١٦٢.

هەروەها بەحەرام دادەنرا كوشتاری ئەو خەوارجانە بكـرێ كەمـسوڵمانیان بـەكافر دادەنائەگـەر هـاتوو ئەوان دژبە ئیمامی زۆردار دەرچوبێتن، مەبەستیان نەبوبێ كوشتارو جەنگی مـسوڵمانان بكـەن‌و هـەڵ نەكوتنە سەریان.

عەلی (خ.ل) لەبارەی خەوارجەوە فەرمویـەتی:" ئەگـەر نـاكۆكی‌و دژایەتیەكـەیان لەگـەڵ ئیمامێكی دادگەردا بوو جەنگیان لەگەڵدا بكـەن، ئەگـەر دژو نـاكۆكیش بـوون لەگـەڵ ئیمـامێكی زۆرداردا شەڕیان لەگەڵ مەكەن، چونكە گوتەو بیروڕای خۆیان هەیە" فتح الباری ١٢/٣٠١.

بەهەمان شێوە ئەو یاخییانەی دژبە ئیمامی دادگەریش دەرچـوون یەكـسەر جـەنگیان لەگـەڵ نـاكرێ تاوەكو ئیمام بۆڕێكەوتن‌و چاكەخوازی بانگیان نەكا، وەدەبێ ستەمكاریەكەیان لەسەر هەڵگیرێ ئەگەر ستەمیان لێ كرابوو، جائەگەر هەر ڕازی نەبوون‌وشـەڕیان دەكـرد ئەوكاتـە ئیمـامی دادگـەر جـەنگ‌و كوشتاریان دەكاو پێویستە هاوپشتی بكرێ.(المغني) ابن قدامة ١٠/٥٣.

زۆرێك لەپێشین بۆچونیان لەگەڵ ئەوەدا بوو كەنابێت لەكاتی ئاژاوەی نێـوان مـسوڵماناندا بەشداری لە جەنگدا بكرێ، هەرچەندە ئیمامیش دادگـەر بێـت، سـەرەڕای هـەموو ئەمانـە زانایـانی دواین – هەروەك شێخی ئیسلام دەیلێ – هەموو ئەم جۆرانەیان تێكەڵ بەیەك كـردووە، یـەك بڕیـارو حوكمیان بۆداناون، ئەمەش لە بەرەنجامی شوێن كەوتنی حەزو ئارەزووی پادشایان‌و پـشتگیری كردنـی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەوانەوە بەدی هاتووە، زۆر بەخێرایی دڵیان ڕازی دەكـردن بەتـەئویل كردنـی دەقـەكان و پێـدانی واتـا گەلێك كە هەڵی ناگرێ و دەیانخستە خزمەتی دەسەڵاتدارانەوە؟!

(ابـن سـلمون الكنـاني) دەڵـێ:"ماليـك وتويـەتی: ئەگـەر هاوشـێوەی ئـەم خـاوەن ئارەزووانە(أهل الأهـواء) دەرچوون دژبە مسوڵمانانو خراپە كارییان كردو خوێنیان ڕشت، بۆچونم وایـە جەنگیان لەدژ نەكری مەگەر ئیمامەكە دادگەربێت، جائەگەر ئیمام دادگەر بـوو ئـەوا مافـە لەسـەر مسوڵمانان جەنگیان بكەن تاوەكو دەیانگێڕنەوە بۆدادگەریو ڕەوا، بەڵام ئەگـەر ئیمـام دادگـەر نـەبوو ئەوا بۆمسوڵمانان هەیە جەنگیان نەكەن، ماليك وتويەتی: ئەگەر شتی وا ڕویدا ئەوا لـەماڵی خۆتـدا دانیشە، ئەگەر ویستیان سامانەكەت ببەن بەشمشێرەكەت بجەنگێ لەگەڵیان، پـاش ئـەوەی داوایـان لێ دەكەی لەبەرخاتری خوا وازت لێ بێنن، (ابن القيم) وتويەتی: ئەگەر چوونە شـارێكەوە تـەنها ئیمـام و فـەرمانڕەوایان مەبەسـت بـوو ئـەوا جـەنگیان لەگـەڵ نـاكرێ، ئەگـەر هـاتوو ئیمامەكـە زۆردارو ستەمكاربوو، مەگەر بیانەوێ لەگەڵ ئەوەشدا زیان لەمسوڵمانان بدەنو سامانو داراییەكـەیان داگـیر بكەن، ئەوا هاو وێنەی ئەمانە پاش خاتر خوایی جەنگیان لەگەڵ دەكرێ، ئەگەر هەر وازیان نـەدەهێنا، ئەوا جەنگیان لەگەڵ دەكرێ، عيسا لە(ابن القاسـم)ەوە دەیگێڕێتـەوە كەپرسـیاری كاربەدەسـت(والی) یەكی لێ كرا كەكەسێك دەیەوێ لەكاربەدەستی لایبەرێ: ئایا پێویستە بەرگری لێ بكری ؟ فـەرمووی: ئەگەر وێنەی عومەری كوڕی عەبدولعەزیزبوو ئەوا شتێكی زۆرباشو شـیاوە بـەرگری لێ بكـری بـەڵام بەدەر لەوە وازی لێ بهێنەو ئەوەی دەیەوێ بابیكا، تاخوا تۆڵە لەستەمكار بەسـتەمكار بكاتـەوەو زاڵـم زەواڵی بۆپەیدا دەبێ، پاشان خوا تۆڵە لەهەردوكیان پێكەوە دەكاتەوە، ...".

(ابن القاسـم)یش شتێكی هاوشێوەی ئەمە لەهاوەڵانی مالیكـەوە دەگێڕێتەوە،لـە (مختـصر ابن شعبان) دا (ابـن القاسـم) لەمالیكـەوە دەگێڕێتـەوە، كەفەرمويـەتی: ئەگـەر خـەڵكی بەیعـەتی ئەمیرایەتیان بەخشی بەپیاوێك پاشان كەسێكی تر هەستاو بانگەشەی بۆبەیعەت پـێدانی خـۆیكردو هەندێكیان بەیعەتیان پێی دا، بەیعەت پێ دراوی دووەم دەكوژرێ ئەگەر پێشوو دادگەربوبێ، ئەگـەی وێنەی ئەم(سـتەمكارانەش) بێـت ئـەوا هـیچ پابەندیـەك بەبەیعەتەكـەوە نـاكرێ، ئەگـەر بەیعـەت پێدانەكەی لەترسابوبێو بەیعەت دانەكەش بۆدووەمە ئەگەر دادگەر بێت، ئەگینا بەیعـەتێكی وەهـای نیـە پابەنـدی پێـوە بكـری، (الأبهـري) وتويـەتی: ئەگـەر كۆمـەڵێك خـەڵك گەلەكۆمـەیان كـرد لەئیمامێكی دادگەرو بەهۆی حەزو دەمارگیرییەوە لەدژی دەرچوون – هەروەك خەڵكی شام كردیـان – ئەوا هەوڵیان لەگەڵ دەدرێ تاوەكو دەگەڕێنەوە بۆڕەوا، جگەلەویش وتويەتی: هەردەستەیەك كۆبويـەوەو ئیمامێكی بۆخۆی داناو بەرهەڵستی كرد لەفەرمان ڕەوایی ئیمامێكی دادگەر ئەوە یاخی(بـاغي)یـە... پێـشەوا (أبـو المعـالی) فەرمويـەتی: ئەگـەر والیو كاربەدەسـت زۆرداری كـردو سـتەم كردنـی رون و

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاشكرابوو  ئەوا ئەهلی حەلل‌و عەقد پێویستە ڕێگری لێ بكەن ئەگەر بەشیر هەلكێشان‌و جەنگ بەرپاكردنیش بووە). العقد المنظم بحاشية تبصرة الحكام ٢/١٩٥ – ١٩٧.

**سێیەم:** یەكێكیتر لەوهۆكارانەی سەری كێشا بۆبلاوبونەوەی ئەم گوتارە سیاسییە تەئویل كراوە بریتییە لە: بلاوبونەوەی فەرمودەكانی فیتنەو ئاژاوەگێڕی (أحاديث الفتن) كەتەئكید دەكەنەوە لەسەر ئەوەی هەر سەردەمێك كە دێت ئەوەی پاش خۆی لەو خراپترە، بێ تێگەیشتن لەواتای دروستی ئەو فەرمودانە، وای لێهات زۆربەی زانایانی دواین كاربكەن لەسەر هێشتنەوەو چەسپاندن ئەمری واقع‌و بەرگری لێكردنی، لەترسی ئەو داهاتووەی كەخراپترە لەئێستا، هەروەك دەقەكان تەئكید لەسەر ئەمە دەكەنەوە؟!

(حافظ ابن الحجر) وەلامی هەیە سەبارەت بەواتای ئەو فەرمودەیەی ئەنەس كاتێك كەخەلكی سكالای ستەمكارییەكانی حەجاجەوە دەبردە لای، وەلامی ئەنەسیش (خ.ل) ئەوەبوو دەیفەرموو:(اصبروا فإنه لا يأتي عليكم زمان إلا والذي بعده شر منه حتى تلقوا ربكم) رواه البخاري ٧٠٦٨. واتە ئارام بگرن چونكە لەڕاستی هیچ سەردەمێكتان بەسەرا تێناپەڕی كە ئەوەی دواتری لەو خراپتر نەبێت، تادەگەن بەپەروەردگاری خۆتان.

وەلامەكەی(حافظ)یش بریتیە لەوەی فەرمویەتی"ئەم ڕەهاییە، ئالۆزی‌و ئیشكالی بەرهەم هێناوە لەگەل ئەوەی هەندێ زەمەن زیان‌و خراپەییەكانی لەوەی پێش خۆی كەمترە، ئەگەر لەم ڕووەوە هیچ شتێ نەبێت تەنها سەردەمی عومەری كوڕی عەبدولعەزیز هەبێت –بەسە- كە كەمێك پاش زەمەنی حەجاج بووە، ناوبانگی سەردەمی ئەو زۆر رون و ئاشكرایە، بەلكو ئەگەر بوترێ : خراپە لەسەردەمی ئەودا پوكایەوەو تەنك بوو شتێكی دوور نیە، ئیتر چ جای ئەوەی بوترێ سەردەمی ئەو لەپێش خۆی خراپتر بووە، حەسەنی بەسری دەلێ: ئەمە بۆزۆرینەو زالێتییە، پرسیاری هاتنی عومەری كوڕی عەبدولعەزیزی لێكرا لەپاش حەجاجەوە ووتی: دەبێ خەلكی هەناسەیەك بدەن، هەندێك واوەلامیان داوەتەوە كەمەبەست لەم فەزل دانە فەزل دانی كۆی سەردەمەكەیە بەسەر كۆی سەردەمێكدا، چونكە لەسەردەمی حەجاج دا زۆرێك لەهاوەلان لەژیاندابوون، لەسەردەمی عومەری كوڕ عەبدولعەزیزدا بنەبڕبوبون، ئەوسەردەمەی هاوەلانی تێدا بێت باشترە لە سەردەمی دوای ئەوان، لەبەرئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (د.خ) "خير القرون قرني" ئەمەش لە (صحيح)دا یە، هەروەها ئەو فەرمودەیەی دەلێ: "أصحابي أمنة امتي فإذا ذهب أصحابي أتى أمتى ما يوعدون" أخرجه مسلم، واتە: هاوەلانم دەرگای ئاسایشی ئومەتەكەمن، ئەگەر هاوەلانم ڕۆیشتن ئومەتەكەم هەمو ئەوشتانەیان بەسەردادێ كەبەلێنیان پێدراوە.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پاشان دەبینین عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود مەبەستەكە بەئاشكرایی دەردەبڕێ، كەئەو شایستەترە بەشوێن كەوتن، فەرمویەتی :"هیچ ڕۆژێكتان بەسەردا تێناپەڕێ ئەمەی دوایی لەوەی پێشەوەی خراپتر نەبێ تادوارۆژ بەرپا دەبێت، مەبەستم توش بوونی خۆشگوزەرانی نییە، یاخود شتێ كەكەڵكی نەبێت، بەڵكو هیچ ڕۆژێكتان بەسەردا تێناپەڕێ لەوەی پێش خۆی زانستی تێدا كەمتر نەبوبێتەوە، ئەگەر زانایانیش ڕۆیشتن خەڵكی وەكو یەكیان لێ دێو یەكسان دەبن، فەرمان ناكەن بەچاكەو بەرهەڵستی خراپە ناكەن، لەئاوا كاتێكدا تیادەچن، لەڕێگەی ئەبوئیسحاقەوە ئەویش لە (أبي الأحوص) لە (ابن مسعود)ەوە هاتووە سەبارەت بەووتەی (شر منه) وتویەتی "ساڵێكی بەپیتمان توش هات، (ابن مسعود) فەرمووی :"مەبەستم ئەمە نیە، بەڵكو مەبەستم ڕۆیشتنو نەمانی زانایانە"، لەڕێگەی (شعبي)یەوە ئەویش لە(مسروق)ەوە دەگێڕنەوە كەعەبدوڵڵا فەرمویەتی:"هیچ سەردەمێك بەسەرتانا تێناپەڕێ ئەوەی دووایی لەپێش خۆی خراپترو زیان بەخشتر نەبێ، مەبەستم ئەوەنیە ئەمیرێ لەئەمیرێكی پێشووتر باشتر یاساڵێك لەساڵێكیتر باشتر نایەت، بەڵام زاناو تێگەیشتووەكانتان دەڕۆنو جێنشینیان نابیننەوە، خەڵكێكی تردێن بەبۆچونی خۆیان فەتوا دەدەن" دەربڕینێكی تریشی لەم بارەیەوە لێ دەگێڕنەوە"ئەوە كەمو زۆری باران نیە بەڵكو ڕۆیشتنی زانایانە، پاشان خەڵكێك پەیدا دەبن لەكاروبارەكاندا بەبۆچونی خۆیان فەتوا دەدەنو ناوی ئیسلام دەزڕێننو كەلوكۆنی دەكەنو دەیڕۆخێنن"، (الدارمي الأول) لەڕێگەی (شعبي)ەوە بەم دەبڕینە هێناویەتی :"مەبەستم بەپیتی ساڵێك نیە لەچاو ساڵێكیتردا" ئەویتری بەهەمان شێوەیە، لەجێی شارەزاكانتان(وفقهاؤكم) باشترینتان(خياركم) زیادی كردووە.

ئەگونجێ مەبەست لەو سەردەمە باسكراوانە سەردەمی هاوەڵان بێت، بنیات لەسەر ئەوەی گوتارەكە ڕووی لەوانە، بۆیە تایبەتە بەئەوانەوە، بەڵام ئەوانەی پاشتر دێن ئەوا فەرمودەكان نایانگرێتەوە، بەڵام ئەكرێ ئەنەسی كوڕی مالیك بەگشتی تێ گەیشتبێت، هەربۆیە وەڵامی ئەوكەسەی كەسكاڵای حەجاجی لادەكات بەوشێوەیە دەداتەوەو فەرمانی ئارامگریان پێدەكات، كە ئەوان یا زۆریان لە(تابعين)ن، (ابن حبان)یش لە(صحيح)ەكەیدا بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەی فەرمودەكەی (أنس) لەسەر گشتیەكەی نیە، بەهۆی بوونی ئەو فەرمودانەی لەبارەی مەهدییەوە هاتوونو باس لەوە دەكەن كەزەوی پڕدەكات لەدادگەری پاش ئەوەی پڕكراوە لەستەمو زۆرداری). فتح الباري ١٣/١٢.

لەگەڵ ئەوەشدا چەمكو تێگەیشتنی ئەوەی "هیچ سەردەمێك نایەت ئەوەی دوای خۆی خراپتر دەبێ" لەنێوان هەموو خەڵكیدا بڵاوبویەوە، ئەمەش سەری كێشا بۆبڵاوبونەوەی گیانی نائومێدبوون لەچاكسازیو ترسان لەداهاتو و خۆخستنە باوەشی ئێستاو ئارەزوونەمان لەگۆڕانكاری

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەوشێوەیەی قورئان هانی داوین لەو ئایەتەی خوای گەورە كە ئەفەرمویٚ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾الرعد:١١، ئەوەتا قورئان هەوالمان پیٚدەدا كەگۆڕانكاری لەدەروون و نەفسی مرۆڤەوە بەرەو باشتر یاخراپتر دەست پیٚدەكات، خوای گەورەش بەهیچ شێوەیەك ستەم لەبەندەكانی ناكات. پەرەسەندنی ئەم جۆرە تیٚڕوانینە بووە هۆی ئەوەی دڵ بەداهاتوو خۆش نەكریٚو موژدەی گەشبینی لەئارادا نەبیٚت، سەرەڕای ئەوەی چەندین فەرمودەی (صحيح) هەیە موژدە دەدەن بەگەڕانەوەی خەلافەتی ڕاشدین بەپیٚی ریٚ و ڕیٚبازی پیٚغەمبەر (د.خ)، وەبەوەی جاریٚكیتر ئەم ئاینە سەرلەنویٚ سەردەكەویٚتەوەو زەوی سەراپا پڕدەبیٚت لەدادگەری پاش ئەوەی سەراپای ستەمو زۆرداری بووە..... هتد.

ئەمانەو چەندین بەڵگەیتری هیوا بەخش وازیان لیٚ هیٚنراو، پەنا برایە بەر ئەو فەرمودانەی سەبارەت بە ئاژاوەوفیتنە دەدوێن، جەخت دەكرایەوە لەسەر ئەوەی هەر سەدەمیٚك كەدیٚ ئەوەی پاش خۆی خراپترە، تیٚگەیشتن لەو فەرمودانە بەشێوەیەكی نادروستو دوور لەمەبەستی خۆی بەدی هات، بەشێوەیەك ئەم تیٚگەیشتنە بوە هۆی سوور بونی هەمولایەك بۆئەوەی پاریزگاری لەئەمری واقع بكەن، وەكو ترسیٚك لەداهاتوو، خۆیان هەڵواسی بە حەجاج دا لەترسی كوڕەكەی؟!

ئەمە لەكاتیٚكدا میٚژوو پیٚچەوانەی ئەم بانگەشەیەی سەلماندووە سەردەمی موعاویە –كەبیست ساڵ بوو – سەقامگیریو خۆشگوزەرانی زۆرترو زیاتر بوو لەسەردەمی عەلی كوڕی ئەبو تالیب – خوایان لیٚ ڕازیبیٚت – سەردەمی عەبدولمەلیكی كوڕی مەڕوان باشتر بووە لەسەردەمی یەزید كە یەزید پیٚش عەبدولمەلیك بووە، سەردەمی عومەری كوڕی عەبدولعەزیز باشتر بووە لەپیٚش خۆی؟ سەردەمی هیشامی كوڕی عەبدولمەلیك –كەنزیكەی بیست ساڵ بووە – باشتر بووە لەسەردەمی ئومەویەكانی پیٚش خۆی، چاخی عەباسی یەكەم باشتر بووە لەكۆتاییەكانی چاخی ئومەوی، سەرەتاكانی جیٚنشینایەتی عوسمانیەكان باشتربووە لەكۆتاییەكانی عەبباسی....هتد.

**چوارەم:** تیٚگەیشتنی هەڵە سەبارەت بە فەرمودەكانی كەنارگیری كردن و خۆپەراویٚزخستن لە ئاژاوەو فیتنە وەكو فەرمودەی :"إذا رأيت شحا مطاعاً وهوى متبعا وإعجاب كل ذي رأي برأيه، فعليك بخاصة نفسك، ودع عنك أمر العامة" أبو داود ٤٣٤١، ترمذي ٣٠٦٠، وابن ماجة ٤٠١٤، وإسناده ضعيف، سلسلة الصحيحة٢٠٥. وچەندەها فەرمودەی تر لەم بوارەدا هۆكاری بلاوبونەوەی گیانی تاكیٚتی وون بوونی گیانی جەماعی(كە هۆكاری گۆڕینی واقعە بەرەو باشتر) و وازهیٚنان لەفەرزە كیفائیەكان كە ئەنجام دان و ڕاپەڕاندنیان پیٚویستی بەكۆمەڵە وەكو پشتیوان كردنی ستەم لیٚكراوو لابردنی خراپەكاریو... بلاوبونەوەی ئەم كەنارگیریٚتیە بەتایبەت لەنیٚو زانایانی ئوممەت دا(ئەمە جگە

له خەڵکی) کەبەتواناترین کەسێك بوون بۆسەرکردایەتی کردنیو ڕووبەڕوو بونەوەی ستەم، هەموو ئەمانە ڕێگەیان خۆشکرد بۆ زۆرداری سیاسی ...

ئەم گیانە تاکیو فەردییە کەنارگیرە هەرلەسەدەی دووەمەوە دەستی بەخۆدەرخستن کرد، سوفیانی سەوری بانگەشەی بۆکەنارگیری و وازهێنان لەدونیای دەکرد، حلية الأولياء ٦/٣٨٨، وەدەیوت :"اتركوا لكم دينكم فاتركوا لهم دنياهم" حلية الأولياء ٦/٤٦، واتە ئاینەکەتانیان بۆجێهێشتوون، ئێوەش دونیایان بۆ بەجێ بهێڵن، لەگەڵ ئەوەی ئەم ووتەیەی لەچاخێکدا وتووە کەدونیا ویستەکان دینو شەریعەتیان پیادە دەکردوو بەجێیان دەهێنا، هەرچەندە هەندێ لادانیش بوبێ — بەڵام ئەم فەلسەفەیە سەری کێشا بۆ باوەڕبوون بەوەی دەکرێ ئایین بەرپابکرێو ئەنجام بدرێ بێ‌ئەوەی دونیاش هاوشانی بێ؟

بەهۆی بڵاوبونەوەی ئەم جۆرە فەلسەفە مەترسیدارەوە(أتركوا لكم دينكم فاتركوا لهم دنياهم)، کە لە سەدەی دووەمدا وتراوە ووردە ووردە بڕیارەکانی شەریعەت پەراوێزخرا، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری خەلیفەکانی ئەو کاتە بە شێوەیەکی گشتی لەزانایانی تێگەیشتوو خەڵکی چاکەخواز بوون (هەرچەندە هەندێ ستەمیان ئەنجام دابێ) ئایین کۆڵەکەی سەرەکی دەوڵەتەکەیان بوو، کەنارگرتنی هەرکەسێ کەبیویستایە کەناربگری لەوماوەیەدا دینو دونیای خەڵکی بەوڕادەیە زیانی پێ نەدەگەیشت.

(عمر بن حوشب)ی والی هەستی بەمەکردبوو، چووە لای سوفیانی سەوریو سەلامی لێ کرد، سوفیان پشتی تێکرد، عومەر پێی ووت: ئەی سوفیان، بەخوا ئێمە لەتۆ سود بەخشترین بۆخەڵك، ئێمە کۆڵ هەڵگرو خوێن خۆش کەرینو پێداویستیەکانی خەڵکی ئەنجام دەدەینو ئاشتەوایی نێوانیان دەکەین، تۆتەنها پیاوی خودی خۆتیت، بەمە سوفیان ڕووی تێکردو قسەی لەگەڵ کردو بۆی کرایەوە. سير أعلام النبلاء ٧/٢٤٦.

سوفیان— لەگەڵ کەنارگیرییەکەیدا — دەیفەرموو:"هەرکەسە بپارێتەوە بۆمانەوەی ستەمکار ئەوە پێی خۆشە سەرپێچی خوا بکرێ. حلية الأولياء ٦/٤٦.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بانگەشەیە سەری کێشا بۆ کەنارگیربون لە کۆمەڵگەو وازهێنان لەدونیا لەپێناو ئایین دا، لەگەڵ ئەوەی پایەدارکردنی ئایین بەبێ دونیا ناکرێ، ناگونجێ ئیسلام بەبێ دەوڵەت پەیام و ڕێنماییەکانی بگات... ئەم بانگەشەیە دەروازەی خستە سەرپشت، ڕێگەی خۆش کرد بۆ پەسەند کردنی ئەو گوتارە سیاسیەی لەقۆناغی سێ‌هەم دا بەدیدێت، واتە بانگەشەکردن بۆ عەلمانیەتو جیاکردنەوەی ئایین لەواقعی ژیان؟

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**پێنجەم:** یەکێکیتر لەو هۆکارانە بریتی بوو لە بلاوکردنەوەی گیانی ناچاریتی(روح الجبر) لەلایەك و (إرجاء) لەلایەکی ترەوە، بەهۆی بلاوبونەوەی ڕێبازی ئەشعەری کەهەردوو باوەڕی (جبر)و (إرجاء) لەخۆدەگرێ، جەبری بون(الجبر): بریتیە لەوەی باوەڕت وابێ مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بکەری کردارەکانی خۆی نیە، بەڵکو بەخوازەو واتە گۆڕی (مجاز) بکەریانە.

(الإرجاء)یش : بریتیە لەوەی باوەڕت وابێ کە (ئیمان) تەنها بەڕاست دانان(تصدیق)ە، کوفرو بێ باوەڕی تەنها بەئینکاری کردن(الجحود)ە، أصول الدین للبغدادی ٢٤٨. نەك شتی تر، خەلیفەکان هەرلادانو خراپەکاریەك بکەن لەبازنەی ئیسلام دەرناچن، مادەم شایەتمان دێننو بەردەوامن لە داننان بەو شایەتمانەدا، ئیتر با هەرچی حەرام کراوەکانە بۆخۆیانی حەلالٚ کەنو هەرچی گوناهی گەورەیە ئەنجامی دەن، چ خراپەیەك هەیە پێی هەلٚسن ..... هتد.

ئەمەش ڕێك بەپێی حەزو ئارەزووی پادشاکانە هەروەك مەئمون وتویەتی:"الإرجاء دین الملوك" ئیرجا(مورجیئی بون) ئاینو بیروباوەڕی پادشاکانە؟

بلاوبونەوەی (الجبریة): کەبریتی یە لەو باوەڕەی وادەبینێ مرۆڤ وەکو پەڕێك وایە لەبەردەم کونەبایەکدا، یاخود ئەو بکەری ڕاستەقینەی کردارەکانی نیە، سەری کێشا بۆ مل دان و خۆ دانە دەست واقعو پالٚ لێدانەوە، بەبیانوی باوەڕبوون بەقەزاو قەدەر، بەپێچەوانەی کارو کردەوەی هاوەلانەوە—خوایان لێ ڕازیبێت- کەبەقەدەر ڕووبەڕووی قەدەرەکان دەبونەوە لەقەدەری خواوە بۆقەدەری خوا هەلٚدەهاتن.

تەواوی ئەمانە سەری کێشا بۆ ئەو بیروباوەڕەی کەئەم واقعە بریتیە لەوەی خوا دەیەوێ، ئەم بیروباوەڕە بەهەمان شێوە لەنێو سۆفیەکانیشدا بلاوبویەوە لەبەرئەوەی جیاوازییان نەدەکرد لەنێوان ویستی گەردونیو شەرعی خوای گەورەو ئەم دوو شتەیان تێکەلٚ دەکرد، هەربۆیە لایان دروست نەبوو بەرگریو بەرهەلٚستی ویستی خوا بکەن، بەلٚکو پێویستە ڕازی بنو ملکەچی دەرببڕن ؟

پادشا ستەمکارەکان سزایەکن لەلایەن خواوە نێردراون، بەلاش بەپاڕانەوەو دوعا بەری لێ دەگیرێ — هەروەك ئەمە بیردۆزەی حەسەنی بەسری بوو — نەك بە هێز کە پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمانی پێداوە هەروەك فەرمویەتی :"من رأى منكم منكراً فليغيره بيده .... " هەرکەسێ لەئێوەخراپەیەکی بینی بابەدەستی بیگۆڕێ، وەفەرمودەی:"لتأخذن على يد الظالم" دەبێ دەستی زۆردارو ستەمکار بگرن، وەفەرمودەی :"إلا أن تروا كفراً بواحاً فيه عندكم من الله برهان"مەگەر کوفرێکی ئاشکرای وا ببینن لەلایەن خواوە بەلٚگەتان لەسەری هەبێ، واتە: لەوکاتەدا هێز بەکار بهێنن .... هتد.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جا ئەگەر کاتێ تەواوی ئەم بیردۆزەو بیرو بۆچوونانە پێکەوە کۆببنەوە (ئیرجا –جەبری – کەنارگیری – ڕازی بوون بەبەلاو بەرهەڵستی نەکردنی مەگەر بەپاڕانەوە .....) ئەوا بەرەنجامەکان هەربەو شێوەیە دەبێت کەئومەتی ئیسلامی لەماوەی چەند سەدەیەکدا گوزەراندویەتیو دەیگوزەرێنێ، هەرەس هێنانو شکستی ئەم ئومەتە لەبەرییێ لەشکری تەتارەکاندا بەرەنجامێکی لۆژیکانەی سروشتی بلاوبونەوەی ئەم جۆرە بیردۆزەو تێڕوانینانەبوو، کە لە دوتوێدا تۆوی مردنو لەناوچونی هەر ژیارێکی تێدایە کەهەڵگری ئەم بۆچونانەبێو ڕەواجی پێبدا، وەبۆ هەرئومەتێکی تریش مل بەم بۆچونانە بداو باوەڕیان پێ بهێنێت.

**شەشەم:** زیادەڕەوی کردنی زۆر لە گوێڕایەڵی کردنی سوڵتانو دەسەلات دارو پۆشینی جۆرێك لەپیرۆزیو قودسیەت بەبەریاندا و زەبەلاح کردنی پلەوپایەیان، بەرادەیەك شتی وا لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دا باو نەبووەو نەکراوە، خەلیفەکانی ڕاشدی وەك نوێنەری خەڵکی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، هیچ تایبەتمەندیەکی جیالەحەڵکیان نەبوو مەگەر مافی گوێڕایەڵی کردن لەگوێ ڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەیدا (د.خ)، ئەم زیادە ڕەوییە لەسەردەمی ئومەویەکان، لەشام دا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بوترێت: لەبێفەرمانی خوداش دا گوێڕایەڵی کردنی خەلیفەکان دروستە؟ منهاج السنة ١/٢٣٢، وەخوای گەورە لەگوناهەکانیان خۆش دەبێ هەرچیان کردبێو لەتاوانو خراپەکاریەکانیان دەبورێو .... منهاج السنة ١/٢٣٢، البداية والنهاية ٩/٢٤١ في أحداث سنة ١٠٥هـ.

هەرئەمەش وایکرد لەعومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەوتارەکانیدا زۆر تەئکید بکاتەوە لەسەر ئەوەی لەبێ فەرمانی خوادا هیچ گوێڕایەڵیەکیان ناکرێ(طبقات ابن سعد ٥/٢٦٤ و البداية والنهاية ٩/٣٢١)، لەبەر بلاوبونەوەی ئەم بیرو باوەڕە لەنێوان خەڵکی شام دا، پاشان زیاتر برەوی سەند، وای لێهات زیادەڕەوی لەگوێڕایەڵی کردنی خەلیفەکاندا لەنێوان عامەو خاسەدا بلاوبویەوە، بەبیانوی ئەوەی مانەوەی ئەوان مانەوەی بیروباوەڕو میللەتە، بەنەمانیشیان نامێنن، فەرمودەکانی پێویستی مل کەچیو گوێڕایەڵییان بەڕوکاری دروستی خۆی نەدەخوێندەوەو لێی تێ نەدەگەیشتن تاوەکو – بێئەوەی هەست بکەن – پلەوپایە خوایەتی بەخشیە هەندێ لە فەرمانڕەواکان بەوەی کە ناکرێ پرسیاریان لێ بکرێ لەوەی دەیکەن بەڵکو ئەوان لێ پرسراون؟

کاتی وا هەبووە کار گەیشتوەتە ئەوەی زەوی لە بەر دەستو پێیاندا ماچ بکرێ، بەشێوازگەلێك لەگەڵیان دەدوانو نازناوی گەورەی وەهایان بەکاردەهێنا کەتەنها بۆخوا دەشێو شایستەی خوایە(سير أعلام النبلاء٨/٦٧).

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وای لیّ هات دانانی ئیمامو پارێزگاری کردن لەبونی کرایە مەبەست، پاش ئەوەی ئەمە خۆی هۆکارێك بوو، فەرمان ڕەوایەتیو بڕیاری ئیمام بوو بە پەرستشێکی ڕووت پاش ئەوەی لەگوتاری سیاسی دابەزێنراودا — بڕیاری بەرژەوەند خوازانەی هۆکار داربوو؟!

لەگەڵ ئەوەی مەبەست لەئیمامەت بریتی بوو لە:"پاراستنو پارێزگاری کردن لەئایینو بەڕێوەبردنی کاروباری دونیا"، کەچی لەم قۆناغەدا بوونی خودی ئیمام بووبەمەبەست، هەرچەندە ئیمام خەمتەرخەمیش بکا لەوئەرکەی کەبۆی دانراوە، بەڵکو ئەگەر ئایین هەرەس پێبێنیو تێكوپێکی بداو دونیاش خراپو وێران بکا، لەبەرئەوەی کافرنەبووە ئەوا حەرامە کەنارخرێو لەکارلادرێ، تەنانەت ئەگەر خۆیشی بیەوێ خۆی لەکارلابباو دەست لەکار بکێشێتەوە؟!!

ئەمەش زۆر بە ڕوونی لای خەڵکی شام و شیعەی ئومەوییەکان بەدی دەکرا وزیادە ڕەوییەکی زۆریان پیشان دەدا لە گەورەکردنی گوێڕایەڵی دەسەلاتداردا بە هۆی کاریگەربونیان بەو ڕۆمانەی پێش فەتحی ئیسلامی فەرمان ڕەوایەتی ئەو ناوچەیان دەکرد، دیارە خەڵکی فارس و عێراق و شیعەی عەباسیەکان لەم ڕووەوە کەوتبونە ژێر کاریگەریی فارسەکان و بەگەورەگرتنی کیسراکان، کە ئەم جۆرە ڕەفتارو لادانانە لە سەردەمی هاوەڵان و لە مەدینەدا، تا ئەو کاتەی خیلافەتی ئومەوی گواسترایەوە بۆ شام و پاشان عەبباسییەکان لە عێراق دا بەدی نەدەکرا...

دیارە ئیمامەت و فەرمان ڕەوایەتی لە ئیسلام دا چەندین کارو ئەرکی گرنگی هەیە و زانایان بە دوورو درێژی قسە وباسیان لە سەری کردووەو بەباشی لە سەری دوواون، ئێمە لێرەدا ناچینە سەری و خوێنەر ئاراستەی ئەسڵی ئەم کتێبە دەکەین کە بەشێك لەو ڕۆڵ و ئەرکانەی خستووەتە بەرباس...

خیلاف سەبارەت بەوەی ئایا هەڵسوکەوت
و تەسەڕوفەکانی ئیمام بە ویلایەتە یان وەکالەت....١٧٨

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەم قۆناغەدا ناکۆکیەك سەبارەت بەم کێشەیە هاتە ئاراوە، کەئەویش بریتیە لەوەی: ئایا هەڵسوکەوتەکانی ئیمام بەرامبەر ئوممەت لەڕێی بریکاریی(وکالة)وەیە یاخود سەرپەرشتیاری (ولایة)ەوەیە؟

(المرداوي الحنبلي/٨٨٥ك.ك) دەڵێ" ئایا بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی لەلایەن ئیمامەوە بەوپێیەیە کەبریکاریانە یاخود وەکیلو سەرپەرشتی کارە؟ ئەمە دوو ڕووی هەیە ... قازی (أبو يعلى) ئەوەیانی هەڵبژاردووە کەئیمام لەکاروباریدا بریکاریانە، لە (أحكام السلطانية)دا دووگێڕانەوەی باس کردووە سەبارەت بەدامەزراندنی ئیمامەتەکەی ئەگەر هاتوو بەزۆر دەستی بەسەراگرتبێ، ئەمەش بەهەمان شێوە جێی ئەوەیە بکرێتە بناغە بۆئەو جیاوازییەی سەبارەت بەسەرپەرشتیاری (الولاية)و بریکاری (الوكالة)هەیە.

لەسەر ئەم جیاوازییە ئەوە بنیات دەنرێ، کەبەلابردنو کەنارخستن لادەبرێ... ئەگەر وتمان: ئەوبریکارە، ئەوە دەتوانێ خۆی کەنارخا، ئەگەریش ووتمان: ئەو سەرپەرشتیارو کاربەدەستە، بەلابردنو کەنارخستنیش لانابرێ. وەئایا بۆیان هەیە کەناری خەن؟ ئەگەر لەسەر داوای خۆی بێت: ئەوا حوکمەکەی حوکمی خۆکەنارخستنە، ئەگەریش خۆی داوای نەکا، ئەوا بەبێ جیاوازی لادروست نییە لابرێ" الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف ١٠/ ٣١٠ – ٣١١.

بەم شێوەیە ووتنی ئەوەی ئیمامەت بەدەست بەسەراگرتنو زۆرداری دادەمەزرێ، سەری کێشا بۆ ووتنی ئەوەی هەڵسوکەوتو کار بەڕێوەبەرییەکانی ئیمامەت بۆ ئوممەت بەسیفەتی سەرپەرشتیاری و ولایەت، وەکو سەرپەرشتیاریو ویلایەتی باوك وایە بەسەر کوڕە منداڵو بێدەسەلاتەکەیەوە، نەوەك بەوسیفەتەی بریکاری ئەوانە، چونکە بەهێز گرتویەتییە دەست، بێ ئەوەی ویستی ئەوانی تێدابێت، بەهەمان شێوەی دەسەلاتی سەرپەرشتیار(ولی)، بەلام بریکار وانییە، چونکە بریکار بەبێ ویستی خاوەن کار ناتوانێ ئەو دەسەلاتەی هەبێت.

کاتێکیش ئەم بیروڕایە ووترا - واتە هەڵسوکەوتو کاربەڕێوەبەرییەکانی بەسیفەتی ئەوەیە کەسەرپەرشتیارە – ئەوەی لێوە هەڵدەگۆزرێ کەناتوانرێ لەکار لابرێ، چونکە منالی بچوكو ئافرەت ناتوانن سەرپەرشتیارو وەلی خۆیان لەکاربخەن، بەوپێیەی سەرپەرشتیارێتی باوك بەسەر منالەکانیەوە بەویستی خۆیان نیە، هەربۆیە ناکرێ لەکاری بخەن، بەهەمان شێوە ئەگەر ئەمە سەلمێنرا ئەوا بۆی نیە دەست لەکار بکێشێتەوەو خۆی لابەرێ ؟!!

بەم شێوەویە ئیمام لەبریکارێکەوە کەدەکرێ لەکارلابرێ –هەروەك لەقۆناغی یەکەمی گوتاری سیاسیدا وابووە – گۆڕا بۆ سەرپەرشتیارێك لەگوتاری دووەمی تەئویل کراودا وابوو، کەناکرێ لەکار لابرێ ؟!

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەم بۆچونەش لەلای خۆیەوە سەری كێشا بـۆ ووتنـی ئـەوەی ئیمامـەت گرێبەسـتێكی بەردەوامەو ناكرێ كاتی دیاریكراوی بۆدابنێ، بەڵكو ئیمام هەر بـەئیمامی خـۆی دەمێنێتـەوە تـاكو مردن.

بەم شێوەیە ئەم گۆڕانكارییە بەسەر گوتـاردا هـات، بـەهۆی زیـادەڕەوی لەگـەورەكردنی پلەوپایەی ئیمامو دەسەڵاتەكانی ئەودا، وەزیادەڕەوی لەوەدا كە ئوممەتو خـەڵكی بەئیمامـەوە گـرێدرا لەجێی ئەوەی ئیمام بەئوممەتەوە گرێدرێ، ئەمە لەكاتێكدا لەگوتاری یەكەم دا — بـەڵكو لەسـەرەتای قۆناغەكانی گوتـاری دووەمیـشەوە — جیاوازییـەكی وانـەدەبینرا لـەوەدا كـەئیمام بریكـاری ئوممەتـە هەروەك قورتوبی -٦٧١ك.ك- فەرمویەتی:"ئیمام دەڕوانێتە كاروبـاری خـەڵكیتر، هەربۆیـە پێویـستە فەرمانو بڕیارەكانی بڕیاری دادوەر —واتە قازی— بێت، كەواتە بریكاریش بـۆی هەیـە دەسـت لـەكار بكێشێتەوەو خۆی لاببات، لەڕاستیدا ئیمام بریكارو جێگری ئوممەتە، كاتێكیش ئیتیفاق هەبوو لـەوەدا كەبریكارو دادوەرو هەموو ئەوانەشی كەسی تر جێگەیان دەگرێتەوە لەشتێكدا، بۆی هەیە خۆی لەكار لابەرێ، بەهەمان شێوە ئیمامیش پێویستە بەوشێوەیە بێت" تفسیر القرطبي ١/٢٧٢.

پێشەوا (الحرمین الجـوینی الـشافعي) — ٤٧٨ك.ك- فەرمویـەتی : لابـردن بۆئەوكەسـە یـە كـە گـرێ بەستەكەی ئەنجام داوە (واتە ئەهلی حەللو عەقد)، غیاث الأمم ل ١٢٦.

پاشان فەرمویەتی:"ئیمام ئەگەر شتێكی وای نـەكرد پێویـست بـێ لابـبرێو لـەكاربخرێ، ئەوانەشی گرێبەستەكەیان بۆئەنجام دابوو دەیان ویست لەكاریخەن، ئەوا بەپێی یەك دەنگی پێـشەوایان بۆیان نیە ئەوكارەبكەن، چونكە گرێبەستی ئیمامەت پابەندێتی دەخوازێ و ناتوانرێ هەڵبوەشـێنرێتەوە ئەگەر هۆكاری پێویست لەئارادا نـەبێت بۆهەڵوەشـانەوەی...بـەڵام ئەگـەر ئیمـام ویـستی دەسـتی لێ هەڵبگرێو خۆی لابەرێ لەم ڕووەوە ڕێبـازی زانایـان ئاڵۆزییـەكی تێدابـەدی دەكـرێ...ئـەو وا بەباشـتر دەزانێ، ئەگەر لابردنی خۆی بەرژەوەندی تێدا بێـت ئـەوە دەبـێ خـۆی لـەكار لابـەرێ، هـەروەك چـۆن حەسەنی كوڕی عەلی بەو شێوەیەی كرد كاتێ دەستی لەخەلافەت هـەڵگرت بۆموعاویـە، خـۆ ئەگـەر ئەو كارەی سەری كێشا بۆخراپەكاریو زەرەرمەندی، ئەوا ڕێگری لێ دەكـرێ" غیـاث الأمـم ل ١٢٨ — ١٢٩.

پاشان سەبارەت بەو گۆڕانكارییەی بەسەر باری ئیمام دا هاتووە فەرمویـەتی: بـەڵام ئەگـەر بەردەوام بـوو لەسەركەشـی، دەسـت درێـژی بڵاوبویـەوە، خراپـەكاری ئاشـكرابوو، مـافو سـنورەكان لەكارخرابوون، پارێزگاری نەدەكرد، ناپاكی ئاشكرا بوو، سـتەمكاران بـێترسو بـیم بـوون، سـتەم لێ كراویش كەسی دەست نەدەكـەوت سـتەم لێ كراوییەكـەی نـەهێڵێو مـافی بۆبـسەنرێتەوە، كـەلێنو كەمتەرخەمی ڕووی لەكارەگەورەكان كردبوو، قوڵلەو قەڵاكان لەكاركەوتبوون، ئەوا پێویـستە خـەمی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەوبارە شپرزو ئالۆزە بخوریت، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئیمامەت بۆئەوە دادەنری ئەم بارودۆخە رونەدات و بەدی نەیەت، جائەگەر بارەكە سەری كیشا بۆپیچەوانەی ئەوشتەی سەركردایەتی و سیاسەت دەیخوازی، ئەوا بیگومان پیویستە فریای بكەوی، وازهینان لەخەلك بەوەی سەرگەردان و بیكەس بسوریتەوە و كەس نەبیت لەسەر رەواو نارەوا كۆیان بكاتەوە باشترە بۆیان لەوەی شوینی كەسیك بكەون و كەسیك بكەنە سەركردەی خۆیان لەكاتیك دا ئەوكەسە هاوكاری ستەمكاران و پەناگەی مل هوران و پشت و پەنای لەری دەرچوان بیت... ئەگەر توانرا ئیمامیك دابنری كۆكەرەوەی ئەوسیفەتانە بیت كەجیی رەزامەندییە ئەوا پەلە دەكری بۆهەلبژاردنی... ئەگەر زانیشمان بەبی خوین رشتن و پیكدادان و تیاچونی خەلكی و بەفیرۆدانی سامان و دارایی ئیمام دانانری ئەوا لەم كاتەدا ئەوسەرەنجامە دەپیوری كەخەلكی بەئاراستەیدا دەرۆن و گوزەرانی تیدا دەكەن، جائەگەر ئەو واقعەی هەیە زیانی زۆرتربوو لەوەی مەزەندە دەكری رووبدات، ئەوا پیویستە بەرگەی توشهاتەكان بگیری لەپیناوی نەهیلانی گیروگرفتە هەنوكەییەكان، بناغەی ئەمەش دەگەریتەوە سەر بەدیهینانی بەرژەوەندی مسولمانان و گەرانەوەی زۆرترین سوودو قازانج بۆیان، وەبەرگەگرتنی سوكترین زیان و زەرەر ئەگەر نەدەكرا خۆپاریزی لی بكری.... ئەوكەسەی ئیمامەتی بەدەستە ئەگەر خراپەكارییەكانی زۆرو زەوەندە بوون و خووە خراپەكانی فرەبوون و هەلەو هەلترازانی یەك بەدوای یەكدا دەهاتن، ترسی لەدەست چونی كرۆك و پایەكانی ئیسلام هاتە ئاراوەو كەسیشمان نەبینیەوە بیكەینە ئیمام بۆئەوەی بەرهەلستی ئەوكەسە بكا بەوشیوەیەی بەرهەلستی و بەرگری یاخی بووان دەكری، ئالەكاتەدا ئەگەر ریك كەوت كەسیكی گویرایەلی كراوی خاوەن كەس وكارو كۆمەل، لەریی خوادا هەلدەسا بەفەرمان بەچاكەو نەهی كردن لەخراپە، بەكاروباری مسولمانانیش هەلدەسا ئەگەر مسولمانان هاوپشتی بكەن – بابەردەوام بیت لەوەدا خوای گەورە پشتیوانیەتی. غیاث الأمم ل ١٠٦ – ١٠٧ .

لیرەدا ئیمامی (جوینی) تەئكید لەسەر ئەوەدەكاتەوە كەواجبیتی دانانی ئیمام وەك حوكمیكی شەرعی پاساو دراوە بەمەبەستی پاراستنی وولات و راپەراندنی بەرژەوەندییەكانی ئوممەت، بەوەی ئایین بپاریزی و كاروباری دونیا بەریوە ببری، جائەگەر بوونی ئیمام پیچەوانەی ئەم مەبەستەی دەدا بەدەستەوە، بەشیوەیەك سەری دەكیشا بۆلەدەست دانی دەولەت و مافەكانی ئوممەت و بەرژەوەندییەكانی، لەرووی شەرعەوە پیویستە لەكاربخری و ئیمامیكی بەتوانا دابنری بۆئەوەی بەوكارانە هەلسی كەپیی سپیردراوە، چونكە وازهینان لەخەلكی بەبی ئیمام باشترە لەئیمامیك ریگرییان بكات و خوینیان بریژی و حەرام كراوەكان حەلال بكات، چونكە ئیمامەت بۆمەبەستیكیتر پیویست بووە، زۆربەی زانایانی پیشین لای كەمی ئەوكارانەی ئیمامیان دیاری كردووە كەپیویستە ئیمام پیی هەستی تاوەكو واجب بیگویرایەلی بكەن، هەروەك عەلی كوری ئەبو تالیب(خ.ل)

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

فەرمویەتی:"مافە لەسەر ئیمام بەوپێیە فەرمان ڕەوایی بکا کەفەرمانی خوایە، وەسپاردە بگەیەنێت، ئەگەر ئەوەی کرد ئەوە مافە لەسەر مسوڵمانان گوێبیستی بن و مل کەچی بکەن و بەدەم داواکانیەوە بچن" الخلال في(السنة)دا ص١٠٩بسند صحيح، هەروەهافەرمویەتی:"ئەی خەڵکینە، تەنها ئەمیری چاکەخوازو خراپەکار کاروبارتان سازدەکات، وتیان: ئەوە چاکەکارەکەمان زانی، ئەی خراپە کارەکە چۆن؟ فەرمووی کار بۆباوەڕداران دەدۆزرێتەوەو مۆڵەتی خراپەکارانیش دەدات، خواش کارەکانی بۆدەگەیەنێ، ئاسایشی ڕێگاوبان دەپارێزێ، بازاڕەکانتان گەرموگوڕ دەکات، دەست کەوتەکانتان بۆدابەش دەکات، جیهادی دوژمنانتان دەکات، تۆڵەی بێدەسەڵات لەبەهێزو دەسەڵاتدارەکان دەسێنێ" مصنف أبي شيبة ٧/٥٦٢.

لێرەدا عەلی(خ.ل) پاساوی زەرورەتی میرایەتی هەرچەندە ئیمامەکە خراپەکار(فاجر)یش بێت بەوە دەداتەوە کە بەرگریکارە لە کرۆکی ئیسلام و جیهادی دوژمنان دەکات و هەڵ دەسێت بە دابە شکردنی دەست کەوت و فەرمان ڕەوایی خەڵکی و مافی بێدەسەڵات لەدەسەڵات دار ئەسێنێ و .... هتد، بەڵام ئەگەر بەم مەبەستانە هەڵنەسا ئەوا نەبوونی لەبونی باشترە.

پێغەمبەریش (د.خ) فەرمویەتی :"أيها الناس: اتقوا الله، واسمعوا وأطيعوا، وإن أمّر عليكم عبد حبشي ما أقام فيكم كتاب الله عزوجلّ"أحمد في المسند ٤/٧٠و ٥/٣٨١ و ٦/ ٤٠٢ – ٤٠٣ بإسناد صحيح.،لەگێڕانەوەیەکیتردا "ما أقام لكم كتاب الله" الترمذي ١٧٠٦حسن صحيح. لەگێڕانەوەیەکیتردا "ما قادكم بكتاب الله" أحمد في المسند ٦/٤٠٣ بسند صحيح، و مسلم ١٧٠٦. لەم فەرمودەیە بە گێڕانەوە جۆربەجۆرەکانیەوە گوێڕایەڵی و ملکەچی کردۆتە مەرج ئەگەر کیتابی خوا پەیڕەوکرا.

شێخی ئیسلام دەفەرموێ: "کیتابو دادگەری گرێدراوی یەکن، کیتاب ڕوونکەرەوەی شەرعە، هەرکەسەش بەدادگەری فەرمان ڕەوایی کرد ئەوا فەرمان ڕەوایی بەشەرع کردووە" مجموع الفتاوى ٢٥/٣٦٦.

هەرکاتێ عومەر کەسێکی بکردایەتە کاربەدەست لەپەیمانەکەیدا دەینوسی:"گوێڕایەڵی و مل کەچی بکەن تا ئەوکاتەی دادگەریتان لەناودا پەیڕەو دەکات(السنة)ی الخلال ١١٢ بإسناد صحيح عن محمد بن سيرين. بۆخەڵکی کوفە نوسی :"هەرکەسێ ئەمیرەکەی ستەمکی لێ کرد ئەوا لەلایەن منەوە ئەو ئەمیر نییە، پیاو هەبوو دەچووەلای (مغيرة بن شعبة) ئەمیری کوفە ئەیوت: یا ئەوەتا مافی خۆمت لێ دەستێنم، یائەوەتا میرایەتیت بەسەرم دا نیەو ئەمیری من نیت"(السنة)ی الخلال ١١٨ بإسناد صحيح...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

عومەر نوسراوێكی بۆمیری بەسرە ئەبوموسای ئەشعەری نوسی "پاش سوپاسو ستایش، بەردەوام خەڵكی كەسایەتی — واتە سەركردە- یان هەیە پێداویستییەكانی خەڵكی دەخەنەڕوو، لای خۆتەوە ڕێز لەوكەسایەتیانە بگرە، مسوڵمانی كەم دەسەلات ئەوەی دەوێ كەلەفەرمان ڕەوایەتیدا دادگەری لەگەڵدا بكرێو (لەبەخشین)دا بەشی بدرێ"(السنة)ی الخلال بإسناد صحيح...

قازی (إياس بن موعاويە — ١٢٢ ك.ك) باس لەلانی كەمی ئەركەكانی ئیمام دەكاو لەوبارەوە وتویەتی:"پێویستە سێ شت بۆخەڵكی بكرێ، ئەبێ ئاسایشی ڕێگاوبانیان بۆبپارێزرێ، بۆفەرمان ڕەوایەتی كردنیان كەسێك هەڵبژێردرێ تاوەكو بەدادگەری فەرمان ڕەوایەتییان لەنێواندا بكات، وەكاری ئەو نوێنەرانە ڕێك بخا لەنێوان ئەوانو دوژمنانیاندایە، ئەگەر دەسەلاتدار ئەم شتانەی ئەنجام دا ئەوا خەڵكی ئارام دەگرن لەبەردەم شتەكانیتری وەك خۆخۆیی(أثرة) زۆر شتیتر كەپێیان ناخۆشە" أخبار القضاة ١/٣٥٥ بإسناد صحيح.

قورتوبی فەرمویەتی:"ئیمام بۆبەرهەڵستی دوژمنانو پاراستنی كرۆكو ناوەڕۆكی ئیسلامو چارەسەركردنی كەلێنو پێدانی مافەكانو پیادەكردنی سنورەكانو كۆكردنەوەی سامانو دارایی بۆخانەی سامانو دابەش كردنی بەسەر كەسەشیاوەكاندا دانراوە" الجامع لأحكام القرآن ١/٢٧١.

لەڕاستیدا ئەوچەمكانەی نمایندەی بنەماكانی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراویان دەكرد ونبوون، چەمكی:"اسمع وأطع وإن أخذ مالك وضرب ظهرك"، واتەگوێبیستو مل كەچ بە ئەگەر ماڵەكەشتیان بردو داركاریشتیان كرد بلاو بویەوە، ئەم دەربڕینە بۆمەبەستێكیتر بەكار هاتو لەجێی خۆیدا بەكار نەهێنرا، بەڵكو پاشتر بوبە ڕێساو بنەمایەك لەبنەماكانی بیروباوەڕ، هەرئەمەش بویە سوننەو كۆڕا، هەركەسەشە موخالیف بوو بەبیدعەچی تۆمەتبار دەكرا؟! لەگەڵ ئەوەی فەرمودەكە(سەرەڕای ئەوەی ئەم بەشەی لاوازەو قسەی لە سەرە)، ئەگەر بە سەحیحیش دابنرێ، دەشیا وەها لێك بدرێتەوە كەپێویستە گوێڕایەڵی ئیمام بكرێ تەنانەت ئەگەر ئیمام حەددی لەسەر ئەو مسوڵمانانەش پیادەكردبێ، یاخود بەشێوەیەكی ڕەوا بڕیارێكی بۆبەرژەوەندی نەیارەكەی دا لەماڵو سامانەكەیدا، ئەوە ئەمە نەكرێتە بیانوی دەرچوون و دژایەتیكردنی، یاخود واز لە گوێڕایەڵی كردنی بهێنرێ لەهەرشتێكدا گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی (د.خ) تێدایە، بەم چەمكە نوێیە كارەكە بەرەو هەڵدێرو نالەباری چوو، دەروازە خرایە سەرپشت بۆ زۆرداری سیاسیو ستەمو لەكارخستنی سنوورو مافەكان، ئەم گوتارە نوێیە تەئویلكارە لەنێو ئەهلی سوننەدا بەرەوی پەیداكرد، لەلای فەرمودەناس (أهل الحديث) وزانایانی جەدەلو بیروباوەڕ(متكلمين)، هێشتا سەدەی چوارەم كۆتایی پێنەهاتبوو تائەوەبوو ئیدیعاو بانگەشەی كۆڕا(إجماع)كرا لەسەر ئەم چەمكە نوێیەو هەموو ئەوانەی پێچەوانەی ئەم ڕایەبوون بەبیدعەچی تۆمەتباركران؟! بێئەوەی ڕاڤەیەكی دروست پێش كەش كرێو

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بخرێته پێش چاو، كەچۆن ئەمە ئەبێته بنـەماو رێـسايەك لەبنـەماكانی بیروبـاوەڕ، لـەكاتێك زوبێـرو تەڵحە نەیان بیستیێ، هەردوكیشیان لە(دە) مـوژدە پێدراوەكەی بەهەشت بوونو دەسـت پێـشخەربوون لەمسوڵمان بوونو ئیسلامەتیدا ؟!

چۆن ئەم ڕێساو ئەسڵە لەعائیـشەی دایكـی بـاوەڕدارانو شـارەزاترینی ئافرەتـانی جیهـان شاراوو نادیار دەبێت؟ وەچۆن حوسەینی كوڕی عەلیو عەبدوڵلای كوڕی زوبەیرو عەبـدوڕەحمانی كـوڕی ئەبوبەكر پێ ی نازانن؟!

چی بڵێین لەبەرامبەر كوڕو نەوەكانی هاوەڵان كاتێ ئـەم ئەسـڵە هـەبوبێو ئـەوانیش كـۆك بوونە لەسەرئەوەی دژبە یەزید ڕاپەڕن ؟!! چۆن ئەبێ كارو فرمانێ ئەركو مافو دین بوبـێ لەسـەدەی یەكەمی كۆچیو نیوەی سەدەی دووەم، پاشان ئەبێتە حەرامو بیدعە لەسەدەی سێیەم دا؟!!

لەڕاسـتیدا واقـع چـەمكەكانی خـۆی سـەپاند بەسـەر خـەڵكی ئەوچـاخو سـەردەمەدا، بۆچونەكانیشیان زیاتر دەربڕی ئەو واقعـەبوو وەك لـەوەی دەربـڕی دەقـەكان بێـت، هەربۆیـە ئیمـامی ئەحمەد ئەو فەرمودەیەی عەبدوڵلای كوڕی مەسعودی پەسەند نـەدەكرد كەدەیفـەرموو:"یكـون أمـراء یقولون ما لایفعلون، فمن جاهدهم بیده فهو مؤمن" واتە (هەندێ ئەمیر دێن ئەوەی دەیڵـێن نایكـەن، هەركەسێ بەدەستی دژیان بكۆشێ ئەوە بـاوەڕدارە)، ئیمـامی ئەحمـەد دەیـوت:(ئـەم ووتەیـە بەوتـەی عەبدوڵلای كوڕی مەسـعود ناچـێ، عەبـدوڵلای كـوڕی مەسـعود دەیـوت: پێغەمبـەری خـوا (د.خ) فەرمویەتی : خۆڕاگرن تا بەمن دەگەن "اصبروا حتی تلقوني" السنة للخلال، ١٠٥.

ئەحمەد خۆیشی ئەم فەرمودەیەی لە(مسند)ەكەیدا گێڕاوەتـەوە بـەم دەبڕینـە:"إنـه لم یكـن نبي قط إلا وله من أصحابه حواري وأصحاب یتبعـون أثـره ویقتـدون بهدیـه، ثـم یـأتي مـن بعـد ذلـك خوالف أمراء یقولون مالا یفعلون ویفعلون ما لایؤمرون"(المسند) ١/٤٦١ – ٤٦٢، ١/٤٨٥ . بـەڵام كۆتایی فەرمودەكەی نەهێناوە كەبریتیە لە:"فمن جاهدهم بیـده فهـو مـؤمن"؟! ئەمـە لەكاتێكـدا فەرمودەكە ڕچەكەی دروستەو هیچ (علة)یەكی نییـە و جگـە لـە ئیمـامی ئەحمـەدیش موسـلیم لـە فـەرمودەی ژمـارە (٥٠)، ئەبوعوانـەش لەموسـلمەوە ١/٣٦ هێناویـەتی، (ابـن حبـان)یـش لـە(صـحیح)ەكەیـدا بەفـەرمودەی ژمـارە(٦١٩٤) و (الطبرانـي)یـش لـە(الكـبیر)دا بەفـەرمودەی ژمارە(٩٧٨٤)و (ابن منـدة) لە(الإیمـان)دا بـەژمارە (١٨٤) (ابـن منـدة) وتویـەتی ئـەم فەرمودەیـە سەحیحە بوخاری نەیهێناوە بێئەوەی(علة)تێكی هەبێ، (عبـدالله بـن الحـارث الجمحـي) لـە(سـهیل بـن علی بن أبي صالح عن سهیل عن أبیة عن أبي هریرة) فەرمودەیەكی لەم جۆرە دەگێڕێتەوە.

لێرەوە ئەو جیاوازیە ڕوونو ئاشكرایەمان بۆدەردەكـەوێ كەلـەنێوان دەقـەكانی (قورئـانو سـوننەت)و وتەی پێشەوایان هەیە، قورئان و سوننەتی سەحیح بۆ هەموو كاتو شـوێنێك هـاتووە، بـەڵام ووتـەی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زاناو پێشەواکانی ئایین تێگەیشتنی ئەوەقانەو ڕەچاوکردنی چۆنێتی پیادەکردنیانە بەشێوەیەکی دروست لەسەردەمو چاخەکانی خۆیاندا، ناگونجێو ناکرێ هەرچۆنێك ئیجتیهادیان کردبێ ووتەکانیان وەکو دەقەکانی قورئانو سوننەی (صحیح) سەیر بکرێن، کەبریتیە لەنیگاو بۆهەموو خەڵکی هاتووە لەتەواوی چاخەکاندا... لەقورئانو سوننەتدا نەوتراوە: لەگەڵ کەسی زاڵو سەرکەوتوودا بن "کونوا مع من غلب" هەروەك عەبدوڵلای کوڕی عومەر وتویەتی:"نحن مع من غلب" ئێمە لەگەڵ کەسی سەرکوتودا دەبین، ئیمامی ئەحمەدیش ئەمەی وتووە. الأحكام السلطانية ى لأبي يعلى ٢٣.

ئەمە لەکوێو ئەو ووتەیەی عومەر لەکوێ کەبەئامادەیی هاوەڵان فەرموی:"من دعا إلى إمرة من غير مشورة المسلمين فاضربوا عنقه"؟! واتە هەرکەسێ بانگەشە بۆئەمیرایەتی خۆی بکات بێ ڕاوێژی مسوڵمانان، ئەوا لەملی بدەن.

قسەکەی عەبدوڵلای کوڕی عومەر بۆسەردەمێك دەشێو بۆسەردەمێکیتر ناشێ، بۆخەڵکێك دەشێو بۆئەوانیتر ناشێ، بەڵام دەقەکانی قورئانو فەرمودەی دروست (نصوص الشارع) گونجاوو سازە بۆ هەموو کاتو شوێنێك، فەرمان دەکا بەبیستنو گوێڕایەڵیو ئارامگری هەروەك چۆن فەرمان دەکات بەهەق بێژیو لابردنی خراپەو بەرگری کردنی مرۆڤ لەخۆییو سامانو ناموسی .... هتد

ئەوەشی مەترسی ئەم بارەی زیاتر کردبوو بریتی بوو لەوەی ئەوانەی پابەندبوون بەم چەمکە نوێیانەوە بریتی بوون لەخەڵکانی چاکەخوازو خاوەن فەزڵ، کەچی تەماحکارو حەز ویستەکان هەڵیان دەکوتایە سەردەسەڵات و گرو فڕیان بوو بەدەوریدا، بێ ئەوەی بترسن لەتۆمەتبارکردنیان بەبیدعەو فاسقێتی، مادەم پاش گەیشتن بەدەسەڵات دەبنە کاربەدەستو فەرمانڕەوا، گوێ ڕایەڵی کردنیان واجب دەبێو حەرامە لێیان ڕاپەڕیتو پێویستە بۆیان بپاڕێیتەوە؟!

بەهۆی ئەم چەمکە مەترسی دارانەوە کەسانی وا گەیشتنە دەسەڵاتو جڵەوی کاریان گرتە دەست کەپێشتر بەزندیقو مولحید تۆمەتبار کرابوون، سەرەنجامیش ستەمو خراپەکاری بڵاوبویەوە، کاروباری ئوممەتیش بەرەو لاوازیو شیرازەپچڕاوی ڕۆیشت، تاکار گەیشتە ئەوەی کاروبار بکەوێتە ژێر دەستی کۆلۆنیاڵو ئیستعمارەوە.

ڕێگری کردن لەڕاپەڕینو دەرچوون بڕیارێك بوو پاساوی خۆی هەبوو، بۆئەوەبوو خەڵکی لەئاسایش دابنو مافەکانیان بەدی بێت و بەرگرییان لێ بکرێت و ... جائەگەر هەموو ئەومەبەستانە لەدەست چوون، ئەوکات بەرهەڵستی کردنی ڕوخانی دەسەلات و کارکردن بۆ هێشتنەوەی، واتایەکی نابێت، وەهەر کات خەڵکی توانی ئەو کارە بکات، ئەوە مافی خۆیانە... لەمەش دا زانایان هەر لە کۆنەوە بیروڕای جیاوازیان هەبوو، جیاوازییەکەش بەرەنجامی تێڕوانینی ئەوانە بۆ ئەو دەرەنجامەی بەدی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دێت... نەك ئەوەی خروج بە ڕەهایی دژ بە فـەرمان ڕەواكـان حـەرام بێـت... یـاخود دەق بـەو شـێوەیە پشتگیری بكات... تیڕوانینی دروستیش كۆكردنەوەو سازان و پێكەوە گونجانی دەقەكانە نەك پیكـدادان ودژبونیان ، وەلەكاتی خۆی و بەپێی گونجانو ڕەخسان كار بە هەمویان دەكرێت بـە مـەرجێ دروسـتی فەرمودەكە سەلما بێت یان واتای ئایەتەكە دەلالەتەكەی رون و ئاشـكرا بێـت سـەبارەت بـە مەسـەلە دیاریكراوەكە ، لەگەڵ ڕەچاوكردنی بەرژەوەندییە گشتیەكانو مەبەستە شەرعیەكان ...

كەواتـە سـەیری دەرەنجـامی كارەكـە دەكرێـت ، دەرەنجامـەكانی هـەڵ دەسـەنگێنرێت ، بەرژەوەندییە هەنوكەیی و داهاتوییەكانی دەخوێنرێتەوە ، نەك بە ڕەهایی حەرام یا حەلاڵ بكرێت ، چـۆن ڕەوایە بوترێ دەرچون یا شۆڕشكردن دژی فەرمانڕەواكان حەرامە ، كەچـی زانـا خواناسـەكان بـەردەوام بەرەنگاری ستەم دەبونەوەو ئینكاری خراپـەیان دەكـرد ، بەشـێوەی فـەردیو جـەماعی ، حـەق بێـژبون ، تـەواوی ئـەو كارانەشـیان بەدەرچـوونی ڕێ لـێگیراو (ممنـوع) نـەدەزانی ، بـەبیانوی كـۆڕاو دەلالـەتی دەقەكانـەوە ، هـەروەك چـۆن لەسـالّی ٤٦٤ك ڕوویـدا ئـەوەبوو زانایـانی ئەوكاتـە پێكـەوە دەرچـوون ، شەرعزانە حەنبەلیەكان ڕاپەڕین بەپێشڕەوی شەریف ئەبوجەعفەرو شافعیەكانیشیان لەگەڵ بوو ، ئـەبو ئیسحاقی شیرازی لەپێشیانەوە بوو ، هەموویان ڕوویانكردە (دارالخلافـة) بـۆلابردنی خراپەكارییـەكان. ابن كثير ١٢/١١٢و ذيل طبقات الحنابلة ٣/١٨.

شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە لەگەڵ شوێن كەوتوانیدا هەمان كاری ئەنجام دەدا لـەلابردنی خراپەكارییەكانو بەرگری كردن لەستەم لێ كـراوان ، لەوانـە دەركردنـی پێـشەوا (المـزي) لەگرتوخانـە بەبێ مۆڵەتی سولّتانو پیـادەكردنی (حـدود) بەسـەر تاوانبارانـدا. ابـن كـثير ١٣/٣٥٥ و ١٤/٢٠ و ١٤/٣٦ و ١٤/٣٨...

ڕووبەڕووی سولّتان پادشا ناسر كوڕی قلاوون بویەوە كاتێ كەویـستی هەنـدێ لـەو قـازیو فەقیهانە بكوژێ كە(ابن تيميـة)یان بەگرت دابوو ، وەهاریكاریـان كردبـوو بـۆلابردنی سـولّتان ناسـرو بەیعەت دان بەجاشنگیر ، ئیبنو تەیمیە ئەو ویستەی سولّتانی پەسـەند نـەكردو ئەوشـتەی ئـەوی پـێ خراپو ناخۆش بوو ، لەوبارەیەوە پێیووت:"ئەگەر ئەوانـە بكـوژی دوای ئـەوان كەسـی هاوشـێوەیانت دەست ناكەوێ" ، سولّتان پێی ووت"ئەوان ئازاری تۆیان داو چـەند جـار ویـستویانە بتكـوژن" ، پـێی فەرموو"ئەوەی ئازاری منی داوە گەردنیم ئازاد كردووە" ، بەردەوام بوو لـە هانـدانی تاسـولّتان لێیـان خۆش بوو ، تا ئەوەبو (ابن مخلوف) سەرسەخترین ناحـەزەكانی ئیبنوتەیمیـە دەڵـێ:"كەسـی وەكـو ئـیبن تەیمیەمان نەدیوە ، هانی خەڵكمان دا لەدژی بـەلام تواناكمـان بەسـەریدا نەشـكا ، كاتـێ ئـەو توانـای بەسەرماندا شكا لێمان بـوراو بـەرگری لێكـردین" ابـن كـثير ١٤/٥٦. ئیبنـو تەیمیـە هـەمان ئـەو

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ڕەفتارەی ئەنجام دا كەپێشتر ئیمامی ئەحمەد لەگەڵ موعتەزیلەدا كردی... لەم بارەیەوە هەڵسوكەوتی تریی هاوشێوەی زۆرە...

هەروەها زانایانی ئەزهەر لەساڵی١٢٠٩ ك – ١٧٩٤ز سەركردایەتی شۆڕشێكی جەماوەرییان كرد دژبە مەمالیكەكان، عامەی خەڵكی بەشدارییان تێیدا كرد كە لەدەوروبەری قاهیرەوە هاتبوون، پاش ئەوەی زانكۆی ئەزهەریان داخست، فەرمانیان دا بەخەڵكی تا بازاڕو شوێنەكانیان دابخەن، ئەم ڕاپەڕینەش لەبەرەنجامی بڵاوبونەوەو پەرەسەندنی ستەمی مەمالیكەكان بوو دژ بەخەڵكی، سەرەنجام مەمالیكەكان ناچار مل كەچی داخوازییەكانی جەماوەربوون، زانایان چەند مەرجێكی نوسراویان داناو مەمالیكەكانیش لەبەڵگەنامەیەدا ئیمزاو تەوقیعیان لەسەری كرد، كەبریتی بوو لەبەرپاكردنی دادگەریو نەهێڵانی ستەمو باجەكان لەسەر تەواوی خەڵكی میسر، لەسەركردەكانی ئەو شۆڕە ، (العرايشي) موفتی حەنەفیو (الشرقاوي) شێخی ئەزهەرو (شيخ البكري)و چەندینی تر... تاريخ الجبرتي ٢/٢٥٨ – ٢٥٩.

لەڕاستیدا ئەو شۆڕشە جەماوەریەی زانایانی ئەزهەر سەركردایەتیان كرد سەرەتای :"ئەو بێداریو ڕاپەڕینەبوو كەدوای میسر تەواوی وڵاتی ئیسلامی گرتەوە، ڕونیش بویەوە شێخەكانی ئەزهەر پێشڕەوو سەركردەی ئەو ڕاپەڕینەبوون، وەدەسەڵاتی ئەوان بەسەر خەڵكیو جەماوەردا مەمالیكەكانی تووشی ترسو بیم كردبوو". رسالة في الطريق إلى ثقافتنا ، علامة محمود شاكر١٢٩.

بەڵام تەواوی ئەمانە نەبونە ڕێگر لەبەردەم هەڵوەشانەوەی دەوڵەتو كەوتنی ئومەتو تیاچوونو سەرگەردان بوونی وڵاتی ئیسلام لەسەر دەستی ئیستعماردا، ئەو ئیستعمارەی كاتێك كەهات چەند گەلێكی بینی كەواقعی خۆی لا وونكرابوو، چاوەڕێی سوڵتانێك بوو بەرگری لێ بكات، پاش ئەوەی ئەم گەلانە چەندین سەدەی دووردرێژ بەناوی ئایینو سوننەوە وازیان لەمافەكانی خۆیان هێنابوو بۆئەوان، تاوەكو هەلپەرستانو گاڵتەجاڕان یاریو بەزمی پێبكەن؟!

ئەمڕۆش سەرەتای شۆڕشێكی نوێ دەستی پێكردووە، كە بە بەهاری عەرەبی ناو دەبرێت و هیوایەكی زۆری پێوە گرێ دراوە... زۆرینەی هەرە زۆری ئەو داخوازییانەی بەرزدەكرێنەوەو داكۆكییان لە سەر دەكرێت... لە پەیامی ئیسلام و گوتاری سیاسی ئیسلامی ڕەسەندا جێگەو پایەی خۆیان هەیە و پشت ئەستورە بە چەندین بەڵگەو دەلیلی رون و ئاشكرا...

لەگەڵ هەموو خوارو خێچییەكان و زۆرێك لەو لادانانەی لە گوتاری سیاسی سەردەمی دووەمدا رویاندا، كە زۆرترین ماوەی خایاند، كەنزیكەی هەزارو دووسەدساڵێك بوو، تا كۆتایی عوسمانییەكانی خایاند، لەم قۆناغەدا هەڵ بەزو دابەزبووە لە ئاست و پلەی لادانەكاندا، لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا كەمتر بووە، بەڵام لە هەندێ قۆناغیدا (وەكو لە سەردەمی خەلیفەی فاتیمی حاكم

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بیئەمریلا دەبینرێ) كار گەیشتووەتە ئەوەی بانگەشەی جۆرێك لە ربوبییەت بكات. تاریخ ابن كثير١٢-١٠سنة٤١١هـ....

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناكرێ بێ ویژدان بین و چاو بنوقێنین لەوەی هیچ سەردەمێك وە هیچ وولاتێك خالّی نەبووە لەخەلیفەوو پادشای دادگەرو قازی خوا ویست، كەئەمانە گەورەترین كاریگەرییان بووە لەسەقامگیری شارستانێتی بۆماوەی هەزار ساڵ، بەردەوام عەدالەتخوازی كاریگەریی خۆی هەبووەو زۆر كەسیش بەم سیفەتە بەناوبانگ بوون، هەرئەوەش هۆكاری سەقامگیری‌و برەوو گەشەی كۆمەڵگاكان بوو، چونكە هەموو كات هەژمونی فەرمانڕەواكان شۆڕنەبوەتەوە بۆ نێو كایە جۆربەجۆرەكانی كۆمەڵگە، زاناكانیش لە ئاستی جەماوەریدا بێ ڕۆڵ نەبوون، بەهاكانی ئیسلامیش بەربەست بون لە ڕێی زۆر ناعەدالەتی و نادادییدا، بەلاّم تەنها هەر ئەوەندە بەس نەبووە بۆ ئەوەی جارێكیترو سەرلەنوێ ئوممەت ڕاپەڕێنێ و بیبهەژێنێ، ئەو شارستانیەتەی زیاتر هەزار ساڵ درێژەی كێشا بەهۆی بەهێزی بناغەكەیەوە بوو كە لەسەرەتای دروست بونیەوە لەسەری ڕاگیرابوو، بۆیە توانی لە دواتریش دا خۆی بگرێ، ئەو هێزەی كەلەبنەماكانی ئەو گوتارە سیاسیەدا خۆی دەبینیەوە هاوڕێك بوو بەرێ نماییەكانی ئاینی دابەزێنراو، هەرئەمەش گەورەترین كاریگەری هەبوو لەوەی دەوڵەت لەبەرامبەر جەنگی هەڵگەڕاوەكاندا خۆی ڕابگرێ، پاشان بەردەوام بێت لەوجەنگە ڕزگارییەی لەسەردەستی هاوەڵاندا بەدیهات، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەوبارە لەبارەی لەوماوەیەدا باڵی كێشابوو بەسەر بارودۆخی سیاسیداو دادگەری‌و ئازادی‌و ڕاوێژ لەئارادابوو، هەرئەمەش وای كردبوو لەوكەسانە تاوەكو لەپێناوی ئەو دەوڵەتەو بنەما ئاسمانیەكانیدا قوربانی بدەن، لەڕاستیدا هەرئەو بناغە پتەوە بوو وای كرد دەوڵەت بتوانێ بۆماوەی چەند سەدەیەكی دوورو درێژ سەرەڕای ڕوودانی لادانیش خۆی ڕابگرێ، لەبەرهەمان هۆ ناكرێ دەوڵەت‌و ڕاپەڕێنێكی نوێی تر بەدی بێت، بەبێ گەڕانەوە بۆبنەماكانی گوتاری سیاسی ڕاشدی، چونكە ناكرێ گوتاری سیاسی تەئویل كراو بكرێتە بناغەیەك تاوەكو دەوڵەت‌و ڕاپەڕێنێكی نوێی لەسەر بنیات بنرێ... ئەمرۆ كاتی ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ كرۆكی گوتاری قورئانی و نەبەوی و ڕاشیدی... گوتاری تەئویلكراو ناتوانێ گۆڕانكاریی بەدی بێنێت ... بۆ ئەمڕۆی موسوڵمانان لە رووە سیاسییەكەیەوە بڕستی لێ براوە ... ڕاپەڕینی ئێستای گەلانی ناوچەكە تێپەڕاندنی ئەو گوتارە سیاسیە تەئویلكراوەیە... لە بەرامبەردا نزیك بونەوەیە لە گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو... گوتاری ئازادی و شورا، ماف و داخوازییەكان، بەهای مرۆەكان، بەشیان لە داهاتی ولاّت و ڕۆڵیان لە بەڕێوەبەری و فەرمان رەوایەتیدا...

مێژوی ئیسلامی هەولّی چاكسازیی بەردەوام لە ئارادا بووە، بەلاّم هەمو هەوڵە چاكسازییەكان نەیان توانی بە ئامانجی كۆتایی خۆیان بگەن، ئەگەر راچەنینێكی كاتی یان

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گۆڕانکارییەکی مەرحەلییان بەدی هێنا بێت ئەوا دواجار پرۆژەکانیان تێك شکاو نەگەیشتنە ئامانجە خواستراوەکان، سەلاحەددینی ئەیوبیو یوسفی کوڕی تاشفینو (نظام الملك)و (ظاهر بیربس)و چەندین پادشاو وەزیری تر هەولیان دەدا بۆئەنجام دانی ڕاپەڕینێکی گەورە، ئەوەبوو کەسیان نەیان توانی وەکو سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)و خەلیفەکانی ڕاشدین ئوممەت و خەلکی بەشدارکەن لەکاروبارەکانیدا، لەسەردەمی نەبەوی و ڕاشیدی دا تەواوی ئوممەت بە چین و توێژە جیاوازەکانییەوە کاری دەکرد لەپێناو بنیاتنانی ئەودەولەتەدا تەنانەت دەشتەکییە بیابان نشینەکانیش دەستێکی بالایان هەبوو لەبنیاتنان و بەشداری کردنی ئەودەولەتە... ئەوکەسەی ئاشنای مێژووی چاخی پێغەمبەرایەتیو ڕاشدین بێ ناتوانێ دەسەوەستان نەوەستێو سەرسام نەبێ لەتوانای پێغەمبەر (د.خ)و جێنشینەکانی پاش خۆی، لەو وزە گیانیەی کرابوو بەبەر پیاوو ژنو بیابان نشینی ئەم ئوممەتەدا، ئەتبینی هەموو کاردەکەن لەپێناو دەولەتی خۆیاندا... لەپێناوی ئازادیو سەروەریو مافەکانیاندا.

هەولە درەنگ وەختەکانی جیهانی ئیسلامی سەدەی هەژدە بە دواوە، سەرەڕای ئیجابییەتەکانی بەلام نەیتوانی بەرۆلی چاوەڕوانکراوی خۆی هەستێت لە بەر ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە دیدێکی نوێی پێ نەبوو، گەڕانەوە بوو بۆ گوتاری سیاسی تەئویلکراوی سەردەمی ئومەوی و عەباسییەکان... لە کاتێکدا دەتوانرا کاری گەورە بکرێت... چونکە بارودۆخی خراپی ئەوکاتی جیهانی ئیسلامی نەگەیشتبووە ئەو بارودۆخەی ئەوروپا پێی گەیشتبوو، لەو تەنگ پێهەلچنینە ئاینیەی لەنێوان دەستەو تاقمە مەسیحیەکانی ئەوێدا هەبوو تارادەی لەڕیشە دەرهێنان وەکو لەنێوان پرۆتستانتو کاسۆلیك دا هەبوو، سوکایەتی کردن بەمافەکانی مرۆڤ لێرە نەگەیشتبووە ئەوبارو دۆخەی لەوێ پێی گەیشتبوون، چونکە گوتاری سیاسی تەئویل کراو لەم قۆناغەدا توانیبووی بەردەوام لانی کەمی ئەو ئەندازەیەی ماف‌و ئازادییەکان بپارێزێ کەشەریعەت پاراستبووی، هەروەها سەربەخۆیی دەسەلاتی قەزائیو یاسایی کەلە قازیو فەقیهەکاندا خۆی دەنواند ببوە ڕێگر لە بلاوبونەوەی زۆرداریو ستەم بەوشێوەیەی لەئەوروپادا بلاو بوو، بەردەوام قەزا لەنێو خەلکیدا بەپێی شەریعەت دەچوو بەڕێوە، هەربۆیە تارادەیەکی باش ماف‌و ئازادییەکانی تاك پارێزراوبوو، ئەم قۆناغە بەدیاردەیەك دەناسرێتەوە پێی دەوترێ : زۆرداروخۆسەپێنەری دادگەر(المستبد العادل) کەپێویستی بەتوێژینەوەیەکی دوورو درێژ هەیە و لە(ئازادی یا تۆفانی)دا باسی وخواسی لە سەر کراوە...

لەم قۆناغەدا تا ڕادەیەکی باشیش یەکێتی و یەکڕیزی ئومەتی ئیسلامی بە جۆرێك لە جۆرەکان بونی هەبووە و پارێزراو بووە... جیهادکراوە بۆ پارێزگاری کردن لەو دەس وەردانە دەرەکییانەی لە ئارادا بووە... بە گشتیش شەریعەت فەرمان ڕەوا بووەو کاری پێ کراوە... هەموو ئەمانەش ڕۆلیان هەبووە لەوەی خەلکی بەرگەی هەندێ لەو نادادی و ئینحرافە سیاسییانە بگرێ، لەنمونەی قۆرخکردنی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەسەلات و نەمانی شوراو رۆلی شیاوی خەلکی لەکاروباری سیاسی و دەسەلات و داراییدا ... هەر چەندە تالیش بوبێت، بەلام واقعەکە خالی نەبووە لەو خالە بە هێزانەی ئاماژەمان پێی دا...

ئەگەر لەم قۆناغەدا گوتاری سیاسی تەئویلکراو هەندێ لە بنەما سەرەکییەکانی گوتاری دابەزێنراوی پاراستبێت، لەوانە یەکێتی ئومەت و دەولەت، بەهۆی بونی خیلافەت و دەسەلاتێکی (تا ڕادەیەکی زۆر) کۆکەرەوە، کە لەزۆر بواردا پیادەکاری شەریعەت و بەرپاکاری جیهاد بووە بۆ پاراستنی ئومەت لە دوژمن دەرەکییەکانی... وەك ئاماژەمان پێی دا بەلام لە قۆناغی سێیەم دا کە گوتاری سیاسی گۆڕێنراوبوو، دەولەتە کۆلۆنیالەکان دەستیان هەبوو لە پێکهێنانەوەی جیهانی ئیسلامی و بەرپاکردنی دەولەتۆچکەی تائیفەکان ، وەك بەدیلێك بۆ جێنشینایەتییەکی کۆکەرەوە و پارێزەری ئومەت، بەم شێوەیە گوتاری گۆڕێنراو(الخطاب المبدل) پاشەکشەی کرد لەو بنەمایانەی بۆ چەندین سەدە لە لایەن گوتاری تەئویلکراوەوە پارێزگاری لێ کرابوو سەرەڕای هەموو سلبیاتەکانی، بە تایبەت لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە(١٩١٤) تاوەکو ئێستە... لە ئێستاش دا هیوا و تروسکاییەکی نوێ بەدی دەکرێت بە تایبەت دوای رووخانی ئەو سستمە سەربازیی و تۆتالیتارییانەی سەردەمێکی زۆرە خەلکی دەچەوسێننەوە و مافەکانیان لە ژێر چەندین پاساوی ناڕەوادا پێشێل دەکەن... لە هەمان کاتدا ترسی بە لارێدا بردنی شۆرشی نوێی لاوان و بەهاری عەرەبی لە ئارادایەو هەولێکی زۆر هەیە بۆ ئیستیعاب کردنی بە تایبەت لە ڕێی پێدانی ئیمتییازات بەو ولاتانە کە دواجار ئەم هاوکارییەنە جۆرێکی تر لە دیلێتی بۆ دەسەلاتی ئەو ولاتانە بەرهەم دەهێنێتەوە...



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەرچەندە لەمڕۆدا مەودایەكی زۆر هەیە لە نێوان گوتاری سیاسی ئیسلامی ڕاستەقینە (كە بە گوتاری سیاسی دابەزێنراو گوزارشتمان لێی كردووە) و ئەو واقیعە سیاسییەی دەیگوزەرێنین و تیایدا دەژین، بە شێوازێك هەندێكی بێ هیوا و نائومێد كردووە لەوەی جارێكی تر و سەرلەنوێ بگەڕێتەوە، بەلاّم ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت كە گەڕاندنەوە بۆ ئەو گوتارە و كاركردن بۆ پیادەكردنەوەی بریتیە لەو فەرز و واجبەی دەبێت ئومەت پابەندی بێت و ڕۆڵی خۆی لەم ڕووەوە لە بەرچاو بگرێت، لەبەرئەوەی:

**یەكەم:** ئەوە فەرمانێكی خواییە، هەروەك لە فەرمودەی خوای گەورەدا هاتووە"قل هذه سبيلي أدعو إلى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني" وە ئایەتی"ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى ويتبع غير سبيل المؤمنين نوله ما تولى ونصله جهنم"، بە دڵنیاییشەوە سەلماوە كە ڕێی موسوڵمانان و ئەو بنەمایانەی گوتاری سیاسی كە هاوەلاّن بە قەتعی كۆك بوون لەسەری كامانەن، هەموو ئەوانەش بەشێكن لە ئایینی خوا و ڕێ و ڕێبازی موسوڵمانان كە زۆردار و ستەمكارەكان بە داهێنانە خراپەكانیان كوێریان كردەوە و كاریان كرد بۆ سڕینەوەیان، ئەمەش بەشێكە لە ناوەڕۆكی ئەو فەرموودانەی لە بوخاری و موسلیم دا هاتوون "من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد" وە فەرمودەی"عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشيدين وإياكم ومحدثات الأمور"، هەر بۆیە زانایان هیچ بیانوویەكیان نیە لێی بێ دەنگ بن و وازبهێنن لە ڕوونكردنەوەی هەق و ڕەوایەك كە خوای گەورە واجبی كردووە لە سەریان، ئیتر واقیعەكە هەرچەندە پڕاوپڕبێت لە نەفامی، ئەوە هیچ گۆڕانێك لە ئەسڵی حوكمەكاندا ناكات، نابێت ئاوڕیش بدرێتەوە بەلای ئەو كەسانەی شكستیان خواردوە و بێ هیوا بوون لەوەی گوتاری ڕاشدی بگەڕێتەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو لەوانەیە بە جۆرێك لە خەیاڵ پلاّو ئەژماری بكەن، بێ ئەوەی هەست بە ترسناكی ئەو بۆچوون و پڕوپاگەندەیەیان بكەن، كە واتاكەی ئەوەیە ئیسلام بۆ ئەم چەرخ و سەردەمە ناشێت، بڕیار و حوكم و ئاراستە و ڕێنماییەكانی لە توانای ئیستیعاب كردنی كێشەو گرفت و داخوازییەكانی ئەم سەردەمەدا نیین، لەبەر هیچ شتێك نا تەنها لەبەرئەوەی زانا خراپەكار و مەقاشە بێگانە ویست و ورە لاوازەكان لەم چاخ و سەردەمی شكستەدا بێ توانان لەوەی ورە بە خەڵكی بدەنەوە، بۆ ئەوەی ئەم واقیعە بگۆڕێت كە تیایدا دەژی، هەروەك خوای گەورە فەرمانی پێیداوە"إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم"!

**دووەم:** لەبەرئەوەی خودی پێغەمبەری خوا موژدەی گەڕانەوەی گوتاری سیاسی دابەزێنراوی سەرلەنوێ داوە، هەروەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە "ثم تعود خلافة على نهج النبوة"، سەرەڕای چەندین موژدەی تر سەبارەت بە دەركەوتن و سەركەوتن، لەو دەقانەی دڵنیا بەخشن.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**سێیەم:** واقعی گەلانی تر دیارترین بەڵگە و ڕاستترین شایەتە سەبارەت بە ئیمكانی بەدیهاتنی ئەو بارە و گۆڕانكارییانەی پێویستن، هەركەسە سەرنج بدات لەو گۆڕینانەی بە دییان هێناوە، لەو خەونانەی بە هەوڵ و تێكۆشانەكانیان كردوییانە بە واقعێك كە ئێستا تیایدا دەژین، تەنانەت لە تەمەنی كورتی ئێمەشدا بینیمان چۆن بارودۆخی گەلانی یەكێتی سۆڤیەتی جاران و هەموو ئەوروپای ڕۆژهەلاّت وخوارووی ئەفریقا و ڕۆژهەلاّتی ئاسیا، لە بارێكەوە گۆڕرا بۆ بارودۆخێكی تر، هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن ئەو گۆڕانە زۆر ئاسانترە لەوەی ئەو جۆرە كەسانە بیری لێ دەكەنەوە.

**چوارەم:** لە واقعی ئەم ئومەتە خۆشیدا ئەو ڕووداو و گۆڕانكارییە ئومێد بەخشانەی بەدی دەكرێت هەواڵی داهاتوویەكی پرشنگداری ئەم ئومەتەمان پێ دەدەن، ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ تیایداین و ئەو گۆڕان و گەشانەی بە جیاوازی ولاّتانیەوە بەدیهاتووە، بە بەراورد بەو بارودۆخەی لە ژێر سایەی داگیركەر و داگیركاری ڕۆژئاوای پێش لە سەدەیەك دەگوزەرا، ئەوەمان بۆ تەئكید دەكاتەوە كە نیو سەدەی تر تێناپەڕێت بۆ ئەوەی ئومەتی ئیسلامی بتوانێت ئازادی و سەروەری و یەكڕیزی و هێزی خۆی بۆ بگەڕێتەوە... ئەو شۆڕش و خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی هەنوكە لە ئارادان توانییان هەرەس بە ستەمكارترین سیستەمی عەرەبی بهێنن لە ناوچەكەدا، سەرەتایەكی زۆر دڵخۆشكەر ترە بۆ ئەو بارودۆخەی چاوەڕوانی دەكەین...

**پێنجەم:** زیندوو كردنەوەی گوتاری ڕاشدی لە واقعی سیاسی ئەمڕۆدا ناكرێت و مەرج نیە بە یەكجار و سەرلەبەر هەموو ئەو گوتارە پێكەوە زیندوو بكرێتەوە و بێتەوە گۆڕەپان، بەڵكو لەوانەیە ئەوە بە پلە پلە و لەسەرخۆیی ڕوو بدات، تاكو بتوانرێت ئازادییە لە دەست دراو و زەوتكراوەكان و مافە بە تالاّن براوەكانی خەڵكی لەلایەن خۆیانەوە بگێڕرێتەوە و بەدەست بێتەوە، تاكو كاروبار و ئاراستە و ڕێنماییەكانی ئەم ئایینە بەرە بەرە و بەش بەش لە واقیعدا بەرجەستە و پیادە بكرێت، ئەمەش لە ڕێی ئەو فیقهی نزیككردنەوە موقارەبەیەی لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە "ما أمرتكم به فأتوا منه ما استطعتم، وما نهيتكم عنه فانتهوا"، لەم بارەیەشەوە موژدەی پێغەمبەری خوا هەیە كە ئاماژەی تیایە بە گەڕانەوەی لەسەرخۆییانەی دادگەری لەو كاتانەی ستەم و زۆرداری بلاّو بووەتەوە، هەروەك لە فەرموودەیەكی (معقل بن يسار)دا هاتووە...

ئەوەشی پێی دەوترێت (فیقهی موقارەبات) زیاتر لە ڕێسا فیقهییە شەرعییەكاندا دەردەكەوێت، كە دەروازەیەكی گرنگی تەواوكاری بنەما سیاسییە شەرعییەكانە، چونكە ڕێسا فیقهییەكان بریتین لەو كولییاتانەی بە هۆیانەوە حوكمی جوزئییاتەكان دەزانرێت، بە هۆی ئەوەی پاڵپشتییەكی زۆری هەیە لە شەریعەتدا، بە شێوەیەك كردویەتییە ڕێسا و بنەمایەك تاكو بۆچوونەكانی تری پێ بپێورێت و مۆركی پێوەر بوونی هەڵگرتووە و لە شتە ئالۆز و موتاشابیهەكاندا بۆی، پێشتر بە شێوەیەكی كورت

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

و خێـرا گوزەرێكمـان كـرد بـە نێـو بنـەماكانی گوتـاری سیاسـی ئیـسلامی لـە ڕووی عەقیـدەیی و تەشریعییەكەیەوە، پێمان باش بوو بە ڕێـسا سیاسـییە شـەرعی و زەوابیتـە جوزئیـەكان ئـەم بابـەت كۆتایی پێ بهێنین و بەمەش تارادەیەك زۆربەی بنەماكانی گوتاری سیاسی ئیـسلامی و ڕێـساكانیمان زۆر بە كورتی خستووەتە ڕوو، دیارە ئەم بابەتە زۆر فراوانە و ناكرێت بەپێی پێویست لێرەدا لـە سـەری بنووسین، گرنگ ئەوەیـە چـەند شـتێكی گرنگمـان لـەو بارەیـەوە خـستبێتە ڕوو، تـاكو بـەم هەوڵـە توانیبێتمان گیانێكی زیاتر بەبەر گوتاری سیاسی و هەندێك لە گوزارشت و موفرەدەكانیـدا بكـەین و هەر ولاتەش بە پێی واقیعی تایبەتی خۆی سوودی لێ ببینێـت، جـا لێرەشـدا ئێمـە لـە ڕێـساكان و بەڵگەی سەلماندنیان نادوێین، ئەوەندە نەبێت كە بیناسێنین بە خوێنەران، بـۆ ڕوون بوونـەوەی زیـاتریش دەخوازین بگەڕێنەوە بۆ ئەسڵی ئەم توێژینەوەیە... ڕەچاو كردنی ئەم ڕێسا و بنەما فیقهییە شەرعییانە ڕۆڵێكی بەرچاوی دەبێـت لـە ئـازاد كردنـی خـەڵكی و بـەرپاكردنی دادگـەری و ڕەوایـەتی، ئەمـەش هەندێكە لەو ڕێساو بنەمایانە:

**ڕێـسای یەكـەم: هەڵـسوكەتی دەسـەلات بەسـەر خەڵكییـەوە پەیوەسـتە بـە بـەدیهێنانی بەرژەوەندییەوە (تصرف السلطة على الأمة منوط بالمصلحة):................١٩٢**

ناوەڕۆكی ئەم ڕێسایە جێگەی یەك دەنگی زانایانی ئیـسلامە و لـە كتێبـەكانی (القواعـد الفقهیـة)دا هاتووە، ئیمامی شافعی قسەی لە سەری كردووە و لە لای زانایانی ئەم بـوارە بـەم شـێوەیە دەربڕدراوە (تصرف الامام علـى الأمـة منـوط بالمـصلحة)(المنثـور في القواعـد للزركـشي الـشافعي١-٣٠٩) و لقی زۆریشیان لێی كردووەتەوە و زۆر شتیان لەسەری پێـواوە كـە كورتەكـەی بریتیـە لـەوەی فـەرمانڕەوا و دەسـەلات دەبێـت بڕیـار و فـەرمان و سـەرجەم كارەكـانی لـە خزمـەتی خـەڵك و بەرژەوەندییەكانیاندا بێت، بەرژەوەندییە فرەلایەن و جۆراوجۆرەكانیان... لەو نموونانەی باسكراوە، ئەگەر دەسەلات زەكاتی دابەش كرد بەسەر خەڵكیدا ، حەرامە جیاوازی بكات لە نێوان ئـەو هەژارانـەی لـە ئاستێكدان... هەروەها حەرامە لە خانەی سامان ببەخشرێت بە كەسانێك كە لـەوان نـەدار و هـەژارتر هەبێت... هەروەها نابێت دەسەلات هیچ موڵك و ماڵ و زەوییەك ببەخـشێت بـە كەسـێك یـان چـەند كەسێك لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتیی... یان پۆستێك ببەخشێت بە كەسانێك كە شایـستەی نـەبن یان لەوان شیاوتر هەبێت... یان كەسانێك لاببات و دوور بخاتەوە كـە شـیاو و شایـستە بـن بـۆ كـار و ئەركەكانیان... یان هەر ڕەفتارێكی تر كە بەرژەوەندی گشتی بـەدی نـەهێنێت... لـە بەرامبـەردا هـەر بڕیارێكی ستەمكارانەی دەسەلاتیش جێ بەجێ ناكرێت و پێویستە لە ئاستیدا هەڵوێستە بكرێت و بە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

باشترین شێوە ڕووبەڕووی ببیتەوە... لەم بارەیەوە نموونە زۆرە بە تایبەت لە سەردەمی ڕاشدیدا و خوێنەر ئاراستەی ئەسڵی توێژینەوەكە دەكەین.

**ڕێسای دووەم: دەسەڵاتی جەماعەت و خەڵكی وەكو دەسەڵاتی ئیمام و فەرمانڕەوا وایە لە كاتێكدا ئیمام و فەرمانڕەوا ئەو دەسەڵاتەیان لە دەست دابێت (سلطة الجماعة كسلطة الامامة عند عدمها):١٩٣**

ئەم ڕێسایەش یەكێكە لە گرنگترین ڕێسا فیقهییەكان لە بواری سیاسەتی شەرعیدا، زانایانی مەزهەبی مالیكی و جگە لەوانیش باسیان لێی كردووە و بەكاریان هێناوە لە زۆر بواری فروعی فیقهیدا و وتویانە (تقوم الجماعة فيما يقوم به الامام عند فقده) بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نموونە دەهێننەوە وەكو چاودێری كردنی هەتیوان و دانانی قازی و بەرگری كردن لە خاك و سامان و مافە جۆراوجۆرەكانی خەڵكی و ڕەتدانەوەی ستەمكاری بە هەموو جۆرەكانییەوە، فەرمان بە چاكە و كاری بنیاتنەرانە بۆ خزمەتی گشتی...لەم بوارەشدا زانایان زۆر لەسەر جیهاد و بەرگری كردن لە خاك و ژیانی موسوڵمان دەوەستن... جا ئەگەر بۆشایی لە دەسەڵاتدا پەیدا بوو ئەوا پێویستە خەڵكی ئەو بۆشاییە پڕ بكەنەوە و ئەو ئەركانە بە جەماعی ڕاپەڕێنن كە تایبەت و پەیوەستن بە ژیان و گوزەران و بەرژەوەندی و مافەكانیانەوە، بە پێی ڕێوشوێنی گونجاو تاكو ئەو كاتەی بارودۆخەكە دەگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی، ئەو بۆشاییانە بە كراوەیی ناهێڵرێتەوە و دەبێت خەڵكی پڕی بكەنەوە...

**ڕێسای سێیەم: لە هەر كوێدا دادگەری و بەرژەوەندی بەدیهات و جێ بەجێ بوو ئەوە شەرعی خوا لەوێیە (حيثما تحق العدل والمصلحة فثم شرع الله):١٩٣**

ئیبن قەیم بە پلەی یەكەم جەخت لەسەر ئەم ڕێسایە دەكاتەوە و ڕوونی دەكاتەوە كە شەریعەت بۆ ئەو چەسپاندن و بلاوكردنەوەی ئەوپەڕی دادگەری هاتووە، هەر بۆیە سیاسەتی دادگەرانەش بەشێكە لە بەشەكانی شەریعەت... ناردنی پێغەمبەرانیش هەر بۆ ئەوە بووە، هەر بۆیە دادگەری لە هەر كوێدا چەسپا ئەوا ئەو دادگەرییە بەشێكە لە شەریعەت و ئایین...لە (الطرق الحكمية)شدا ئەم بابەتەی ڕونكردووەتەوە... هەر بۆیە دەبێت هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ بەدیهاتنی عەدل و دادگەریی دەدرێن بە بەشێك لە دین و شەریعەت بزانرێت و هەوڵدان بۆ ئەو كارانەش بەشێكە لە دینداری و خواپەرستی...

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**ڕێسای چوارەم: زۆرلێكردن ڕەوایەتییەكى نیە ومافەكانیش بە داگیركردن و كۆن بوون لە دەست نادرێن (لا عبرة بالاكراه ولا تسقط الحقوق بالغصب ولا بالتقادم):١٩٤**

زۆرجار زۆركردن لە لایەن دەسەلاتى زۆردار و ستەمكارەوە دژ بە خەلكى و تاكەتاكەى كەسەكان ئەنجام دەدرێت، شەریعەت هەموو زۆر و ناچاركردنێكى ناڕەواى پوچ كردوەتەوە و دەرەنجامەكانیشى پەسەند نیە، هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە "وضع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه".

بە پێى ئەم ڕێسایە هەر شتێك بەرەنجامى زۆر و ناچاركردن بێت، ئەوا دانامەزرێت... نە تەلاق و نە هاوسەرگیرى و نەكڕین و نە فرۆشتن و نە وەسییەت و نە دان پێدانان و نە باوەڕ و نە ئیمان و نە سوێند... بە هەمان شێوە هیچ مافێك بە هۆى كۆن بوون و تێپەڕینى كاتەوە بەسەر ناچێت و لە دەست نادرێت...

**ڕێسای پێنجەم: بارگرانى ئاسانكارى دەهێنێت و هەر كاروبارێك بەرتەسكى بەسەردا هات فراوان دەبێت (المشقة تجلب التيسير وإذا ضاق الأمر اتسع):١٩٤**

ئەم دوو ڕێسایە لە گرنگترین ڕێسا شەرعییە سیاسییەكانە، نموونە و پالپشتییەكى یەكجار زۆرى هەیە لە فروعى شەریعەتدا، شەریعەتیش بە گشتى ڕاوەستاوە لەسەر لادانى زەحمەت و ڕەخساندنى ئاسانكارى و لەم بارەیەوە چەندین بەلگەى ئایەت و فەرموودەمان هەیە، لە هەر شوێنێكدا تەنگییەك بۆ خەلكى بە گشتى یان بۆ كەسانێك بە تایبەتى بێتە ئاراوە ئەو كاتە بە پێى ڕێنماییەكانى شەریعەت فراوانى و ئاسانكارى و سووكى بەدى دێت، لە پیادەكردنى دەسەلات و سیاسەت و كاروبار و كارگێڕى خەلكیدا ئەم بارە زۆرتر ڕەچاو دەكرێت، هەروەك ئیمامى قەرافى ئاماژەى پێ دەدات و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بەلگە و پاساو دەهێنێتەوە، وەكو تەشەنەكردنى خراپە بە پێچەوانەى سەردەمى سەرەتاى ئیسلامەوە و بوونى بەرژەوەندى بەربلاو و كراوە (المصلحة المرسلة) هەروەك لاى ئیمامى مالیك دەبینرێت و مەبەست لێى ئەو بەرژەوەندییانەیە شەرع شایەتى ئیعتیبار بۆ دانان یان ئیلغا كردنى نەكردووە، بەلكو تەنها لەبەر بەرژەوەندییەكەى ئەنجام دەدرێت، ئەمە جگە لەوەى زۆرێك لە گرێبەستەكان لە ڕووى شەرعەوە فراوانى و مرونەتێكى زۆرى تێدایە و شایەتى بۆ زینا زۆر بەرتەسك كراوە لەبەر شاردنەوە و داپۆشینى... (تبصرة الأحكام ٢-١٥٣-١٥٤ وهو في الفروق للقرافي)، ئەمە جگە لە بوارى پەرستەكان كە یەكجار نموونەى زۆرە لە نوێژ و ڕۆژوو لە سەفەروو نەخۆشى و ناخۆشیدا...

بۆ (إذا ضاق الأمر اتسع)، پەسەندكردنی شایەتی نادادپەروەر ئەگەر دادپەروەر و عادیل دەست نەكەوت، بە مەرجی دڵنیا بوون، لە بەدیهاتنی ڕاستگۆیی، هەروەها دانانی قازی یان كاربەدەستێكی ئاسایی لە كاتی دەست نەكەوتنی كەسە دادگەر و بە تواناكان بۆ ئەوەی ماف و بەرژەوەندییە گشتییەكان لە دەست نەدرێت... ئەسڵ پیادەكردنی عەدل و هەقە لەلایەن كەسی شیاوەوە، خۆ ئەگەر ئەو كەسانە بەدی نەكرا كە لە ئاستی ئەنجامدان و پیادەكردنی ئەو ئەركەدا بن ئەوا كەسانێك لەبەر ناچاری دادەنرێن كە با پلەیەك لە خوار ئەوانیشەوە بن...

**ڕێسای شەشەم: ڕەچاوكردنی مافەكان پێویستترن لە پیادەی حەد و سنورەكان (رعاية الحقوق أوجب من إقامة الحدود):١٩٥**

ئەمەش ڕێسایەكی گرنگی سیاسەتی شەرعییە، ڕەچاوكردنی مافی بەندەكان و پاراستنیان و گەڕاندنەوەیان، پێویست و لەپێشترە لە پیادەكردنی حەدودەكان بە سەریاندا، چونكە حەدودەكان لە پێناو پاراستنی مافەكان و دەستدرێژی نەكردنە سەریاندا دانراون، هەر بۆیە دەكرێت بە بوونی گومان و شوبهەیەك لەسەر ناڕاستییان پیادە نەكرێن، بە پێچەوانەی مافەكانەوە كە پێویستی بە چەندین بەڵگەیە، تا خاوەنەكانیشیان دەستی لێنەكێشنەوە هەر دەمێنێت، لەولاشەوە مافی خوای گەورە بواری لێبووردنی هەیە بە پێچەوانەی مافی خەڵكییەوە كە پێویستە بگەڕێنرێنەوە یان خاوەنەكانی ببورن ...نموونە بۆ ئەوەی وتمان بۆ یەكەم (مافی خوا): هاتنی ماعز بۆ لای پێغەمبەری خوا و داننانی بە زینا و گەڕاندنەوەی بۆ چوار جار بەڵكو پەشیمان بێتەوە و تەوبە بكات یان نەیەتەوە، بۆ دووەمیش (مافی خەڵكی): ئەو كەسە بوو تۆمەت و بوهتانی بۆ خێزانەكەی هەڵبەستبوو، پێغەمبەری خواش داوای بەڵگەی لێی كرد یان لێدانی حەد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە یەكەمدا مافی كەسێكی دیاریكراو لە ئارادا نیە و لە دووەمدا كەسێكی دیاریكراو تۆمەتبار كراوە، هەر بۆیە دەبێت بەڵگە بهێنێتەوە یان سزا بدرێت... نموونەی چوونە ژوورەوەی عومەر بۆ ماڵێك و چاودێری كردنی كەسانێك كە عەرەق خۆر بوونە و پەشیمان بوونەوەی لەوەی حەدی عارەق خۆری بە سەریاندا پیادە بكات بە بەڵگەی (ولا تجسسوا)، كە لێرەدا تێپەڕاندنی خسوسییەت و حورمەتی شوێنی تایبەتە كە ماڵە، هەر لەم بوارەدایە... كەواتە بە پێی ئەم ڕێسایە (ئەگەر بەتەواوی لە سەلماندنی یەكلا ببینەوە)، پێویستە لە سیاسەتی شەرعیدا مافەكانی خەڵك (كە گرنگترینیان ئازادییە تایبەتییەكانە) و پاراستنیان بە ڕەهایی ڕەچاو بكرێت و بخرێنە پێش پیادەكردنی ئەو حەدودانەی كە خۆی لە خۆیدا بۆ پاراستنی مافەكان و ئینتیهاك نەكردنیانە، كەواتە بەرگری لە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

مافـەکانی خـەڵکی و ئازادییـە گـشتییەکان و ڕێگـری لـە سـتەمکاری، پێویـست و لەپێـشترە لـە پیادەکردنی حدود و سزاکان بەسەر تاوانبارانداا...

**ڕێسای حەوتەم: ئەسڵ لە شتەکاندا ئیباحە و حەلاڵییە (الأصل في الأشياء الاباحة والحل):١٩٦**

دیارە ئەم ڕێسایەش یەکێکە لە ڕێسا زۆر گرنگەکانی سیاسەتی شەرعی، هەموو شـتەکان ئەسڵ تیایاندا حەلاڵی و موباح بوونە، بـە تایبـەت ئـەو سیـستەمە کارگێڕیانـەی کاروبـاری ژیـان و گوزەران و فەرمانڕەوایی ڕێك دەخەن... هەموو ئەو کاروبار و ڕێوشوێنانەی عومەر گرتیەبەر بۆ سـوود بینین لە سیستەمەکانی فارس و ڕۆم لە کاروبارەکانی دەوڵەت و کارگێڕی و دیوانەکان ...هتـد... لـەو بوارەن، هاوەڵانیش هیچ گرفتێکیان نەبوو لە مەشروعییەتی ئەو کارانەی عومـەر، چـونکە دەیـانزانی ئەم جۆرە کاروبارانـە لەسـەر داهێنـان و ئەفرانـدن وەسـتاون، بـە پێـچەوانەی ئایینـەوە کـە لەسـەر شوێنکەوتن و ئیجتیهـادە، سـوود بیـنین لـە هـەموو بەرهـەمێکی شارسـتانی مرۆیـی هاوچـەرخ و بەرهەمەکانی ژیری مرۆڤ و ئەزمونە جۆراوجۆرەکانی دروست و مەشروعە، هیچ شتێك لەوانـە حـەرام و نادروست نیە مەگەر بەڵگەی تەواو هەبێت لە سەر حەرامییان...

**ڕێسای هەشتەم: ئەسڵ ئەستۆ پاکییە (الأصل براءة الذمم):١٩٦**

ئەم ڕێسایە یەکێکە لەو ڕێسا فیقهییانەی فوقـەها ڕێکـن لـە سـەری، لـە هـەمان کاتـدا ڕێسایەکە لە بواری سیاسەتی شەرعیدا، ئەسڵ ئەستۆ پاکییە لەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ کەسێك تـا ئەو کاتەی بە دڵنیاییەوە دەچەسپێن، تۆمەتبار ئەستۆ پاکە و مافی هیچ کەسێکی لەسەر نیـە، تـاکو تاوانباری ئەسەلمێت و مافی خەڵکی لەسەر ئەچەسپێت، بە هەمان شێوە ئەسڵ ئەسـتۆ پاکییـە لـەوەی کەسێك پابەند بکرێت بە شتێکەوە تاکو ئەو پابەندییەی لەسەر دەچەسپێت... چەندین زانای وەك ئـیبن حەزم و ئامەدی شافعی و ئیبن عەرەبی و مالیکی و رازی و زەرکەشی شافعی و چەندانی تر ئاماژەیـان بەم ڕاستییە کردووە...

**ڕێسای نۆیەم: کاروبارە ئاسان و بەردەستەکان بە هۆی قورس و لە توانا بەدەرەوەکانی بوارێك لە کۆڵ ناکەوێت و ئەوەشی لە تواناداییە بە هۆی نەتوانراو و بیانووداره‌کانەوە وازی لێ ناهێنرێت (الميسورو لا يسقط بالمعسور ولا يترك المقدور بالمعذور):١٩٦**

ئەم ڕێسا فیقهیە دانی پێدا نراوە لەلایەن زانایانەوە، سوبوکی شـافیعی دەڵێـت "ئەگـەر گشت و هەموو بە واجب دانەنرا لەبەرئەوەی بەش (جزء) لە توانادا نـەبوو، ئـەو کاتـە بەشـەکانی تـر

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

واجب دەبن، پاڵپشتی ئەمەش فەرمودەی (إذا أمرتكم بـأمر فـأتوا منـه مـا اسـتطعتم)، ئەمـەش ئـەو ڕێسایەیە کە فەقیهەکان باسی دەکەن (الميسور لا يسقط بالمعسور) "((الابهاج في شرح المنهاج١-١١٠..".

ئەم ڕێسایە یەکێکە لە ریسا سەرەکییەکانی سیاسەتی شـەرعی، ئـەو فـەرزە کیفاییانـەی لەسەر ئومەتن زۆرن، لەوانە بەرپاکردنی جێنشینایەتییەکی راشدی، یـەکڕیزی ئومـەت، بـەرپاکردنی کیتاب و دادگەری و ئازادکردنی خەڵکی لە شێوە جۆراوجۆرەکانی کۆیلەیـەتی و تێکۆشـان لـە پێنـاو بەرگری لە دوژمن و...هتد... کە هەندێکیان لە توانادایە و هەندێکی تریان قورس و سـەختن، واجـبی هەر ولاتێك ئەوەیـە ئەوەنـدەی دەتـوانن کاربکـەن بـۆ پیـادەکردنی عەدالـەت و ئـازادی و یەکـسانی و...نابێت واز لەو کارانە بهێنرێت بە بیانووی نەبوونی خیلافەت یان دەوڵـەتی ئیـسلامییەوە، چـونکە ئومەت موخاتەبە بە هەموو فروعەکانی شەریعەت تـا ئـەو کاتـەی قیامـەت بـەرپا دەبێـت، ئـەوەی دەکرێت و لە توانادایە دەبێت چاکـسازی تێـدا بکرێـت...خـۆ ئەگـەر ئومـەتی ئیـسلامی نـەتوانێت یەکڕیزی بەدی بهێنێت و یەك دەوڵەت بەرپا بکات (کە ئەوە زۆر ئەستەمە) خۆ دەتوانێت کـار بکـات بۆ نزیك بوونەوە لەوەی ئەو واجب و ئەرکە بەدی بێت، با لە شێوە و شێوازی نوێی یەکڕیزی و یـەکێتی تریشدا بێت کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بەرجەستەیە، تا ئەو کاتەی قۆناغێکی پێشکەوتووتر لـەو بارەیـەوە بەدی دێت کە چاکتر بتوانێت یەکڕیزی بپارێزێت و فەرمانـەکانی خـوای گـەورە جێبـەجێ بکـات بـۆ سوودی موسوڵمانان و سەرجەم مرۆڤایەتی و پیادە کردنی عەدالەت و دەسـتەبەری مافـەکان و ڕەچـاو کردنی بەرژەوەندییە راستەقینەکان...

## ڕێسای دەیەم: هۆکار و ئامرازەکان حوکمی مەبەست و سەرەنجام و ئامانجەکانیان هەیە (للوسـائل والأدوات حكم المقاصد والغايات):١٩٧

هەر شتێك بتگەیەنێت بە هەق و ڕەوا خۆشی ڕەوایە، هەر شتەش دادگەری پێ بـەدی بێـت دادگەری و عەدلە، هەر واجبێکیش ئەنجامدانی لەسەر شـتێك راوەسـتابوو، ئـەوا خۆشـی دەبێـت بـە واجـب... لـە سـەردەمی خەلیفـەکانی راشـدیندا زۆر شـت و زۆر ڕێوشـوێن گیراونەتەبـەر کـە لـەم چوارچێوەیەدا جێی دەبێتەوە، بە تایبەتی ڕێوشوێنەکانی عومـەر، لـە بـواری راوێـژپێکردن و دابـەش کردنی دارایی و ساماندا، لە دەوڵـەتی نوێـشدا بـەدیهاتنی بنـەمای راوێـژ و بەشـداری خـەڵکی لـە کاروبارەکانیدا بەدی نایەت بەبێ بوونی پارتە سیاسییەکان کە گرنگـی دەدەن بـە کاروبـاری گـشتی و چـاودێری کردنـی دەسـەڵات و ئـەدائی دەسـەڵات و ڕەخنـەگرتن و هەڵـسەنگاندن و لێپرسـینەوە لـە دەسەڵات. بە هەمان شێوە راپرسی گشتی و هەڵبژاردن بوونەتە هۆکارێکی زەروری کە ناکرێت بێ نیاز

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بین لێی بۆ بەدیهاتنی مەبدەئی مافی ئومەت لە هەڵبژاردنی دەسەلاَت و چاودێری کردنـی... ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پیشەیی و سەندیکایی کە هـەر یەکـەیان داکـۆکی لـە چـین و توێژێك لە ماف و داواکارییەك دەکەن و بیّ بوونی ئـەو ڕێکخراوانـە داکـۆکی کـردن لـە مـاف و بـە دیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و لابردنی سـتەم و زەحمەتییـەکانیان قـورس وئەسـتەمە، شارسـتانییەتی ئیسلامی لە پایتەختە سەرەکییەکانی و لە سـەردەمی گەشـە و پێـشکەوتنیدا ئاشـنای زۆرێـك لـەو سەندیکایانە بووە، هەر چین و گروپێك جۆرێك لە ڕێکخراوەی خۆیان هەبووە، بۆ داکـۆکی لـە مـاف و لابردنی ستەمکارییەکانیان و خستنە ڕووی ستەملێکراوییەکانیان، هەر بۆیـە بازرگـان و پیـشەساز و خاوەن کار و پیشەکان نەقیبی خۆیان هەبووە بۆ سەرپەرشتی و چاودێری کاروبارەکانیان...

عەلامە سەعدی بەڵگـە بـەو فەرموودەیـەی خـوای گـەورە "ولـولا رهطـك لرجمنـاك"تفسیر السعدي هود٩١، دەهێنێتەوە کە سەبارەت بە چـیرۆك و بەسـەرهاتی شـوعەیب و قەومەکەیـەتی کـە پێیان وتووە بۆ مەشروعیبەتی پاڵپشتی کردنی موسوڵمانان لە گەلەکانی خۆیان بۆ پـشتگیری کردنـی سیستەمە دیموکراتی و جەماوەرییـەکان لـە دەوڵەتـە ناموسـوڵمانەکاندا، لەبـەر ئـەو بەرژەوەنـدی و دادگەرییەی لە سـایەی ئـەو دەوڵەتانـەدا بـەدی دێـت بـۆ هـەموان کـە لـە سیـستەمە زۆرداری و ئیستیبدادییەکاندا بەدی نایەت، پشت بەستنی شوعەیبی بە هاوکار و کۆمەڵەکـەی بـۆ بـەرگری لـە ستەم و ئازارنەدانی، وەك بەڵگە هێناوەتەوە.

لە کتێبی(ئازادی یا تۆفان)دا وتـەی زانایـانی بـەناوبانگی هاوچـەرخی وەك ئەحمـەد شـاکر هێنراوەتەوە سەبارەت بە مەشروعیەت و دروستی حیزب و پارتەکان و هەڵبژاردنـەکان، کـە پێویـست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە...

مەبەست لەوەیە ئەو هەموو هۆکار و سیستەم و ئامرازانەی لە ئارادان، حوکمی مەبەسـت و مەبدەئو غایەتەکانیان هەیە، کە بەبێ ئەوانە هەر بەدی نایەن یان بە تەواوی بـەدی نایـەن، ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێك و بە هەر شێوەیەکی دروسـت دادگـەری و چـاکە و بەرژەوەنـدی گشتی بەدی هات ئەوە شەرعی خوا لەوێیە و ئەوە شەرعی خوایە (فثم شرع الله).

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## كۆتایی.....١٩٩

ئەوەی ئاماژەی پێ درا كورتەی چەند بنەمایەكی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی و راشدی بوو، بە بنەما و زەوابت و مەبەست و ئامانجەكانیەوە، كە گرنگترین و پڕبایەخترینیان بریتیە لە ئازاد كردنی مرۆڤایەتی لە هەموو وێنە و شێوە و شێوازە جۆربەجۆرەكانی كۆیلایەتی و دامالین و روتاندنی ستەمكار و فەرمانڕەوا و پیاوە ئاینییەكان لە هەموو وێنە و شێوەكانی بە خوا كردنێكی مرۆییانە و پوچ كردنەوەی هەموو وێنە و شێوەكانی ستەم و خۆسپاندن و زۆرداری، كە ترسناكترینیان ستەم و زۆرداری پاشا و خاوەن دەسەلاتەكانە، هەولێش دراوە گرنگترین باس و خواسەكانی ئەم هونەرە لە زانستی سیاسەتدا بە كورتی كۆبكرێتەوە یان ئاماژەی پێ بدرێت و لە ئەسلی توێژینەوەكەشدا بە درێژی لێی دوواوین، زانستی سیاسەتیش بەشێكە لە هونەرەكانی تری وەكو ئسولی فیقهـ و فەرموودە و خۆی لە خۆیدا سەربەخۆیە، ئەمەش لە پێناو كورتكردنەوەی رێگەیە بۆ ئەوانەی خوای گەورە لەم بوارەدا سەركەوتنیان پێ دەبەخشێت و دەولەتی ئیسلامی بە پێی ئەو بنەما و ڕێسایانە بەرپا دەكەن چونكە ڕێوشوێنەكانی تر (تەئویلكراو یان گۆڕراو)ن و دووركەوتووەنەتەوە لەم بنەما و رێسایانە... كاركردنی لەسەرخۆ و بەردەوامیش بۆ بەدیهێنانی ئەم بنەمایانە یەكێكە لە پێویست ترین واجبە شەرعییەكان تاكو زۆرترین دادگەری بەدی بێت و كەمترین ستەم و زۆرداری لە واقعەكەدا بمێنێت و ئەوەشی لە توانادایە و سوودیشی هەیە دەبێت ئەنجام بدرێت و بە كەم یان بچووك بۆی نەڕوانین هەروەك لە ڕێسا فیقهییەكەدا هاتووە (لا يتعطل المقدور بتعذر المعسور)، یان وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە (ما أمرتكم به فأتوا منه ماستطعتم)، چونكە لە كاتی لاوازی و بێ دەسەلاتیشدا حوكمی تایبەتی دێتە ئاراوە و ئەوەی ئەمڕۆ لەم بوارەدا توانای ئەنجامدانی هەیە نابێت كەمتەرخی لێبكرێت، ئیتر لە هەر بوارێكدایە بە تایبەت ئەوەی دەبێتە هۆی یەكێتی و یەكڕیزی ئومەتی ئیسلامی و خەلكی ناوچەكە و دەستەبەركردنی ماف و ئازادیی وبەرژەوەندیەكانیان، لە چوارچێوەو بازنەی هەر یەكێتییەكی سیاسی ئابوری یان سەربازیدا بێت، بێ ئەوەی ئەمە پاساوی شەرعییەت بێت بۆ ئەو دەولەتۆچكە و سیستەمە ناوچەییانەی هاوكێشە ئیستیعمارییەكان بەرهەمیانیان هێناوە و دوورن لە پشتگیری جەماوەری و بە ویست و راوێژی خەلكی درێژە بە بوونیان نادەن و هەلبژێرراوی ئەوان نین، لە هەمان كاتدا خەلكی توانای چاودێری كردنی هەموو كاروبارێكیانیان نیە...

هەموو ئەو ئەرك ومافانەی لە كاتی كۆبونەوە و یەكڕیزیدا پێویستن وەك لە بنەما سیاسییەكاندا باسمان كرد، بە ئەركی هەر گەل و نەتەوەیەكیشی دەزانین لە ولاتی سەربەخۆ و تایبەتی خۆیدا دەستەبەریان بكات تا ئەو كاتەی یەكێتی و یەكڕیزییەكی فراوان و تۆكمەتر لە جیهانی ئیسلامیدا بە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دی دێت، ئیتر ناوی هەرچییەك بێت بە مەرجێ ناوەڕۆکەکەی گوتاری سیاسی قورئانی و نەبەوی و ڕاشدی بێت... گرنگ ئەوەیە لە ئێستادا ڕەزامەندی دەرنەبڕرێت بۆ ئەو ئەمری واقع و دیفاکتۆیەی لە قۆناغێکی مێژووییدا سەپاوە و دواتریش بەهۆی ئەمەوە خەڵکی ماف و ئازادییە ڕاستەقینەکانی خۆیانیان لە دەست داوە و پاشانیش پاساوی جۆراوجۆری بۆ هێنراوەتەوە لە ڕێگەی شێوە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و فێرکردن و مزگەوت و پەیمانگا و زانکۆکانەوە، تاکو تەسلیم بوون بەو واقعە بکەنە کارێکی مەشروع، بەڵکو واجب و فەرز، بەمەش ڕۆشنبیری شکست و داڕوخان پەرە پێدراوە نەك تەنها لە ناوەندی گشتیدا بەڵکو لە ناوەندی زانا و بیرمەندەکانیشدا، کە دواتریش ئەوانشیان بەشدارکردووە لە پاساوهێنانەوە بۆ هێشتنەوەی ئەم واقعە و بەرگری کردن لە گۆڕاندنی و ئازادی نەدان لە ژێر پاساوی چەندین ناو و ناونیشانی جۆراوجۆری وەکو ئایین و بەرژەوەندی و دانایی و عەقلانییەتدا، لە کاتێکدا هەموو ئەوانە لە واقیعدا ناپاکی و ترسنۆکی و لاوازی و بێ وورەیی و فەسادی دین و بیروڕایە، لە ئومەتێکدا ژمارەی هەزار و پێنج سەد ملیۆن کەسە و زەوییەکەی بە فراوانی سێ قاڕەیە و کەوتووەتە نێوجەرگە و دڵی جیهانەوە و خاکەکەی بە پیت و دەوڵەمەندترین خاکە لە ڕووی سامانە سروشتییەکانەوە، کەچی بە پێی ئایینێکی تەئویل کراو و گۆڕراو خوا دەپەرستن و ملکەچی بۆ تاغوت و زۆردار و جەلادەکانی دەکەن، لە بەرامبەردا شۆڕش و ڕاپەڕین دژ بەو دەسەلاتدارانە بە دەرچوون لە ئایین دادەنێن، هەر بۆیە ئومەتە وەسەنییەکان لەمڕۆدا لەوان بەهێزتر و بەهەست ترن و باشتر دەتوانن کاروباری خۆیان لەلایەن خۆیانەوە بەڕێوە ببەن و پارێزگاری لە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بکەن و لە ماوەیەی زۆر کەم و کورتدا گەشەپێدان بەدی بهێنن، بۆ ئەوەی گەلەکانیان ئازاد و بەڕێز بن و ولاتەکانیان لە گەشەیەکی پیشەسازی هەمەلایەنەدا بن و پەرە بە هەموو بوارەکانی ژیان بدەن... لە کاتێکدا جیهانی ئیسلامی بە تایبەت عەرەب بەدەست کاریگەرییەکانی گوتاری سیاسی گۆڕاوەوە دەناڵێنن کە دیاری ئیستعمار بووە بۆیان و بەمەش بوونەتە لاوازترین گەلانی سەر زەوی لە ڕووی عەزیمەت و وورەوە، هەروەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە "تتداعى عليكم الأمم كما تتداعى الأكلة على قصعتها" قالوا: أمن قلة نحن يومئذ يا رسول الله؟ قال"بل أنتم يومئذ كثير ولكنكم غثاء كغثاء السيل ولينزعن الله المهابة من صور أعدائكم وليقذفن في قلوبكم الوهن: حب الحياة وكراهية الموت"!

کەواتە هۆی ئەم لاوازییە کەمی ژمارە و سەروەت و سامان نییە، بەڵکو لاوازی بیروبۆچوون و ئاینداریانە، ئایینی یەکتاپەرستی و دادگەری و برایەتی و یەکسانی و جیهاد و تێکۆشان، کە ئەمڕۆ لە ناوەڕۆکەکانی خاڵی کراوەتەوە، هەروەك ئەم واتایانە لە دەست دراون بۆیە ستەم و ستەمکاری و خوێن و خوێنڕشتن تەشەنەیان کردووە، هەزارەها بێ تاوان و خاوەن بیروڕای ئازاد

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گرتوخانەكانیان پێ پڕكراوە، زانایانی بەتوانا و لێوەشاوە و خاوەن خیبرە و لێزانـی كۆچیـان كـردووە بـۆ ولاتـانی تـر لـە ترسـی ئـاگری ئـەو سیـستەمە دیكتاتۆریانـەی بەرهـەمی دەوڵەتـە ئیـستیعمارییە بیانییەكانن و تاكو ئێستەش بەرگری لە مانەوەیان دەكەن، پێ دەچێت پاش شۆرشی گـەلانی ناوچـەكە دەوڵەتە زلهێزەكان بەشێك لە نەخشەكانیان گۆڕیبێ و لە بـری ئـەوەدا بـن بـە شـێوەو شـێوازی نـوێ بەرەنجامی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە بە ئاقارێكدا ببـەن كـە بەرژەوەندییـەكانی خۆیـانی تێـدا پـارێزراو بێت... كە هیوادارین ئەم جارە گەلانی موسـوڵمان بـەتواناتر بـن لـەوەی بـە شـێوازی تـر ئیـستیعاب بكرێنەوە و چارەنوسیان گرێ بدرێتەوە بە بەرژەوەنـدی ئـەوانیترەوە.... لـە مـرۆدا ئاتـاجی شۆڕشـێكی ناوخۆیی ئازادیخوازانەی سیاسی فیكری گەورەین بۆ رزگار كردنی گـەلان لـەو كۆیلەیەتییـەی درێـژەی كێشاوە و هیچ واتایەكی بۆ ئازاد بوونیان نەهێشتووەتەوە و ڕێگەی رزگاریانی ونكردووە، لە كاتێكـدا هەموو شت لە دەستی خۆیدایە و ئەگـەر نەسـرەوێت و ڕاپـەڕێت و شـۆڕش بكـات، ئـەوا سـەركەوتن چاوەڕێیەتی، هەر گەلێكیش بەو كارە هەستا بێت ئەوا ئازادی و دادگەری و پێشكەوتنی بەدی هێناوە، بـە جیـاوازی بیروبـاوەڕ و ئایینەكانیانـەوە، چـونكە ئەمـە سـونەتی خوایـە لـە دروسـتكراوەكانیدا، سەرنجدانێكی مێژووی گەلانیش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، ئەو گەلانـەی سـتەمیان پەسـەند نەبووە و شۆڕشیان دژ بە ستەمكاری و نادادییەكان ئەنجامداوە زۆرترین ماف و ئازادی و بەرژەوەنـدییان وەدەست خستووە، بە پێچەوانەوەشەوە ئەو گەلانەی لە شوێنی خۆیان نـەبزواون و شـۆڕش و ڕاپـەڕینیان ئەنجام نەداوە، نەیان توانیوە ئازاد بن و لە كۆیلەیەتی و ستەمكاری دەربازیان بێت و مـاف و ئـازادی و پێشەكەوتن بۆ خۆیان بەدیبهێنن...

ئەو بەرەنجامە خراپانەی لە ژێر دەستەیی و ملكەچی زۆردار و سـتەمكار و سیـستەمە دیكتاتۆرییەكانەوە بەدی دێت زۆر زۆر زیاترە لەو قوربانی و خراپەكارییانـەی لەبـەرەنجامی شـۆڕش و ڕاپەرینەكان وەدی دێن، ئەمـە ئەگـەر گریمانـەی بـەرەنجامی خراپـەی لـێ بكرێـت، چـونكە قوربـانی سیستەمە دیكتاتۆری و ستەمگەراكان بە هەزاران و ملیۆنانە... هـەروەك بەدیهێنـەری كۆیلەیـەتی و نادادییە... لە كاتێكدا قوربانی شۆڕشەكان زۆر كەم و سـنوردارن و سـەدان یـان هـەزاران كەسـە لـە كاتێكدا ئەگەر ئەو سیستەمـانە توانای خۆڕاگرتن و بەرگری كردنیان هەبێت بۆ ماوەیـەك، لـە پێنـاو هێشتنەوەی خۆیان و سیستەمەكانیاندا، شۆڕشەكانی ئەم دواییەش نموونەیـەكی بەرچـاون... هـەموو ئەو ولاتانەی لەمڕۆدا لە ئاستێكی بالای پێشكەوتندان، هەر هەموویان بەرەنجامی شۆڕشی گـەلانیانن و دەرەنجامی رازی نەبونن بە ستەم و زۆرداری، نموونـەی شۆڕشـە گـەورەكانی ئـەمریكی و فەرەنـسی و روسـی و سـینی و ئێرانـی و شۆرشـەكانی گـەلانی ئـەوروپای رۆژهـەلات ... بـەلام ولاتـە لاواز و دواكـەوتووەكانیش بـریتین لـەو دەوڵەتانـەی گەلـەكانیان لـە بەرامبـەر سیـستەمە گەندەڵـە لاوازە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سەربازییەکان یان پشتاوپشتییەکاندا چۆکیان داداوە و خۆیان داوە بەدەستەوە، کە زۆرترین گەلانی عەرەبی و ئیسلامی لەم بازنەیەدان...

ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامی سیستەمێکی سیاسی وەهای تێدا نیە کۆی بکاتەوە و یەکڕیزی و ئاسایشی بۆ دەستەبەر بکات، بەو شێوەیەی لە داهاتوودا بە جۆرێك لە جۆرەکان بۆ ماوەی سیانزە سەدەیەك ئەو سیستەمەی هەبووە با ناوەناوە لاوازیشی تێ کەوتبێت، لە رابردوودا موسولّمانان توانییان جێنشینایەتی لە سەر زەویدا بەرپا بکەن و گەلانی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی فارسی و رۆمانی لە ستەمکاری پاشاکانیان رزگار بکەن و بۆ ماوەی هەزار سالّ درێژە بە بوونی شارستانییەتێکی مرۆیی بدەن، کە هەموو گەل و قەومییەت و ئایینەکانی ژێر سایەی بە برایەتی و دادگەری و یەکسانی و ئازادی پێکەوە بژین، لە بەرامبەردا هەموو گەلانی وەکو عەرەب و فارس و تورك و کورد و بەربەر و زنجی و هندی و نەتەوەکانی تر بەشدارییان کرد لە بنیاتنانی بینای ئەو شارستانییەت و ژیارەدا، کە بەرەنجامی سیستەمێکی سیاسی شەرعی راستەقینە بوو، هەر بەو شێوەیەش جارێکی تر ئەو رۆلّە دەبینرێت و دەستکەوتگەلێك بەدی دێن کە شایستە بن بە ژیانێکی شەرەفمەندانە لەم رۆی جیهاندا...

یەکێك لەو هۆکارانەی رێگر و کۆسپە لە بەردەم ئومەتدا بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بەدی بهێنێت، تێگەیشتنی خودی ئایین خۆیەتی، ئاشنا بوون و زانینی رەهەندەکانێتی لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلاّیەتیدا، تاکو ئێستەش زۆربەی زانایان و بانگخوازانی ئومەت چەمکی ئایین و چەمکی ئاینداری (الدین والتدین) تێکەلّ دەکەن، ئەوان لە واقیعدا بانگەشە بۆ دینداری (تدین) دەکەن نەك بۆ ئایین بە واتا گشتگیرەکەی، هەر بۆیە هەموو گرنگییەکیان بە پەروەردەی نەوەکان و فێرکردنی کاروباری ئایینەکەیانە، بێ بوونی ئامانجێکی دوورتر کە کار بۆ بەدیهاتنی بکەن، بە شێوەیەك ملیۆنان کەس لە زانا و بانگخواز و لاوان لە رێگەی دەستەمۆ بوون و مالّیکردنەوە بونەتە بەندە و کۆیلە بۆ ستەمکاران و بوونەتە خزمەتکار و دەرگاوانی ئەو واقیعە بێ ئەوەی هەست پێ بکەن!

هەروەها زۆربەیان بانگەشەی گەڕانەوە دەکەن بۆ ئایین و پیادەکردنی حوکمەکانی و بەرپا کردنی یاسا و رێساکانی، لە هەمان کاتدا مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی وونە لە گوتارەکانیاندا، مرۆڤ لە گوتاری ئەواندا ئامانج و غایە نییە، بەلّکو ئامانج لای ئەوان خودی ئایینە، ئایینیش بەبێ بوونی مرۆڤێك کە باوەڕی پێ بێنێت و کار بە حوکمەکانی بکات بوونی نیە، لەکاتێکدا رێنماییە قورئانییەکان تەئکید لەوە دەکەنەوە مەبەست لە شەریعەت و حوکمەکانی بریتیە لە مرۆڤ و چاکسازی کردنی بارودۆخی ئەو لە دونیا و دوارۆژیدا!

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەها ئەزموونە مرۆییـەکان ئـەوەیان دەرخـستووە کـە سـەرکەوتنی هـەر بزاڤێکـی کۆمەلایەتی ئیسلاحی زۆر بە توندی پەیوەستە بە ئەندازە و مەودای گرنگیپێدانی ئەو بزاڤە بـە مـرۆڤ و ئیهتیمام پێدانی، ئەمەش هەمان ئەو هۆیە بووە لە رابردوودا خەلکی بەهۆیەوە پـەیتا پـەیتا و بـە کۆمەلی دەهاتنە نێو ئیسلامەوە، بەو پێیـەی پێغەمبـەری خـوا بـەزەیی و رەحمـەت بـوو بـۆ هـەموو خەلکی بە گشتی، هەروەك خـوای گـەورە فەرمویـەتی "وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين"، هـەر لـە مەککەدا و لە پاش یەکتاپەرستی خوای گەورە بانگەشەیانی دەکرد بۆ دادگەری و دادویستی، کە هـەر ئەمەش مەبەسـت و ئامـانجی نێـردراوان و دابـەزینی کتێبـە ئاسمانییەکانـە، هـەروەك خـوای گـەورە فەرمویەتی "لقد أرسلنا رسلنا بالبينات وأنزلنا معهم الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط".

هەموو حوکمەکانی شەریعەتیش لە پێناو مرۆڤدا هاتوون، بۆ چاکسازی کردنـی دونیـا و دوارۆژی، بەلام ئـەو واتـا و مەبەسـتانەی بـووە هـۆی ئـەوەی ئیـسلام بـە خێرایـی تەشـەنە بکـات و سەرهەلبدات و زۆر بە خێرایی و ئاسانی نەتەوە و ئومەتەکانی تر پەسەندیان کرد، لـەمڕۆدا نەبووەتـە جێی ئەولەوییەتی زۆربەی زانایانی ئومەت و بزاوتە ئیـسلاحییەکانی... هـەر بۆیـە ئـەوەی زیـاتر لـە گوتارەکانیاندا باوە وەعز و ئیرشاد و فێرکردن و رۆشنبیر کردنە، کـە نابێتـە هـۆی ورووژانـدنی گرنگـی پێدانی گشتی و ئاستێکی بـەرفراوان وەرناگرێـت، ئـەو لایەنـەی نـاخی مرۆییانـەیان نادوێنێـت کـە تامەزرۆ و ئەویندار ژیانێکی شەرەفمەندانە و رێزدارانەیە لە ژیانی دونیایاندا پێش دوارۆژیـان، هـەر لەم رووەوەیە پێغەمبەری خوا (د.خ) هەر لـە مەککـەدا بـەلێن و مـوژدەی سـەرکەوتن و دەرکـەوتن و ژیانێکی رێزمەندانەی پێ دەدان... هیچ یەك لە بزوتنەوە کۆمەلایەتییە مرۆییەکان نـەیتوانیوە بگـات بە ئامانجەکانی، دوای ئەوە نەبێت مرۆڤ و خواست و خولیاکانی کردووەتـە تـەوەری گرنگـی پێـدانی... مافەکانی مرۆڤ و فەرمانڕەوایەتی گەل ئەو بناغەیە بوو کە شۆڕشی فەرەنسی دیموکراسی لە پێناویـدا بەرپابوو، سەربەخۆیی و ئازادی ئەو ئامانجە بوو شۆڕشی ئەمریکی لیبرالی لە پێناویدا شۆڕشی کـرد، سۆشیالیستی و دادگەری کۆمەلایەتی دروشمی هـەردوو شۆڕشـی روسـی و چـینی بـوو، بـەم شـێوەیە هەموو شۆڕشە مرۆییەکان سەرکەوتوو بوون لە جولاندنی گەلەکانی خۆیان و گەیشتن بە بەرپا کردنـی دەولەتەکانیان بە پێی دید و ئامانج و روانینی خۆیان بەلکو شوێنەوارەکانیشیان سنووری هەرێمایەتی بەزاند و گەیشتە بازنەی جیهـانی بـوون و دواتـر کرانـە ئـەو نموونەیـەی گـەلانی تـر ئارەزوومەنـد و خوازیاری ئەنجامدانی بوون، هەروەك لەو شۆڕشە سۆشیالیستیانەدا دەبیـنین کـە زۆربـەی ناوچـەکانی جیهانی گرتەوەتەوە لەدوای شۆڕشی روسییەوە، یاخود لە بزوتنەوە ئـازادیخواز و سـەربەخۆ ویـستەکانی پاش شۆڕشی ئەمریکیدا دەردەکەوێت، یان لـە شۆڕشـە دیموکراسـییەکانی دوای شۆڕسـی فەرەنـسیدا دەبینرێت، بەلام هیچ یەك لەوانە لە جیهانی ئیسلامیدا رویان نەدا یان بە شێوەیەك رویاندا کە زیـاتر

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەرهەم هێنی دیکتاتۆری و ستەمکاری بوون، بە تایبەت لە لای سوننە کە نمایندەی نزیکەی زیاتر لە نەوەد لە سەدی ئەم ئومەتەن؟!

لەوانەیە یەکێکی تر لەو هۆکارانە بریتی بێت لەو بیروباوەڕە باو و بلاوەی لای زۆرێك لە زانا و موسلێحەکان هەبووە بەوەی ئێمە لە قۆناغی مەککیداین، هەر بۆیە پێویستە تەنها سەرقالی بانگەشەکردن بین بۆ لای خوا و خۆمان سەرقال نەکەین بە کاروبارە گشتییەکانی ئومەت و فەرزە کیفائیەکانەوە، لە بانگەواز کردنیشدا زیاتر سەرقالی عەقیدە و سلوك بوون وەك لە بوارەکانی تر، دیارە ئەم بۆچوونە (سەرەڕای ئەوەی بەرەو کزی چووە بە بۆچوونی من)، بیروبۆچوونێکی پڕوپوچە و ئیسلام بە گەیشتنی بە قۆناغی مەدینەیی ئەو قۆناغەی تێپەڕاند و ئایین تەواوکرا و هەموو یاسا و حوکمەکان دابەزین، ئومەتیش داواکراوە لێی پیادەیان بکات، بەو ڕێوشوێنەی بۆی دەکرێت و گونجاوە، کە دەکرێت لە هەر بارێکی وەك بارودۆخی مەککە و لە هەر زەمینەیەکی هاوشێوەدا سوود لە حوکمەکانی ئەو قۆناغە ببینرێت نەك تەنها بەو حوکم و یاسایانەوە وازبهێنین... ئەمە جگە لەوەی هەوڵ و تێکۆشان بۆ دەستەبەر کردنی بارودۆخێکی باشتر بەردەوام هەیە و دەبێت بدرێت... سەرەڕای ئەوەی هێز و توانای مرۆیی و مەعنەوی و دارایی موسوڵمانان بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی جیهاندا زۆر و زەوەندەیە، بەلام بە خراپ سوودی لێ بینراوە و ناکرێت بەراورد بکرێت بە سەد کەسێکی مەککی لە مەککەدا، ئەمە جگە لەوەی ئەمڕۆ گرفتەکە خۆمانین نەك کەمی و کەمی دەرامەت و کەم توانایی، گرفتەکە خۆشویستنی ژیانی تاکەکەسی و ئامادە نەبوونە بۆ قوربانی و وازهێنانە لە حوکمەکانی ئایین و ستەمکارەکانی سەرزەمین و پشتگوێ خستنی جیهاد و تێکۆشانە.. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی قۆناغێکی وەك مەککە پێداویستییەکی سروشتی سەرەتای بانگەواز بووە نەك خۆی لە خۆیدا مەبەست بێت و بانگەوازی مەدینەش تەنها تایبەت نەبووە بە بیروباوەڕەوە... فەتحی گەورە و موسوڵمان بوونی عەرەب و پاشتر نەتەوەکانی تر لە قۆناغی مەدینەدا بووە، بێ ئەوەی هەموو تەمەنیان لە فێربوونی عەقیدە و وردەکارییەکانیدا بەسەر بەرن، زۆرجار بۆ هەندێك لە هۆزەکان بە شایەتمان هێنان و ناسینی فەریزە دیار و ئاشکراکانی ئیسلام کە ماوەی سەعاتێکی دەخایاند هەموو شت کۆتایی پێ دەهات و دەبوونە مسوڵمان و وەکو مسوڵمانانی تر ماف و ئەرکیان لەسەر بوو، ئیتر ئەو هەموو مەرجەی هەندێك دایدەنێن سەبارەت بە وردەکارییەکانی زانستی سلوك یان وا دادەنێن کە سەرکەوتن و دەرکەوتن تەنها بەو شێوازە دەبێت، ئەمانە هیچیان لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشدیدا نابینرێت بۆ پیادەکردنی ئایین نە لە سەردەمی مەککە و نە لە سەردەمی مەدینەدا... بەڵکو سەردەمی مەککە کە سیانزە ساڵی خایاند، زیاتر سەردەمی ئامادەسازی و زەمینە خۆشکردن و گەڕان بوو بۆ پشتیوانی و بەرپا کردنی دەوڵەت و مژدەدان بە کۆمەڵگەیەکی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئیمانی كە لەسەر دار و پەردوی كۆمەڵگەی نەفامی دادەمەزرێت، تاكو عەدل و دادپەروەری و یەكسانی بەدی بێنێت...

ئەمڕۆ پێویستیمان بە زیندوو كردنەوە و گەشاندنەوەی گوتارێكی سیاسی قورئانی و نەبەوی و راشدییە بە هەموو بنەما و رێساكانیەوە، گوتارێك هەردوو گوتاری سیاسی تەئویلكراو و گۆڕێنراو تێپەڕێنێت، گوتارێك رزگاری بێت لەو سیستەمە دیكتاتۆری و ستەمكارییانەی لە جیهانی ئیسلامیدا بلاّوە و لەلایەن دەوڵەتە كۆلۆنیالەكانەوە پشتگیری و پشتیوانی كراوە، گوتارێك نەمەت و شێوازی خەلیفە و سوڵتانەكانی عوسمانی و عەباسی و ئەمەویش تێپەڕێنێت و تەجاوزی سلبیاتی دیموكراسییەتی رۆژئاوایی بكات بە فەلسەفە و سیستەمی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەوە، كە بەشێكی دیاری نەساز و ناتەبایە لەگەڵ بەها و ئایینی ئێمەدا، بەتایبەتی لە خواردنی مافی گەلان و بردنی خێروبێراتیان بە چەندین شێوە و شێواز و بە پاڵپشتی سیستەمە نۆكەرەكانی ناوچەكە و لە ژێر ناوی بازاڕی ئازاد و ئازادی بازرگانیدا، هەر لەم رێگەیەشەوە لە رووی سیاسی و دارایی و راگەیاندنەوە زاڵ بوون بەسەر گەلانی خۆشیاندا، تەنانەت ئەوانەی سەرمایەدار نەبن یان پاڵپشتی نەكرێن لە لایەن سەرمایەدارەكانەوە زۆر بە زەحمەت دەگەنە پەرلەمان و مەجلیسی یاسادانانیان، بەمەش كەمینەیەكی سەرمایەدار یاسا دەردەكات بۆ زۆرینەیەكی بێ دەسەلاّت و ناچار و بە ناوی ئەوانەوە قسە دەكات، ئەمەش دەنگی نارەزایەتی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەكات... سەرەڕای ئەوەی ناكۆكی فەلسەفەی لیبرالی بە خودی دیموكراتییەت بووەتە هۆی پەرەسەندنی بەردەوامی ململانێی ئەم دووانە لە جیهانی رۆژئاوادا... لیبراڵییەت لەسەر بنەمای ئازادی تاك دامەزراوە، تا تاك زیاتر ئازاد بێت ئەوكات سیستەمەكە زۆرتر لیبراڵییە، تا وای لێ هاتووە لیبراڵییەكان ترسیان هەیە لە ئازادییە گشتییەكانیان لە بەرامبەر دیكتاتۆرییەتی زۆرینەدا! لە كاتێكدا دیموكراسییەت لە سەر بنەمای فەرمانڕەوایی گەل دامەزراوە، هەركاتێك ویستی زۆرینە بەهێزترین پێگەی هەبێت، ئەوا سیستەمی دیموكراسی زۆرتر و زیاتر دیموكراسییە، بەمەش ئازادی تاكەكان یەكانگیر و دژ دەبێت لەگەڵ دەسەلاّتی زۆرینەدا، هەركاتێك بازنەی یەكێكیان فراوانتر بێت ئەویتر بەرتەسك تر دەبێتەوە، لێرەشەوە سەرلەنوێ ململانێیەكی نوێ لە نێوان مرۆڤ و برا مرۆڤەكەیدا سەرهەڵدەدات، چ لە باری تاكێتیدا بێت یان لە كۆبونەوە و ئیجتیماعیدا بێت، بەمەش كۆمەڵگە ئەورووپییە رۆژئاواییەكان وێڵی ئەمسەر و ئەوسەر كردن دەبن لە نێوان سیستەمە دیموكراسی و سۆشیالیستییەكاندا، بۆ گەڕان بە دوای چارەسەركردنی هەژموونی چینەكان و ململانێكانیانان: ململانێی كرێكاری و سەرمایەداری، هەژار و دەوڵەمەندەكان، بەهێز و لاوازەكان، زۆرینە و كەمینە، ئوسوڵییەتی مەسیحی و تەوژمە ئیباحییەكان!

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە جیهانی ئیسلامیدا بەرقەرارە ناكرێت هەروا بــەردەوام بێــت... ناكرێت ئومەتی ئیسلامی بە پێچەوانەی ویست و ئیرادەی خۆیەوە ئیدارە بدرێت و ببرێت بەڕێوە، بــەلاَم گۆڕانكاریش لەم واقیعە سەد ساڵییەدا ئەوە دەخوازێت ســەركردە و زانــا و بــانگخواز و چاكــسازەكانی ئومەت هەستن بەو واجب و ئەركەی لە سەریانە و راســتی و رەوایــەتی لــە پێنــاوی خــوادا بگەیــەنن، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت "يجاهدون في سبيله ولا يخافون في الله لومـة لائـم"، لــە فــەرموودەی سەحیحیشدا هاتووە "وأن نقوم بالحق حيث كنـا لا نخـاف في الله لومـة لائـم"، یەكــەم كــارێكیش لــەم پێناوەدا زیندوو كردنەوەی گوتاری قورئانی و نەبەوی و راشدییە كە هاوەلاَن كۆك و رێك بوون لەسەری و لە پێناویدا تێكۆشاون... كە لەم كتێبەدا ئاماژەمان داوە بە بنــەما و یاســا و رێــساكانی... هــەروەك بانگەشەی گەل و حكومەتەكانی بۆ بكرێت بە هۆكارە مەشروعەكان، بــە هــەر شــتێك دەبێتــە هــۆی نزیك بوونەوەمان لەو گوتارە لــە هــەموو ولاَتانــدا، هــاو وێنــەی ئازادییــە گــشتییەكان و پاراســتنی مافەكانی مرۆڤ و دانان بە فرەیی سیاسی و دەستاودەست كردنی ئاشتییانەی دەسەلاَت و مــافی گــەلان لە هەلَبژاردنی حكومەت و فەرمانڕەواكانیدا، چونكە ئازاد كردنــی گــەلان و ئــازاد كردنــی ویــست و ئیرادەیان رێگەیەكە بەرەو یەكڕیزی و بەهێزبوونیان... پاشتریش كــاركردن بــۆ گەیــشتن بــەو گوتــارە و پیادەكردنی لــە واقیعــی كۆمەلَگــە و دەولَەتــە ئیــسلامییەكاندا، كــە ئەمــەش باشــترین و چــاكترین چارەسەرە... مێژووش كۆتایی پێ نەهاتووە و زۆر رووداوی كتوپڕی لە دوو توێدایە، جا هەروەك چۆن لە دوای دوو جەنگی جیهانییەوە ئەورووپا توانی بە جیاوازی گەل و زمان و ئایینەكانیەوە یەك بگرێت، بــە هەمان شێوە جیهانی ئیسلامی رۆژێكی لەو شێوەیەی دەبێت... رۆژێك ئازادی و یــەكڕیزی و ســەروەری خۆی بەدی دێنێتەوە... تێكشكانی تەخت و تاراجی ستەم و ستەمكاری و دەست و پێوەند و دامودەزگــا داپلۆسێنەرەكانیان بە چاوی خۆی دەبینێت، تاكو خاك و زەوییەكەی لە پیــسی داگیركــاری و زۆرداری و خۆسەپاندن پاك ببێتەوە و چیتر ئەم خەلَكە نەبنەوە بە كۆیلەی بــت و بتخانــەكانی مــرۆڤ، تــاكو ئــەم دیمەنە مێژوییەی ژیانی ئومەت بە خوێنی شەهیدە چاكەكار و فرمێسكی كەســە پــاك و بەریئــەكانی كۆتایی پێ بهێنرێت و ژیانێكی نوێی تر بۆ ئومەت بێتە ئاراوە، هەروەك خوای گەورە دەیەوێت ببێــت، كە ئەویش پلەی چاكترین و باشترین ئومەتێكە كە خزمــەتی مرۆڤایــەتی دەكــات "خـير أمـة أخرجـت للناس".

ئایــا ئــەو رووداوانــەی ئێــستا لــە ناوچــەكەدا روو دەدات، ســەرەتان بــۆ ئــەو داهــاتووەی (موتەیری) لە زۆر جێگەدا ئاماژەی پــێ دەدات و پێــشبینی دەكــات و لــە دوا كۆپلــەی ئــازادی یــان تۆفانیشدا دەری بڕیوە، وەلاَمی ئەم پرسیارە بە پشتیوانی خوا لە داهاتوویەكی نزیكدا دەدرێتــەوە... دوا

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێداچونەوەی ئەم کتێبەش لە لایەن نووسەرەوە لە شەوی هەینی ٣٠ی زی لحیجەی ١٤٢٧ کۆچی بەرامبەر ١٨ی یەنایەری ٢٠٠٧ بووە، واتە پێش چوارساڵ لەم ڕووداوانە....

منیش لە ٩-٧-٢٠١١ لێبوومەوە لە کورت کردنەوە و پوخت کردنی کتێبی (تحرير الانسان وتجريد الطغيان- دراسة في أصول الخطاب السياسي القرآني والنبوي والراشيدي) بە پێنووسی (د: حاكم المطيري)، کە زیاتر لە مانگێکی خایاند... بەو هیوایەی کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە و ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت لە جۆشدانی هەستی بەرپرسیارێتی و عەدالەتخوازی و مافپەروەریدا، بەتایبەت لەم قۆناغە مێژووییە هەستیارەدا.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)